

# بۆ وڵات

جەمال نەبەز

جەمال نەبەز

# بۆ وڵات

■ **چاپی یەکەم**
2720 ـی کوردی - 2021 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : شوباتی 2021

■ هەموو مافەکانی ئەو پەرتۆکە پارێزراوە بۆ وەقفی جەمال نەبەز، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان ( 115 )ی 2021 بۆ تەرخانکراوە
چاپخانەی رۆژهەڵات

بەڵگەفیلمی ( بیرمەندی ئازادی )
www.jemalnebez.org

# پێڕێست


زانستکاری وڵات
ئاکۆ محەممەد 5

بەشی کوردیی زانستگەی بەغدا لە 1959دا چۆن دامەزرا؟
جەمال نەبەز 10

پرۆگرامی کوردیی رادیۆی قاهیرە، لە هاوینی 1957دا چۆن دامەزرا؟
جەمال نەبەز 24

چەند دەمژمێرێک لەگەڵ ئیمامی کۆچکردووی شیعەکانی جیهان...
جەمال نەبەز 95

ئازادی لە سەربەخۆیی بەنرخترە 133

هەڤپەیڤین لەگەڵ د.جەمال نەبەز 141

مرۆڤێکی نەبەز
ئاکۆ محەممەد 168

رەسمەن ئینفیسالی بوو
ئاکۆ محەممەد 172

**پێشکێشە بە**

نیعمەت خان و هانەلۆرە کویشلەر و هۆشەنگ ئۆسمان سەبری

# زانستکاری وڵات

ئاکۆ محەممەد

لە کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی 1991، لە ڕێگەی بیری کوردستانیانەی نێو پەرتووکەکانییەوە خۆشمویست. پەرتووکەکانی زۆر بە ئاستەم دەستدەکەوتن. ئەوانیش هەموویان نا. ئەوانەی دەستیشدەکەوتن بە نرخێکی گران و چاپ و کۆپییەکی زۆر خراپەوە هەبوون، بەڵام ئەو بیرەی لەنێویاندابوو ئەوەیان دەهێنا بەهەمووسەختییەکەوە بیانخوێنییەوە.
لەنێو پەرتووکەکانی د.جەمال نەبەز (2018/12/8-1933/12/1) دا، خۆت وەك نەتەوە و، کوردستانیشت وەك وڵات دەدۆزییەوە. ئەو پەرتووکانە ئێمەی گەنجی تازە پێگەیشتووی دەورەدراو بە بیری عێراقچێتی فێر دەکرد کوردستان هەبوونێکی مێژوویی و جوگرافی ڕاستەقینەیە، بێ مۆراڵی زلهێزەکان و داگیرکەرانی کوردستان و نەبوونی ئیرادەی ئازاد بەهۆی بیری هاوردەکراو و دۆگماوە، ئەو وڵاتەیان کردووەتە ژێردەستی دەوڵەتی تازەدروستکراو و سێ نەتەوە، کە دووانیان کەم مێژوون لەو ناوچەیەدا. فێریان دەکردی یەکسانی بنەمایەکی خوایی و مرۆڤانەیە، بۆ هەمووان وەك یەکە و ناکرێ ڕێژە و پلەی بۆ دابنرێت، ناکرێت بڵێین دەبێ عەرەب سەت لە سەت ئازادبن، بەڵام کورد 40 لە سەت ئازادبن. بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ وڵاتەکەی سەربەخۆبێت، دەبێ یەکەمجار بیری ئازادبێت و خۆی ئازاد بکات. ژیانی

ئـازادو خۆشـیش هـەر بـە بیـری ئـازاد دروسـتدەبێت. بۆیـە ئـازادی بەهایەکـی گـەورە و مانایەکـی فەلسـەفیی زۆر مەزنـی هەبـوو لـەلای د.جەمـال نەبـەز. هـەر بـەو بیـرە ئـازادەو بـە بـاوەڕی تـەواو بـە مافـداری کـورد بـۆ سـەربەخۆیی لەسـەر خاکـی وڵاتەکەی، مافەکانـی وەك ئۆتۆنۆمـی و فیدرالـی و ئەوانـەی بـە "فشـە مـاف" و "خەیاڵـی" دەبینیـن کـە بەهیـچ شـێوەیەك ناتوانـن چارەسـەربن بـۆ مافەکانـی نەتەوەیەکـی خـاوەن وڵاتـی بـێ دەوڵـەت و دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان خۆشـیان بەوشـێوە هاوبەشـییەی کـورد رازینابـن بەکـردەوە. لەبەرئـەوەش بـوو، بـە هیـچ شـێوەیەك لـە سـاڵی 2005دا پشـتیوانی لـە دەسـتووری عێـراق نەکـرد، چونکـە دەسـتوورەکە دانـی بـەوە دانەنـا کـە دەوڵەتـی عێراق لـە دوو وڵات پێکدێـت : عێـراق و کوردسـتان. هەروەهـا لەوباوەڕەدابـوو تائێسـتا یاسـا و دەسـتوور هیـچ بایەخێکیـان نییـە لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا. چونکـە پێیوابـوو ئـەوەی جێبەجێدەکرێـت لۆژیکـی هێـز و دەسـتبالاییە نـەك یاسـا و دەسـتوورەکان لـەو ناوچەیـەدا. هەروەهـا لـەو باوەڕەدابـوو ئـەوەی دەبـێ بخرێتـە گشتپرسـییەوە سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتانە نـەك کەرکـووك و ناوچـە کوردسـتانییەکان کـە خرابوونـە قومـاری مـادەی 140ەوە.

د.جەمـال نەبـەز، رابـردووی کوردسـتان و کەتـواری ئێسـتای وڵات و، سـوود وەرگرتـن لـە پاشـخانی بیـری لـە کوردسـتان و پێشـکەوتنی زانسـتیی جیهانـی کردبووە کەرەسـتەیەك بۆ دروسـتکردنەوەی بیـری کوردسـتانی، لەوبارەشـەوە زۆر لێکۆڵینـەوەی بەنرخـی نووسـیون، ئـەو هەوڵـە بەدیارتـر لـە نووسـینی (کاژیکنامـە) لەسـاڵی 1959وە وەك هەوڵێکـی نێوکۆیـی کـە زیاتـر بەرهەمـی د.جەمـال نەبـەز بـوو دەسـتپێکرد، تاوەکـو هەمـوو لێکۆڵینەوەکانـی لەسـەر کۆمەڵگـەی کوردسـتانی و بزاڤـی رزگاریخـوازی کوردسـتان و فەلسـەفەی کوردسـتانی کـە ئـەو لەسـەرەتادا بـە "بیـری نەتەوەیـی یـان قوتابخانـەی کوردیـی سۆسـیالیزم" ناوینـاوە.

د.جەمـال نەبـەز نەکەوتـە داوی "خەریککـردن و خافڵکردنـەوە"، وەك ئـەوەی زۆر رۆشـنبیر و نووسـەری کـورد هاتـن و رۆیشـتن هـەر خەریکـی شرۆڤەکـردن و لێکدانـەوەی ململانێـی نێـوان حیزبەکانـی نەتـەوە سەردەسـتەکانی دەوڵەتـە داگیرکەرەکانی کوردسـتان بـوون، یـان خەریکـی لێکدانـەوەی لێدوانـە نـاوە نـاوە نەرمەکانـی هەنـدێ لـەو حیزبانـە بـوون لەچاوەڕوانـی ئـەوەدا بەڵکـو ئـەوە خوایـە دڵیـان نەرمبێـت بـۆ وردە مافێکـی

کـورد، بەڵکـو بـەردەوام کاری لەسـەر بیـری نەتەوەیـی کـورد دەکـرد. مامۆسـتا جەمـال نەبـەز هەوڵـی بـۆ خوێنـدن بـە کـوردی (بـە سیسـتەم و پرۆگرامـی کـوردی نـەك تەنیـا بـە زمانـی کـوردی)، کردنـەوەی بەشـی کـوردی لـە زانسـتگە و رادیـۆکان دا، ئەوکاتـەی خـاوەن رێبازێکـی نـووسراوی کـوردی سیاسـی نەبـوو، بـەڵام دوای ئـەوە رێگەیەکـی روونـی هەبـوو و، تاوەکـو کۆچـی دوابیکـرد ئـەو رێگەیـەی بەرنـەدا.

مامۆسـتا جەمـال نەبـەز و هاوبیرەکانـی لـە کۆتایـی پەنجاکانـی سـەتەی رابـردووەوە بـە دانانـی رێبازێکـی کوردسـتانیانە، بـە بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی ناوابەسـتە بـە داگیرکارییـەوە، ئـازادی وڵاتیـان لـە هـزری مرۆڤـی کـورددا دەچانـد. دەسـتەواژەکانی "باشـووری کوردسـتان"، "باکـووری کوردسـتان"، "رۆژهەڵاتـی کوردسـتان" و "رۆژئـاوای کوردسـتان" یەکەمجـار لەنێـو چاپەمەنـی و نووسراوەکانـی ئەوانـدا فراوانبـوون وەك دەسـتەواژەی تـازەی سیاسـی، کـە دەربـڕی بیرێکـی تـازە و بیرکردنەوەیەکـی تازەبـوون سـەبارەت بـە وڵاتەکەمـان.

کـە ئـەو هەمـوو بیـرە دڵخـوازەی خـۆم لـە نووسـینەکانی مامۆسـتا جەمـال نەبـەزدا هەڵدەهێنجـا، زۆر چووبـووە دڵمـەوە، هـەر بیسـتنی ناوەکـەی خۆشـی پێدەبەخشـیم. ئەوەبـوو رۆژێـك لـە کۆتایـی نەوەتەکانـدا کـە لەگـەڵ د.مـارف خەزنـەدار دانیشـتبووم لـە ماڵەکـەی لـە هەولێـر، ژمـارە تەلەفۆنەکـەی مامۆسـتا جەمـال نەبـەزم لێوەرگـرت. تەلەفۆنـم بـۆ کـرد، داوام لێکـرد کـە بـۆ رۆژنامـەی (میدیـا) بنووسـێت کـە ئـەوکات دوو هەفتـە جارێـك بڵاودەکرایـەوە، دوای گفتوگۆیەکـی زۆر دەسـتیکرد بـە ناردنـی نووسـینەکانی بـۆ مـن، ئێمـەش هەمـوو جـار دەستنووسـەکانی ئەومـان چاپدەکـردن و بـە فاکـس بـۆم دەنـاردەوە، هەندێجاریـش دوو جـار بـۆم دەنـاردەوە بەهەمـان رێگـەی فاکسـەوە. بەوشـێوەیە دوای دامەزراندنـی هەفتەنامـەی (رووداو)یـش بەردەوامبـوو لـە ناردنـی نووسـینەکانی، تاوەکـو سـاڵی 2012، لەوکاتـەوە چیدیکـە نووسـینی بـۆ نەنـاردم، چونکـە نەیدەویسـت پـڕۆژەی دروسـتکردنی تەلەڤزیـۆن و رادیـۆی رووداو جێبەجێبکـەم.

ئەوانـەی نووسـینەکانی مامۆسـتا جەمـال نەبەزیـان خوێندبێتـەوە، ئەوانـەی شـارەزای شـێوەی ژیانـی مامۆسـتا جەمـال نەبـەز بـوون لـە کوردسـتان و ئەڵمانیـا، دەزانـن هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ کوردسـتان تەرخانکـرد، چونکـە دڵـدار و عاشـقی کوردسـتان بـوو، هـەروەك ئـەو عاشـقەی جگـە لـە خۆشەویسـتەکەی هیـچ شـتێکی دیکـە شـایەنی

عاشـقبوونەکەی نابینێـت، ئەویـش هەمـوو خۆشەویسـتییەکەی خـۆی دابـووە کوردسـتان، تاوەکـو رادەی ئـەوەی کـە هاوبیـری دڵسـۆژ و وەفـاداری مامۆسـتا جەمـال نەبـەز هۆشـەنگ ئۆسـمان سـەبری دەیگـوت :”لەبـەر کوردسـتان هیـچ خۆشـی و ئاهەنگێکـی نەبـوو، رۆژ و شـەو بیـری هـەر لای کوردسـتان بـوو“. مامۆسـتا جەمـال نەبـەز هەمـوو کارێکـی بـۆ کوردسـتان دەکـرد، بەبـێ ئـەوەی چاوەڕێـی هیـچ دەسـتکەوت و پاداشـتێك بێـت بـۆ خـۆی. لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر کـوردی پەنابـەر کـە چوونەتـە ئەڵمانیـا زۆرجـار ئەوەیـان بـۆ مـن و زۆر کەسـی دیکـە گێڕاوەتـەوە کـە د.جەمـال نەبـەز چۆن بە دڵسـۆزی یارمەتیـداون. نیعمـەت خانـی خوشـکی مامۆسـتا جەمـال نەبـەز دەڵێـت زۆرجـار کـە باسـی ئـەوەی لەگـەڵ کـردووە، حـەزدەکات منداڵێکـی هەبێـت، مامۆسـتا جەمـال نەبـەز بەوشـێوەیە وەڵامیداوەتـەوە: ”کـورد هەمـووی کـچ و کـوڕی منـن“.

هـەروەك لـەو هەڤپەیڤینـەش دا دەردەکەوێـت کـە لـەو پەرتۆکـەدا بڵاوکراوەتـەوە، ژیانی مامۆسـتا جەمـال نەبـەز لـە ئەوروپـا ئاسـان نەبـووە، چونکـە کەسـێکی بیرمەنـد بـووە، هەمیشـە دیدێکـی رەخنەگرانـەی هەبـووە تەنانـەت بەرامبـەر ئەوروپـاش، ئەویـش لـە روانگەیەکـی کوردییـەوە، چونکـە پێیوابـوو لەسـەردەمە جیاوازەکانـدا پشـتیوانییان لـە دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان کـردووە بەبـێ ئـەوەی دان بـەو هەڵەیـە دابنێـن. لەگـەڵ ئـەوەی د.جەمـال نەبـەز نانـی خـۆی بەسـەختی پەیـدا دەکـرد، چونکـە لـە هیـچ تەمەنێکـدا دەسـتی لەبـەر هیـچ کـەس و حیـزب و دەوڵەتێـك پـان نەکردووەتـەوەو هیـچ یارمەتییەکیشـی قبـوڵ نەکـردووە، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا زۆر دەسـتکراوەبووە بـۆ هەمـوو کوردێـك.

مـن یەکەمجـار لـە 21ی نیسـانی 2007 لـە بەرلیـن چـاوم بـە مامۆسـتا جەمـال نەبـەز کـەوت، ئـەو رۆژە بـۆ مـن رۆژێکـی زۆر خۆشـبوو، دوای ئـەوە بـە چەنـد سـاڵێك لـە شـاری فرانکفـۆرت چـاوم پێیکەوتـەوەو چەنـد رۆژێـك پێکەوەبوویـن. دواییـن جاریـش بەتایبـەت لـە بەرلینـەوە هـات بـۆ شـاری کوێلـن بـۆ بینینـی مـن. بەڕاسـتی ئـەو دانیشـتنانە بەشـێکن لـە خۆشـترین چاوپێکەوتـن و دانیشـتنەکانی ژیانـم. هەمیشـە کـە دەچمـە ئەڵمانیـا، هەسـتێکی سـەیر دامدەگرێـت، چونکـە مامۆسـتا جەمـال نەبـەز بەشـێوەیەکی بـەردەوام دەخاتـە بیروەریمـەوە. ئێسـتاش کـە ئـەو پێشـەکییە لـە شـاری دووسـلدۆرفی ئەڵمانیـا دەنووسـم، ئـەو هەسـتە دایگرتـووم، کـە حەزدەکـەم مـات ببـم

و بیربکەمـەوە، بێگومـان بیرکردنـەوەش لـە مامۆسـتا جەمـال نەبـەز راتدەکێشـێتەوە بـۆ بیرکردنــەوە لــە دۆزی کــورد و کوردســتان.
ئەوکاتـەی لـە هەفتەنامـەی (میدیـا) بـووم، مامۆسـتا جەمـال نەبـەز داوای لێکـردم کـە هەمـوو نووسـینەکانی لـە چوارچێـوەی پەرتۆکێکـدا بـۆ کۆبکەینـەوە لەسـەر خەرجیـی خـۆی، ئەوەبـوو کردمـان و وەك دوو بەرگـی زنجیـرەی کۆبەرهەمەکـەی چاپکـران، بـەڵام ئـەو سـێ باسـەی کـە لـە هەفتەنامـەی (رووداو)دا بڵاوکراونەتـەوە، هەروەهـا پووختـەی ئــەو ســەمینارەش کــە رووداو لــە فرانکفــۆرت بــۆی ســازکرد، نەچوونەتــە چوارچێــوەی پەرتۆکــەوە، بۆیــەش بــە پێویســتم زانــی وەك وەفادارییــەك ئــەو چــوار بەرهەمــەی، لەگـەڵ هەڤپەیڤینێکـی بڵاونەکراوەیـدا وەك بەرهەمێکـی دیکـەی بیـر و کاری مامۆسـتا جەمـال نەبـەز بەناونیشـانی (بـۆ وڵات) چـاپ و بڵاوبکەمـەوە.
هــەزاران چــرا لەســەر گــۆڕی مامۆســتا جەمــال نەبــەز بــن و ئێزدانــی مــەزن ئــاگای لــە گیانــی پاکــی بێــت.

2021/1/14
دووسلدۆرف

بەبۆنەی ئاهەنگی پەنجا ساڵەی بەشی کوردی
زانستگەی بەغداوە لە پاییزی 2009 دا

# بەشی کوردیی زانستگەی بەغدا لە 1959دا چۆن دامەزرا؟

**جەمال نەبەز**

لـە پاییـزی ئەمسـاڵدا (2009)، پەنجـا سـاڵی تـەواو تێدەپەڕێـت بەسـەر دامەزراندنـی بەشـی کوردیـی کۆلێـژی پـەروەردەی زانسـتگەی بەغدا لە پاییـزی 1959دا. بـەم بۆنەیەوە، بەڕێـز دوکتـۆر یـوسرا محمەممـەد عەبدوڵـڵا سـەرۆکی ئـەو بەشـە، نامەیەکـی ئاراسـتەی کۆمەڵـەی رۆژاوای کوردسـتان WKA لـە لەنـدەن کردبـوو، کـە وەك هەواڵێـك پەخشـی بـکات. ئـەز ژی لـە رێـی WKAیـەوە نامەکـە گەیشـت پێـم. لـە هەواڵەکـەدا داخوازیـی ئـەوە کرابـوو، هـەر کەسـێك لـەو بـارەوە زانیارییـەك، بەڵگەیـەك، یـان پێشـنیازێکی هەیـە، پێوەندیـی بـکات بـە لیژنـەی ئاهەنگگێڕانـەوە، چۆنکـە بەتەمـان "رێنوێنییەکـی گشـتگیر و فـراوان لەوبارەیـەوە بڵاوبکەنـەوە و، ماڵپەڕێکیـش ئامـادە بکـەن بـۆی". جـا لەبەرئـەوەی ئـەز هێنـدەك زانیـاری و بەڵگەنامـەم لەلایـە و پێشنیازێکیشـم لـەم رووەوە هەیـە وا لێـرەدا بـە کورتـی دەیانخەمـە بەرچـاو. مەرجـی مـن بـۆ سـووتوەرگرتن لـەم وتـارە و بڵاوکردنـەوەی، چ لەسـەر کاخـەز و چ لەسـەر ئینتەرنێـت، ئەوەیـە وەك خـۆی، بـێ هیـچ دەسـتکارییەك پێشـانبدرێ و، وەرگێڕانیشـی بـۆ زمانانـی دی، بـەر لـە بڵاوکردنـەوەی، رەزامەندیـی منیـش وەربگیـرێ لەسـەری.

هـەر لـە سـەردەمی چوونـە قوتابخانـەی نێوەندییـەوە لـە سلێمانی، کـە وانـە گوتنـەوەو پەرتۆکـەکان، یەکسـەر و لـە پـڕ هەمـوو بوونـە عەرەبـی، پـاش ئـەوەی، لـە قوتابخانـە




دەروازەی زانستگەی بەغدا

سـەرەتاییەکاندا بـە کـوردی بـوون، هەرچەنـدە ئـەز خـۆم هیـچ کێشـەیەکم لەگـەڵ زمانی عەرەبـی نەبـوو، چۆنکـە هـەر لـە منداڵییەکـی زووەوە بـە عەرەبـی و فارسـی راهێنرابووم، لـێ هەسـتم بـەوە کـرد کـە قوتابیـی کـورد لـە زمانـی زگماکـی خـۆی بێبەشـەو ئەمـەش بـووە بەهـۆی سـەرکوێرکردنی و پاشخسـتنی لـە مافـی فێربـوون، کـە مافـی هەمـوو مرۆڤێکـە، بـێ جیـاوازی، تەنانـەت مامۆسـتایانی کوردیـش، کـە ژمارەیـان یەکجـار کـەم بـوو، ئەوانیـش ناچارمابـوون بـە عەرەبـی قسـە بکـەن لەگەڵـمان. جا ئەگەرچـی منداڵیش بـووم، ئەمـەم هـەر بـەلاوە شـتێکی سـەیر و سـەمەرەبوو، چۆنکـە لـە شـاری سـلێمانی ئـەو رۆژانـەدا تەنـێ بـە کوردیـی قسـە دەکـرا و عەرەبزمانیـش ئەگـەر تاکوتـەرا وەك مووچەخـۆری میـری رەوانـەی سـلێمانی نەکرانایـە، ئـەوا عـەرەب بـە دەگمـەن رێیـان دەکەوتـە شـار. منداڵانـی ئـەو مووچەخـۆرە عەرەبانـەش، لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا، بـە کوردیـی دەیانخوێنـد و فێـرە کوردیـش دەبـوون. لەبـەر ئـەوە قوتابخانـەی نێوەندیـم وەك شـارێکی دی، کـە سـلێمانی نەبـێ، دەهاتـە بەرچـاو. کـە هاوقوتابییەکانیشـم لـە زمانـی پەرتۆکـەکان و وانـەی مامۆسـتاکان نەدەگەیشـتن، بـە زۆری هانایـان دەهانـی بۆمـن، تاوەکـو دەقـە عەرەبییەکانیـان بـە کـوردی تێبگەیێنـم. ئەمـەش وای لـە مـن کـرد کـە ئـاوات بخـوازم رۆژێـك لـە رۆژان، خـۆم ببمـە مامۆسـتا بـۆ ئـەوەی بتوانـم بـە کـوردی وانەبڵێمـەوە. هـەر ئەمـەش بـوو بیـری منـی بـەلای چوونـە کۆلێـژی بـەرزی فێرکـەران (دار المعلميـن العاليـة) دا بـرد. شـایانی باسـە، ئـەو دەمـە لـە هەمـوو عێراقـدا یـەك زانسـتگە هەبـوو لـە شـێوەی چەنـد کۆلێژێکـی سـەربەخۆدا، بۆیـە پـاش تەواوکردنـی قوتابخانــەی دوانێوەنــدی (بەشــی زانســت) چوومــە کۆلێــژی بــەرزی فێرکــەران کــە نێوەکـەی کرابـوو بـە "کۆلێـژی پـەروەردە" و لـە بەشـی فیزیـك بوومـە خوێنـدکار. ئـەم بەشـە، لـە سـێ سـاڵی یەکەمیـدا لـە پـاڵ فیزیکـدا، ماتماتیکـی بـەرز و کیمیـا و پـەروەردە و عەرەبـی و ئینگلیـزی و دەروونناسـی و فەلسـەفەی تێـدا دەخوێنـدرا. سـاڵی چوارەمیـش دانرابـوو بـۆ خوێندنـی فیزیـك بـە خەسـتی و راهێنانـی خوێنـدکار لەسـەر وانـە گوتنـەوە لـە قوتابخانەکانـی بەغـدادا. تەواویـی پەرتۆکەکانـی خوێنـدن بـە زمانـی ئینگلیـزی بـوون. تـازە مامۆسـتا عەرەبـەکان خەریکـی ئەوەبـوون چەنـد پەرتۆکێکـی سـەرەتایی لـە بـارەی کیمیـاوە بـە عەرەبـی ئامادەبکـەن.

مامۆسـتاکانی کۆلێژەکـە بـە زۆریـی عـەرەب بـوون، لەوانـەی لـە ئەمریـکا و ئەوروپـا

خوێندنیـان تەواوکردبـوو. چەنـد مامۆسـتایەکی ئینگلیـز و کەنەدایـی و ئەڵـمان و سـێ مامۆسـتای کـورد لـەوێ بـوون. یەکێکیـان ناجـی عەبـاس کەرکووکـی بـوو کـە لـە جۆگرافیـادا لـە زانسـتگەیەکی ئەمەریـکا ماسـتەری وەرگرتبـوو. ئـەوی دیـش سـەدیق ئەترۆشـی بادینانـی بـوو کـە لـە جۆگرافیـادا لـە ئینگلتـەرە دوکتـۆرای هێنابوو، بـەڵام وەك تۆمارکـەر (مسـجل) دامەزرابـوو. سێیەمیشـیان کچێـك بـوو نێـوی لەمیعـە عەسـکەری بـوو، لـە بنەماڵـەی عەسـکەرییەکان و، خزمـی شـەهید فەریـق بەکـر سـیدقی عەسـکەری بـوو. ئەمیـان ماسـتەری لـە زمانـی ئینگلیزیـدا لـە ئەمەریـکا هێنابـوو. دوکتـۆر سـەفا خلووسـیش هەبـوو کـە خانەقینـی بـوو، دوکتـۆرای زمانـی عەرەبـی هەبـوو، بـەڵام خـۆی بـە کـورد نەدەدایـە قەڵـەم. ئێـدی ئـاو بێنـە و دەسـت بشـۆ.

ڕاگـری کۆلێژەکـەش تەحسـین ئیبراهیـم نێویـك بـوو، ترکمانێکـی تۆرانـی و زوڕنـاژەن بـۆ بنەماڵـەی شـا فەیسـەڵ و، بـۆ خۆشـاردنەوە و بـەدرۆ، خـۆی بـە دۆسـتی عەرەبـە ناسیۆنالیسـتەکان پێشـاندەدا. ژمـارەی خوێندکارانـی کوردیـش لـە بیسـت دانـە تێنەدەپـەڕی، ئەمـە لـە کاتێکـدا ژمـارەی خوێندکارەکانـی کۆلێژەکـە، خـۆی لـە 400 کەسـێك دەدا.

بەمـە ڕێـژەی خوێندکارانـی کـورد دەبـووە نێزیکـەی 5%، هـۆی ئەمـەش، سـەرەڕای نەزانینـی زمانـی عەرەبـی، سـەبارەت بـەوە بـوو کـە حکوومەتـی عێـراق قوتابخانـەی، بەتایبەتـی نێوەنـدی و، دوانێوەنـدی لـە کوردسـتاندا بەدەگمـەن دەکـردەوە و خەڵکـی کوردسـتانیش لەبـەر هـەژاری نەیاندەتوانـی منداڵیـان بنێرنـە بەغـدا بـۆ خوێنـدن. ئـەوەی هـەر زوو سـەرنجی منـی ڕاکێشـا ئەوەبـوو، کـە کردنـی خوێنـدن بـە کـوردی لـە قوتابخانەکانـی کوردسـتاندا، لـە پـاڵ بوونـی دەسـەڵاتێکدا بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو کارە، نـەك هـەر پێویسـتی بـە نووسـینی زانسـتەکان بـە زمانـی کـوردی هەیـە، کـە ئـەو دەمـە هیـچ پەرتۆکێکـی زانسـتی بـە کـوردی نەبـوو، بەڵکو بەر لـەوە، پێویسـتیی بـە پێگەیاندنی کادری زانسـتییە، واتـە مامۆسـتای پسـپۆر. بـۆ ئەمـەش دەبـوو بەشـێك هەبـێ بـۆ زمانـی کـوردی لـە زانسـتگە، کـە نـە تەنـێ مامۆسـتای زمانـی کـوردی بەرهەمبێنـێ، بەڵکـو خوێندکارانـی کـوردی بەشـەکانی دیکـەش بتوانـن گـوێ لـە وانەکانـی ئـەو بەشـە بگرن و کوردیزانینـی خۆیـان بەهێـز بکـەن. بـە هیـوای گەیشـتنیش بـەم ئامانجـە، لـەو ماوەیـەدا کـە لـە زانسـتگەی بەغـدا دەمخوێنـد، دەسـتمکرد بـە خوێندنـەوەی ئـەو شـتانەی کـە

تاوەکـو ئـەو دەمـە بـە کـوردی نووسرابـوون و ئەوانـەی دەنـووسران، کـە بەداخـەوە زۆر کەمبـوون. هەروەهـا هەوڵمـدا رادەی ئینگلیزیزانینـم باشـتر بکـەم. ئـەوەش نـەك هـەر بـە خوێندنـەوەی فـراوان بـەو زمانـە، بەڵکـو بـە بەشـداریکردن لـە کۆرسـەکانی زمانـی ئینگلیزیـدا کـە لـە (British Council Institute )ی بەغـدا پێشکێشـدەکران بـۆ ئەوانـەی بـە تەمـای درێـژەدان بـوون بـە خوێندنیـان لـە دەرەوەی وڵات. هـەر لـەو سـاڵانەدا هەوڵمـدا لەگـەڵ چەنـد هەڤاڵخوێندکارێـك لێژنەیـەك دابمەزرێنیـن بـۆ پێشخسـتنی زمانـی کـوردی و، چەنـد وتارێکیشـم بـە عەرەبـی لـە رۆژنامەکانـی بەغـدادا لـە بـارەی زمانـی کـوردی و مافـی کـوردەوە بـۆ خوێنـدن بـە زمانـی خـۆی نووسـی، وەك رۆژنامـەی (صـوت الاهالـی) زمانحاڵـی (حیزبـی نیشـتمانیی دێمۆکراتـی) کامیـل چادرچـی و گۆڤـاری (صـدی المسـتقبل) کـە خاوەنەکـەی (رسـمي العامـل) بـوو، یـەك ژمـارەی لێدەرچـوو، داخـرا. بـەڵام هـەر زوو دەرکـەوت بـۆم کـە زۆربـەی خەڵـك ئەمەیـان بـە (خەیاڵپـڵاوی) دەدایـە قەڵـەم و دەیانگـوت: "نـە زانسـت بـە زمانـی کـوردی دەنووسرێتـەوە، چۆنکـە ئەوەتـە عەرەبـەکان خۆیـان ئەوەیـان پێناکرێ و، نـە خوێندنیـش دەکرێتـە کـوردی و، نـە بەشـی کوردیـش لـە زانسـتگە دادەنـرێ". لەگـەڵ ئەوەشـدا پشـتم سـارد نەبـووەوە. کـە خوێندنەکـەم لـە زانسـتگە بـە پلـەی لیسـانس لـە فیزیکـدا تەواوکرد و لـە کەرکـووك بووم بـە مامۆسـتا، یەکەمیـن پەرتۆکـی فیزیـك و جەبـرم بـە کـوردی نووسـی و، ژمارەیەکـی بەرچـاو زاراوەی زانسـتیم، بـە تایبەتـی، بـۆ ماتماتیـك و فیزیـك داهێنـا و، چاوەڕوانـی هەلێکـی لەبـارم دەکـرد.

ئـەو هەلـە لەبـارە، لەگـەڵ کودەتای سـوپایی لـە 14 تەممـووزی 1958دا بە سـەرۆکایەتیی ژەنـەڕاڵ عەبدولکەریـم قاسـم و بەشـداریکردنی چەنـد ئەفسـەرێکی کورد هاتە پێشـەوە، هــەر چەنـد رۆژێـك دوای داخۆیانیکردنـی کۆمـاری عێـراق، بیـر خەرەوەیەکـم بـە عەرەبـی نووسـی، وەك رێوشـوێن دانانێـك بـۆ چاکسـازیی کاروبـاری خوێنـدن و رەوتـی رۆشـبیریی و بارودۆخـی پیشـەیی وانەگوتنـەوە و مافـی مامۆسـتایان، چ لـە کوردسـتان و چ لـە عێراقـدا. یەکێـك لـە داخوازییـەکان تەرخانکردنـی کورسـییەك بـوو بـۆ زمانـی کـوردی و وێژەکانـی ئـەم زمانـە لـە زانسـتگەی بەغـدا (وێنەیەکـی ئـەو بیرخەرەوەیـە بـە کـوردی لـەم ژمارەیـەی رووداودایـە) ئـەز لـەو سـەردەمەدا لـە قوتابخانـەی نێوەندییـی زوبێـر (بـەسرە) مامۆسـتا بـووم، چۆنکـە سـاڵێك لەوەبـەر (بـە فەرمانـی بەڕێوەبەرانـە -

أمر اداري) لە قوتابخانەی دوانێوەندیی موسەڵڵای کەرکووکەوە دوورخرابوومەوە بۆ قوتابخانەی نێوەندیی زوبێر (کە هۆ و درێژەی ئەم باسەم لە پێشگۆتنی (وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی ئەلیکترۆنی 2008دا نووسیوە). بەڵام لەو ڕۆژاندا، پشووی هاوین بوو، گەڕابوومەوە سلێمانی. خۆم وەك یەکەمین کەس بیرخەرەوەکەم واژۆکرد و، لە سلێمانی و کەرکووك و هەولێر پێشانی چەند هەڤاڵماۆستایەکەم دا و، ئەوانیش پاش ئەوەی چەند پێشنیازێکی کەمیان خستەڕوو، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. ئەوجا دەستبەجێ بردم بۆ بەغدا و، لە وەزارەتی پەروەردەو زانیاری، پێشکێش بە وەزیری پەروەردەو فێرکاریی (التربیة والتعلیم) دوکتۆر جابر عومەرم کرد، کە لەوە پێش یەکتریمان دەناسی، چۆنکە کاتێك کە لە کولێژی پەروەردە خوێندکاربووم، ئەو، بابەتی "پەروەردە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا"ی وەك وانە بە ئێمە دەگوتەوە. جابر عومەر عەرەبێکی سوننی کۆنە نازی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی دژ بە ئیمپریالیزمی بەریتانیا و ڕژێمی عێراق لە سەردەمی شافەیسەڵدا بە ئاشکرا و بێ ترس قسەی دەکرد، لەلایەن ئەوانەوە کە خۆیان بە "پێشکەوتنخواز" دەزانی و تەنانەت "چەپەکان"یش ڕێز دەگیرا لێی. ئەم کابرایە سەردەستەی ئەوانەبوو کە بەئاشکرا نەدەیانگوت نابێ بە کوردی بخوێندرێ، بەڵکو دەیانگوت: "چۆن خوێندن بکرێ بە کوردی، لە کاتێکدا هیچ زانستێك بە کوردی نەنووسراوە تا وەکو ئێستە". کە بەرهەمەکانی خۆمم لە بارەی فیزیك و، ماتماتیکەوە بە کوردی خستە بەردەمیان و تێمگەیاندن کە لە پەرتۆکە عەرەبییەکانی خۆیان کە کۆپی سەرچاوە ئینگلیزییەکانن، گەلێك گونجاوترن، بێدەنگ بوون، بەڵام لە دووژمنایەتیکردن وازیاننەهێنا. هەر ئەو ڕۆژەی کە بیرخەرەوەکەم برد بۆ وەزارەت، لە ڕێی عەقید فەتاح شاڵییەوە، کە خەڵکی سلێمانی و یەکێکبوو لەو ئەفسەرانەی لە کودەتای تەممووزدا بەشداربوو و دوایی بووە ئەندامی "دادگەی گەل" و سەردانی دووکانەکەی (ئوستاد) بەشیر موشیری دەرکرد، نارد بۆ قاسم. هەر ئەو ڕۆژەش خێرا کردمە کوردی و بەیارمەتی هاوڕێی منداڵی و هەڤاڵپیشەم دوکتۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، کە هەر لە سەرەتای داخۆیانیی کۆمارەوە، لە بەشی کوردیی ڕادیۆی عێراقدا کاریدەکرد، کاتم وەرگرت و خوێندمەوەو، خەڵکەکەش لە کوردستان و لە بەغداوە بەتەلگورافناردن بۆ کار بەدەستان پشتگیریی داخوازییەکەیان کرد



بەشیر موشیر بە دڵگەرمییەوە پشتیوانی یادداشتەکەی کرد

و بــووە داخوازییەکــی جەمــاوەری. هــەر ئــەو ئێوارەیــەش لەگــەڵ عێزەدیــن بردمــان بــۆ رۆژنامــەی (البــلاد) و بــۆ ســبەینێ و ، بەرەزامەندیــی چاودێریــی ســوپایی (الرقابــە العســکریة) بڵاوکرایــەوە لــە ژێــر ســەرنێوی (الحقــوق الثقافیــة للمواطنیــن الأکــراد) واتــە (مافــە خوێندەوارییەکانــی هاونیشــتمانە کــوردەکان) دا. هــەر لــەو کاتەشــدا بەشــێوەی نامیلکەیەکیــش چاپمکــرد. لێــرەدا بــە پێویســتی دەزانــم ئــەوە بێــژم کــە ئــەم رۆژنامــەی (البــلاد)ە خاوەنەکــەی رۆفاییــل بوتتــی (روفائیــل بطــی) بــوو، لــە کۆتایــی ســییەکانی ســەتەی رابــردووەوە لــە بەغــدا دەرچــووە. بوتتــی عەرەبێکــی دیانــی خەلکــی مووســڵ و شــۆڤێنییەکی دژ بــە کــورد بــوو، کــە جارێــك لــە ســەرەتای ســییەکاندا لــە رۆژنامەکەیــدا، کــوردی بــە "الشــعب المــارد" (گەلــی ســەربزێو) نێوبردبــوو، ســەردەمانێکیش وەزیــر بــوو لــە دەوڵەتــی شانشــینی عێراقــدا. هــەر ئــەو بــوو کــە گۆڤــاری (صــدی المســتقبل) ی داخســت. بــەڵام هــەر لەگــەڵ کودەتــای تەممــووز روویــدا، یەکســەر 180 پلــە گێــڕی گــۆری و رۆژنامەکــەی کــرد بــە زمانــی حاڵــی چەپییــەکان و، کۆمۆنیســتەکانیش کــە ئــەو

دەمە هێشتا رۆژنامەی خۆیان نەبوو، بە ناچاری، وتارەکانیان لە وێدا بڵاودەکردەوە. جا لەبەر ئەوەی جێیەکی دیکە نەبوو بیرخەرەوەکەمان بڵاوبکاتەوە، بردمانە ئەوێ. هەر بۆ رۆژی دوای دەرچوونی لە رۆژنامەکەدا، عەقید عەبدولسەلام عارف، کە وەزیری نێوخۆ و جێگری قاسم بوو، واتە کەسی دووەمی رژێم و کابرایەکی شوڤێنی عەرەب و مێشك هیشك بوو، رۆژنامەی (البلاد)ی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو بیرخەرەوەیە داخست و کەوتە دووژمنایەتیمان، کۆمۆنیستەکانیش لەبەر ئەوەی "رۆژنامەکەیان" داخرابوو، کەوتنە سەرکۆنە کردنمان، کە گوایە جارێ کاتی ئەوە نییە و" کۆمارەکەمان ساوایە" و "ئیمپریالیزم خەریکی کەینو بەینە لە دژی" ، ئەمە لە کاتێکدا یەك دووساڵێك لەوەبەر باسی "مافی بریاری چارەنووسی کورد بە دەستی کورد" یان دەکرد بە "مافی سەربەخۆیی کوردستان"یشەوە. پارتییەکانیش، خوا هەڵناگرێ، لەوان توندوتیژتر کەوتنە وێزەمان، نەك لەبەر ئەوەی کارەکەمانیان بەباش نەدەزانی، بەلکو دەیانگوت "ئەمانە خۆبەسەری و بێ پرسی هیچ لایەنێك ئەمەیان کردووە". واتە، بۆیە لە دژی کارەکە بوون، کە خۆیان نەیانکردبوو، یان بە فەرمانی وان نەکرابوو، چۆنکە خۆیان بە "پێشڕەو"ی کورد دەزانی و ، مافی کردنی کارێکی وایان بە خەلکی دیکە کە سەر بەوان نەبوون، رەوا نەدەدی، خۆشیان کاری وایان لە دەست نەدەهات. هێژای گۆتنە مامۆستا برایم ئەحمەد کە ئەو دەمە لە سەرکردایەتیی "پارتی" دا بوو، چووبووە دووکانەکەی (ئوستاد) بەشیرموشیر و لەبەر ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەدا کە لەوێ بوون گوتبووی "ئا ئەمەیە لە پشتەوەو دزانە تێسرەواندن،... ئەم کارە قۆرە عەبدولسلام عارفی زۆر تووڕە کردووەو ئەوجا چۆن داوای مافی کورد دەکرێ لێی؟ ئوستاد پێگوتبوو: ئەتۆ یاغنیشیت. جەمالەدین و برادەرەکانی ئازایانە هاتوونە دەست. جا ئەگەر عەبدولسلام ئەو مافە کەمە بە کورد نەدا، دەبێ ئەتۆ چاوەڕوانی چی بیت لێی؟".

بێجگە لە مانەش، زەعیم روکن نازم تەبەقچەلی کە کابرایەکی تۆرانی و کورد دووژمن و ، لەو سەردەمەدا فەرماندەی فیرقەی دووی عێراق بوو، کە مەڵبەندەکەی کەرکووك بوو، لە رۆژی 1958/9/9دا نامەیەکی "زۆر نهێنی و تایبەتی" لەژێر سەرنێوی" زۆرانگرتن لە نێوچەی فیرقەی دوودا"، نووسیبوو بۆ "بەڕێوەبەری هەواڵگوازاریی سوپایی " (مدير الاستخبارات العسكرية) لە بارەی بیرخەرەوەکەی

ئێمـەوە (کۆپێیەکـی ئـەو نامـە نهێنییـە، کـە لـە بیرەوەرینامەکانـی نـازم تەبەقچەلییـەوە وەرگیـراوە، لـەم ژمارەیـەی رووداو دا دەخرێتـەڕوو). تەبەقچەلـی لـەو نامەیـەدا گوتبـووی ئـەم کارەی مامۆسـتاکانی کـورد "داخۆیانیـی" بووەیەکـی (کیـان) رامیاریـی کوردسـتانە" و گوتبـووی "لـە بەرژەوەندیـی (عێراق)نییـە" بەڕێوەبەرێتیـی زانیاریـی کوردسـتان "دامەزرێ" و "راسـتیش نییـە مەڵبەندەکـەی کەرکـووك بـێ". ئەمەشـی بـە "تواندنـەوەی" گەلەکانـی دیکـە" دابـووە قەڵـەم، هەروەهـا بـە "هەوڵـدان بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر نەوتـی کەرکووکـدا".

کـورت و کرمانجـی، خوێنـمان لـە هەمـوو لایەکـەوە کرابـووە کاسـە و، چاوەڕوانـی گرتـن و زیندانـی و سـەرتێدا چوونمـان دەکـرد، بـەڵام خۆشـبەختانە رۆژگار بەدڵـی عەبدولسـەلام عارفـی چەکمـەڕەق و نـازم تەبەقچەلـی تۆرانـی و پێشـکەوتنخوازی سـاختە و رێبەرانـی فشـە کوردایەتـی نەچـوو بەڕێـوە، لەکاتـی ئـاژاوەی عەقیـد شـەوافدا لـە مووسـڵ، دەرکـەوت کـە نـازم تەبەقچەلـی لەگـەڵ بەعسـییەکان و ناسریسـتەکان هاوبەشـی پیلانگێـڕان بـووە، بەنیـازی کودەتـا لـە دژی قاسـم و نووسـاندنی عێـراق بـە کۆمـاری عەرەبیـی سـووریا و میـسرەوە. ئەوەبـوو شـەواف لـە مووسـڵ کـوژراو، نـازم تەبەقچەلـی گیـراو، پـاش دادگەییکـردن، فەرمانـی مەرگـی بەسـەردا درا و، فەرمانەکـەش جێبەجێکـرا، پـاش ئـەوەش عەبدولسـەلام عـارف کـە لەسـەر کارەکـەی لابـرا بـوو و کرابـووە سـەفیری عێـراق لـە ئەڵمانیـا، ئەویـش بەنیـازی کودەتـا لـە دژی قاسـم، بـە دزییـەوە گەڕابـووەوە بەغـدا، بـەڵام لـە فڕگـەی بەغـدا دەسـتگیرکراو، پـاش دادگەییکـردن و فەرمانـی مـەرگ بەسـەردادان، قاسـم (لەبـەر خاتـری کۆنـە هاوڕێیەتـی) چـوو لە زینـدان هێنایـە دەرەوەو بـردی بـۆ ماڵەکـەی خـۆی و، لەوێـدا دەستبەسـەریکرد، تاوەکـو ئەویـش دوایـی هەلـی بـۆ هەلکـەوت و کۆتایـی بـە ژیانـی قاسـم و رژێمەکـەی هێنـا.

هێـژای گۆتنـە، پـاش ئـەوەی قاسـم ئەفسـەرە هاوکارەکانـی خـۆی سەرشـۆڕ و بێدەنـگ کـرد و، بەیارمەتـی کۆمۆنیسـتەکان و خۆپێشـاندانی یـەك ملوێنیـان لـە شـەقامەکانی بەغـدادا بـۆ پشـتگیریی قاسـم و دەستوەشـاندن، ناحەزەکانـی قاسـمیان دەمکـوت کـرد، قاسـمیش ماوەیـەك چـاوی پۆشـی لێیـان و، ئێـدی هەرچـی هەلپەرسـت و مشـەخۆرو گەمـژە هەبـوو، خۆیـان بـە کۆمۆنیسـیتەکانەوە هەلپەسـاردو، ئەوانیـش لـە کورتبینیـی خۆیـان، شـانازییان بـەم رەشـە گۆشـتەوە دەکـرد و، بـە "جەمـاوەری تێکۆشـەر"یان



نەقیب مەدحەت موفتی، کامیل ژیر، د. محەممەد نوری عارف، جەمال نەبەز، د.عەلی تۆفیق،
ئوستاد بەشیر موشیر، هەژار موکریانی - 1960/1/8
وێنەکە لە فیلمی دیکۆمێنتاری ( بلیمەت ) وەرگیراوە، کە لەلایەن سیروان رەحیم ئامادەکراوە

دەدایـە قەڵـەم. ئەمـەو، گوێڕایەڵیکردنیـان بـۆ فەرمانەکانـی رژێمـی سـۆڤێت، تووشـی گەلێـك هەڵـەی گەورەوگرانـی کـردن و بـە زیانـی خۆیـان و نەتـەوەی کـورد و گەلـی عێـراق تەواوبـوو. ئەمـە لەکاتێکـدا کـە پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق لـە سـوپا و پۆلیـس و حکوومـەت و سـەر شـەقام هێزێکـی وا گەورەیـان هەبـوو، دەیانتوانـی قاسـم لەسـەر کار لابـدەن و خۆیـان حکوومەتێـك دابمەزرێنـن کـە خەڵکـی کوردسـتانیش و عێراقیـش لـە خۆیـان رازیبکـەن، بـەڵام سـەرکردەکانیان بـە قسـەی سـەرکردە دیکتاتۆرەکانـی یەکێتیـی سـۆڤێت جووڵانـەوە کـە خەریکـی رێککەوتـن بـوون لەگـەڵ ئەمریـکاو ئەمریـکاش نەیدەویسـت کۆمۆنیسـتەکان لـە عێـراق بێنـە سـەر کار، تاوەکـو بەعسـییەکان بـە یارمەتـی CIA و ئینتلیجەنـس سێرڤیسـی بەریتانیـا هاتنـە سـەرکار و گـۆلاوی خوێنیـان لـە کۆمۆنیسـتەکان و کـورد دروسـتکرد.

کـە لـە هاوینـی 1958دا هەوڵمـدا کارەکـەم لـە قوتابخانـەی نێوەندیـی زوبێـرەوە بگێڕدرێتـەوە شـوێنی پێشـووی لە کەرکووك، کۆمۆنیسـتەکان کە لـە ( وەزارەتی پەروەردەو

فێـرکاری)دا زۆر دەسـتیاندەڕۆیی، بـە تایبەتـی ئـەو سـەردەمەی کـە بـە سـەردەمی "لێشـاوی کۆمۆنیسـتەکان" و لـە کوردسـتاندا بـە سـەردەمی "لرفەکـە" بەنێوبانگبـوو، ڕێگرییانکـرد و هەوڵەکـەم سـەرینەگرت . لـە ئەنجامـدا خزمەتەکـەم وەك مامۆسـتای قوتابخانـە، بەشـێوەی خواسـتەمەنی(اعارە) گوێزرایـەوە بـۆ قوتابخانـەی دوانێوەندیـی جەعفەرییـە لـە بەغـدا کـە قوتابخانەیەکـی شـیعەکان بـوو و، بـە "دوانێوەندیی مۆسـکۆ" نێویدەرکردبـوو، چۆنکـە زۆربـەی قوتابییەکانـی کۆمۆنیسـت بـوون. لـەم قوتابخانەیـەدا، ژمارەیەکـی زۆر کـوردی فەیلـی هەبـوون، هـۆی ئەمـەش ئەوەبـوو، کـوردە فەیلییـەکان ڕێیاننـەدەدان دوانێوەندیـی خۆیـان هەبـێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا، بوونـم لـە بەغـدا هێنـدەك لایەنـی ئەرێنـی هەبـوو، بەتایبەتـی، توانیـم زوو زوو ئاگاداربـم لـەو کارانـەی کـە لـە پێتەخـت ڕوویانـدەدا. لـەم ماوەیـەدا ویسـتم بـە کـوردە فەیلییەکانـی قوتابخانـەی جەعفەرییـە وانـەی کـوردی بڵێمـەوە و، بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەش حەسـەن زەلزەلـە ڕازیبـوو، بـەڵام کاربەدەسـتی بەرنامـەی قوتابخانـەکان لـە وەزارەت، دوکتـۆر سـەدیقی ئەترۆشـی، کـە ڕەنگـی کۆمۆنیسـتی لـە خـۆی دابـوو، ڕازینەبـوو. هەرچـی دامەزراندنـی (بەڕێوەبەرێتیـی زانیاریـی کوردسـتان)ە، ئـەوا شـەڕی حیزبحزبێنـەی نێـوان، پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق و پارتـی دیمۆکراتـی کوردسـتان ڕێنـەدا، ئـەو بەڕێوەبەرێتییـە بـەو شـێوە دابمـەزرێ کـە ئێمە دەمانویسـت. چۆنکە کۆمۆنیسـتەکان لـە کوردسـتان، بەتایبەتی سـلێمانی لـە خۆپێشـاندانی جەماوەرییانـدا دەیانقیژانـد: "نامانـەوێ مەعاریفـی قلیاسـان ( سـەرنج: داخوازیـی ئێمـە مەعاریـف - زانیـاری - کوردسـتان بـوو ). لەبـەر ئـەوە قاسـم لەجیاتـی ئـەوە (بەڕێوەبەرێتیـی خوێندنـی کـوردی- مدیریـە الدراسـات الکردیـە)ی دامەزرانـدو مەڵبەندەکەشـی خسـتە بەغـدا، نـەك کەرکـووك، تاوەکـو لـە سـەر کاریـش مـا، خوێندنـی لـە قوتابخانـە نێوەندییـەکان و دوانیۆەندییەکانـدا نەکـرد بـە کـوردی. بـەڵام زمانـی کـوردی لـە قوتابخانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی لـە هەمـوو عێراقـدا بـووە دیوانـی (ڕەسـمي). لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەزگەیەکـی نـوێ بـۆ خوێندنـی کـوردی هاتەکایـە، کـە لەوەوپێـش نەبـوو، ئەمـەش جـۆرە دەسـتکەوتێك بـوو بـۆ ئـەو دەستپێشـکەرییەی کردبوومـان.

ئەوجـا بـۆ دامەزراندنـی بەشـی زمانـی کـوردی لـە زانسـتگەی بەغـدا، کاربەدەسـتانی وەزارەتـی پـەروەردەو فێرکاریـی، منجـە منجـی ئەوەیـان دەکـرد، کـە گوایـە کەسـێکی

وانییــە لــە زانســتگەیەکدا زمانــی کــوردی خوێندبــێ و باوەڕنامەیەکــی ماســتەر، یــان دوکتــۆرای لــەو بابەتــەدا وەرگرتبــێ و بکــرێ بــە مامۆســتای ئــەو بەشــە. راســتە لــەو ســەردەمەدا، زمانــی کــوردی لــە زانســتگەی ســۆربۆن(پاریس) و زانســتگەی لێنینگــراد و مۆســکۆ(یەکێتیی ســۆڤێتی جــاران) دەخوێنــدران، بــەڵام نــەك وەك بەشــێکی ســەربەخۆ، بەڵکــو لــە ســنووری خوێندنــی رۆژهەڵاتناســیدا. جــا لەبەرئــەوەی پێــش ســەردەمی قاســم، عێــراق هیــچ پێوەندییەکــی دیپلۆماســی و بازرگانــی لەگــەڵ یەکێتیــی ســۆڤێت نەبــوو، خوێنــدکار نەدەنێــردران بــۆ ئــەو وڵاتــە، بــەڵام پــاش ئــەوەی لەســەردەمی قاســم بــەولاوە رێکرایــەوە، گەلێــك خوێنــدکار چوونــە ســۆڤێت و لــە زمانــی کــوردی و مێــژووی کــورددا دوکتۆرایــان هێنایــەوە. عەرەبــە شۆڤێنیســتەکان بیانــووی ئەوەیــان دەهێنایــەوە کــە پســپۆری زمانــی کوردیــی خــاوەن باوەڕنامــە نییــە. خــۆ نەشــدەکرا لــە بەغــدا ســاڵانێك کارەکــە دوابخــرێ تاوەکــو خوێنــدکارەکان لــە ســۆڤێت باوەڕنامــە دەهێننــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا ناهومێــد نەبــووم و لــە پــڕ تروســکەیەکی هیــوا دەرکــەوت. ئەمــەش ئەوەبــوو کــە دوکتــۆر عەبدولجەبــار عەبدوڵــڵا بــووە ســەرۆکی زانســتگەی بەغــدا، کــە بــە فەرمانــی دەوڵــەت لــە یەکگرتنــی کۆلیــژەکان پێکهــات. دوکتــۆر عەبدولجەبــار عەبدوڵــڵا کاتــی خــۆی مامۆســتای فیزیــك بــوو لــە کۆلیــژی پــەروەردە و، فیزیکــی تیۆریــی بــە ئێمــە دەگوتــەوە. ئــەم پیــاوە ســوببە بــوو، خەڵکــی خــوارووی عێــراق بــوو، لــە بــاری زانایــیــەوە فیزیکزانێکــی بەنێوبانــگ بــوو، ماوەیــەك لــە زانســتگەی نێــوداری MITی ئەمریــکا ئەزیســتێنتز پرۆفیســۆر بــوو، مرۆڤێکــی دێمۆکــرات و کــورد دۆســت بــوو. ناسیاوەتیشــمان لەگــەڵ یــەك زۆر خــۆش بــوو، دەیزانــی کــە خەریکــی خزمەتکردنــی زمانــی کوردیــم و، دەمــەوێ کــوردی ببێتــە زمانــی زانســت و، وتــاری منیشــی لــە رۆژنامەکانــی بەغــدادا خوێندبــووەوە. بەتایبەتــی، ئــەو وتــارەی لــە بــەر پێچدانــەوەی ســەرکردەیەکی نــاسراوی بەعــس (ریــاض طــە)، کــە لــە (صــوت الاهــالي) دانووســیبووم و، دەنگێکــی گــەورەی دایــەوە. کــە بــووە ســەرۆکی زانســتگە، چوومــە لای بــۆ پیرۆزبایــی و ئەویــش پیرۆزبایــی بیرخەرەوەکەمانــی کــرد لێــم کــە لــە (البــلاد) دا بەرچــاوی کەوتبــوو. لەگــەڵ مامۆســتا عەبدولجەبــار باســی پێویســتیی بوونــی بەشــی کوردیــی زانســتگەی بەغــدام کــرد. ئەویش زۆر بــە دڵــی بــوو و گوتــی“ دڵنیابــە کــە بەشــی زمانــی کــوردی دادەمــەزرێ و کەســیش ناتوانــێ لــە دژی بوەســتێ و، تــۆش دەتوانیــت لــەوێ خەریکــی خزمــەت بیــت“. گوتــم:“

مامۆستای بەڕێز، زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام ببوورە لێم کە ئەز نامەوێ هیچ کارێك وەك کاربەدەست لەوێ بگرمە دەست، چۆنکە لێرەدا مەبەستم ئەوە نەبووە و نییە بۆ خۆم پایەیەکم دەستبکەوێ". لە کورتی ببیڕمەوە، نێوی چەند کەسێکم پێگوت کە بۆ ئەو کارە دەستدەدەن، لەوانە: جەمیل رۆژبەیانی، عەبدوڵڵا گۆران، رەفیق حیلمی، ئەحمەد هەردی، گیوی موکریانی، عەللادین سوجادی و ئەنوەر مایی کە هێندێکیانی دەناسی.
مامۆستا عەبدولجەبار گوتی، بۆ ساڵی نوێی خوێندن 1959 بەشی زمانی کوردی دەکرێتەوە و کرایەوە. هەروەها مامۆستا عەبدولجەبار گوتی: ئێوە نابێ بەبەشێکی زمانی کوردی دابین بن، دەبێ داوای زانستگەیەکی کوردیی بکەن.
ئەمە مێژووی لەدایکبوونی ئەو بەشەبوو، لەم ماوەیەشدا کە لە ئەورووپام، پێوەندییم بە هەڤاڵانی بەشی کوردیی زانستگەی بەغداوە نەپچڕا، ئەگەرچی ئەو بەشە چەند ئەم بەر و ئەوبەرێکی لەلایەن رژێمی بەعسەوە پێکرا، بەڵام هەر بە پێوە ما. ژمارەیەك لەو خاوەن دوکتۆرایانەی کە داوایانکردبوو ببنە پرۆفیسۆر، زانستگەی بەغدا بەرهەمەکانیانی دەناردن بۆ من بۆ نرخاندنیان. لەوانە: دوکتۆر مارف خەزنەدار، دوکتۆر عێزەدین مستەفا، دوکتۆر ئەمین عەلی موتابچی.

**ئێستەش دێمە سەر پێشنیازەکەم:**

بە بیروڕای من پێویستە بەشی زمانی کوردی بکرێتە بەشی کوردزانستی (کوردۆلۆژی)، واتە لە پاڵ زمانی کوردیدا، زمانە کۆن و نوێیە ئێرانییەکان، وەك ئاڤێستا و پەهلەوی و سۆگدی و پارتی و بەلووجی و ئۆسێتی و پەشتۆ و فارسی و چەند زمانێکی دی، وەك سانسکریت و لاتینی و یۆنانیی کۆن، لەگەڵ زانستی زمانەوانیی هیندۆ جەرمەنی، بخوێندرێن و، ئەمانە بخرێنە خزمەتی زمانی کوردییەوە، نەك بە پێچەوانەوە، کوردیی بخرێتە خزمەتی فارسییەوە، وەك گەلێك لە ئینستیتووتە ئێرانەوانییەکان دەیکەن. هەروەها مێژووی کورد و جۆگرافیای کوردستان و ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد و هونەری کوردی و ئایینە کوردییەکان و ئابووریی کوردستان، هەمووی لەو سنوورەدا بخوێندرێن. کاتی خۆی ، بە بەڕێز مام جەلالم گوت، کە

بوونـــی زانســـتگەیەکی کوردزانســـتی (کوردۆلـــۆژی)ی ســـەربەخۆ لـــە کوردســـتاندا زۆر پێویســـتەو بۆشـــم باســـکرد چـــۆن بنیاتدەنـــرێ. ئەویـــش گوتـــی "ئـــەوە شـــتێکی زۆر باشـــەو دەبـــێ ببـــێ". بـــەڵام ئـــەو بەڵێنـــە بەداخـــەوە، بـــوو بـــە "خـەونـــی هـۆزانـــان "و نەچـــووە سـنووری کارەوە. سـەیر ئەوەیـە لـە زانسـتگەکانی هەرێمـی کوردسـتاندا، زمانـی کـوردی هەیـە، بـەڵام کوردزانسـتی (کوردۆلـۆژی) نییـە. زمانـی کـوردی بەتەنـێ بـەس نییـە، دەبـێ کوردزانسـتی هەبـێ.

لـە کۆتایـی ئـەم وتـارەدا و بـە بۆنـەی تێپەڕبوونـی پەنجـا سـاڵ بەسـەر سـەرکەوتنی ئـەم هەوڵـە پیـرۆزەدا، یـادی ئـەو حەفـت هەڤاڵمامۆسـتایانە دەکەمـەوە، کـە سـەرەڕای هەمـوو شـێوە مەترسـییەك، لـە رۆژێکـدا کـە ئـەوەی لەگـەڵ "لێشـاو" و "لرفەکـە" نەبووایە"سـەحل" یـان دەکـرد تاوەکـو گیانـی دەردەچـوو، خۆڕاگرانـە، بەشـداریی ئـەم دەستپێشـکەرییەیانکرد و، لـە هیـچ جـۆرە بەرگـری و بەرهەڵسـتێك نەسـڵەمینەوە. ئـەو هەڤاڵانـــەی کۆچیانکـــردووە، هـــەزاران ســـڵاو لـــە گیانیـــان بـــێ و، رەوانیـــان شـــادبێ و، ئەوانـەی ماویشـن، تەمەنیـان درێژبـێ و وێنەیـان فرەبـێ و ئافەرینیـان لێبـێ.

بەرلین 2009/10/15


# پرۆگرامی کوردیی رادیۆی قاهیرە، لە هاوینی 1957دا چۆن دامەزرا؟

جەمال نەبەز

## چەند وشەیەکی پێویست

پرۆگرامـی کوردیـی رادیـۆی قاهیـرە کـە لـە هاوینـی1957دا کەوتـەکار، بـۆ کاتـی خـۆی، واتـە 53 سـاڵ لەمەوبـەر، رووداوێکـی رامیاریـی و فەرهەنگیـی یەکجـار گرنـگ بـوو لـە مێـژووی سـەتەی رابـردووی کـورد و رۆژهەڵاتـی ناڤینـدا، کـە رژێمـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتانی خسـتە تـرس و لـەرز و شـڵەژانەوەو، ناچاریکـردن بەگرتنەڕێـی چەنـد کاردانەوەیەکـی وا، کـە لـە ئەنجامـدا بوونـە مایـەی کەڵـک بـۆ کـورد.

ئێسـتە رەنگـە هێنـدەک هەبـن، لەوانـەی لـەو سـەردەمەدا نەژیـاون، پێیانسـەیربێ، پرۆگرامێکـی رادیۆیـی توانیبێتـی رۆڵێکـی ئـاوا گرنـگ بنوێنـێ. چۆنکـە نازانـن کـە ئـەو رۆژە رۆژێکـی وەک ئـەورۆی ئێسـتە نەبـوو، کـە ئەگـەر چەنـد کەسـێکی بـە ژمـارە کـەم پێکـەوە کۆببنـەوە و، خۆیـان نێوبنێـن "حیـزب" و بڕێـک پارەشـیان بە دەسـتەوەبێ،




بەرگی ئەو نامیلکەیەی کە جەمال نەبەز بۆ جەمال عەبدولناسری نارد

بتوانـن ببنـە خاوەنـی وێسـتگەی رادیـۆ و رۆژنامـە و تەنانـەت تەلەڤزیۆنیـش. ئـەو رۆژە رۆژی تەلەڤزیۆنـی سـاتەلیت و ئینتەرنێـت و فاکـس و ئیمەیـل و یوتیـووب و فێـس بـووک و تویتـەر، نەبـوو. شۆرشـی تەکنیکـی راگەیانـدن هێشـتا روویندابـوو، رۆژێـک بـوو کـە رادیـۆ، بـە پێچەوانـەی؛ چاپنامـە Presse ەی سـنووردار و بەرگیـراوی ئـەو سـەردەمەوە، دەزگەیەکـی هەواڵگوزاریـی زۆر گرنـگ و بـێ بەرگـر و، تەنـێ بەدەسـت دەوڵەتـەوە بـوو. خـۆ ئەگـەر تاقمێـک ئەفسـەر کودەتایەکیـان بکردایـە، جـارێ لەپێشـدا دەچـوون دەستیانبەسـەر وێسـتگەی رادیـۆدا دەگـرت. ئەگـەر گەلێکیـش شۆرشـی بکردایـە، هەوڵـی دەسـتگرتنی بەسـەر وێسـتگەی رادیـۆدا دەدا. لـە

هەمـوو عێراقیشـدا، تاکـە یـەک وێسـتگەی رادیۆیـی حکوومەتیـی هەبـوو لـە گەڕەکـی ساڵحییە"سـاڵەیی"بەغدا. ئـەم وێسـتگەیە؛ لـە سـاڵی 1937ەوە، رۆژانـە، چەنـد دەمژمێرێکـی کەمـی بـۆ زمانـی کـوردی، لـە سـنوورێکی دیاریکـراودا، تەرخانکردبـوو. ئێـدی لـە هەمـوو جیهانـدا، رادیـۆی هیـچ دەوڵەتێـک پرۆگرامـی بـە زمانـی کـوردی نەبـوو، بـەڵام دەوڵەتـە گـەورەکان و، ژمارەیەکـی زۆر لـە دەوڵەتـە مامنێوەندیـی و گچکەکانیـش، بەرنامـەی رۆژانەیـان بـە عەرەبـی و فارسـی و ترکـی هەبـوو. کوردیـش خواخـوای ئەوەیـان بـوو، رادیۆیـەک، یـان رۆژنامەیـەک، یـان تەنانـەت کاربەدەسـتێکی گچکـەی بیانـی، نێوێکیـان بهێنـێ، لـێ، نێـوی کـورد لـە کوولەکـەی تەڕیشـدا راسـتەوخۆ نەدەهێنـدرا. خـۆ ئەگـەر جاروبارێکیـش بەڕێکـەوت و، بەهـۆی باسـێکی دیکـەوە، نێـوی بهێندرایـە، ئـەوا، یـان بـە چەنـد هۆزێکـی لەنێوخۆیانـدا ناکـۆک و دوور لـە شارسـتانێتی، یـان بـە کۆمۆنیسـت و نۆکـەر و زوڕناژەنـی سـۆڤێت، یـان بـە رێگـر و چەتـە و شـەڕانی، دەدرانـە قەڵـەم. یەکێکـی وەک رامیـار و


الاهداء
الى محرر مصر ومنقذ العروبة ،
الى المناضل العنيد من أجل السلم والاخاء بين الامم ،
الى قاهر الاستعمار والاستغلال الداخلي ،
الى بطل تأميم القناة واحباط الاحلاف العسكرية ،
الى صديق الشعب [illegible] المستعبدة الأخرى ،
الى حبيب الجماهير العربية [illegible]
الى سيادة الرئيس البطل جمال عبد الناصر ..
أهدي هذه الرسالة

ئەو پێشکێشکردنەی لە پێشەوەی نامیلکەکە کە بۆ جەمال عەبدولناسر نووسراوە


نووسـەری نـاسراوی کـورد؛ ڕەحمەتـی برایـم ئەحمـەد دەیگـوت: " کـە جاروبـار رادیـۆی عەرەبیـی بەغـدا نێوی"حنطـە کردیە"(گەنمـە کـوردی) دەهێنـێ، گەشـکە دەمگـرێ لـە خۆشـیاندا". کـورت و کرمانجـی؛ کـورد ئەسـتێرەی بـە ئاسـمانەوە نەبـوو. سـنوورە دەسـتکردەکانی دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان، بەپێـی پەیمانـی فەرەنسـا ـ ئەنقـەرە(1921)، پەیمانـی ئێـران ـ ترکیـا(23-1-1932)، پەیمانـی ساداڤا(سـەعد ئابـاد 1937)، پەیمانـی عێـراق ـ ترکیـا(1946) و پەیمانـی بەغـدا(1953)] کـە لـە دواییـدا بـووە پەیمانی"سـەنتۆ " [ لەسـەر کـورد خڕداخرابـوون. ئـەم سـنوورە، بـە زۆر و هێـزی چـەک بەسـەر کـورددا سـەپێندراوانە، سـەرەڕای جەنگـی ساردی نێـوان ئـەو دوو دژبـەرەی کـە بـە "بـەرەی سـەرمایەداری" و "بـەرەی سۆسـیالیزم" نێودەبـران، لەلایـەن هـەردوو زلهێزەکـەوە (ئەمریـکا و سـۆڤێت) و بلۆکـی هـەردوو لاوە، وەک یـەک، دەپارێـزدران. لـەو پارچانـەی کوردسـتاندا کـە لـە بندەسـتی ئێـران و تـرک و سـوریادا بـوون، ڕێنـەدەدرا، یـەک ڕۆژنامـە، یـان کاتنامـە، یـان تەنانـەت پەرتۆکێـک و نامەیـەک، بـە ئاشـکرا، بـە زمانـی کـوردی دەربچێـت. لـە هەمـوو باشـووری کوردسـتان و عێراقـدا، تەنـێ هەفتەنامـەی (ژیـن) هەبـوو کـە بـە چـوار لاپـەڕەی قـەوارە بچـووک لـە سـلێمانی دەردەچـوو. گۆڤارێکـی مانگانـەی چەنـد لاپەڕەییـش بەنێـوی (هەتـاو) ەوە لـە چاپخانـەی کوردسـتان لـە هەولێـر دەردەچـوو. کـە ئـەم دووانـە، هەردووکیـان، وێـژەی بـوون. دەرکردنـی چاپنامـەی رامیاریـی بـۆ کـورد ڕێبەند(ممنوع)کرابـوو [سـەرنج: وشـەی"چاپنامە"م بەرامبـەرPresse ی ئینگلیـزی و ئەڵمانـی دانـاوە، بـۆ جیاکردنـەوەی لـە "چاپەمەنی"(مطبوعـات)].

لـەساڵێکیشـدا، پەرتۆکێـک یـان دووان، بـە کـوردی چاپدەکـران. بـۆ ئـەوەش، دەبـوو وەزارەتـی نێوخـۆی عێـراق؛ ڕێ بـە چاپکردنیـان بـدات. ئێـدی، ئـاو بێنـە و دەسـت بشـۆ. ئێسـتە، بەرلـەوەی بێمـە سـەر باسـی هـۆی دامەزرانـدن و کارکردنـی ئـەم پرۆگرامـە کوردییـەی رادیـۆی قاهیـرەی پێتەختـی میـسر، کـە لەپـڕ هاتـە کایـە و، ڕۆژانـە بـۆ مـاوەی دەمژمێرێـک پەخشـدەکرا و، لـە هەمـوو ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـدا دەبیسـترا و، هاتنـە کایەشـی پێوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بەخۆمـەوە هەیـە و، ماوەیەکـە، چەنـد کـەس و لایەنێکـی سـاختەکار، نابەرپرسـیارانە و بێشـەرمانە و خۆهەڵکێشـانە، هێنـدەک هەواڵـی ئاخنـدراو بـە درۆ و دەلەسـە و فیشـاڵیان، لەوبارەیـەوە بڵاوکردووەتـەوەو،

گەلێـک دۆسـت و ناسـیاویش رووبەڕووی ئەمەیان لـە مـن کـردووە، کـە لـەم بارەیـەوە بێدەنـگ نەبـم و قسـەیەک بکـەم، وادێمـە وەرام، بـەڵام بـە پێویسـتی دەزانـم، جـارێ سـەرنجێکی کورتـی هەلومەرجـی ئـەو سـەردەمەی خـۆم و، کورتـە چیرۆکێکـی بارودۆخـی ئـەو رۆژانـەی کوردسـتان و نێوچەکـە بخەمـە بەرچـاو، ئەوجـا بێمـە سـەر نێوەرۆکـی بابەتەکـە. مەبەستیشـم لێـرەدا خزمەتـی مێـژووە، نـەک خۆپەسـندان. چۆنکـە رووی راسـتینەی رووداوەکانـی سـەرگۆڕەپانی مێـژوو؛ نابـێ بشـاردرێنەوە و ون بـبن، یـان بـە چەوتوچەوێڵـی بێنـە گێڕانـەوە. شـێوێنەرانی راسـتیش، پێویسـتە، بێلەڕوودامـان، کارنامـەی بۆگەنـی خۆیـان بدرێتـەوە بـە چـاوی دزێوانـە و ئێسـکی گرانیانـدا.


## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی بۆ چوونە نێو باس

لـە نیـوەی یەکەمـی سـەتەی رابـردوودا، هێنـدەک کارەسـاتی گـەورەی جیهانشـڵەقێن روویانـدا، وێنـەی جیهانیـان گـۆڕی و، چارەنووسـی کوردستانیشـیان بـەرەو ئـەم رۆژە رەشـە هانـی. سەردەسـتەی ئـەو کارەسـاتانە؛ جەنگـی یەکەمـی جیهانـی بـوو، کـە هەرەسـهێنانی ئیمپراتۆرێتیـی رووسـیای قەیسـەری و هاتنـە کایـەی یەکێتییـی سـۆڤێتی لێکەوتـەوە و، جیهانیشـی، لەگـەڵ کات، کـردە دوو بەشـی دژ بەیـەک. ئـەوەش لـە مانگـی ئۆکتۆبـەری 1917دا بـوو، واتـە پێـش تەواوبوونـی جەنـگ لـە مانگـی ئەیلوولـی 1918دا. ئـەم جەنگـە لەنیـوان دوو لایەنـدا هەڵگیرسـا، لایەنـی یەکەم"هاوپەیمانـان" (لـە پێشـەوە؛ بەریتانیـا و ژاپـۆن و فەرەنسـا و ئیتالیـا و یۆنـان و رووسـیا و، ئەوجـا ژمارەیەکـی زۆر لـە دەوڵەتانـی دی، وەک ئەمریـکا و چینـی چـووە سـەر). لایەنـی دووەمیـش کـە بە"هێزەکانـی نێوەنـد" نێودەبـران (بریتیبـوون لـە ئەڵمانیـا و ئیمپراتۆرێتیـی ئۆسـمانی و نەمسـا و هەنگاریـا و بولگاریـا).
پـاش هەڵگیرسـانی شۆرشـی رووس لـە شـوباتی1917دا، فەرمانـدەی لەشـکری ئەڵمانیـا، لـە دژی رووسـیای قەیسـەری، ڤلادیمیـر لێنینـی، بـە دزییـەوە و، بـە شـەمەندەفەری سـەربازیی ئەڵـمان گەیانـدەوە رووسـیا، بـۆ ئـەوەی لـە شۆرشـدا دژی رژێمـی قەیسـەر بەشـداربیکا، کـە ئـەو دەمـە لێنیـن چەنـد سـاڵێک بـوو لـە سـوێسرا وەک




وێنـەی قـازی محەممـەد، کـە لـە لاپەڕەکانـی پێشـەوەی نامیلکەکـەدا لەژێـرەوەی نـووسراوە: ڕێبـەری حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرۆکی کۆمـاری کوردسـتانی ئـازاد کـە لـە سـاڵی 1945 لـە مەهابـاد دامـەزرا، قوربانیـی گەلـی کـورد و مرۆڤایەتـی پێشـکەوتووخواز، شـەهید قـازی محەممـەد.

پەنابـەر دەژیـا. پـاش سـەرکەوتنی شـۆرش لـە ئۆکتۆبـەری1917دا کـە بـووە هـۆی رووخاندنـی حکوومەتـی تەمـەن کـورت و لیبەراڵـی سـەرۆکڤەزیران و ڤەزیـری جەنگـی رووسـیا ئەلێکسـاندەر کەرەنسـکی(1881ـ 1970) لەلایـەن دامەزرێنـەر و فەرماندەی"لەشـکری سـۆر" لیێیـڤ ترۆتسـکی (1879ـ 1940)یـەوە، لێنیـن کرایـە سـەرۆکی "کـۆڕی کۆمیسـاریا(نوێنەرایەتی)ی گـەل".



المناضل الكردي الجماهيري البطل والزعيم العسكري الجريء

قائد جيش التحرير الشعبي في كردستان

الجنرال مصطفى البارزاني

وێنـەی مسـتەفا بارزانـی، کـە لـە لاپەڕەکانـی پێشـەوەی نامیلکەکـەدا لەژێریـدا نـووسراوە: تێکۆشـەری کـوردی جەماوەریـی پاڵـەوان و فەرمانـدەی سـەربازیی بوێـر و فەرمانـدەی سـوپای رزگاری میللـی لـە کوردسـتان، جەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی.

هەرچەنـدە لێنیـن(1870 ـ 1924) پـاش دامەزراندنـی سـۆڤێت زۆر نەژیـا، بـەڵام سـنووره دەسـتکردە کۆڵۆنیالیسـتییەکەی رووسـیای قەیسـەری، بـە نێزیکـە، هـەروەک خـۆی هێشـتەوەو، لـەو مـاوە کورتـەدا، کـە هێشـتا جەنـگ کۆتایینەهاتبـوو، سـوڵتانی ئۆسـمانی (سـوڵتان محەممـەدی شەشـەم) هێشـتا خـۆی بـە دەسـتەوە نەدابوو(لـە 1918/9/30دا خـۆی دا بەدەسـتەوە)، لێنیـن لەگـەڵ دەوڵەتـی ئۆسـمانی و

سەرکردەکانی ئەڵمانیا ڕێککەوت و، پەیمانی بریست ـ لیتۆڤیسک ی لە مانگی مارتی1918دا واژۆ کرد لەگەڵیان و، دانینا بەوەدا کە سنووری سۆڤێت و دەوڵەتی ئۆسمانی، بە شێوەیەکی گشتی و، بە گۆڕینێکی زۆرکەم، وەک خۆی بمێنێتەوە، کە بەپێی ئەم پەیمانە، بەشێکی گچکەی کوردستان کەوتە سنووری یەکێتیی سۆڤێتەوە، کە ئەو بەشە، کوردستانی سۆریشی دەگرتەوە، بەڵام کوردستانی ئۆسمانی، هەروەک جاران، بۆ ئیمپراتۆرێتیی ئۆسمانی مایەوە.

کە پەیمانی سێڤر لە 1920/8/10دا لەلایەن هاوپەیمانانی سەرکەوتووی جەنگەوە خرایە سەر کاخەز، ڕژێمی سۆڤێت، بە سەرکردەیەتیی لێنین، دانیپێدانەنا، بەڵکو لەلایەکەوە، کەوتە هاوکاریی لەگەڵ ڕەزاخان(1878ـ 1944)ی کودەتاکەر و ملهوڕ و، لە 1921/2/26دا، پەیماننامەی"ڕێزگرتنی سنووری ئێران" و "لابردنی پەیماننامەی ترکمانچایی" ساڵی 1848ی بۆ واژۆ کرد. لەلایەکی دیکەشەوە، لەگەڵ "حکوومەتی ئەنگۆرا" کە بە سەرکردەیەتیی ئەفسەری سەرکێش "یاخی بوو" مستەفا کەمال (1881 ـ 1938/1/10)کەوتبووەگەڕ، "پەیماننامەی دۆستایەتیی" لە 1921/3/16دا، بەست.

حکوومەتی مستەفا کەمالی سەرکێش، سەر بە "گەنجە ترکەکان"بوو کە بە"ژۆن ترک"نێویانڕۆیبوو. ئەمانە، دەستەیەک تۆرانی و شۆڤێنی و تیرۆریست بوون، کە لەڕێی کودەتایەکی سوپاییەوە، لە 1908/7/24دا و، بە بیانووی خستنەکاری دەستووری ئۆسمانیی1876ەوە کە خرابووە پشتگوێ، دەسەڵاتیان بەدەست سوڵتانەوە نەهێشتبوو؛ ساڵێکیش دوای ئەوە(1909)بەجارێ حکوومەتیان گرتەدەست خۆیان. ئەمانە، بیری ترکچێتی و تۆرانێتییان لە چەند پەرتۆکێکی بۆ ترکی وەرگێڕدراوەوە وەرگرتبوو، کە یەکێکیان پەرتۆکی جووێکی ئینگلیزبوو بەنێوی (Arthur L.David) و ئەوی دیش پەرتۆکی جووێکی فەرەنسی بوو بە نێوی ب(David L.Cohun) ، کە ڕەگەزی ترکیان بە ڕەگەزێکی دانسقەی سەربەخۆ و بەرزتر لە ڕەگەزەکانی دی دابووە قەڵەم. تەنانەت ڕۆژهەڵاتناس بێرنارد لێڤیی دەبێژێ" ترکەکان بەقۆپیێکردنی بەرهەمی ڕۆژئاوایی، نەتەوایەتیی خۆیان دۆزییەوە(سەرنجی:جەمال نەبەز:ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە؛ لەندەن 2002، ل56/ 130بدە).

ژۆن ترکـەکان کەوتبوونـە سـەر کەڵکەڵـەی دامەزراندنـی دەوڵەتێـک بـۆ "رەگـەزی تـرک" لەسـەر خاکـی کوردسـتان و یۆنـان و ئەرمـەن و لاز و چەرکـەز، لەڕێـی گەلکوژییـەوە لـەو نەتەوانـە. چۆنکـە، ترکـەکان گەلێکـی کۆچکـردوو بـوون بـۆ ئاسـیای گچکـە و، نیشـتمانێکی مێژوویـی تایبـەت بـە خۆیـان، لـە وڵاتـی مێزۆپۆتامیـا و ئەناتۆڵ(کـە وشـەکە یۆنانییـە و بـە مانـای خۆرهەڵاتـە و، ترکـەکان کردوویانـە بـە "ئەنەدۆلـو") دا نەبـوو. شـایەنی باسـە، ئیمپراتۆرێتیـی ئۆسـمانی، کـە بناخەکـەی لـە 1515دا، بـە پشـتگیریی و یارمەتیـی سـوپایی میرنشـینە کوردەکانـی دژی دەوڵەتـی سـەفەوی و، دەلالـی و خۆفرۆشـی و بەرتیلخۆریـی مـەلا ئیدریسـی بیتلیسـی یەوە(کـە لـە 1520دا مـرد) دامـەزرا، دەوڵەتـی تـرک نەبـوو، تەنـێ سـوڵتانەکانی؛ سـەر بـە بنەماڵـەی "ئۆسـمان" نێویـک بـوون.

"ژۆن ترکـەکان"، کـە وشـەی"ژۆن" یـان لـە jeune ی فەڕەنسییەوە، کـە مانـای "گەنـج"ە وەرگرتبـوو، لـە مـاوەی جەنگـی یەکەمیـی جیهانیـدا، بوونـە هەڤاڵبەنـدی ئەڵمانیـا و، بـە چەکـی ئەڵمانیـا گەلکوژییـان لـە یۆنانییـە پۆنتییـەکان و ئەوجـا ئەرمەنییـەکان و ئەوجـا کـورد کـرد. هەڤاڵبەندێتیـی تـرک و ئەڵـمان، لـە سـەردەمی ئۆسـمانی و لـە سـەتەی 19ەوە دەسـتپێکربوو، کـە بـە یارمەتیـی چـەک و ئەفسـەرانی ئەڵمانیـی پروسـیا، میرنشـینەکانی کـورد رووخێنـدران و، درێـژەی ئـەم باسـەش لـەو نامانـەدا دەردەکـەون کـە ئەفسـەری ئەڵـمان هێلمـوت فـۆن مۆڵتکـە(1800 ـ 1891)وەک رێکخـەری لەشـکری ئۆسـمانی، لـە کوردسـتانەوە ناردوونـی بـۆ ژنەکەی(تەماشـای جەمـال نەبـەز: کورتـە مێژوویەکـی کوردناسـیی لـە ئەڵمانیـادا، بەشـی یەکـەم، بەرگـی دووەم، گۆڤـاری "کـۆڕی زانیـاری کـورد" بەغـدا 1974 لـە 422 ـ 424، بکـە". [سـەرنج: لەبـەر ئـەوەی وتارەکەمیـان نەنـاردەوە بـۆم تاوەکـو هەڵەچاپییەکانـی سەرڕاسـتبکەمەوە، گەلێـک هەڵـەی چاپـی تێکەوتـووە، کـە ئەمـەش راددەی لێوەشـاوەیی کارمەندانی"کـۆڕ" بەباشـی دەخاتـەڕوو]. هەروەهـا ئـەو نامەیـەی کـە مۆڵتکـە لـە 1886/2/16دا لـە وەرامـی ئەمیـن عالـی بەدرخـان(1851 ـ 1926)ی کـوڕی بەدرخـان پاشـادا نووسـیویێتی بـۆی کـە چارەنووسـی باوکـی خـۆی پرسـیوە لێـی و، مۆڵتکـە، پـاش ئـەوەی بەدرخان پاشـا بـە کوردێکـی ئـازا دەداتـە قەڵـەم دەبێـژێ: پـاش ئـەوەی مەڵبەندەکـەی وێرانکـراوە و خـۆی گیـراوە، ئێـدی ئـاگای لـە چارەنووسـی نەماوە(جـمال نبـز: الامیـر الکـردي، میـر

محمـد الروانـدزی الملقـب ب"میـری کـۆره"…. ترجمـه الـی العربیـه، فخـری سلاحشـور مـن منشـورات الاکادیمیـه الکردیـه للعلـم والفـن. اربیـل 1994، ص 266 الطبعـه الثانیـه. اربیـل 2003 ص206 ئـەم چاپـەی دوایـی لـە لایـەن "ئـاراس"ەوە کـراوە، بـێ پێشـاندانی بـە مـن، لەبـەر ئەمـە، هەڵـەی چاپیـی زۆری تێکەوتـووە).

فـۆن مۆڵتکە،بەرامبـەر بـەو خزمەتـەی، کـە وەک بەکرێگیراوێکـی رژێمـی ئۆسـمانی بەجێیهێنابـوو، واتـە بەشـداریکردنی لـە تاوانـی جەنگـدا بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد، هەروەهـا بەشـداریکردن لـە شـەڕی پروسـیا(ئەڵمان)دا دژ بـە فەرەنسـا (لـە 1870/7/19ەوە تـا 1/28 /1 1871) کـە بـووە هـۆی دامەزراندنـی ئیمپراتۆرێتیـی ئەڵمانیـا و بوونـی ولیەمـی یەکـەم بـە ئیمپراتـۆری ئەڵـمان و، دەرهێنانـی ئەلـزاس و لۆریـن لـە دەسـت فەرەنسـا، کـرا بـە فیلـد مارشـال.

سـەرکەوتنی هاوپەیمانان(بـە تایبەتـی بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئیتالیـا و یۆنـان) بەسـەر حکوومەتـی "ژۆن ترکـەکان"و ئەڵمانیـادا، بـووە هـۆی داگیرکردنـی ئەڵمانیـا و رووخاندنـی ئیپمراتۆرێتیـی ئۆسـمانی، بـەڵام نەبـووە هـۆی لەنێوبردنـی "ژۆن ترکـەکان" کـە تاوانـی جەنـگ و گەلکوژیـی دەکەوتـە ئەسـتۆیان. بـە پێچەوانـەوە، "ژۆن ترکـەکان" بـە سـەرۆکایەتیی مسـتەفا کەمالـی سـەرکێش(متمرد)و، بـە یارمەتیـی هـوردە بـۆرژوای "جلخـوار"و نیشتمانفرۆشـی کـورد و، پشـتگیریی و یارمەتیـی رژێمـی تـازە دامـەزراوی سـۆڤێت و، سـووتوەرگرتنی دارودەسـتەی مسـتەفا کەمـال لـە دەرفـەت، توانییـان هاوپەیمانـان والێبکـەن، چـاو لـە پەیماننامـەی سـێڤر دابخـەن و، بەپێـی پەیمانـی لۆزان(1923/7/24)دەوڵەتێـک بـۆ تـرک دەستنیشـان بکـەن، کـە باکـووری کوردستانیشـی بخرێتـە سـەر. بێجگـە لەمـەش، چەنـد دەوڵەتێکـی عەرەبیـی رژێمدەرەبەگیـش دروسـتکران کـە فەرمانڕەواکانیـان گوێڕایەڵـی خۆیـان بـوون. بـۆ بنبەسـتکردنی بەرژەوەندیـی ئابـووری و سـتراتیژیی خۆیـان و بەهێزکردنـی کەمایەتیـی عەرەبـی سـوننە، ئینگلیـزەکان شانشـینیی باشـووری کوردسـتانیان رووخانـد و، باشـووریان بـە زۆری چـەک نووسـاند بـە عێراقـی دەسـتکردەوە و، چاویـان لـە مافـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش پۆشـی و، دایانـە دەسـت رەزاخانـی دیکتاتـۆر. لـەم کاتـە بـەدواوە، هەرسـێ دەوڵەتـە دەسـتکردەکە؛ عێـراق و ترکیـا و ئێـران، بەبەرچـاوی هەمـوو جیهانـەوە، کەوتنـە گەلکوژیـی لـە کـورد. گەلکوژیـی دێرسـم لـە 1937 دا بـە

گازی ژەهـراوی، سەردەسـتەی ئـەو گەلکوژییانـە بـوو. ئـەوەش لـە سـەردەمی مسـتەفا کەمـال و ئەڵمانیـای نازیـدا بـوو، کـە تائێسـتا کـەس بـەدوای ئـەوەدا نەچـووە تاوەکـو بزانـێ، چ دەوڵەتێکـی ئەوروپایـی ئـەو گازەی داوە بـە تـرک. چاکـە ئـەوەش لێـرەدا بگوتـرێ کـە ئەڵمانـەکان بـۆ یەکەمجـار لـە 1915/4/22دا گازی ژەهراویـی کلۆریـان لـە ئیبریـای فەرەنسـا بەکارهێنـا و، ئیتالییەکانیـش هـەر لـەو سـەردەمەدا گازی ژەهراوییـان دژی خەڵکـی حەبەشـە بەکاربـرد، تاوانەکـەی ئیتالیـا، کەوتـە وتوویـژەوە، بـەڵام تاوانەکـەی رژێمـی تـرک، بێدەنگیـی لێکـراوە تاوەکـو ئێسـتە. زیندووکردنـەوەی ئـەو کێشـەیە خزمەتێکـە بـۆ ئاشـتیی جیهانـی.

هـەر لـە نیـوەی یەکەمـی سـەتەی رابـردوودا بـوو، کـە جەنگێکـی جیهانیـی دیکـە قەومـا، لەنێـوان بـەرەی "هاوپەیمانـان" (بەریتانیـا و سـۆڤێت و ئەمریـکا .....) لەلایـەک و، بـەرەی "تـەوەر" Achsel (ئەڵمانیـای نـازی و ژاپـۆن و ئیتالیـا.....) لەلایەکـی دیکـە. ئـەم جەنگـە، نێزیکـەی پەنجـا ملیـۆن کـوژراو وبرینـداری لێکەوتـەوە، لەوانـە شـەش ملیـۆن جـوو، کـە لەلایـەن ئەڵمانیـای نازییـەوە بـە گاز خنکێنـدران. گەلکوژیـی لـە کوردانـی سـۆڤێت لەلایـەن رژێمـی فاشسـتی سـتالینەوە، کـە سـتالین (1879ـ 1953) لـە مانگـی تەباخـی1939دا "پەیماننامـەی پەلامارنەدانـی یەکـدی" لەگـەڵ هیتلـەر(1889 ـ 1945)ی تیرۆریسـت، واژۆ کردبـوو، بەشـێکی دیکەیـە لـە گەلکوژیـی لـە کـورد لـە سـەتەی رابـردوودا، کـە تاوەکـو ئـەوڕۆ لێینەپرسراوەتـەوە. ئەگەرچـی، پەیماننامـەی لاهـای(1907)و پەیماننامـەی ڤێرسـای (1919/5/7) و کۆنگـرەی واشـنتەن(1922) بەکارهێنانـی گازی ژەهراوییـان رێبەندکردبـوو.

لـە سـاڵانی جەنگـدا، رژێمەکانـی رەزاخانـی ئێـران و شـاغازی و رەشـید عالـی گەیلانـی(1892ـ 1965)ی عێـراق، بـە ئاشـکرا و، رژێمـی کەمالیسـتی تـرک بـە نهێنـی، لەگـەڵ رژێمـی نازیـی ئەڵمانیـا هاوکێـش و هـاوکار بـوون. کوردیـش، بەپێچەوانـەی عەرەبـەوە، بەتەمـای "خێروبێـر"ی بەریتانیـا و سـۆڤێت، لـە مـاوەی جەنگـدا، دژایەتییـی هاوپەیمانانیـان نەکـرد؛ بـەڵام سـنوورەکانی دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان؛ هـەروەک خۆیـان هێڵدرانـەوە و دەسـتیانلێنەدرا. تەنانـەت کـە هێزەکانـی بەریتانیـا و سـۆڤێت بـۆ بەربەرەکانیـی دەسـەڵاتی ئەڵمانیـای نـازی لـە ئێرانـدا، لـە باکـوور و باشـوورەوە، لـە هاوینـی1941دا بـە ئێرانـدا کشـان و رەزاخانیـان ناچـار کـرد لـە

1941/9/16دا دەست لە پلەی شانشینیی هەڵگرێ و، تاوەکو مردنی لە1944دا لە یۆهانسبۆرگی باشووری ئەفریکا پەنابەربێ، زۆر بە ئاسانی، حەمەرەزای کوڕیان خستە جێی و، کە ئینگلیزەکانیش لە عێراق، شاغازیی نازییان لە 1939دا لەنێوبرد و، پاش ئەوەش، حکوومەتی گەیلانیی دۆستی هیتلەریان، کە لە 1941/4/3دا بەنێوی" حکوومەتی بەرگری نیشتمانییەوە" دامەزرابوو بە بۆمبابارانکردنی بەغدا لە 1941/5/2دا رووخاند، عەبدولئیلای ژنبرای غازییان کردە بریکار(وصي)ی شانشینیی عێراق تاوەکو ساڵی 1953، کە فەیسەڵ بووە شا و، بەم جۆرە، سنوورەکانی عێراق و ئێران وەک خۆیان مانەوە. فەڕەنساش کە کرابووە منداتار(کوێخا)ی سووریا و، بەشێکی کوردستان لە بەری رۆژاواوە کەوتبووە دەستی، ئەو بەشەی، بەبێ پرسوڕای کورد، هێندێکی دا بە رژێمی سووریا و هێندێکی دا بە رژێمی ترک.

## بەسەرهات و ئەزموونەکانی خۆم لەو سەردەمانەدا

ئەز نازانم لە بەختی رەشم بوو، یان لە خۆشبەختیم بوو کە لەم نیو سەتەیەدا لەدایکبووم، واتە؛ لە سەردەمێکدا کە دوو جەنگی جیهانیی قڕکەری تێدا قەوما و، دوو دەرفەتی گەورەش کەوتنە دەست کورد، کە لە یەکەمیاندا شانشینیی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی (1882 ـ 1956/10/19) دامەزرا و، لەوی دیشیاندا کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد لە(1946دا)، کە هەردووکیان زۆر تەمەنکورت بوون، کە لەمەشدا کورد خۆشیانبێگوناح نەبوون. هەرچەندە ئەز لە سەردەمی شانشینیی کوردستان و، بوونی وڵاتی ئەناتۆڵ لە 1923دا و، ئێران لە1925دا و، عێراق لە1932دا، بە دەوڵەتی ناسیۆنالی ترک و فارس و عەرەب، هێشتا چاوم بە جیهان هەڵنەهێنابوو، بەڵام کاتێک منداڵی حوجرە و قوتابخانە بووم، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو پیاوانەی کە لە زەمانی ئۆسمانییەکان و مستەفا کەمال و رەزا خان و شا فەیسەڵی یەکەم و ئینگلیزەکان و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاک و سەید رەزای ئالەوی و شێخ مەحموودی بەرزنجی و عەبدولسەلامی بارزانی دا؛ چالاک و هەڵسووڕاوی رامیاریی ببوون، بەهۆی هاتوچوویانەوە لەگەڵ باوکم، ناسیاویم

پەیداکردبـوو و، گوێـم لـە گەلێـک بـاس و چیرۆکـی ئـەو سـەردەمانە گرتبـوو. شـوێنی بنەماڵەییـم کارێکـی وایکردبـوو، هـەر لـە منداڵییـەوە، بەشـێوەی منداڵێکـی ئاسـایی پـەروەردە نەکرێـم، بەڵکـو گەلێـک شـت فێربکرێـم کـە منداڵانـی دیکـە مـاوەی ئەوەیـان نەبـوو فێـری بـبن. تەنانـەت لـە تەمەنـی چـوار سـاڵیدا بـووم، کـە باوکـم پێنـووس و کاخـەزی دایـە دەسـتم و گوتـی:" دەبـێ خوێندنـەوە و نووسـین فێرببـی". هـەر لـە منداڵیشـەوە، گـوێ و زمـان و چـاوم بـە عەرەبـی و فارسـی و ترکـی راهـات و کـە چوومـە قوتابخانـەی سـەرەتایی، هێنـدە ئامادەکرابـووم، کـە پـاش ئەزموونێـک، یەکسـەر خرامـە پۆلـی سـێیەم و، پـاش چەنـد مانگێـک خرامـە پۆلـی چـوارەم. سـەپاندنی خوێنـدن بـە زمانـی بیانیـی عەرەبـی، لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی بـەدواوە، هەرچەنـدە منداڵیـش بـووم و، هیـچ کێشـەیەکم لەگـەڵ ئـەم زمانـە نەبـوو، زۆر کاریکـردە سـەرم. بەتایبەتـی کـە مامۆسـتا کوردەکانیشـمان،کە بـە پەنجـەی دەسـت دەژمێـردران، ناچارکرابـوون لـە قوتابخانـەی نێوەندییـەوە، بـە عەرەبـی قسـە بکـەن لەگەڵـمان. هەڤاڵـە قوتابییەکانیشـم، وەک کەرِولاڵیـان لێهاتبـوو. کـە لـە باوکمـم دەپرسـی"بۆچی کـورد دەبـێ بـە عەرەبـی بخوێنـن" دەیگوت:"چۆنکـە کـورد حکوومەتـی نییـە"، لەوەرامـی ئـەوەدا کـە بۆچـی حکوومەتـی نییـە؟، دەیگـوت: "ئینگلیـزەکان نەیانهێشـت کـورد حکوومەتەکـەی بمێنـێ". ئـەم بارودۆخـە ناسـازە، وایانلەمـن کـرد کـە هـەر لـە قوتابخانـەی نێوەندییـەوە بکەومـە سـەر بیـری ئـەوەی هەوڵبـدەم ببمـە مامۆسـتا و، بـە کـوردی وانـە بڵێمـەوە و، لەبەرئـەوە، پـاش تەواوکردنـی دوانێوەندیـی لـە سـلێمانی؛ چوومـە "کۆلێـژی پـەروەردە"ی زانسـتگەی بەغـدا، کـە بەشـێکی ئـەم باسەشـم لـە وتـاری "بەبۆنـەی ئاهەنگـی پەنجـا سـاڵەی بەشـی کوردییـەوە لـە زانسـتگەی بەغـدا لـە پاییـزی 2009 دا/ بەشـی کوردیـی زانسـتگەی بەغـدا لـە1959دا چـۆن دامەزرا؟(پاشـکۆی هەفتەنامـەی "رووداو"ژ86، 2009/11/16) خسـتووەتەڕوو. هـەر لـە مەشـەوە، کـە چوومـە زانسـتگەی بەغـدا، هەرچەنـدە بابەتـی خویندنەکـەی مـن فیزیـک و ماتماتیـک بـوو، بـەڵام بـە ئـارەزووەوە دەسـتمکرد بەخۆخەریکـردن بـە زمـان و مێـژوو ویـژەی کـورد و دراوسـێیەکانی و، کەوتمـە سـەرڕێی بـەرەو برِیـدان لەگـەڵ کێشـەی رامیـاری. دەبـێ ئـەوەش بێـژم، کـە لەبەغـدا بەهـۆی دووکانـی (ئوسـتاد) بەشـیر موشـیر(1893 ـ 1963)ەوە، کـە یانەیەکـی کـوردان بـوو، ناسـیاوەتیم

لەگـەڵ ژمارەیەکـی زۆر لـە کەسـایەتییەکانی کـورد و ناکـوردی خاوەنڕابـردووی ئـەو سـەردەمەدا پەیداکـرد و، توانیـم زانیاریـی خـۆم لەبـارەی بەسـەرهاتەکانی کۆتاییـی سـەتەی نـۆزدە و دەیەکانـی سـەتەی بیسـتەمەوە فراوانـتر بکـەم.
بـەم پێیـە، سـەردەمی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، وەک منداڵێکـی ئـەو کاتـە دێتـەوە بیـرم کـە لـە سـلیمانی، خەڵـک تیپـی Vی ئینگلیزییـان لـە سـنگی خۆیـان دەدا، کـە نیشـانەی Victory (سـەرکەوتن) بـوو لـە جەنگـدا بەسـەر ئەڵمانیـای نازیـدا و، دەچوونـە چایخانـەکان، بـە تایبەتـی چایخانـەی حەمـەڕەق و، گوێیـان لـە هەواڵەکانـی وێسـتگەی "رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان" دەگـرت. ئـەم وێسـتگەیە ئینگلیـزەکان لـە "حەیفـا" دایانمەزراندبـوو بـۆ پروپاگەنـدەی خۆیـان. رەفیـق چـالاک و عەبدوڵـلا گـۆران و شـێخ حەسـەنی شـێخ حەمـە مـارف دەیانـبرد بەڕێـوە. نێـوی ویسـتگەکە خـۆی (رادیـۆی رۆژهەڵاتـی نێزیـک) بـوو، بـەڵام رەفیـق چـالاک نێوەکـەی کردبـوو بە"رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان". نێوانـی گۆرانـی بەگـزادە و پارێزکـەری ئـەو سـەردەمە و کۆمۆنیسـتی دوایـی، لەگـەڵ چالاکـی کـوڕە هـەژار و سـەرچڵ، خۆشـنەبوو. رەفیـق لـە پەنجاکانـدا نامەیەکـی پێشـانمدا بـە دەستنووسـی گـۆران، کـە لـەلای ئینگلیـزەکان شـکاتی لـە چـالاک کردبوو کـە کاری خۆبەسـەری دەکا و پێویسـتە بچێتە ژێـر کۆنترۆڵەوە. هۆیەکەشـی بەتایبەتـی ئـەوە بـوو، کـە ئەشرەفـی خوشـکی حەمـەڕەزا شـا چووبـوو بـۆ حەیفـا، رەفیـق ویسـتبووی بەشـێوەیەکی زبـر لـە رادیـۆدا باسـی بـکا. گۆرانیـش بـەوە رازینەبـوو. کـە لـە پەنجاکانـدا ئـەم نامەیـەی گـۆران ئاشـکرا بـوو، گـۆران کـە ئـەو دەمـە سـەر بـە پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق بـوو، دەمـاری بەجۆرێـک رووخـا کـە بـە جنێونامـەی ....."لێیانگـەڕێ بـا بگەفـن... هـەر خۆیـان هـەردوو تەرەفن"وەرامیدایـەوە.
بـە کورتـی؛ "رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان" بـووە هـۆی ئـەوەی کـورد هیوایـان بـە ئینگلیـزەکان هەبـێ، تەنانـەت گۆڤـاری "نیشـتمان"(ئۆرگانی ژێـکاف) لـە ژ3 و 4 ی سـاڵی یەکەمـی، سـەرماوەز/ رێبەندانـی1322دا، کـە دەکاتـە دێسـەمبەری 1943 و کانوونـی دووەمـی 1944؛ باسـی ئـەم رادیۆیـە دەکا و هێنـدەک داخوازیـی و پێشـنیازیش دەخاتـە بەرچـاو. هـەر پـاش تەواوبوونـی جەنـگ، رادیۆکـە داخـرا.
لەبیرمـە، پـاش تەواوبوونـی جەنـگ، کـە قوتابیـی قوتابخانـەی نێوەندیـی سـلەیمانی بـووم، قوتابییەکـی بادینانـی نێـوی سـاڵح روشـدی بـوو، بـە عەرەبـی لـە باخەکـەی



مارف جیاووک ( 1885  1958 )

بەرامبــەر ماڵــی ‹متەســەریف“و لەبــەردەم متەســەریف مــارف جیاووکــدا گوتــی: ”دەبــێ کــورد بگاتــە هەمــوو مافەکانــی خــۆی، بــە سەربەخۆییشــەوە“. لــە سـلێمانی لــە ســاڵی 1946دا خۆپێشــاندانی گــەورە گــەورە دەکــران بــۆ خۆشــیدەربڕین بەبۆنــەی دامەزراندنــی کۆمــاری کوردســتانەوە و هــاوار دەکرا“بــژی کــورد و کوردســتان، بــژی پێشــەوا قــازی محەممــەد“ (1893ـ 1947/3/31). ئەوەشــم لەبیــرە کــە ئــەو ئەڵمانانــەی بــە ســەرۆکایەتیی ئەفســەری ئەڵــمان فریدریــک یۆهانــس مویلــەر و، هاوڕێیەتیــی شــەهید رەمــزی نافیعــی هەولێــری، هاتبوونــە کوردســتان و، لــە دەوروبــەری مووســڵ گیــران، هــەر ئــەو رۆژە کــە گیــران، رەحمەتــی قادراغــای حاجــی مــەلا ســەعید(مامی جەمــال ئاغا/جەمــال حەکیم)ئــەم هەواڵــەی هێنــا بــۆ باوکــم. لێــرەدا بــە پێویســتی دەزانــم ئــەوە بێــژم کــە ئــەو نامیلکەیــەی لەژێــر ســەرنێوی (رەمــزی نافیــع/ رۆڵەیەکــی هەولێریــی فیــداکاری ســەربەخۆیی کوردســتان) کــە لــە ســاڵی2001 دا دەزگــەی ”بەدرخــان“ بڵاویکردووەتــەوە، شــێواندنی مێــژووە. لــە پێشــەکییەکەیدا، محەممــەد گــۆران نووســیوێتی“بۆ تائێســتە بــێ ئاگایــن لــە رەمــزی و هەقــی تەواومــان نەداوەتــێ“. ئــەوە هــەر خــۆی تاوانبــار دەکا چۆنکــە ئــەو دوو کەســەی کــە ئــەو نووســینەکانی بڵاوکردوونەتــەوە، یەکێکیــان مەســعوود محەممــەدە کــە لــە ســاڵی 1985 لــە کاروانــدا وتارێکــی لــە بــارەی رەمزییــەوە بڵاوکردووەتــەوە، ئــەوی دیکەیــان محەممــەدی مــەلا

کەریمــە کــە ئــەو لــە ســاڵی1986دا، وتارەکــەی هــەر لــە (کاروان)دا بڵاوکردووەتــەوە. جــا لەبەرئــەوەی مــن بــۆ یەکەمجــار لــە ســاڵی 1971 دا لــە ســەمیناری (کوردســتان و شۆڕشــەکەی)دا باســی ئــەم پیلانــەم کــردووە. (کوردســتان و شۆڕشــەکەی چاپــی دووەم ـ وەرگێڕانــی کــوردی. هەولێــر2007، ل112. هەروەهــا لــە ســاڵی1974دا لــە گۆڤاری"کــۆڕی زانیاریــی کــورد"دا بــۆ دووەمجــار باســی رەمــزی و پەرتۆکەکانــی گۆتفریــد یۆهانــس مویلــەرم کــردووە و، ئەوانیــش 10 و 11 و 14 و 15 ســاڵ دوای مــن ئەوەیــان نووســیوە، گونــاە دەکەوێتــە ملیــان، چۆنکــە هەردووکیــان کارمەنــد و نانخۆری"کــۆڕی زانیاریی"بــوون، کــە وتارەکــەی منــی بڵاوکردووەتــەوە و، دیــارە ئاگایــان لــە وتارەکــەی مــن هەبــووە، ئەوجــا ئــەو نووســینانە زۆر بێمانــا و کــەچ و کرووچــن. جــارێ مویللــەر داهێنــەری ئــالای کوردســتان نەبــووە، پاشــان ئەڵمانیــای نــازی، هیــچ کاتێــک بــە نیــازی دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتان نەبــووە، چۆنکــە هیتلــەر لەگــەڵ رەزاشــای ئێــران و ســەرکردە عەرەبەکانــی وەک رەشــید عالــی گەیلانــی و ناجــی شــەوکەت و مفتــی حســێنی، پێوەندییەکــی زۆر توندوتۆڵــی بــووە و، لەگــەڵ ســەرکردەکانی ترکیــش لەژێــرەوە رێککەوتبــوون کــە ئیمپراتۆرێتییەکــی تۆرانــی دروســتبکەن بۆیــان؛ کــە ترکــی سـۆڤێت و چیــن و عێــراق و ئێرانیــش بگرێتــەوە. پــاش ئــەوەش، کابرایەکــی وەک مویلــەر کــە ســەرکردەی کارەکــە بــووە، پــاش گیرانــی لــە ساڵی 1943دا، مــاوەی 65 ســاڵێک پــاش ئــەوە بــە ئارامــی ژیــا، بــەڵام رەمــزی کڵــۆڵ کــە خواردەســتێک بــوو، هێنــدە شــکەنجە درا هــەر پــاش بەربوونــی بــە ماوەیــەک مــرد.

پاشــان، ئایــا راپەڕینــی هۆزێکــی کــورد ـ ئەمــەی کــە مویلــەر ویســتوویەتی و باســیدەکا ـ بەبــێ مســۆگەرکردنی چــەک و تەقەمەنــی و مەشــقپێکردن و پــارە و بژێــو، بــە لایەنــی کەمــەوە بــۆ مــاوەی دوو ســێ ســاڵ، کــردەوەی مرۆڤــی ژیــرە؟ رەمــزی گەنجێکــی ئــازا و دڵســۆژ بــووە، بــەڵام خۆشــباوەڕ و بــێ ئەزمــوون بــووە. ئــەو پیلانــەی مویلــەر لــە ئەنجامــی گۆڕانــی رەوتــی جەنگــەوە بــە زیانــی ئەڵمانیــا، لــە نێوەڕاســتی1943وە، بــە تایبەتــی ئــەو شکســتە گەورەیــە کــە بەســەر لەشــکری ئەڵمانــدا هــات لــە ســتالینگراد، کــە ئــەو لەشــکرە گەمــارۆدراوە، بەجارێــک لەنێوبــرا. ئەوجــا، کەمیــی نــەوت و بەنزیــن لــە ئەڵمانیــا و، نەمانــی دۆســتەکانی هیتلــەر لــە عێــراق و ئێرانــدا لەســەر کار، ئەمانــە هەمــوو بوونــە هــۆی بیرکردنــەوەی رژێمــی نــازی ئەڵــمان بــۆ رووکردنــە

کورد. ئەز خۆم، لە میر کامەران بەدرخان و مامۆستا رەفیق حیلمی و محەممەد ئەرمەغانییەوە، کە دۆستی رەمزی بوون، هێندەک شتم لەبارەی رەمزی و ئەو هەوڵەی مویلەرەوە بیستووە، کە لە هەلێکی دیکەدا دەیخەمە بەرچاو.

هەر لە نیوەی یەکەمی چلەکاندا، دوو ستاندار(متەسەریف) لە سلێمانی کاربەدەست بوون، یەکێکیان عەقید بەهادین نووری بوو، ئەوی دیش مارف جیاووک(1885ـ 1958) بوو. هەردووکیان، هێزوپێزێکی باشیان بە بزووتنەوەی کوردایەتی دا، جارێکیان قوتابییەکان لای مارف جیاووک شکاتیان لە مامۆستا جەلال نیهال کردبوو، کە خۆی کوردە، بەڵام بەکوردی قسە ناکات، مارف جیاووک هاتە قوتابخانە و لەبەردەم هەمووانـدا، گەلێک سووکایەتی بە جەلال نیهال کرد. ئەویش لە دوای ئەوە دەستیکرد بەکوردی قسەکردن. پیرەمێرد (1867ـ 1950/6/19)ی هەڵبەستوانیش، هەموو ساڵێک نەورۆزی بە هەڵپەڕکێ و چێشتی پەلی رەزان(یاپراخ) لە گردەکەی "مامە یارە" پیرۆز دەکرد. لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی کورد لە بەغدا و، ئەو ئێش و خەفەتەی کە لە دڵی خەڵکیدا پەیداکرد و، خەڵکەکە هەمووی بە فیتی ئینگلیزی دەزانی، هەستێکی دووژمنایەتیی خەستیی بەرامبەر ئینگلیز لە دڵی خەڵکدا دروستکرد.

هێشتا لە قوتابخانەی نێوەنیدا بووم کە راپەڕینی کانوونی 1948 لە بەغدا روویدا و، لەوەوە حکوومەتی ساڵح جەبری دۆستی بەریتانیا رووخا و پەیمانی پۆرتسماوسPortsmouth پووچکرایەوەو، ماوەیەک سەربەستیی رەخنەگرتن و نووسین لە عێراقدا هاتە کایە و، جۆرە رک و کینێکی تیژ دژ بە ئینگلیزەکان خۆی بەسەر خەڵکدا سەپاند. زۆربەی زۆری قوتابییەکان لەسەر شەقامەکانی سلێمانی لەباتی "بژی کورد و کوردستان"ی جاران، هاواریاندەکرد "بڕووخێ ئیستیعمار" (مەبەستیان ئیمپریالیزمی بەریتانی بوو) ، "بژی برایەتیی کورد و عەرەب". ئەم خۆپێشاندانانە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە رێکدەخران کە بەنێوی (حیزبی تەحەڕوڕ)ەوە کاریاندەکرد، چۆنکە پارتی کۆمۆنیست لە عێراق رێبەند بوو. لەمەوە دوو رێباز دروستبوون، یەکێکیان (پارتی) و ئەوی دی(تەحەڕوڕ)، کە وەک دووژمن تەماشای یەکدییان دەکرد. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە سەردەمێکدا کە لەشکری سۆڤێت ئازربایجانی ئێران و،


بەشـێکی گچکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردستانیشـی لـە1941ەوە داگیرکردبـوو، تاوەکـو هەندازەیەکیـش، ئازادیـی خوێنـدن و نووسـین و ڕۆژنامەچاپکردنـی بـە کـوردی سەربەسـت کرابـوو و، چـاوی لـە دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان، بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی، پۆشـیبوو، ئەمەبـوو کـە، دڵپەرۆشـیی کـوردی سـادە و زووبـاوەڕی بـەلای سـۆڤێت و سـتالیندا ڕاکێشـابوو. ئەمـەش لـە کاتێکدابـوو، کـە کـورد بەگشـتی؛ لـە درۆ و دەلەسـە و دەسـتبڕینی بەریتانیـا بێـزار ببـوون. لەبەرئـەوە و؛ لەپـاڵ پڕۆپاگەنـدەی زۆرزانانـەی کۆمۆنیسـتە عـەرەب و فـارس و ترکـە ئازەرییەکانـدا بـۆ سـۆڤێت و دژ بـە بەریتانیـا، هـوردە بـۆرژوای خوێنـدەواری کـورد، پـاش ڕووخانـی کۆماریـش، لەباتـی ئـەوەی نەحلـەت لـە هـەردوو لا بکـەن، سـاڵانی سـاڵ و، تاوەکـو هەرەسـهێنانی ڕژێمـی سـۆڤێتیش، هـەر چەپڵەیـان بـۆ ڕژێمـی چەپەڵـی سـۆڤێتی لێدایـەوە. لـە هەمـوو ئـەو دەوڵەتانـەدا کـە کوردسـتانیان داگیرکـردووە، چینـی هـوردە بـۆرژوای خوینـدەواری کـورد، بوونـە دەروێشـی بێپاداشـی ڕژێمـی تێرۆریسـتی سـۆڤێت. هـەر کەسـێکیش بـە سووسـەیەک ڕەخنـەی لـە سـۆڤێت بگرتایـە، ئـەوا ئـەو کەسـە "نۆکـەری ئەمریـکا و ئینگلیـز و ئیسرائیل"بـوو؛ و بەوپـەڕی تووندوتێژییـەوە بەربەرەکانیدەکـرا. ئـەم ڕەوشـتە نزمـەش، درێژەیکێشـا، تاوەکـو ڕووخانـی ڕژێمـی سـۆڤێت و خلۆربوونـەوەی بـەرەو ئاودەسـتخانەی مێـژوو. ئـەز خـۆم سەردەسـتەی ئـەو کەسـە کەمانـە بـووم کـە ڕەخنـەم لـە بیـری مارکسـێتی و هەڵسـوکەوتی ڕژێمـی تێرۆریسـت و فشەسۆسیالیسـتی سـۆڤێت دەگـرت و، ببوومـە ئامانجـی تیـرو توانـج و بوختانی ئـەم دووژمنایەتییـەی چینی گەمـژە و خۆفرۆشـیی هـوردە بـۆرژوای کـورد کـە ئـەوڕۆ ژمارەیەکـی زۆریـان بوونەتـە زوڕناژەنـی (پارتـی) و هێندێکیـان لـە ئاخـوڕی ئەمریـکا و ڕۆژئـاوادا دەلـەوەڕن. بـۆ زانیاریـی پـتر لـەم بـارەوە، خوێنـەرەوە دەتوانـێ بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو نامیلکەیـەی کـە لەژێـر نێـوی (کوردایەتـی، بزووتنـەوە و بـڕوا ورژێمـە/ نەشـتەرە کولەکـەی حەمـەی مـەلا کەریـم لەژێـر زەبـری فەلسـەفەی کوردایەتـی دا، "چاخانـەی نەجـاح - بەغـدا کـە بەنێـوی خواستەمەنیی"زەردەشـت"ەوە لە1960دا(واتـە 50 سـاڵ لەمەوبـەر) لـە بەغـدا چاپمکـردووە، وەک بەرپێچدانەوەیەکـی ئـەو نامیلکەیـەی کـە لەژێـر نێـوی "(کوردایەتی)یەکـەی کامیـل ژیـر لەژێـر نەشـتەری یەکالاکردنـەوەدا" حەمـەی مەلاکەریـم بـە فەرمانـی پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق؛ دژی چەنـد هۆنراوەیەکـی کامیـل

ژێـر کـە بەنێوی(کوردایەتـی) بڵاویکردبوونـەوە). هەروەهـا ئـەو زنجیـرە وتارانـەی کـە لەژێـر نێـوی (الابجديـة الكرديـة اللاتينيـة بيـن دعاتهـا و معارضيهـا، رد علـى أضاليـل و أباطيـل جريـدة "اتحـاد الشـعب" لسـان حـال الحـزب الشـيوعى العراقـى ـ کـە لـە رۆژنامـەی "صـوت الاكـراد" دا لـە سـاڵی 1961/1960دا لـە بەغـدا بڵاوکرانـەوە، وەک بەرپێچدانەوەیەکـی بەهادیـن نـووری، ئەندامـی سـەرکردایەتیی پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق کـە لـە رۆژنامەکەیانـدا "إتحـاد الشـعب" بەنێـوی خواسـتەمەنییەوە، هەوڵدانـی منـی بـۆ بڵاوکردنـەوەی تیپـی لاتینـی بـۆ زمانـی کوردیـی، بـە دژایەتییکردنی"برایەتیـی کـورد و عـەرەب" دابـووە قەڵـەم. دەوەرن سـەیرێکی ئـەم ژێرەکییـە بکـەن).

لـە دەیـەی پەنجاکانـدا، کـە نیـوەی یەکەمیـم وەک خوێنـدکاری زانسـتگەی بەغـدا و، نیـوەی دووەمیـم وەک مامۆسـتا لـە قوتابخانەکانـی کەرکـووک و زوبێر(بـەسرە) و بەغـدا و هەولێـر بـردە سـەر، گەلێـک هەڵکەوتـی گرنـگ روویانـدا، لەوانـە: لـە تشرینـی یەکەمـی 1952دا "راپەڕینـی تشریـن" لـە بەغـدا روویـدا، کـە بـووە هـۆی رووخانـی حکوومـەت و هاتنـە کایـەی حکوومەتێکـی سـوپایی بـە سـەرۆکایەتیی فەریـق روکـن نوورەدیـن مەحمـوود، فەرمانـدەی سـوپای عێـراق. ئـەم پیـاوە کوردێکـی هەورامـی بـوو، لەلایـەن عەبدولئیـلاوە کرایـە سـەرۆکوەزیران بـۆ رزگارکردنـی تەخـت و تاجـی پاشـایەتی. بـەڵام پـاش ئـەوەی کارە چەپەڵەکـەی پێکـرا، لەسـەر کار لابـرا و خانەنشـینکرا. لـە هاوینـی سـاڵی 1954داکـە هێشـتا لـە بەغـدا خوێنـدکار بـووم، دەرفەتێـک هەڵکـەوت بـۆم کـە لەگـەڵ عەقیـدی خانەنشـینکراو ئەمیـن رەوانـدزی، بـۆ مـاوەی چەنـد دەمژمێرێـک لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە بەغـدا چاوپێبکـەوێ و لەگەڵـی بدوێـم. لـە وتووێـژدا لەگەڵـی؛ گوتـی بەتەمابـووە لـەو هەلـەدا کارێـک بـۆ کـورد بـکات، بـەڵام ئەفسـەرە کوردەکانـی سـوپای عێـراق، بێجگـە لـە عەقیـدی خانەنشـینکراو محەممـەد عەلـی کـوردی، کەسـی دی پشـتگیریی نەکـردووە. کـە لـە محەممـەد عەلـی کوردیـم لەوبارەیـەوە پرسـی، گوتـی: "راسـتدەکات". ئـەم باسەشـم لـە وتـاری (پاشـنیوەڕۆیەک لـە خزمـەت کۆنەشـای کوردسـتان شـێخ مەحمـوودی نەمـردا - خسـتووەتەڕوو کـە لـە مانگنامەی"سـەکۆ"،بەرلین ژ 13 و 14 ئۆکتۆبـەر و نۆڤەمبـەری1997، گۆڤـاری "کۆنگـرە"/ ژ20 ی جۆزەردانـی2001، کۆبەرهـەم ژ(6) سـلێمانی 2006، ل 66 ـ 95 بڵاوکردووەتـەوە). لـە "راپەڕینی"تشریـن"دا کـە ئـەز ژی وەک

خوێندکارانـی دیکـەی زانسـتگە و قوتابیانـی قوتابخانەکانـی بەغـدا، لـە دژی سیسـتەمی بەڕێوەبەریێتیـی وڵات بـووم، کـە سیسـتەمێکی بێدادیـی بـوو، چۆنکـە پەرلەمـان و پرۆسـەی هەڵبـژاردن هەبـوون، بـەڵام بـە دەگمـەن کەسـێک دەگەییشـتە پەرلەمـان، ئەگـەر سـەر بـە سیسـتەم نەبووایـە. سـەیر ئـەوە بـوو، هـەر کەسـێک رەخنەیەکـی لـە حکوومـەت بگرتایـە، یـان داخوازییەکـی رەوای ببووایـە، کـە بـە دڵـی کاربەدەسـتان نەبووایـە، دەسـتبەجێ بە"کۆمۆنیسـت"دەدرایەقەڵەم. کـە ئەمـەش لـە گەمژێتیـی چینـی دەسـەڵاتدار و بەخۆدانەچوونـەوە و خۆنەگۆڕینیـان بـوو. هـەر ئـەم هەڵوێسـتە چەوتـە، رێزێکـی زۆر و جەماوەرێتییەکـی گـەورەی بـۆ کۆمۆنیسـتەکان دروسـتکردبوو، کـە بەداخـەوە، ئەوانیـش لـە بێئەزموونیـی خۆیـان و گوێڕایەڵکردنیـان بـۆ فەرمانـی سـەرکردەکانی سـۆڤێت، ئـەو هەلومەرجـە گونجاوەیـان لـە دەسـت خۆیـان و خەڵکیـش دا.

لەگـەڵ هاتنـە سـەرکاری نوورەدیـن مەحمـوود، هەمـوو حیزبـە ئاشـکراکان و زۆربـەی هـەرەزۆری رۆژنامـەکان داخـران و، ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵـک تەنانـەت یەکێکـی وەک کامیـل چادرچـی؛ سـەرۆکی پارتـی دێمۆکراتـی نیشـتمانی و، گەلێـک لـە لایەنگرانـی حیزبـی نـووری سـەعید "ئیتحـادی دەسـتووری" و حیزبـی سـاڵح جەبر"ئوممـەی ئیشـتراکی" و، ژمارەیەکـی بەرچاویـش لـە خوێنـدکاران، گیـران. ئـەز یەکێـک بـووم لەوانـەی کـە مـاوەی چەنـد هەفتەیـەک لـە گرتووخانـەی ئەبووغرێـب زیندانـی بـووم. بەهـۆی ئـەو گرتنـەوە، گەلێـک کـورد و عەرەبـم لـە گرتووخانـەدا ناسـی. لەوانـە دکتـۆر فەیسـەل ئەلسـامیر، کـە لەپـاش کودەتـای قاسـم، بـووە بەڕێوەبـەری گشـتیی پـەروەردە و فێـرکاری و پاشـان جێگـری ڤەزیـر و، ژمارەیەکـی زۆر کـورد و عەرەبـی کۆمۆنیسـت، لەوانـەی لەبیـرم مـاون، کوڕێکـی خەلکـی ئامەد(دیاربەکـر) کـە لـە پاپـۆڕدا کارمەنـد بـوو، لـە بـەسرەوە بـۆ رابـواردن هاتبـووە بەغـدا و گیرابـوو، دە زمانـی دەزانـی، عەزیزولشـێخی خوشـکەزای شەریفولشـێخ و براکـەی دکتـۆر خانمـی نەزیهـە دلێمـی و جـەلال بێتووشـی و دوو کـوردی کۆیـی کـە هۆنراوەکانـی دڵـزار و وردی یـان لەبـەر دەگوتـەوە. هـەر ئـەو تەویلەیـەی ئێمـەی تێدابووین(160)کـەس بوویـن. لەسـەر زەویـی چیمەنتۆکـراو دەخەوتیـن بـە یـەک بەتانـی لـە زسـتانێکی سارددا. کۆمۆنیسـتەکان دەیانگـوت دەبـێ مانبگریـن لـە خـواردن و خواردنـەوە تاوەکـو



جەمال عەبدولناسر(1918 ـ 1970/9/28)

بەرەڵلامانبکـەن، کابرایەکـی کـوردی لادێـی کـە پیـاوی بابـە عەلـی شـێخ مەحمـوود بـوو و، بـە سـەردان هاتبـووە بەغـدا و گیرابـوو، دەیگـوت لـە هـەر شـتێک ماندەگـرن لەگەڵتانـم، بـەڵام لـە چایـی نـا، لـە چایـی مانبگـرن دەبـم بـە پیـاوی حکوومـەت: نانەوایەکـی عـەرەب پێیگـوت" کاکـە فەتـاح ئـەز پارێـزەرم، لـە دادگـە لـە سـەرت دەکەمــەوە". گوتی"أنــت محامــی مــال صمــون"( تــۆ پارێــزەری ســەموونیت) زۆر خۆشـمان رابـوارد.

لـە نیوەشـەوی 1952/7/23دا کودەتـای "ئەفسـەرە ئـازادەکان" بەبـێ خوێنڕێژیـی لـە میـسر روویـدا، وەک کاردانەوەیـەک دژ بـە هەڵوێسـتی شلوشـێواوی دەوڵەتـە عەرەبـەکان بەرامبـەر بـە کێشـەی فەلەسـتین. ئـەم کودەتایـە بـووە هـۆی کۆتاییهێنـان بـە فەرمانڕەوایـی شـافاروق(1920 ـ 1965) کـە لـە بنەماڵەیەکـی کـوردی خدێـوی میـسر بـوو. لەمەشـەوە، میـسر بـووە کۆماریـی و، پـاش ماوەیـەک جەمـال عەبدولنـاسر(1918 ـ 1970/9/28) وەک سـەرۆکڤەزیر و، ئەوجـا وەک سـەرۆککۆمار، دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت و،رامیارییەکـی نوێـی لـە میـسر و جیهانـی عەرەبـدا گرتەبـەر، کـە دوایـی دێمـەوە سـەری. تۆپینـی سـتالین(1878/9ـ1953) لە مارتـی1953دا بووە هۆی

گۆڕانێـک لـە رژێمـی سـۆڤێتدا، بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی خروشـۆف دا کـە هـەر لـەو ساڵەدا بـووە سـکرتێری یەکەمـی پارتـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤێت. خروشـۆف(1894ـ 1971) رامیاریـی "پێکەوەژیانـی بـە ئاشـتیی نێـوان سـەرمایەداریی و سۆسـیالیزمی" هێنایـە پێشـەوە و، ئەمـەش کونوکەلەبـەری خسـتە دیـواری ئاسـنینی وڵاتـی سـۆڤێتەوە، کـە سـتالین سـاڵانی سـاڵ بـوو دەیپاراسـت. خروشـۆف رێـز و پیرۆزیـی سـتالینی شـکاند و، تەنانـەت گۆڕەکەیشـی لـە کرملیـن گواسـتەوە و، خـۆی لـە ئەمریـکا و ئەوروپـا و میـسر و سـووریا نێزیککـردەوە. مـەلا مسـتەفای بارزانـی کـە لـە سـەردەمی سـتالیندا، ژیانـی لـە پەنابەرێتیـی سـۆڤێتدا بـە کولەمەرگـی و بـە دەستبەسـەری دەبـردە سـەر، بـاری ژیانـی کەمێـک بەرەوباشـی گـۆڕا، بـەڵام هەڵوێسـتی سـۆڤێت بەرامبـەر کـورد هـەروەک خـۆی مایـەوە.

لێـرەدا دەبـێ ئـەوە بخەمـە بەرچـاو، کـە پـاش رووخانـی کۆمـاری کوردسـتان، لـە ئەنجامـی خۆبەدەسـتەوەدانی سـەرکردە ستالینپەرسـتەکانی کۆمـاری ئازربایجـان بـە فەرمانـی سـتالین، لەپێـش هەموویانـەوە سـەرۆککۆماری ئازربایجـان جافـەری پیشـوەری، هـەزاران ترکـی ئازربایجانـی و، ژمارەیـەک کـورد روویانکـردە وڵاتـی سـۆڤێت و، بوونـە پەنابـەر لـەوێ. سـتالین کـە تەفـرەی درۆ و فێڵـی سـەرۆکڤەژیرانی ئێـران؛ قەواموسـەڵتەنەی خواردبـوو، سـەرەتیی(امتیاز)ی دەرهێنانـی نەفتـی باکـووری ئێرانـی پێنەبڕابـوو، لەشکرەکەشـی ئێرانـی بەجێهێشـتبوو. بـۆ تۆڵـە سـەندنەوە لـە رژێمـی ئێـران، بەرنامەیەکـی رادیۆیـی نهێنیـی لـە باکـۆ خسـتبووەژێر دەسـتی"فیرقەی دێمۆکراتـی ئازربایجـان" کـە شـەوانە نیـو دەمژمێـر بـە فارسـی و نیـو دەمژمێـر بـە ترکـی ئـازەری و نیـو دەمژمێـر بـە کـوردی، هـەواڵ و وتـاری بـڵاو دەکـردەوە، بـە نێـوی "وێسـتگەی رادیـۆی فیرقـەی دێمۆکراتـی ئازربایجـان". بەشـە کوردییەکـەی، وەک رەحمەتـی دکتـۆر حەسـەنی حیسـامی کـە لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتانەوە بـۆ خوێنـدن لـە کۆلێـژی ئەفسـەری نێردرابـوو بـۆ باکـۆ و، پـاش رووخانـی کۆمـار، کەوتـە خوێندنـی بژیشـکی، گێڕایـەوە بـۆم، لەلایـەن عەلـی گەلاوێـژ و رەحیمـی قـازی و سـوڵتانی وەتمیشـییەوە دەبرابەڕێـوە کـە پێوەندییـان بـە دەزگـەی سـیخوڕیی سـۆڤێت "کـەی ـ جـی ـ بـی" یـەوە هەبـووە. بەرنامەکـە، بـە زۆری، هـەر پەسـندانی سـتالین و رژێمـی سـۆڤێت بـوو، خـۆ ئەگـەر باسـی کـوردی بکردایـە، ئـەوا بسـتێک لـە مەهابـاد

نەدەچـوو بـەولاوە. بـەڵام ئـەوەی هەبـوو، بـە مارشـی کوردسـتان(ئەی رەقیـب) دەکرایـەوە. بـە زۆریـی، شـەوانە گوێمدەگـرت لێـی، بـەڵام پـاش تۆپینـی سـتالین، بەرنامەکـە شـەوێکی دەمەوهاویـن لـە 1953دا لەپـڕ وەسـتا، چۆنکـە رژێمـی تـازەی سـۆڤێت، خـۆی لـە رژێمـی شـای ئێـران نێزیککردبـووەوە.

لـە سـاڵی1953دا و، پـاش ئـەوەی سـەرۆکڤەزیرانی ئێـران دوکتـۆر محەممـەد موسـەدیق(1882/5/19ـ 1967/3/5) توانـی کۆمپانیـای نەوتـی ئێـران بکاتـە ماڵـی دەوڵـەت و، حەمـە رەزاشـا لـە ئێـران دەرپەڕێنـێ. دەزگـەی سـیخوڕیی ئەمریـکا CIA کودەتایەکـی دژی موسـەدیق رێکخسـت بـە سـەرۆکایەتیی جەنـەراڵ فەزلوڵـلای زاهیـدی و، حکوومەتـی موسـەدیقی لـە28 ی مـوردادی 1322(1953/8/19) داخسـت و، شـای راکـردووی گێڕایـەوە بـۆ ئێـران و، ئەوجـا دیکتاتۆرێتیـی رژێمـی شـا دژی هەمـوو رەخنەگـر و مافخوازێـک، بـە تایبەتـی دژی کـورد و چەپییـەکان، پـتر لـە جـاران تووندوتێژتـر بـوو. ئەگەرچـی موسـەدیق هیـچ مافێکـی بـە کـورد رەوا نەدیتبـوو.

لـە سـاڵی1953دا پەیماننامـەی بەغـدا لەنێـوان عێـراق و ئێـران و تـرک و پاکسـتان و بەریتانیـادا بەسـترا، کـە لـە نێوەڕۆکـدا دژی بزووتنـەوەی ئازادیخوازانـەی کوردبـوو، بـەڵام هـەر لـەو کاتەشـدا بلۆکێـک بـوو دژ بـە سـۆڤێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا و، سـەرەڕای ئـەوەی، زۆربـەی هـەرەزۆری خوێنـدەواران و هـوردە بـۆرژوای کـورد ببوونـە زوڕناژەنـی سـۆڤێت و، بـەرەی رۆژئاوایـان کردبـووە دووژمنـی خۆیـان و، بیانوویـان دابـووە دەسـت دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان کـە بـاس لـە مەترسـیی کـورد بکـەن و، جیهانـی رۆژاوا بکەنـە دووژمنـی کـورد، سـۆڤێت، تەنانـەت بـۆ جارێکیـش، ئـاوڕی لـە کـورد نەدایـەوە. کەچـی سـێیەمین کۆنگـرەی (پارتـی دێمۆکراتـی کوردسـتان) کـە لـە 1953/1/26دا لـە کەرکـووک بەسـترا، دانینا بـەوەدا کـە " هـەر کاتێـک (بەرژەوەندیـی) بزووتنـەوەی کوردایەتیـی لەگـەڵ بزووتنـەوەی سۆسـیالیزم و نێونەتەوەیـی جیهـان (واتـە بەرژەوەندیـی سـۆڤێت:ج.ن) پێچەوانـەی یـەک وەسـتان، ئـەوا پێویسـتە واز لـە بەرژهوەندیـی کوردایەتیـی بهێـنرێ"وەک یەکێـک لـە سـەرکردە گەورەکانـی پارتـی؛ عەلـی عەبدوڵـڵا بۆمـان دەگێڕێتـەوە" (عەلـی عەبدوڵـڵا: مێـژووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان" مارتـی1971،ل49). ئەوجـا ئێسـتە هێنـدەک نـەزان و گەلـۆر و کۆنـە زۆڕناژەنـی سـۆڤێت و چیـن پەیدابـوون؛ جنێـو بـە کوردایەتیـی دەدەن و دەبێـژن

ئەم"حیزبانـە" حیزبـی کوردایەتیـن و"کوردایەتی"یـە، کـە ماڵـی خەڵکـی وێـران کـردووە و، ئەمـەش کوردایەتییەکەی"حیزبـە کوردییـەکان"ە، کـە کڕنووشـیان دەبـردە بـەر ئاغـا کۆنەکانـی ئـەم جنێودەرانـە بـە کوردایەتـی.

## گورگەزێی دیاردەی جەمال عەبدولناسر
## لە نیزیک ئاسمانی تاریکونووتەکی کوردستانەوە

ئـەم بەسـەرهاتانە کـە تاوەکـو دەهاتـن دەبوونـە هـۆی پـتر تەنگکردنـی رێـی ژیـان لەبـەردەم کـورددا، ببوونـە مایـەی دڵشـکاویی و خەموخەفەتێکـی گـەورە بـۆم. زۆر ناخۆشـە، مـرۆڤ هەسـت بـە زۆرداریـی و ناڕەوایەتیـی بـکا بەرامبـەر خـۆی، بـەڵام دەسـەڵاتی گۆڕینـی بـاری بەسـەردا سـەپاوی نەبـێ. تاڵـتر و سـتەمتریش لەمـە ئەوەیـە، ئەوانـەی تـۆ خۆشـت دەوێـن و دەتـەوێ خزمەتیـان بکەیـت، لێتێنەگـەن و، چاکەخوازیـت بۆیـان، بـە خراپەکاریـی لێکبدەنـەوە و، بەربەرەکانیـت بکـەن و، لـە هەمـوو لایەکیشـەوە دەرگـە داخرابـێ لـە سـەرت. لەگـەڵ ئەمەشـدا، هیوابـڕاو نەبـووم، بـە تەمـای دەرفەتێـک بـووم. تروسـکەی ئـەو دەرفەتـە نوێیـەم لـەو رامیارییـە نوێیـەدا بەدیدەکـرد کـە لـە میـسر و، بـە تایبەتـی لـە جەمـال عەبدولنـاسرەوە سـەریهەڵدابوو. لـە ماتماتیکـەوە، فێـری ئـەوە بـووم کـە مـرۆڤ دەتوانـێ بەهـۆی چەنـد زانراوێکـەوە، نەزانروێـک، بەخۆیـی و بڕەکـەی و نرخەکەیـەوە دەستنیشـان بـکا، ئەگـەر بـە باشـی زانـراوەکان بـە یەکـەوە ببەسـتێ. رامیارییـش هـەروەک ماتماتیـک وایـە، بریتییـە لـە زووناسـینی دەرفەتێـک کـە لـە یەکگرتـن، یـان، لێکدانـی چەنـد رووداوێکـەوە دێتەگـۆڕێ، ئەوجـا بەکارهێنانـی ئـەو دەرفەتـە لـە شـوێن و کاتـی خۆیـدا.

کـە جەمـال عەبدولنـاسر لـە1954ەوە سـەرکردەیەتیی میـسری بـە تـەواوی گرتـە دەسـت، کەوتـە بانگەشـەکردن بـۆ یەکێتیـی دەوڵەتـە عەرەبـەکان و، بەربەرەکانیـی ئیسرائیـل و، نەهێشـتنی سیسـتەمی دەرەبەگێتـی، کـە ئـەو ئـەم دووانـەی بـە گابـەردی رێگـەی هێنانـەدی ئـەو یەکێتییـە دادەنـان کـە لـە هەوڵدانـدا بـوو بـۆی. هەروەهـا باسـی (سۆسـیالیزمی دێمۆکراتیـی هـەرەوەزی- الاشـتراکیه الدیمقراطیـة

التعاونيــة)ی دەکــرد و، دژی سیســتەمی ســەرمایەداریی قســەیدەکرد و، بــە ئاشــکرا دژی پەیمانــە ئیمپریالیســتییەکان، بەتایبەتــی (پەیمانــی بەغــدا) دەوەســتا و، داوای بێلایەنیــی ئەرێنــی (الحیــاد الایجابــی) دەکــرد لەنێــوان لەشــکرگەی کۆمۆنیســتی و لەشــکرگەی ســەرمایەداریدا، کــە ئــەم هەڵوێســتەی دوایــی نــاسر؛ لــە کۆنگــرەی شــاری باندۆنگــی ئەندونیســیا لــە1955دا و، بــە بەشــداریی29 دەوڵەتــی ئاســایی و ئەفریکایــی (رێکخــراوی دەوڵەتــە لانەگیــرەکان)ی لێکەوتــەوە، بــە ســەرۆکایەتیی جەواهیــر لال نەهــرۆ (1889ـ 1964)ی ســەرۆکڤەزیرانی ئەوســای هیندســتان کــە ســەرۆکی حیزبــی کۆنگــرەی هیندســتانیش بــوو؛ ئەمــەش دووژمنایەتییەکــی ئاشــکرای نــاسر بــوو بەرامبــەر رژێمەکانــی عێــراق و ئێــران و ترکیــا و بەریتانیــا کــە ئەندامــی (پەیمانــی بەغدا)بــوون. بێجگــە لەمــەش، نــاسر، بــە پێچەوانــەی عێــراق و گەلێــک لــە دەوڵەتــە عەرەبەکانــی دیکــەوە، پێوەندیــی دیپلۆماســی و بازرگانــی لەگــەڵ ســۆڤێت بەســت و، چــەک و ئامێرەکانــی جەنگیــی لــە ســۆڤێت کــڕی. ئەمــەش، بــەرەی رۆژئــاوا و دەســتوپێوەندەکانی لــە وڵاتانــی عــەرەب و ئێــران و ترکیــادا، تــەواو نائــارام کــرد. جەمــال عەبدولنــاسر بنچینــەی رێبازەکــەی خــۆی لــە نامیلکەیەکــدا کۆکردبــووەوە و بــە نێــوی (فەلســەفەی شــۆڕش)ەوە (فلســفە الثــورە) لــە چاپیدابــوو، کــە بــە هــوردی خویندبوومــەوە.


ئاشــکرایە، حکوومەتــە عەرەبەکانــی عێــراق و ئــەردەن و عەرەبســتان (حیجــاز) کــە ســەرکردە دەرەبەگــە هۆزپەرســتەکانیان؛ دووژمنایەتیــی ناسریــان دەکــرد، لەبــەر ئــەوە نەبــوو کــە نــاسر باســی ناســیۆنالیزمی عــەرەب و یەکێتییــی عەرەبــی دەکــرد، ئــەوان ســەری زمــان و بنــی زمانیــان "عەرەبایەتــی" و "یەکێتییــی عــەرەب" بــوو. دووژمنایەتییەکەیــان لــەوەوە هاتبــوو کــە دەترســان" یەکیتییــی عەرەب"بــە ســەرۆکایەتیی نــاسر، ببێتــە هــۆی لەدەســتدانی کورســیی شانشــینییان. هەروەهــا کــە ئێــران و رژێمــی ترکیــش لــە دژی بــوون، لەبەرئــەوە بــوو کــە ئــەم دوو دەوڵەتــە، وەک عێراق، دوو ئەندامــی (پەیمانــی بەغدا)بــوون، کــە نــاسر بــە ســەختیی دژایەتیــی دەکــرد. ئەمــە بێجگــە لــەوەی کــە نــاسر، نێوچــەی خۆزستان(عەرەبســتان) ی بــە ئێرانەوەبەســتراو و، ئەســکەندەروونە(خەتای)ی بــە ترکیــاوە نووســێندراوی، بــە دووبــەش لــە وڵاتــی عــەرەب دادەنــا و، داوای رزگارکردنیانــی دەکــرد. لەگــەڵ ئەمەشــدا، رژێمــی عێــراق،

کـە خـۆی بـە رژێمێکـی عەرەبیـی دادەنـا و، پروپاگەنـدەی بـۆ "یەکگرتنـی عـەرەب" دەکـرد، نەیدەتوانـی رەپوڕاسـت دژی یەکێتییـی عـەرەب بوەسـتێ، بـەڵام بـە رادیـۆ و تەلەڤزیـۆن و رۆژنامـە بەکرێگیراوەکانـی، دژی نـاسر پروپاگەنـدەی دەکـرد. تەنانـەت لـە کۆتایـی تەمەنـی شانشـینیی عێراقـدا، کابرایەکـی راگرتبـوو، هەمـوو رۆژێـک بەرنامەیەکـی تایبەتـی بۆدانرابـوو دژ بـە نـاسر و رێبازەکـەی کـە بـە (أخـي في مـصر) واتـە (بـرام لـە میـسردا) دەکرایـەوە. رادیـۆی بەغـداش، هـەر ساتەناسـاتێک، گۆرانـی (هـال پۆسـتەچییە)ی لێدەدایـەوە، کـە گوایـە ئەمـە بـۆ سـووکایەتیکردن بـوو بـە جەمـال عەبدولنـاسر کـە باوکـی کارمەندێکـی گچکـەی پۆسـتەخانە بـووە و، کاری نامەبەرێتیـی کـردووە، وەک ئـەوەی ئەمـە کارێکـی شـەرمهێنەربێ. بـە پێچەوانـەی ئەمــەوە، جەماوەرێتیـی نـاسر و خۆشەویسـتیی لەنێـو عەرەبەکانـدا، رۆژ لـە دوای رۆژ، بەهێزتـر دەبـوو ـ عەرەبـەکان، بـە تایبەتیـی فەلەسـتینییەکان، بـە رزگارکـەری خۆیانیـان دەدایـە قەڵـەم.

## لە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەوە بۆ بڕیاردان

ئـەو دەمـە، چەنـد مانگێـک بـوو، ببوومـە مامۆسـتا لـە قوتابخانـە نێوەندییەکانـی کەرکـووک. رۆژانـە، بـە رادیـۆ و رۆژنامـەکان، بـەدوای دەنگوباسـەکاندا دەچـووم ـ پـاش بیرکردنەوەیەکـی کـوور و لێکۆڵینەوەیەکـی بابەتانـە لـە بارودۆخەکـە، دڵنیابـووم لـەوەی سـەرکردەیەکی وەک نـاسر، هەرچەنـدە دژی حیزبدروسـتکردن و حیزبایەتییـە؛ چۆنکـە دەیگـوت حیزبەکانـی وڵاتـە عەرەبـەکان نیشـتمانپەروەرنین، یـان سـەر بـە بـەرەی رۆژهەڵاتـن، یـان سـەر بـە بـەرەی رۆژاوان و، دیـارە دژی حیزبـی بەعـس و حیزبـە ناسیۆنالیسـتە عەرەبییەکانـی دیکەشـە، بـەڵام کـە ئـەو بییـەوێ یەکێتییـی عـەرەب پێکبهێنـێ، پێویسـتی بـە هاوکاریـی و پشـتیوانیی ئـەم حیزبانـە و رامیـارە عەرەبە شۆڤێنیسـتەکانیش دەبـێ و، ئـەو درۆشـمانەی کـە هەڵیشـیگرتوون "یەکێتیی عـەرەب"، "سەربەسـتی، سۆسـیالیزم"، هـەر درۆشـمەکانی حیزبـی بەعسـە، لەبەرئـەوە، ناتوانـێ پشـتی کێشـەی کـورد بگـرێ و، لەوانەشـە دژایەتییشـی بـکا. پـاش ئەمـەش. ئایـا سەرخسـتنی دۆزی کـورد، کاری نـاسرە، یـان کاری کـورد خۆیەتـی؟ ئـەرێ، کاری کـورد

خۆیەتــی، بــەڵام، ئــەوە هەیــە، بەهــۆی ئــەم ناکۆکییانــەوە، کــە لــەم کاتــەدا، ئــەم ســەرکردە عەرەبــە، لەگــەڵ رژێمەکانــی تــرک و عێــراق و ئێــران و پەیمانــی بەغــدا هەیەتــی، دەلاقەیەکــی گــەورەی کردووەتــە ریزەکانــی داگیرکەرانــی کوردســتانەوە و، گورگەزێیەکــە لــە تەنیشــت ئاســمانی تاریــک و نووتەکــی کوردســتانەوە، هەروەهــا دژایەتییکردنــی پەیمانــی بەغــدا و ئیمپریالیزمــی بەریتانیــا و دژایەتییکردنــی سیســتەمی دەرەبەگێتــی و باســکردنی سۆســیالیزم لەلایــەن نــاسرەوە، ســەرەڕای جیاوازیــی ئامانجەکانــی لــە ئامانجەکانــی کــورد، هێنــدەک خاڵــی هاوبەشــی لەگــەڵ کــورد هەیــە و پێویســتی بــە کوردیــش دەبــێ و، دەکــرێ وەک دەرفەتێــک بــۆ هێنانــە پێشــەوەی کێشــەی کــورد، کەڵــک وەربگیــرێ لێــی. لەبەرئــەوە، بڕیارمــدا رێیــەک بدۆزمــەوە بــۆ ئــەوەی کێشــەی کــورد، لەپــاڵ ئــەو خاڵــە هاوبەشــانەدا بخەمــە بەرچــاوی، بەجۆرێــک کــە تێبــگا پشــتگیریکردنی ئــەم کێشــەیە، هەرچەنــدە ســنوورداریش بــێ، ســووتێکی بۆخۆیــی و ئامانجەکانــی تێدایــە، چۆنکــە لــە رامیاریــدا کــەس خێــر بەکــەس نــاکا، مەگــەر ئەوانــەی لــەم رووەوە زۆر نــەزان و ســاویلکەن. ئەمــەش بــەوە دەکــرا، کــە بــە رۆنــی بخرێتــە بەرچــاوی نــاسر، کــە ئــەو دەوڵــەت و رژێــم و هێــز و پەیماننامەیــەی، ئــەو، وا بەکوڵــودڵ دژایەتییــان دەکا، وەک دەوڵەتانــی تــرک و عێــراق و ئێــران، کــە واژۆکەرانــی پەیماننامــەی بەغــدان، ئەوانــە هــەر ئەوانــەن کــە بــە پشــتی ئیمپریالیزمــی رۆژاوا دژایەتییــی کــورد دەکــەن و، کوردیــش ناچــارە دژایەتییــان دەکا و، دژایەتیــی پەیمانــی بەغــداش دەکا، کــە ئــەم پەیمانــە بــۆ پــتر بندەســتکردنی کــوردە و، لەلایــەن ئــەم ســێ دەوڵەتــە و بەریتانیــا و پاکســتانەوە بەســتراوە، کــە بەریتانیــا ئــەو دەوڵەتەیــە چارەنووســی کــوردی گەیانــدووە بــەم رۆژە رەشــە. ئەمــەش دەبێتــە خاڵێکــی گرنگــی هاوبــەش لەنێــوان کــورد و رێبــازی ناسریــدا، هەروەهــا بەربەرەکانیــی دەرەبەگێتــی و دادۆشــینی هــەژاران و چینــە بەشــخوراوەکان، لەلایــەن ســەرمایەدارانەوە، کــە نــاسر جەخــت دەکا لەســەریان، ئەمــەش لەلایــەن کــوردەوە، وەک گەلێکــی بەشــخوراو و رووتێنــدراو پشــتگیریدەکرێ. خــۆ ئەگــەر نــاسر گوێیڕانەگــرت لێــی و گرنگــی نەداپێــی، ئــەوا هیــچ زیانێکــی بــە کێشــەی کــورد نەگەیانــدووە. کــورد هیچــی نییــە، تاوەکــو لــە دەســتی بچــێ. کوردیــش گوتوویانــە: "کردەپەشــیمان بیــت باشــترە لــە نەکــردە پەشــیمان"واتە؛ کــە هەلێــک هاتــە پێشــەوە بیقــۆزەرەوە، ســا یــان گاڵ دێنــی یــان



— ط —

deji hatine nîşandan. Ji ber ku di her sê
zaravayên, mayî de tenê zirav tên axaftin
me ne xwest ku em guvaşteyên wan têxin.
elifbaya yekta

Em hêvîkarin ku roj were hin zana-
yên Kurd, an civatine zanistî kêmasiyên
elifbaya Kurdî a yekta rast û tikûz
bikin. 20 - 8 - 956

Osman

پوختەی نامەی وتووێژ لەبارەی جیاکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینی
بۆ نووسینی زمانی کوردی ، بە دەستنووسی ئۆسمان
سەبری
لە ٢٠/٨/١٩٥٦دا
لە دیمەشق
کە بە زنجیرەی لە نامیلکەی « نووسینی کوردی بە لاتینی »دا
لە ١٩٥٧دا بڵاوکراوەتەوە


— ح —

دانانی درێژی نەکەن تا کو ئەم هەنگاوەمان هەر بۆ پێشەوە برووات .

ئیتر هەر بژی هەوڵ و تێ کۆشانی هەموو خاوەن هەستێکی خاوێن
لەبۆ ناوی پێك هێنان و دامەزراندنی پاشە ڕۆژێکی خۆش و پڕ
لە کامەرانیا بۆ نەتەوەی کوردی بەشەرەف !

کەرکووك : (٦)ی جۆخینان (٢٥٦٩)ی کوردی
ڕۆژی چوارشەممە : (٢٦)ی حوزەیران (١٩٥٧)ی فەرەنگی

« جەمال نەبەز »



— ك —

DÎ WARE ELÎFBAYEKE KURDÎ
Û YEKTA DE

Ji bo ku em bikarin hemî dengên di zarê
Kurdî de tikûz binivîsin, ji me re elifbayeke yekta
divê. Elifbayên ku heya îro bi hemî aliyên Kur-
distanê cih cih hatine danîn gorêyî zaravayên
wan cihan bûye. Ji ber ku em Kurd hewceyî
elifbayeke yektane û ji me re EKADEMÎ yek
nîne ku vê kêmiya han rake; dema mamoste
CEMAL NEBEZ ji min xwest ku em bi hev re
bingehê elifbayeke yekta daynin, tevî berpirs-
siyariya zanistî min xwe jê neda paş. Eve
hemî dengên ku me di herçar zaravayên
Kurdî de dîtin:

Tîpên bideng = a o û ê î u e i
Tîpên bêdeng = b c ç d f g h ḧ
j k l m n p q r
s ş t v w x ẍ y z
Duçeng = wa we wê wî
Di zimanê Kurdî de tîpên ( l, r )

— ى —

- 2 -

bi sê awan tên axaftin: zirav دار، dar
guvaşte سەر، sitûr an gelew . Herçî
tîpa (n) tenê zirav û guvaşte te axaftin
û sitûra wê nîne.

| Zirav | guvaşte | sitûr an gelew |
|---|---|---|
| r - dar | rr - pirr | ř - poř |
| l - dil | ll - gulle | ľ - koľ |
| n - nan | nn - genni | |

Herçî tîpa (r) di pêşiya peyvê de her gav
guvaşte an sitûr û gelew e tu caran zirav nabe
ji lewre ne hewceye ku em bi (rr) ya guvaşte
an (ř) ya gelew binivîsin, (r) ya zirav
têr dike. Lê di nav û dawiya peyvê de, zirav
guvaşte û sitûr te, ji lewre herweki tê axaftin
divê bête nivîsandin.

Ji van pêve, tîpên (ç, k, p, t) di
zaravayê Kurmancî de zirav û guvaşte tên
axaftin, ku di elifbaya Kurdên Sovyatî

نامەی دەستنووسی ئۆسمان سەبری لەسەر ڕێنووسی کوردیی بە لاتینی بۆ جەمال نەبەز

پەمـوو. پـاش بڕیـاردان، ئەوجـا بیـرم لـەوە کـردەوە، چـۆن ئەمـە بگەیێنـم بـە جەمـاڵ عەبدولنـاسر؟ ئایـا، ئەمـە بکەمـە نامەیـەک و بینێـرم بـۆی؟ باشـە ئەگـەر بـە نامـە نووسـیم، نامەکـە چـۆن بنێـرم؟ بـە پۆسـتە؟ بێگومـان ئەگـەر بەهـۆی سـەفارەتخانەی میـسرەوە لـە بەغـدا بینێـرم، ئـەوا پۆسـتەی سـەفارەت، بێجگـە لـە پۆسـتەی دیپلۆماسـی کـە پشـکنینی لەسـەر نییـە، هەمـوو پۆسـتەیەکی دی لـە بنچـاوی دەزگـەی نهێنیـی عێراقـدان و، ئـەو دەمـە پۆسـتەکە دەگـرن و ناگاتـە دەسـتی. پاشـان، ئەگـەر بـە نامـە نـاردم و بـە جۆرێـک کـە بگاتـە دەسـتی، بـە چ نێوێکـەوە بینووسـم؟ بەنێـوی راسـتینەی خۆمـەوە؟ ئەگـەر بـە نێـوی خۆمـەوە نووسـیم، باشـە، ئـەز کێـم و سـەنگم چییـە و بـە نوێنەرێتیـی کێـوە قسـە دەکـەم و ئـەو کارە دەکـەم؟ ئـەز مامۆسـتایەکی قوتابخانـەم و، تەمەنـم هێشـتا نەگەیشـتووەتە 23 سـاڵی تـەواو، نـە سـەرۆکهۆز و نـە سـەرۆکحیزب و نـە کۆنـە ڤەژیـر و نـە مرۆڤێکـی لـە سنووووری رامیاریـی کـورد، یـان عەرەبـدا نـاسراوم. راسـتە؛ چەنـد وتارێکـم لـە رۆژنامـەی بەنێوبانگی(صـوت الاهـالي) زمانڕەوشـی پارتـی نیشـتمانیی دیمۆکراتـی عێراق، بە سـەرۆکایەتیی کامیـل چادرچـی(1897/4/4ـ 1968/2/1) دا بڵاوکرابوونـەوە، کـە یەکێـک لەوانـە ئـەو وتـارە بـوو کـە لەبەرپێچدانـەوەی جـەلال بایـاری سـەرکۆماری ئـەو دەمـەی رژێمـی ترکـدا نووسـیبووم، کـە لـە ئەمریـکا گوتبـووی" لـە ترکیـا، بێجگـە لـە تـرک، هیـچ کەمـە نەتەوەیـەک نییـە" و، وتارەکـەش بەهـۆی ئـەو پشـتگیرییەی کـە مامۆسـتا مـەلا جەمیلـی رۆژبەیانـی هـەر لـەو رۆژنامەیـەدا بڵاویکردبـووەوە و، سـەفیری تـرک شـکاتی لـە هەردووکـمان و رۆژنامەکـەش کردبـوو، رۆژنامەکـەش لەلایـەن دادگـەوە سـزای پـارە درابـوو بەسـەریدا، لـە هەمـوو جیهانـی عەرەبـدا دەنگیدایـەوە، بـەڵام رۆژبەیانیـش و منیـش، هەردووکـمان وتارەکانـمان بەنێـوی خواسـتەمەنییەوە بڵاوکردبـووەوە. پاشـان، ئایـا وتارێـک، یـان چەنـد وتارێـک، دەبێتـە هـۆی سەرنجڕاکێشـانی نـاسر بـۆ نامەکـەم؟، راسـتە بیسـتبووم کـە نـاسر مرۆڤێکـی سـادە و خاکـی و بێفیـزە، بـەڵام ئایـا نامەکـەم نـرخ و کارکردێکـی دەبـێ لـەلای وی؟ لـەوە دڵنیـا نەبـووم، لەبـەر خۆمـەوە گوتـم: ئـەی چۆنـە ئەگـەر ئـەم بابەتـە بکەمـە ناملکەیـەک بەنێوێکـی خواسـتەمەنییەوە و، کێشـەکان لەوێـدا باشـتر و فراوانـتر رۆنبکەمـەوە و، ناملکەکـەش بـە چاپێکـی جـوان دەربکـەم و، وەک دیارییـەک لەلاپـەڕەی یەکەمیـدا، بەچەنـد وشـەیەکی باڵکێـش و شـیرین پێشـکێش بەخـۆی بکـەم؟ پـاش لێوردبوونـەوە،

قدم الدكتور جمال نبز صورته هدية إلى آپو عثمان صبري في ١٩٥٦/٨/٢٥

وفيما يلي الصورة وخلفها كلمة الإهداء التاريخية.



Ji bo edîbê nûserê
huşyar, xebatkerê
Koïnederê Kurd û Kurdis-
tan, mamê xoşewîst
Cenabê apo O. Sebirê
pêşkeş dibe bo
yadigar û
dilsozît
Cemal Nebez

25/8/956

10

ئـەم رێیـەی دواییـم بەباشـزانی، چۆنکـە؛ نامیلکەکـە، بێجگـە لـە سـەرۆک نـاسر خـۆی، بەسـەر ژمارەیەکـی زۆر لـە نووسـەران و رۆژنامەڤانـان و رامیارانـدا بڵاودەکرایـەوە و کێشـەکەش، ئـەو دەمـە؛ بەهـۆی پێشکێشـکردنییەوە بـۆ سـەرۆک نـاسر، بەجۆرێکـی دی تێیدەڕوانـرا لەلایـەن ئـەو عەرەبانـەوە کـە سـەربە رێبـازی نـاسر، یـان لـە دژی بـوون. بـەڵام گوتـم، باشـە ئـەو نامیلکەیـە لەکـوێ چاپبکـەم؟ لـە عێراقـدا ئـەو کارە نەدەکـرا. بـۆ چاپکردنـی بـە ئاشـکرا؛ دەبـوو وەزارەتـی نێوخـۆ کـە بەدەسـت سـەعید قـەزازەوە بـوو، رازیبـێ، ئـەوەش کارێکـی لـە نەبـووان بـوو. بـە نێوێکـی خواسـتەمەنیی و بـە دزییـەوە، هیـچ چاپخانەیـەک ئامـادە نەبـوو ئـەو کارە بـکا. چۆنکـە، دەدۆزرایـەوە و، دەسـتبەجێ چاپخانەکـە دادەخـرا و خاوەنەکەشـی دەگیـرا. خـۆ ئەگـەر چاپییـش بکرایـە، چـۆن لـە عێراقـەوە بـە پۆسـتە بنێـردرێ بـۆ سـەتان کـەس لـە دەوڵەتـە عەرەبـەکان و شـوێنانی دی. ئەوجـا بڕیارمـدا کـە بچـم لـە دەرەوەی عێـراق چـاپ و بڵاویبکەمـەوە. شـوێنیش بـۆ ئـەو کارە لـەو رۆژهەدا، لـە لوبنـان باشـتر دەسـتنەدەکەوت. لەبەرئـەوە بریارمـدا سـەفەرێکی سـووریا و لوبنـان بکـەم. لوبنانـی ئـەو سـەردەمە بە"سـویسرا"ی رۆژهـەڵات نێودەبـرا، دەوڵەتێکـی گچکـە، بـەڵام سیسـتەم دێموکراتـی بـوو. ئازادییەکـی رامیاریـی و رۆژنامەوانـی و ئایینـی، بـە هەمـوو مانـای وشـە تێدابـوو. لـە سـووریاش لـە 1954/2/25دا حکوومەتـی ئەفسـەرەکان بـە سـەرۆکایەتیی ئەدیـب شیشـەکلی رووخێندرابـوو، لـە 1955ەوە لەلایـەن حکوومەتێکـی فرەحیزبـی بـە سـەرۆکایەتیی شـوکری قوەتلـی کـە ناسیۆنالیسـتێکی عـەرەب و سـەر بـە رێبـازی نـاسر و دژ بـە رژێمـی عێـراق و پەیمانـی بەغـدا بـوو، دەبـرا بەڕێـوە. بـەڵام ماوەیەکـی زۆر نەبـوو کـە لـە فەرمانـی لەشـکریی رزگاری ببـوو، لەبەرئـەوە، هێشـتا رەنگێکـی تـەواوی بەخۆیـەوە نەگرتبـوو، بەکورتـی؛ جـارێ کـەس بەکـەس نەبـوو. ژمارەیەکـی زۆر لـە بەرهەڵسـتکارانی عێراقـی، کـە لەنێویانـدا کوردیـش هەبـوون، لـەوێ وەک پەنابـەر دەژیـان، کـە هێندێکیانـم دەناسـی. نەرێتـی ئـەو دەمـەش لـە عێـراق وابـوو، مامۆسـتاکانی قوتابخانـەکان و زانسـتگە؛ دەیانتوانـی لـە پشـووی هاوینـدا کـە سـێ مانـگ بـوو، سـەفەر بکـەن بـۆ دەرەوەی عێـراق. ئـەز ئـەو دەمـە کـە لـە کەرکـووک مامۆسـتابووم، مافـی سـەفەرکردنم هەبـوو. چـووم بـۆ بەغـدا و لـەوێ پاسـپۆرتێکم دەرهانـی، کـە چوونـی بـۆ هەمـوو جیهـان لەسـەر نووسرابـوو، ئیسرائیـل نەبـێ.



ئاپۆ ئۆسمان سەبری ( 1905/1/7. 1993/10/11)

چوونیش بۆ سووریا بێڤیزە بوو. بەڕێکەوت، لەو ڕۆژانەدا کە خۆم ئامادەدەکرد بۆ سەفەر، ناسر لە ڕۆژی 1956/7/26دا بە بڕیارێکی کوتوپڕ کەنداوی سوێسی کردە هیخۆیی (ملّک)ی دەوڵەتی میسر، وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بەرامبەر خۆکێشانەوەی بانکی نێودەوڵەتان و ئەمریکا و ئینگلیستان لە پارەدانی تێچوو (مەسرەف)ی بیناکردنی ( بەربەستی بەرز- السد العالي )و، ئەمەش؛ بەریتانیا و فەرەنسای لە دژی ناسر بەجارێک هورووژاند و، خزمەتێکی دیکەی بە کارەکەی من کرد.

## لە بڕیاردانەوە بۆ کردەوە

لــەو ســەردەمەدا، لــە بەغــدا پاســی زۆر گــەورەی کۆمپانیای"نێــرن" هەبــوون. لەبــەر ئــەوە خەڵکەکــە بەهەمــوو جــۆرە پاســێکی واگەورەیــان دەگــوت "نێــرن". رۆژێکــی دەمەونیــوەڕۆی ســەرەتای مانگــی ئابــی 1956 بــوو کــە بــە یەکێــک لــەو "نێرنانــە" لــە بەغــداوە کەوتمــەڕێ و، پــاش بڕینــی چەنــد شاروشــارۆچکەیەک، ئەوجــا بــە دەشــتێکی کاکیبەکاکــی و پــڕ لــە خــۆڵ و تەپوتــۆزدا، بــۆ رۆژی دوایــی، دەمــی چێشــتەنگاڤ، گەیشــتمە دیمەشــق. لــە پاســەکەدا، بێجگــە لــە هاژۆرەکــە و ســەکنەکەی، بیســت ســەفەرکەرێک هەبــوون. عەرەبێکــی بەغدایــی لــە تەنیشــتمەوە جێیگرتبــوو. ئــەم بەڕێــزە، بــۆ ئــەو رێگــە دوورە، لــە بوتڵێــک ئــاو پــتر، هیــچ جــۆرە خواردنێکــی لەگــەڵ خــۆی نەهانیبــوو. لــێ، مــن هێنــدەک خواردنــی خــۆش و میــوە و ئــاو و کۆکاکــۆلام پێبــوو. پارەیەکــی باشیشــم لەگــەڵ خــۆم هێنابــوو، چۆنکــە؛ دەمزانــی پەرتــۆک بــە هــەرزان چاپناکــرێ.

دەمەوئێــوارێ کــە دەســتمکرد بــە خــواردن و، وەک رەوشــتی کــوردەواری وێرمکــرد، دەســتبەجێ کەوتەخــواردن لەگەڵــم و بەشــی شــێری بەرخــۆی خســت و، کــە پێمگــوت "کــوردم" دەســتیکرد بــە پەســندان و هەڵدانــی کــورد و گوتــی: "هــەر ئێــوە مرۆڤــن و هــەر ئێــوە ویــژدان و ئاوڕووتــان هەیــە و گەلێــک قســەی رەق و ناشــیرینی بەعــەرەب گــوت. منیــش گوتــم: " لەهەمــوو گەلێکــدا باشــیش و خراپیــش هــەن". گوتــی : نــا، لــە عەرەبــدا بــاش هەڵناکــەوێ..." گوتــم: "ئــەوە وانییــە، ئەوەتــا عەرەبێکــی بــاش لەگــەڵ مــن قســە دەکا". لەقســەکردندا لەگەڵــی، بــۆم دەرکــەوت کــە ئــەم کابرایــە چەنــد جارەکــی دی ســەفەریکردووە بــۆ شــام و دەیگــوت: "ئــەم واوالێکراوانــەی واواپێکراوانــە، لەســەر ســنوور؛ باجــی زۆر وەردەگــرن". گوتــم: بۆچــی هیــچ کاڵایەکــت پێیــە کــە باجباربــێ؟ گوتــی: "ئــەرێ پێمــە". کــە گەیشــتینە ســەر ســنوور و، چاوێکــی خشــاند بــەم لاوبــەولادا، بــە پێکەنینێکــی خۆشــییەوە گوتــی: "تەلبەنــدی ســنوورەکە و نیشــانەی گومرگیــان لابــردووە، وادیــارە یەکێتیــی ئابووریــی لــە نێــوان ســووریا و عێراقــدا پێکهاتــووە و ئێــدی گومــرگ ناســتێنن". کــە نەختێکــی دیکــە چووینــە پێشــەوە، ئەفســەرێکی ســوورییایی نێرنەکەمانــی راگــرت و، گوتی:"وەرنــە خــوارەوە". کابــرای تایــەن بــە دەنگــی

بـەرز گوتـی: "انشـاءألله وحـدە... انشـاءألله وحـدە" (ئەگـەر خواپێخۆشـبێ، یەکێتییـە) و روویکـردە ئەفسـەرەکە و گوتـی: "تـرە انـا مـن صمیـم القومیـە العربیـە "-بنـۆڕە، ئـەز لەنێـو جەرگـەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـەوە هاتوومەتـە دەرێ). ئەفسـەرەکە دەمبەپێکەنیـن گوتی:"بارەکانتـان داگـرن". هـاژۆر و سـەکنەکەی بارەکانیـان داگـرت. مـن باوڵێکـی گچکـەم پێبـوو، جلەکانـم و شـتومەکی کەسیی تێدابـوو، بێبـاج دەرچـووم. بـەڵام ئـەو، کـە شـتەکانی هاتنـە پشـکنین، داوای باجێکـی زۆریـان لێکـرد. کابـرا کەوتـە هـاوار هـاوار "ئەمـە چ یەکێتییەکـە و، چ عەرەبپەروەرییەکـە و چ برایەتییەکـی عەرەبییـە؟". ئێسـتەش وشـەکانیم لەبیـر مـاوە کـە گوتی:"خـرە بهالوحدە-ئـەی گـوو بـەم یەکێتییـە). لـەوەوە بووبـە حەنەحەبەشـێیەکی قـورس و، پاسـەکەمان ماوەیـەک لەبەرئـەو هەتـاوە گەرمـە راگیـرا و دواکـەوت، دوایيـش پارەکەیـان هـەر لێسـەند. کـە کەوتینـەوەڕێ، روویکـردە مـن و گوتـی:" نەمگـوت هـەر ئێـوە پیـاون و عـەرەب چ ماڵێکـن!"، منیـش دڵخۆشـیم دایـەوە و گوتـم: زۆر سوپاسـت دەکـەم، حەزمدەکـرد هێنـدەک میـوە و شـیرانیم پێبمایـە پێشکەشـتمبکردایە، بـەڵام بەداخـەوە هیچـم پێنەمـاوە.

## لە دیمەشق

پـاش ماوەیـەک گەیشـتینە گەراجـی نێرنەکـە. لـە بەغـدا پرسـیبووم بچمـە چ هۆتێلێـک کـە کـورد و پەنابەرانـی عێراقـی روویتێدەکـەن. نێـوی هۆتێلـی "فەلەسـتین و رۆژهەڵاتـی ئـەردەن- فلسـطین و شرق الاردن)یـان هەڵدابـوو بـۆم. ئـەز ژی لـەوێ دابەزیـم. سـەیر ئەوەیـە؛ تاکسـیهاژۆرەکەش، کەزانـی پاسـەکەمان لـە عێراقـەوە هاتـووە، خۆشـی دەیویسـت بمبـا بـۆ ئـەو هۆتێلـە، وادیـارە شـارەزای کارەکـەی بـوو. خـاوەن هۆتێلەکـە نێـوی ئەبـوو ئەیووبـی بـوو، بە"ئەبـوو دیاب"یـش بانگیـان دەکـرد. پیاوێکـی کـوردی خەڵکـی تاخـی کـوردان (حـی الاکـراد)ی دیمەشـق بـوو، بـەڵام کوردیـی زۆر کـەم دەزانـی. سـەربە پارتـی کۆمۆنیسـتی سـووریابوو، کـە خالیـد بەگـداش سـکرتێری گشـتیی ئـەم حیزبـە بـوو، کـە ئەویـش بەبنەچـە کـورد بـوو. هـەر ئـەو رۆژە، لـە هۆتێلەکـە ئەوڕەحمانـی زەبیحیـم دی، کـە گوتـی لـەو هۆتێلـە کار

دەکا و نێـوی خـۆی کـردووە بە"عیسـا عەرەفـات"، زۆر گلەیـی لـە ئەبـوو ئەیـووب دەکـرد، دەیگـوت چەکووسـە (رژدە، پیسـکەیە)و مانگـی تەنـێ (60) لیـرەی سـووریایی دەداتـێ. کـورد دەبێـژن "قسـە قسـە دەهێنـێ"؛ زەبیحیـم، دووسـێ سـاڵێک لەوەبـەر لـە بەغـدا ناسـی، ئەمـەش بـە بۆنـەی ئـەوەوە بـوو کـە (پارتی)ببـوو بـە دوو بەشـەوە. بەشـێکیان بـە سـەرکردەیەتیی هەمـزە عەبدوڵـڵا بـوو کـە بەخۆیـان دەگوت"بـەرەی پێشـکەوتوو". بەشـەکەی دیـش بـە سـەرکردەیەتیی برایـم ئەحمـەد، کـە لایەنگرانـی "بـەرەی پێشـکەوتوو" بەمانیـان دەگـوت "دەسـتەی نێوەنـد" (مرکـز). لایەنگرانـی "بـەرە" بـە ژمـارە زۆرتـر و بەرچاوتربـوون لـە "نێوەنـد". هەربـۆ وێنـە، لـە سـلێمانی: شـێخ شـەهابی شـێخ نـووری و بابەتایـەری شـێخ جـەلال و درەخشـانی خوشـکی و قالـەی حاجـی حسـێن (گۆرانیبێـژ و نانـەوا) و جەمالـی موختـار و جەمالـی حاجـی شـەریف و سـلێمانی مەجـی بـەگ و حەمەکەریـم فەتحوڵـڵا و حسـەینە شـەلی هەڵەبجەیـی و جەمـال شـالی و جـەلال عەزیـز و موعـەزەزی خوشـکی و نەجاتـی عەبـدە و عەزیـز محەممـەد (بـرای ئـەرکان) و ئەحمـەد سـمێڵ کاکەیـی و گەلێکـی دی سـەر بە"بەرە"بـوون. بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە ، تاکـە کەسـێک لـە "دەسـتەی نێوەنـد" کـە بـە رابردوویەکـی تێکۆشـەرانە ناسرابـوو؛ حیلمـی عەلـی شـەریف بـوو. ئەویـش نـەک لەبـەر خاتـری برایـم ئەحمـەد، سـەر بـەو باڵـە بـوو؛ بەڵکـو دەیگـوت؛ "هەمـزە عەبدوڵـڵا دەیـەوێ پارتـی بـکا بەکلکـی پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق". ئـەم پێشبینییەشـی راسـت دەرچـوو، بـە تایبەتـی؛ نیازەکـەی هەمـزە عەبدوڵـڵا لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی عەبدولکەریـم قاسـم دا کەوتـەڕوو، ئـەم باسەشـم لـە سەمیناری(کوردسـتان وشۆرشـەکەی)دا رۆنکردووەتـەوە. جـا لەبەرئـەوەی ئـەز سـەر بـە هیـچ لایەکیـان نەبـووم، هـەردوو لایـان رووینانالیێـم هەوڵـی یەکگرتنەوەیـان بـدەم و رازیبـووم. بـە کورتـی؛ شـەوێکیان کاک حیلمـی بردمـی بـۆ شـوێنێکی چۆڵەوانـی و تاریـک لـە (بغـداد الجدیـدة). ماوەیـەک وەسـتاین و چاوەڕوانمانکـرد، ئەوجـا زەلامێـک لەنێـو داروەدوەنـی نێزیـک بـەو شـوێنەوە هاتـە دەرێ بەرەوڕوومـان و کـە سـەرنجمدا برایـم ئەحمـەد بـوو. سـمێڵی تاشـیبوو، کلێتەیەکـی کردبـووە سـەری و، چاویلکەیەکـی لێڵـی کردبـووە چـاوی. برایـم ئەحمـەد، لـەو سـەردەمەدا لـە ترسـی گرتـن، خـۆی لـە حکوومـەت شـاردبووەوە. لەگـەڵ کاک حیلمـی و کاک برایـم پێکـەوە چوویـن بـۆ ماڵێـک



عەبدولڕەحمان زەبیحی

لەو نێزیکانە کە ماڵی کوردێک بوو، بە نێوی کاک قادرەوە ناساندیان بە من. دوایی زانیم کە ئەو قادرە ئەوڕەحمانی زەبیحییە و لە دیسکۆی عەبدوڵڵا کار دەکا. دیسکۆی عەبدوڵا، دیسکۆیەکی ناسراو بوو لە بەغدا، تەنانەت ئەوەتە هۆزانی بەنێوبانگ عەبدوڵڵا گۆران (1904ـ 1962) بە هۆنراوەی "شەوێک لە عەبدوڵڵا" باسیدەکا. خاوەنی دیسکۆکە کوردێکی سنەیی زۆر دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بوو، نێوی عەبدوڵڵای شەریفی بوو. لە کۆبوونەوەکەدا، بێجگە لەم کەسانەی باسکران، عەلی شەریف لەوێ بوو، کە سەر بە "بەرەی پێشکەوتوو" بوو. هەروەها کوردێکی ئێرانیش لەوێ بوو، کە لەوەپێش دەمناسی و، چەند جارێک لە سلێمانی هاتبووە ماڵەوە بۆلام، بەڵام بەنێوێکی خواستەمەنی، دوایی زانیم کە غەنی بلووریان بووە. لە کۆبوونەوەکەدا؛ زەبیحی و غەنی بلووریان؛ پتر بەلای برایم ئەحمەددا رایاندەکێشا؛ دوور نییە لەبەرئەوە بووبێ کە برایم ئەحمەد کۆنە ئەندامی ژێکاف بوو. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زەبیحی ماوەیەک لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا و ماوەیەکیش لەگەڵ کۆمۆنیستە عێراقییەکان کاریکرد. دوایی لە دژی هەردوولایان وەستا و گەڕایەوە لای برایم ئەحمەد و مام جەلال.

هەرچـی پێوەندیـی بـە کۆبوونەوەکـەی ئـەو شـەوەوە هەیـە، ئـەوا بـە تەواویـی دەرکـەوت بـۆم کـە ناکۆکییەکـەی نێوانیـان، بنچینەیەکـی هزریـی، یـان ڕێکخسـتەیی پتـەوی نەبـوو، ئەوەنەبـێ، کـە نێوانـی برایـم ئەحمـەد و هەمـزە عەبدوڵـڵا، بەهـۆی دردۆنگیـی خێزانییانـەوە لەگـەڵ یـەک، خۆشـنەبوو. تاکـە داخوازییەکـی بـەرەش کـە پێمڕاسـت بـوو، ئـەوە بـوو دەیانگـوت؛ دەبـێ نێـوی "حیـزب"، "پارتـی دێمۆکراتـی کـورد" ببێتـە "پارتـی دێمۆکراتـی کوردسـتان". پاشـان، کـە یەکیانگرتـەوە، نێوەکەیـان گـۆڕی بـە "پارتـی دێمۆکراتـی یەکگرتـووی کوردسـتان". بـەڵام بـەم یەکگرتنەوەیـەش؛ ئـاو بـە ئاگـری ناکۆکییەکانـدا نەکـرا. (درێـژەی ئـەم باسەشـم لـە سەمیناری"کوردسـتان و شۆڕشـەکەی"دا خسـتووەتەڕوو، چاپـی ئەڵمانـی 1972 (وەرگێڕانـی کـوردی، چاپـی یەکـەم سـوێد 1985، چاپـی دووەم، ئەلیکترۆنیـی کـوردی2003، چاپـی سـێهەم هەولێـر 2007). هـەر لـە هۆتێلەکـەی دیمەشـق، چـاوم بـە عێزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ کـەوت کـە ئـەو دوایـی، دوو سـاڵێک لـە سـووریا مایـەوە. هەروەهـا شـوکور مسـتەفا و حەبیـب محەممـەد کەریمیـش، هاتوچـووی ئـەو هۆتێلەیـان دەکـرد.
پـاش یـەک دوو ڕۆژ، هــەر لــە هۆتێلەکــە، ئاپــۆ ئۆســمان ســەبری (1905/1/7ـ 1993/10/11)شـم ناسـی. بەڕاسـتی هـەر لـە یەکەمیـن بینیـن و قسـەکردن لەگەڵـی، چـووە دڵمـەوە. پاشـان بـۆم دەرکـەوت کـە هەسـتم بەهەڵـە نەچووبـوو. ئاپـۆ ئۆسـمان کوردێکـی هەتـا بڵێیـت لەسـەرخۆ، ڕۆشـنبیر، ڕەوشـتجوان، زمانشـیرین، لـە زمانـی کوردیـی و مێـژووی کـورددا شـارەزا، پێکـەوە باسـی کێشـەی ئەلفوبێـی کوردیـی و چاکسـازیی ئەلفوبێـی لاتینیـمان کـرد، کـە جـەلادەت بەدرخـان(1897ـ1951) لـە کۆتایـی بیسـتەکاندا بـۆ ڕێنووسـی کوردیـی دایهێنـاوە و، ئاپـۆ ئۆسـمانیش بـەو ڕێنووسـە لـە گۆڤاری(هـاوار)دا وتـاری بڵاوکردووەتـەوە. هـەر لەسـەر ئـەو باسـە، ئاپـۆ ئۆسـمان پووختەیەکـی وتووێـژ و بیروڕاکانمانـی خسـتە سـەر کاخـەز بـە دەستنووسـی خـۆی. کـە گەڕامـەوە کەرکـووک؛ نامیلکەیەکـم لەبـارەی (نووسـینی کوردیـی بـە لاتینـی) یـەوە نووسـی و، لـە سـاڵی1957دا لـە بەغـدا چاپمکـرد و، دەستنووسـەکەی ئاپـۆ ئۆسمانیشـم بـە زینکۆگـراف بەچاپگەیانـد. وێنەیەکـی ئـەو دەستنووسـە مێژووییـە وا لــەم ژمارەیــەی(ڕووداو)دا خراوەتــە بەرچــاو.
هــەر لەگــەڵ ئاپــۆ ئۆســمان؛ باســی ئــەو پڕۆژەیەشــم کــرد کــە بــە تەمــای کردنــی

بـووم و گوتـم دەمـەوێ لێـرە، لـە هۆتێـل، نامیلکەکـە بنووسـم و دوایـی بیبـەم بـۆ لوبنـان، لـەوێ چاپیبکـەم و، بەپۆسـتەی لوبنـان بینێـرم بـۆ جەمـال عەبدولنـاسر و خەڵکـی دیکـە. ئاپـۆ ئۆسـمان گوتـی؛ بـۆ ناردنـی نامیلکەکـە بـە پۆسـتە، لوبنـان گەلێـک باشـترە لێـرە (دیمەشـق)، خەڵـک لـەوێ؛ هێنـدە فـزوول نیـن وەک ئێـرە و، لـەم رووەوە وڵاتێکـی ئـازادە، بـەڵام بـۆ چاپکردنـی، لەوانەیـە لێـرەش بتوانـرێ بـە دزییـەوە چاپبکرێـت. گوتـم: چـۆن؟ گوتـی: لـە نێزیـک ئـەم هۆتێلـەوە چاپخانەیـەک هەیـە نێـوی چاپخانـەی (کـەرەم)ە، ئێمـە، هـەر لـە کۆنـەوە لـەوێ شـتمان چاپکـردووە و چاپدەکەیـن و جاروبـار شـتی کوردیـش لـەوێ چاپدەکەیـن. گوتـم:" دەکـرێ بەڕێـزت بپرسـیت لـە خـاوەن چاپخانەکـە، ئایا ئامادەیـە، بـێ ئـەوەی چـاوی بـە مـن بکـەوێ و بزانـێ کـێ نووسـیوێتی، ئـەو کارە بـکات بۆمـان. چۆنکـە ئـەز نامیلکەکـە بـە نێویکـی خواسـتەمەنییەوە دەنووسـم و حەزناکـەم بمبینـێ و بمناسـێ". ئاپـۆ ئۆسـمان گوتـی: "دەچـم قسـە دەکـەم لەگەڵـی". گوتـم: "ئاپـۆ ئۆسـمان، ئەگـەر کەمێکیـش بـە گرانـتر کـردی لـە نرخـی بـازاڕ، تکایـە خەمنـاکا و گوێمـەدەرێ، مەبەسـت ئەوەیـە کارەکـە بکـرێ". ئاپـۆ ئۆسـمان، یـادی زیندووبـێ، هەرئەوەدەمـە هەسـتایە سـەرپێ و چـوو بـۆ چاپخانەکـە، کـە گەڕایـەوە گوتـی:" رازییـە ئـەو کارە بـکا و کـە نامیلکەکـەی دی، ئەوجـا نرخەکەیـمان پێدەڵـێ".

بـەم هەواڵـە زۆر دڵـم خۆشـبوو. هـەر ئـەو رۆژە دەسـتمکرد بـە نووسـین و بـە مـاوەی هەفتەیـەک تاوەکـو دە رۆژ تەواومکـرد. دوکتـۆر عێزەدیـن مسـتەفا رەسـووڵ؛ ئـاگای لـەوە هەیـە کـە بـەکاری شـەوانە رۆژیـی، ئـەو نامیلکەیـەم بەرهەمهێنـا و، بێجگـە لـەوەش (بنچینەکانـی لێنینیـزم)م کـرد بـە کـوردی و بـە تیپـی لاتینـی و، ئـەوەش هـەر لـە چاپخانـەی (کـەرەم) لـە چاپـدرا. مەبەسـتم لەمـەش ئەوەبـوو کـە خەڵکەکـە هێنـدە بـە دوای قسـەکانی لێنیـن و سـتالین دا دەگەڕێـن و، بـە پیرۆزیـان دەزانـن، بـا بزانـن ئـەو دوو کەسـە چییانگوتـووە و، بـە زمانـی خۆیـان کـە کوردییـە بیخوێننـەوە. بـۆ هـەردوو نامیلکەکـە، کـە لـە هەریەکـە هـەزار دانـە چاپکـران، پارەیەکـی زۆرم بەختکـرد و، بەوپـەڕی خۆشـییەوە دام. نامیلکەکـەم لەژێـر نێـوی (کفـاح الاکـراد) واتـە (خەباتـی کـوردان) بەچاپگەیانـد و، بۆنێـوی نووسەرەکەشـی، نێـوی خواسـتەمەنی (صامـد الکردسـتاني)م هەڵبـژارد، کـە (صامد)لەجیاتـی (نەبـەز)ە. نامیلکەکـەم بەچەنـد

وشـەیەکی شـیرین پێشـکێش بـە جەمـال عەبدولنـاسر کـرد. هـەر لـەم ماوەیـەدا ناسـیاوەتیم لەگـەڵ گەلێـک کـوردی دانیشـتووی دیمەشـق پەیداکـرد، لەوانـە رۆشـن بەدرخـان(1909 ـ 1992)و قەدریجـان(1916 ـ 1972)و مەمـدووح سـەلیم. کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لەگـەڵ قەدریجـان چاومـان بەیەککـەوت، لـە چایخانەیەکـی (غوطـە دمشـق)بوو، ئەمـەش پـاش ئـەوەی نامیلکەکـەم چاپکرابـوو و گەیشـتبووە دەسـتی. ئـەز لەگـەڵ ئاپـۆ ئۆسـمان بـووم کـە قەدریجانـم دی، قەدریجـان نەیویسـت دابنیشـێ لەگەڵـمان، گوتـی کاری هەیـە، بـەڵام زۆر حـەزدەکا ببینـێ و، تکایکردلێـم کـە بـۆ سـبەینێ پاشـنیوەڕۆ؛ کاتـی تەواوبوونـی کار، بچـم بـۆ فەرمانگـە بـۆلای. گوتـی لـە فەرمانگـە بـە فەرمی(رەسـمي)نێوی (عەزیـز)ە و لـە وەزارەتـی زانیاریی(معـارف) لـە بەشـی کەسـیی(ذاتیە)کاردەکا. گوتـی: کـە هاتیـت، ئەگـەر خەڵکـی لێبـوو، بـە عەرەبـی قسـەبکە لەگەڵـم. کـە بـۆ رۆژی دوایـی چـووم بـۆلای، هاوپیشـەیەکی لـەوێ بـوو، منیـش بـە عەرەبـی قسـەم کـرد لەگەڵـی. قەدریجـان بردمـی بـۆ ماڵەکـەی خـۆی کـە بەتەنـێ دەژیـا. باسـی خەباتـی خـۆی کـردو، کورتـە چیرۆکێکـی خـۆی خوێنـدەوە بـۆم. لـە قسەوباسـدا بـۆم دەرکـەوت کـە بـەلای پارتـی کۆمۆنیسـتی سـووریادا دادەتاشـێ، زۆر خـۆی بـە زل دەزانـێ. زۆریـش لـە دژی ئاپـۆ ئۆسـمان و بنەماڵـەی بەدرخـان قسـەیکرد. بـەڵام ئـەز خـۆم، تەنانـەت بـۆ جارێکیـش، نـە لـە ئاپـۆ ئۆسـمان و نـە لـە رۆشـن بەدرخـان؛ یـەک وشـەم دژ بـە قەدریجـان گوێلێنەبـوو. رۆشـن خـان، وەک نموونـەی ژنێکـی رۆشـنبیر و ئـازا و بوێـری کـورد هاتەبەرچـاوم. د. عێزەدیـن مسـتەفا رەسـووڵ، لـە ژیانـدا مـاوە و، هیـوام وایـە تەمەنـی درێژبـێ، لێـرەدا ئـەو دەگـرم بـە گۆڤـان (شـایەت)، بـۆ بردنـی سـەتان دانـە لـە پەرتۆکەکـە بـۆ لوبنـان بـە یارمەتیـی و هاوکاریـی رۆشـن خـان و، لەوێـوە ناردنـی بـە پۆسـت و دانانـی ژمارەیەکـی زۆری لای ناسـیاوەکانی لـە بێـرووت. رۆشـن خـان نامیلکەکانـی خسـتە خورجێکـەوە و، بـە ئۆتۆمۆبێلێـک کەوتـەڕێ، ئێمـەش (عێزەدیـن و ئـەز) بـە ئۆتۆمۆبێلێکـی دی کەوتینـەڕێ لـە پێشـییەوە بـەرەو بێـرووت. لـەوێ پەرتۆکەکامـان لـە پۆسـتەخانەی بێرووتـەوە نـارد بـۆ گەلێـک رامیـار و نووسـەر و رۆژنامـەوان و کەسـایەتی و سـەفارەتخانەکان و یەکێـک لەوانـە، سـەعید قـەزاز بـوو کـە ڤەزیـری نێوخـۆی عێـراق بـوو. دیـارە دانەیەکیشـمان بـۆ سـەرۆک جەمـال عەبدولنـاسر خـۆی نـارد بەهـۆی سـەفارەتخانەی میـسرەوە لـە

لوبنـان و رۆشـن خانیـش دانەیەکـی دیکـەی بەهـۆی سـەفیری میـسرەوە لـە دیمەشـق ناردبـوو بـۆی. ژمارەیەکـی زۆر لـەو نامیلکانـە لای رۆشـن خـان مانـەوە و ژمارەیەکـی زۆریـش نێـردران بـۆ رۆژنامـەوان یۆسـف مەلـەک لـە بێـرووت کـە دوایـی باسـیدەکەم. دەمـەوێ ئـەوەش بێـژم کـە مەمـدووح سەلیمیشـم هـەر بەهـۆی ئاپـۆ ئۆسـمانەوە ناسـی، پیربـوو، بـەڵام زۆربەجـۆش بـوو، گوتـی؛ بەتەمایـە پەرتۆکێـک لەبـارەی بەسـەرهاتی کوردسـتانەوە بنووسـێ. سـاڵانێک پـاش ئـەوە، بەنێـوی خواسـتەمەنی "زنـار سـلۆپی"یەوە پەرتۆکێکـی لەژێـر نێـوی ( دۆزی کوردسـتان ) دا بڵاوکـردەوە.

پـاش لەچاپدەرچوونـی نامیلکەکـە، رۆژێکیـان لـە ماڵـی رۆشـن خـان چـاوم بـە عەزیـز شـەریف کـەوت، کـە عێراقییەکـی دەربـەدەر و مرۆڤێکـی دێمۆکـرات و رۆشـنبیر و دۆسـتی کـورد بـوو، نێـوی بە"پارێـزەری کـوردان" رۆییبـوو. عەزیـز شـەریف، لەسـاڵی 1954ەوە وڵاتینامـە (الجنسـیە)ی عێراقیـی لێسـەندرابووەوە و، لەعێـراق دەرکرابـوو. لەسـووریا پەنابەربـوو. لەبەرئـەوەی جێیباوەڕبـوو، پێمگـوت ئـەو نامیلکەیـە مـن نووسـیومە. گوتـی: وامزانـی کـە رۆشـن خـان نووسـیوێتی، چۆنکـە نامیلکەکـەی بەهـۆی رۆشـن خانـەوە وەرگرتبـوو و خوێندبوویـەوە. دەمزانـی کـە پێوەندیـی هەیـە لەگـەڵ جەمـال عەبدولنـاسر و، لەگـەڵ گەلێـک لـە سـەرکردە عەرەبەکانـی دژ بـە رژێمـی عێـراق. تکامکردلێـی کـە لـەلای نـاسر باسـی کێشـەی کـورد بـکات. گوتـی: بەسـەرچاو، و گوتـی: "خۆشـم بەتەمـام لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیـەک کـە کوردیشـی تێدابـێ، بچینـە سـەردانی ـ دانەیەکیـش لـەم نامیلکەیـە دەبـەم بـۆی و بەدەسـتی خـۆم دەیدەمـێ". هـەر لـەو قسـانەدا؛ نێـوی راسـتیی خـۆم بـە عەزیـز شـەریف دا و، پێمگـوت" لـە بەغـدا بەهـۆی دووکانەکـەی (ئوستاد)بەشـیر موشـیرەوە دەتوانـرێ پێوەندیـی بکـرێ پێمـەوە بـۆ باشـتر باسـکردنی دۆزی کـورد، یـان بـۆ پرسـیار و وەرام لەوبارەیـەوە". دوایـی دەرکـەوت کـە عەزیـز شـەریف بەڵێنـی خـۆی بەجیهێنابـوو.

چەنـد رۆژێـک دوای ئـەوە؛ چـاوم بـە هـەژار موکریانـی کـەوت. هـەژار لـە تورپـا سـپییەوە هاتبـووە دیمەشـق. بەتەمابـوو بینێـرن بۆ"فێسـتیڤاڵی جیهانیـی لاوان و خوێنـدکاران" هـەژار لـە 1956ەوە لـە کەرکـووک و رێـی مووسـڵەوە ، بەنێوانکاریـی عەبدوڵـڵا شـەریفی نێوبـراو و، بـە یارمەتـی موحسـین توحەلـەی سـەرمایەداری گـەورەی مووسـڵ، بـە قاچـاخ رەوانـەی ماڵـی حاجۆئاغـا لـە تورپـا سـپی(رۆژاوای

کوردستـان) کرابـوو و، لـەوێ مایـەوە تاوەکـو کودەتـای قاسـم، ئەوجـا لەگـەڵ ئەورەحمانـی زەبیحـی و حەسـەنی قزڵجـی گەڕانـەوە بەغـدا.
راکردنـی هـەژار دووسـاڵێک لەوەبـەر لـە بەغـداوە بـۆ کەرکـووک؛ هۆیەکـەی ئەوەبـوو کـە حکوومەتـی عێـراق هەسـتی بـەوە کردبـوو کـە هـەژار لـە گەڕەکـی فـەزڵ "لـە بەغـدا" لـە سـتۆدیۆیەکی وێنەگریـدا کاردەکا. چیرۆکـە راستییەکەشـی ئەمـەی خوارەوەیـە کـە هـەژار لـە (چێشـتی مجێور)ەکەیـدا بەڕاسـتی باسـی نەکـردووە.
لـە پاییـزی 1954دا کـە هێشـتا لـە زانسـتگەی بەغـدا خوێنـدکار بـووم، رۆژێکیـان رەفیـق چـالاک(1923 ـ 1973/12/7) بـە هەڵـەداوان هـات بـۆ دووکانـی (ئوسـتاد) بەشـیر موشـیر و گوتـی کـە لە(فەرمانگـەی لێکۆڵینـەوەی تاوانـەکان- دائـرە التحقیقـات الجنائیـە)ەوە بانگیانکـردووە و؛ وێنەیەکیـان پێشـانداوە، کـە وێنـەی هـەژار بـووە (چۆنکـە رەفیـق هـەژاری بـاش دەناسـی) و گوتوویانـە ئەمـە کێیـە، دەیناسـیت؟ رەفیـق گوتوویەتـی: نایناسـم، کێیـە؟ گوتوویانـە ئەمـە هـەژارە، کوردێکـی ئێرانییـە، ئێـران ساڵانێکە بەدوایـدا دەگـەڕێ و ئێمەیـان (فەرمانگـەی لێکۆڵینـەوەی تاوانـەکان) ئـاگادار کـردووە لـەوەی لـە گەڕەکـی فـەزڵ لـە سـتۆدیۆیەکی وێنەگریـی کاردەکا، بـەڵام جـارێ دڵنیانیـن. رەفیـق، هـەر پـاش ئـەوە، یەکسـەر هاتبـوو بـۆ دووکانـی (ئوسـتاد) و کـە منـی لـەوێ دی، ئـەوەی گێڕایـەوە بـۆم، دەسـتبەجێ بەپەلـە چـووم بـۆ لای هـەژار لـە ستۆدیۆی(سـەباح) و پێمگـوت تـازووە راکـە و خـۆت بشـارەوە. ئەویـش دەسـتبەجێ لەبەرچـاوی خـۆم دووکانەکـەی داخسـت و رۆیـی. چووبـوو، جـەلال بێتووشـی و براکـەی لەمـە ئاگادارکردبـوو. پاشـان بـە یارمەتیـی پارتـی؛ رایکـردە کەرکـووک، کـە پۆلیـس هاتبوونـە دووکانەکـەی؛ هەژاریـان دەسـتنەکەوتبوو.
شـایانی باسـە، هـەژارم لـە سـاڵی 1952دا ناسـی بەهـۆی مـام جەلالـەوە؛ پـاش ئـەوەی هـەژار نووسـینەکانی منـی خوێندبـووەوە، ویسـتبووی ببینـێ، مـام جـەلال منـی بـرد بـۆ شـوێنی کارەکـەی کـە نێـوی خـۆی کردبـووە (عەزیـز قـادر)و، لـەوەوە ناسـیاویمان لەگەڵ یـەک زۆر خـۆش بـوو. هـەژار هۆزانێکـی هەڵکەوتـوو، قسـەخۆش و گاڵتەزانێکـی پلەیـەک بـوو. هـەژارم ناسـاند بـە ئوسـتاد (بەشـیر موشـیر) و بـە هێنـدەک لـەو دۆسـت و هاوڕێیانـەی کـە دەمزانـی نهێنـی نادرکێنـن و، کـە پێویستیشـی بـە یارمەتـی پارەبووایـە برایەتیـم دەکـرد. کـە لـە بەغداشـەوە چـوو بـۆ شـەقڵاوە بـۆ حەسـانەوە

و هاتنەوە سەرخۆ لە نەخۆشییەکەی کە سیل بوو، تاکەکەسێک کە یارمەتیدا و بردی بۆ وێستگەی شەمەندەفەری بەغدا و بەڕێیکرد ئەز بووم، کە ئەویش لە شەقڵاوەوە هەڵبەستێکی ناردبوو بۆم بۆ سوپاسبژێری ئەو هەڵوێستەم. بەڵام ئەو هەڵبەستەی لە دیوانەکەیدا چاپنەکردووە. دوکتۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ لە نامیلکەکەیدا(ئوستاد) هەڵبەستەکەی بەتەواوی تۆمارکردووە.

هەژار، چەند تایبەتکارێکی خراپی هەبوو. زۆر سپڵە و ناسوپاس و پێنەزان بوو. تادەم بڕبکا پارەپەرەست و پوولەکی بوو. کە بکەوتایە قسەکردن لەگەڵت، ئێدی هەرخۆت و خۆی، وەک مرۆڤی چاک دەمانەوە. تاکەکەسێک کە لەدژی قسەی نەکردبێ؛ رەنگە رەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی بێ. ئەوەش هۆی خۆی هەبوو. بەشێکی زۆری قسەکانی کە لە (چێشتی مجێور)دا نووسیونی دەستکردن، بە تایبەتی ئەوەی لەبارەی رەفیق چالاکەوە نووسیونی. چۆنکە، وەک لە سەرەوە باسمکرد؛ رەفیق بووە هۆی رزگارکردنی لەوەی رادەستبکرێتەوە بە ئێران، کەچی بە"سیخوڕ" لەقەڵەمیداوە.

رۆژێکیان بە ئاپۆ ئۆسمانم گوت، تکایە باپێکەوە بچین بۆ سەردانی خالید بەگداش کە کەسێکی بەنێوبانگە و دەڵێن کوردە و، دانەیەک لە نامیلکەکە (کفاح الاکراد) ببەین بۆی و هێندەک باسی کورد بکەین لەگەڵی. ئاپۆ ئۆسمان هیچ دەنگی نەکرد، بەڵام کەمێک مات بوو. نەمزانی کە پێشنیازەکەی منی بەدڵ نییە. تکاکەم دووبارە کردەوە. ئەوجا گوتی "باشە، بابچین". ماڵی خالید بەگداش لە تاخی کوردان بوو. کە چووین دوو پاسەوان لەبەر دەرگەکەی بە تفەنگەوە وەستابوون. وادیاربوو ئاپۆ ئۆسمانیان دەناسی و، بەکوردیی قسەیان کرد لەگەڵی. ئاپۆ ئۆسمان منی وەک"پسمام" (کوڕی مام، کە لەوێ، ئەو زاراوەیە باوە) پێناساندن و، گوتی"هاتووین دەمانەوێ سەرێکی هاوڕێ خالید بدەین". لەوکاتەدا منداڵەکەی خالید بەگداش لەبەر دەرگەکەدا یاریدەکرد. پاسەوانەکان بە عەرەبی پێیانگوت کە بچێ بەباوکی بێژێ، فیسار و فیسارەکەس هاتوون بە میوانی. پاش ماوەیەک منداڵەکە گەڕایەوە بۆلامان و گوتی"باوکم دەبێژێ لەماڵەوە نیم". پاسەوانەکان بەو قسەیە زۆر رەنگیان تێکچوو، گوتیان ئەوە منداڵە، دیارە هاوڕێ خالید لە ماڵ نییە. ئێمەش هەردووکمان پێکەنین و، ئاپۆ ئۆسمان

نامیلکەکـەی دایـە دەسـتیان کـە بیدەنـە دەسـت"هاوڕێ خالیـد"و گەڕاینـەوە. ئەوجـا ئاپـۆ ئۆسـمان گوتـی: تەماشـاکە؛ کـە تـۆ گوتـت بابچینـە لای خالیـد بەگـداش، ئەگـەر بمگوتایــە بانەچیــن، لەوانەبــوو وابزانیــت کــە ئــەز دووژمنایەتیــی خالیــد دەکــەم و نامـەوێ تـۆ ببینیـت". گوتـم: " ئاپـۆ هیـچ زیانێکـمان نەکـردووە. ئەزموونیـک بـوو کـردم". ئاپـۆ ئۆسـمان گوتـی: "کاکـۆ، ئـەو پیـاوە نایـەوێ خـۆی بـە کـوردەوە خەریـک بـکا، بـەڵام کـورد بەکاردەهێنـێ بـۆ پێشخسـتنی کاری خـۆی. لـە هەڵبژاردنەکانـدا هـەر بـە دەنگـی کـورد دەیباتـەوە". گوتـم: "سـوپاس. تێگەیشـتم".

خالیــد بەگــداش و حیزبەکــەی (پارتــی کۆمۆنیســتی ســووریا) لــەو ڕۆژانــدا، ڕۆژنامەیەکیـان دەردەکـرد بەنێـوی (النـور)ەوە، کـە ببـووە زمانڕەوشـی ناسـیۆنالیزمی عـەرەب و بیـری "یەکێتیـی عـەرەب"و ڕێبـازی ناسریـی. راسـتییەکەی، خالیـد پێیوابـوو، ئەگــەر میــسر و ســووریا یەکیانگــرت، ئــەوا نــاسر ڕێــدەدا بــەوەی کۆمۆنیســتەکانی میسریـش، وەک کۆمۆنیسـتەکانی سـووریا بـە ئازادیـی بکەونـە کار. بـەڵام کـە یەکێتیـی عەرەب(میـسر و سـووریا) لـە شـوباتی 1958دا پێکهـات، نـاسر حیزبـی کۆمۆنیسـتی سووریاشــی ڕێبەندکــرد. ئەوجــا خالیــد بەگــداش و کۆمۆنیســتەکانی عیراقیــش و پارتییەکانیــش، لــە ســەردەمی قاســمدا، بوونــە دووژمنتریــن بــەرە بەرامبــەر نــاسر و یەکێتیــی عــەرەب و کەوتنــە جنێــودان پێــی و، کردنــی بــە نۆکــەری ئەمریــکا و، گەلێـک سـووکایەتیانکرد پێـی. ئەویش"لەجێـی سـندان قوزەڵقورتـی گوتـەوە پێیـان". پارتییەکانیــش زاتییــان پەیــدا کــرد و کەوتنــە باســی"کوردە بندەســتەکانی ســووریا". درێـژەی ئـەم باسـەش لـە نامیلکـەی (کـورد و یەکێتیـی عـەرەب)، بڵاوکـراوەی کاژیـک سـاڵی1961 لـە کوردسـتان و، چاپکردنـەوەی لـە ئەورووپـا سـاڵی1968 دا هەیـە. (ئـەم نامیلکەیــە بــە کوردیــش و بــە عەرەبیــش بڵاوکرایــەوە).

## جارەکی دی چوومەوە لوبنان

پــاش چەنــد ڕۆژێــک، جارەکــی دی چوومــەوە لوبنــان، بــەڵام ئەمجــارە بەتەنــێ و بــە تایبەتــی بــۆ ســەردانی یۆســف مەلــەک، کــە نێونیشــانەکەیم لــە ڕۆشــن خــان وەرگرتبـوو، چەنـد ژمارەیەکـی ڕۆژنامەکەشـیم هـەر لـەلای ڕۆشـن خـان دیتبـوو. دوو



یوسف مەلەك

ساڵیش لەوەبەر، لە بەغدا نامیلکەیەکم لەلای (ئوستاد) بەشیر موشیر دیتبوو، کە یۆسف مەلەک بە عەرەبی لەبارەی کوردستانەوە نووسیبووی. یۆسف مەلەک؛ رۆشنبیرێکی ئاشووری و رۆژنامەوانێکی لوبنانی بوو. عەرەبی و ئینگلیزی بەباشی دەزانی. باوەڕی وابوو؛ تاوەکو کوردستان سەربەخۆ نەبێ، ئاشوورییەکان ناگەنە هیچ مافێک و لەوانەشە لەنێوبچن، یان ببنە کۆچەر و رووبکەنە ئەورووپا و ئەمریکا. یۆسف مەلەک لە بێرووت هەفتەنامەیەکی دەردەکرد بەنێوی (الوجدان)ەوە، بەشێکی بۆ باسی کێشەی کورد و، بەشەکەی دیکەشی بۆ بەرگریکردن لە مافی یۆنانییەکانی قوبرس، کە ئەو دەمە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکرابوو و، "ماوماو"ەکان، وەک پێشمەرگە، بۆ سەربەخۆیی قوبرس چالاکییان دەنواند. کە چووم بۆ ماڵەکەی لە بێرووت، بەگەرمی بەخێرهاتنمی کرد و، گوتی رۆشن خان بە تەلەفۆن ئاگاداریکردووە کە دەچم بۆ لای و، نامیلکەکەشمی خوێندبووەوە و زۆر بەدڵی بوو. یۆسف مەلەک کەوتبووە تەمەنەوە، بەڵام خاوەنورە و وزەدار هاتەبەر چاوم. لە قسەکردندا لەگەڵی، بۆمدەرکەوت، کە زۆر دژی رامیاریی ئینگلیزەکان بوو بەرامبەر بە کورد، دەیگوت "ئەوی پشت

بــە ئینگلیــز ببەســتێ پشتیدەشــکێ". ئــەو بەیەکگەیشــتنەمان کــە هەمــووی چەنــد دەمژمیرێــک درێژەیکێشــا، بــووە هــۆی دروســتبوونی دۆســتایەتییەکی خــۆش لەنێوانمانــدا. کــە گەڕامــەوە عێــراق، چەنــد جارێــک، بەهــۆی کچێکــی ئاشــوورییەوە کــە لــە گەڕەکــی بەتاوینــی بەغــدا کاری بەرگدرووێتــی دەکــرد و خزمایەتیــی لەگــەڵ یۆســف مەلــەک هەبــوو، پــارەم دەنــارد بــۆی؛ چۆنکــە پارەنــاردن لــە عێراقــەوە بــۆ دەرەوە لەڕێــی بانکــەوە؛ چاودێرییەکــی توونددوتۆڵــی لەســەر بــوو، لەبەرئــەوە دەبــوو بەدەســت ببرێ. ســەیر ئەوەیــە ئــەو کچــە کــە خــۆی ئاشــووری بــوو، بیــروڕای بەرامبــەر بــە ئاشــوورییەکان بــاش نەبــوو، دەیگوت"کــردەوەی خــراپ و نزمانــە دەنوێنــن و لــە رامیاریشــدا زۆر نەزانــن، پــاش ئــەو هەمــوو خراپەیــەی کــە ئینگلیــزەکان پێیانکــردوون، ئێســتەش ئینگلیــزەکان بــە هەڤاڵعیســاکان(حواریون) دەزانــن". هــەر جارێکیــش پــارەم بناردایــە بــۆ یۆســف مەلــەک، بــە نامــە لــە گەیشــتنی "پارەکــە" منــی ئاگاداردەکــرد. پــاش ماوەیــەک وازی لە(الوجــدان) هێنــا و، رۆژنامەیەکــی دیکــەی بەنێــوی (الحریــە)وە دەرکــرد کــە گەلێــک بابەتــی زۆر گرنگــی لەبــارەی کــورد و کوردســتانەوە بــە عەرەبــی و ئینگلیــزی تێــدا بڵاوکرانــەوە. هــەر ئــەو رۆژەش کــە لــە بێــرووت چاومانبەیەککــەوت، هێنــدەک دەنگوباســم داپێــی لەبــارەی باشــووری کوردســتانەوە، وەک ئــەوەی کــە "پارتــی دێمۆکراتــی کــورد" بــووە بــە "پارتــی دێمۆکراتــی یەکگرتــووی کوردســتان" وچالاکیــی کورد لــە عێــراق لــە پەرەســەندندایە و، ڤەژیــری نێوخــۆی عێــراق؛ ســەعید قــەزاز کــە کــوردە، کابرایەکــی تۆرانــی کــە نێــوی عومــەر عەلــی یــە، کــردووە بــە ستاندار(متەســەریف) ی ســلێمانی کــە خەڵــک زۆر تــوورە و بێــزارن لێــی. چەنــد رۆژێــک پــاش گەڕانــەوەم لــە بێرووتــەوە بــۆ دیمەشــق، (الوجــدان) هــات بــۆ رۆشــن خــان و، ئــەو دەنگوباســانەی تێدابــوون.

رۆژێکیــان لەگــەڵ ئاپــۆ ئۆســمان بەڕێــوە بوویــن بــەرەو ماڵــی رۆشــن خــان. کوڕێکــی گەنــج بــە لامانــدا تێپــەڕی و ســڵاوی لــە ئاپــۆ ئۆســمان کــرد. ئاپــۆ ئۆســمانیش منــی پێناســاند. کــە لێــم پرســی نێــوت چییــە؟ گوتی:(حەننــان)، گوتم:"حەننانــی کــێ؟" گوتــی: "مەننــان". حەننانــی کــوڕی مەننــان؛ پرســیاریکرد لێمان کــە دەچیــن بــۆ کــوێ. منیــش هــەروا بــە ســادەیی گوتــم دەچیــن بــۆلای رۆشــن خــان. کوڕەکــە گوتی:"ئــەز ژی تێــم". کــە ئــەوەی گــوت؛ ئاپــۆ ئۆســمان رەنگــی تێکچــوو. نەمزانــی چییــە، بــەڵام



رۆشن بەدرخان و جەمشیدی کوڕی

هەستمکرد بەوەی هەڵەیەکم کردووە کە تێپەڕیوە. کە چووینە ماڵی رۆشن خان، جەمشیدی کوڕی و سینەمی کچی لەوێبوون. سینەم کچێکی دەوروبەری 16ـ 17 ساڵان بوو، وریا، رووخۆش، هێمن. جەمشیدیش کوڕێکی گەنجی ژیرەک، بەتۆرە(ئەدەب)، بەڵام زۆر تووڕە. هەر چاوی بە کوڕەکە کەوت؛ دەستیکرد بە قیژاندن بە سەریدا و، زۆری نەمابوو، پەلاماری کوڕەکەبدا. رۆشن خان دەستبەجێ فریاکەوت و بە جەمشیدی گوت: "بۆ دەرەوە دەی"، جەمشیدی لە ماڵ کردە دەرێ ـ لەو کاتەدا سینەم دەچوو بۆ ناندینەکە چایی بهێنێ بۆمان، ئەز ژی چووم بەدوایدا بۆ ئەوێ و لێمپرسی : ئەرێ ئەوە چییە؟سینەم گوتی:"ئەو کوڕە گەلێک قسەی گەمار(پیس)ی بەدایکم گوتووە کە دایکم ژنێکی رەوشتنزمە و .... هتد و ئێستەش پاش ئەو هەموو قسانە هاتووەتە ماڵمان". گوتم:" ببوورە. بەڕاستی نەمزانی. ئەوە گوناهی من بوو کە گوتم دەچین بۆ ماڵی رۆشن خان". هەر ئەوەم گوت و چوومە تەنیشت کوڕەکە و بە گوێمدا چرپاند کە هەستێ و لەگەڵم بێ، دەمەوێ قسەیەک بکەم لەگەڵی و، بردم تا دەمی دەرگەی ماڵەکە و گوتم:" کاکۆ خۆت دەزانیت چت کردووە، تکایە ئەم ماڵە بەجێبهێڵە". کوڕەکە



سینەم بەدرخان و هاوژینی و دوو لە خزمەکانی

دەنگـی نەکـرد و ڕۆیـی. ئەوجـا داوای لێبووردنـم لـە ڕۆشـن خـان کـرد، بـەڵام وێ گـۆت: ”هیـچ خەمنـاکا. ئـەو کـوڕە پـاش ئـەو قسـانە کـە هاتووەتـە ماڵـم، مانـای وایـە دەبێـژێ درۆیکـردووە و بوختانیکـردووە. ئـەوە بەسـە“. گوتـم ”زۆر سـوپاس کـە ئـەو هەڵوێسـتە دایکانەیـەت هەبـوو“. گوتـی: ئـەوە ئاشـکرایە، ئەگـەر وانەبووایـە؛ ڕۆشـن نەدەبـووم، جەمشـید دەبـووم. جەمشـید هێشـتا زارۆکـە و دڵـی نازکـە“.

ڕۆژێکیـان لەگـەڵ ئاپـۆ ئۆسـمان لـە هۆتێلەکـە دانیشـتبووم، حەبیـب محەممـەد کەریـم فەیلـی، کـە لـەو سـەردەمەدا ئەندامـی لیژنـەی بەغـدای پارتـی بـوو؛ خـۆی کـرد بـە ژووردا بۆلامـان و گوتـی؛ دەیـەوێ وەک نێـردەی کـورد لـە” فێسـتیڤاڵی لاوان و خوێندکارەکانـی جیهـان“دا بەشـداریبکا و، پێویسـتی بـە پارەیـە. لـەو سـەردەمەدا،

وەک لەوەبــەر گوتــم، بــەرەی ســۆڤیت بــە ســەرۆکایەتیی خروشــۆڤ پرۆپاگەنــدەی پێکەوەژیانــی "سۆســیالیزم و ســەرمایەداریی بــە ئاشــتی"دەکرد و، هەمــوو ســاڵێک ئاهەنگێکــی گــەورەی لــە وڵاتێکــی ئەوروپــای رۆژهــەڵات، یــان مۆســکۆ ســازدەکرد و، پارتــە کۆمۆنیســتەکانیش، شــاندیان دەنــارد بــۆ ئــەو ئاهەنگــە. پارتــی کۆمۆنیســتی عێراقیــش، پــاش گەلێــک دەمەدەمــێ و بــە نابەدڵــی، یــەک دوو ئەندامــی پارتیشــی دەخســتنە نــاو شــاندەکەوە، چۆنکــە ســۆڤێت دانــی بــە پارتــی دا نەدەنــا، ئەگەرچــی پارتــی گەلێــک پــتر و خەســتتر لــە کۆمۆنیســتەکان مۆســکۆ پەرســتتر بــوو. کــە حەبیــب ئەوەیگــوت؛ ئاپــۆ ئۆســمان بــەو بەلەنگازییــەی خۆیــەوە، ویســتی، هەرچییــەک لــە کیســەپارەکەیدا هەبــوو، کــە شــتێکی کەمیــش بــوو، بیداتــێ. دەســتمگرت و نەمهێشــت و، خــۆم هێنــدەک پــارەم بەخشــی بــە حەبیــب، بــەڵام حەبیــب، دوایــی نەچــوو بــۆ ئــەو ئاهەنگــە.

ئاپــۆ ئۆســمان، هەرچەنــدە لەبــارەی داراییــەوە رەوشــی بــاش نەبــوو، بــەڵام بەرچاوتێــر و ســەربڵند و هەســتبەرزبوو. دەســتی لەکــەس پاننەدەکــردەوە. خــۆی و خێزانــی، لــە تاکــە یــەک ژووردا دەژیــان. هۆشــەنگی کــوڕی لــەو ســەردەمەدا تەمەنــی 8 ـ 9 ســاڵێک دەبــوو. لەبەرئــەوە، شــەوانە هۆشــەنگی دەنــاردەوە بــۆ ماڵــی خوشــکە بــە مێردەکــەی بــۆ نووســتن؛ چۆنکــە ماڵــی خوشــکەکەی ژوورێکــی زێدەیــان هەبــوو. ئاپــۆ ئۆســمان، هۆشــەنگی بــە گیانــی نیشــتمانپەروەریی کوردســتانیانە پێگەهانــد. هۆشــەنگ کــوڕی باوکــی خۆیەتــی.

رۆژێکیــان لــە دیمەشــق، لەگــەڵ ئاپــۆ ئۆســمان بــە باخێکــدا پیاســەماندەکرد، شــوێنێکی خــۆش بــوو، چەنــد کەســێکی دیکەشــمان لەگــەڵ بــوون، بەڕێکــەوت ســەوزاییەک لــە نێزیکمانەوەبــوو، چەنــد کەرێــک لــەوێ دەلــەوەڕان. یەکێکــمان گوتــی؛ باوێنەیــەک پێکــەوە بگریــن؛ منیــش گوتم؛"دەبــا ئــەو کەرانــەش لەوێنەکــەدا دەربچــن". ئاپــۆ گوتــی: "هەتــا ئێســتە لەگــەڵ ســەرۆکی عــەرەب وێنــەی خــۆم نەگرتــووە، ئێســتە بچــم لەگــەڵ کــەری عــەرەب وێنــەی خــۆم بگــرم"؟ زۆر پێکەنیــن.


لــە دیمەشــق وێنەیەکــی خــۆم لــە ســتۆدیۆیەک گــرت بــۆ یــادگار و، دانەیەکیشــم بــە دیــاری دا بــە ئاپــۆ ئۆســمان. پەنجــا ســاڵ دوای ئــەوە، هۆشــەنگ کۆپییەکــی ئــەو وێنەیــەی خۆمــی دایــەوە پێــم و گوتــی:" ئاپــۆ ئۆســمان تاوەکــو مــردن، ئــەم وێنەیــەی




د.عێزەدین مستەفا رەسووڵ


تـۆی پاراسـت، بـەڵام ئـەوە ئێسـتە بـووە بـە میراتـی باوکـم بـۆ مـن. هـەر کۆپییەکـت دەدەمـێ". راسـتییەکەی نێوانمـان لەگـەڵ ئاپـۆ ئۆسـمان هێنـدە خـۆش بـوو، کـە گەڕامـەوە عێـراق، بەنامـە یەکدیـمان یاددەکـردەوە. پـاش کودەتاکـەی قاسـم کـە بیرخـەرەوەی مامۆسـتایانی کـوردم لـە رادیـۆی بەغـدا خوێنـدەوە کـە لـە وتـاری (بەشـی کـوردی زانسـتگەی بەغـدا لـە 1959دا چـۆن دامـەزرا؛ بەبۆنـەی ئاهەنگـی پەنجـا ساڵەی بەشـی کـوردی لـە زانسـتگەی بەغـدا، پاشـکۆی (رووداو) ژ86، 2009/11/16 دا باسـمکردووە)، ئاپـۆ ئۆسـمان نامەیەکـی ناردبـوو بـۆم و، گوتبـووی دەنگـە خۆشـەکەتم لـە رادیـۆدا بیسـت، هیـوادارم داخوازییـە رەواکانتـان سـەربگرن.

رۆژێکیـان زەبیحـی گوتـی: " بادانەیـەک لـە نامیلکەکە(کفـاح الاکـراد) ببەیـن بـۆ سـەفیری سـۆڤێت لـە دیمەشـق و باسـی کێشـەی کـورد بکەیـن لەگەڵـی، بـەڵام توخـوا تکایـە بـا ئـەو عێزەدین(مسـتەفا رەسـووڵ)ە نەزانـێ". زەبیحـی زۆر رکـی لـە عێزەدیـن بـوو، گەلێـک جنێـوی دەداپێـی و دەیگوت"جەنـاب دڕندەیەکـی خراپـە"، عێزەدینیـش درێغـی نەدەکـرد لێـی. بـە پـرس سـەفارەتخانەی سـۆڤێتمان دۆزییـەوە کـە ئـەو دەمـە لەگـەڵ سـووریا نێوانیـان خـۆش بـوو، گەلێـک چەکـی پێشـکەوتووی دابـووە سـووریا و، تەنانـەت لـەو ماوەیـەدا کـە لـەوێ بـووم، شـەوێکیان چوونـەدەرەوەی خەڵکیـان



د.جەمشید حەیدەری

ڕێبەندکردو، چەکە دژەفڕۆکەکانیان تاقیکردەوە. کە چووینە سەفارەتخانە؛ وایانزانی بۆ ڤیزە وەرگرتن هاتووین، زەبیحی کە چەند وشەیەک فەرەنسی دەزانی، گوتی "کوردین و پەرتۆکێکمان هێناوە بۆ سەفیر". لەڕێگەشدا بۆ ئەوێ، هێندەک شیرانی و خواردنەوەم کڕی، کە وەک دیاری بیدەم بە سەفیر. گوتیان:"سەفیر سەفەری کردووە"، بەڵام"لێپرسراوی رۆشنبیری" کە عەرەبییەکی باشی دەزانی پێشوازیکرد لێمان و دیارییەکە و نامیلکەکەی بە سوپاسەوە وەرگرت و گوتی: دەینێرم بۆ (نامەخانەی لێنین) لە مۆسکۆ. قسەکەشی راستدەرچوو. پاش هەرەسهێنانی رژێمی سۆڤێت و فەرهودکردنی نامەخانەکە و سووتاندن و دڕاندنی هەزاران پەرتۆک لەلایەن کەسانی مێشکپووت و گورگخووەوە، د.جەمشید حەیدەری کە ئەو دەمە بۆ خوێندن لە مۆسکۆ دەژیا، هەلهەڵکەوتبوو بۆی، هێندەک لەو پەرتۆکە کەمدەستکەوتانەی کە سەر بە کوردن، لە نەمان رزگارکردبوو، یەکێک لەوانە (کفاح الاکراد)بوو کە لە چاکەی خۆی ناردبووی بۆم، دوالاپەڕەی نامیلکەکە دڕێندرابوو. لێرەدا وێنەیەکی بەرگەکە و پێشکێشییەکەی ئەو نامیلکەیە بەرچاو دەکەون. نازانم، ئەورۆ دانەیەک لەو پەرتۆکە دەستدەکەوێ یان نا؟ ئەگەر کەسێک دانەیەکی لاهەبێ پێمبفرۆشێ زۆر سوپاسی دەکەم. پاش



ڕەفیق حیلمی

مـاوەی مانگێـک پتر،سـەفەرەکەم بـۆ سـووریا و لوبنـان بـەرەو تەواوبـوون دەچـوو. چۆنکە لـە9 ی ئەیلوولـدا قوتابخانـەکان دەکرانـەوە و، ئـەز ژی پێویسـت بـوو بگەمـەوە کەرکـووک. هێشـتا چەنـد ڕۆژێکـی مابـوو کـە کەوتمـەڕێ. نامیلکەکـە، چۆنکـە بـە قـەوارەی گیرفـان چاپکرابـوو، دوودانـەم، هـەر یەکـەی لەنێـو تاکێکـی پێڵاوەکەمـدا بـە نوشـتاوەیی و لەژێـر بـەری پێمـدا لەگـەڵ یـەک دانـە هەفتەنامـەی (الوجـدان) بردنـەوە بـۆ عێـراق. دانەیەکـی نامیلکەکـەم دا بـە مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی کـە نێـوی لـە نامیلکەکـەدا وەک پـەروەردەکار و ڕامیـار و دامەزرێنـەری (حیزبـی هیـوا) هاتبـوو. کـە گەیشـتمەوە بەغـدا، لـە دووکانـی (ئوسـتاد) بەشـیر موشـیر لەنێـو کـورددا دەنـگ بڵاوببـووەوە، کـە کابرایەکـی سـەر بەحکوومـەت گوتوویەتـی؛ نامیلکەیـەک لـە لوبنـان چاپکـراوە و دانەیەکـی نێـردراوە بـۆ سـەعید قـەزاز و، نامیلکەکـە لـە دژی عێراقـە و بـە دڵـی جەمـال عەبدولنـاسری "ئاژاوەگێـڕ" نـووسراوە. ئەحمـەدی عەزیزئاغـا (باوکـی نـەژادی کۆنـە مۆسـکۆڤیچ کـە دوایـی بووبـە "پارتـی")، پیـاوی سـەعید قـەزاز بـوو، لـە دووکانـی (ئوسـتاد) و لەبەردەمـی خەڵـک و خۆمـدا گوتـی: " سـەعیدبەگ(قەزاز)دەڵێ ئـەو نامیلکەیـە، یـان ڕەفیـق حیلمـی خـۆی نووسـیوێتی، یـان بـە فیتـی وی نـووسراوە. ئـەم کابرایـە (ڕەفیـق حیلمـی) ڕەحـەت دانانیشـێ، هـەر خەریکـی ئاژاوەنانەوەیـە".

بـە دزییـەوە (ئوستاد)بەشـیر موشـیرم تێگەیانـد کـە مـن نووسـیومە و پێمگـوت کـە ئەویـش تکایـە کارێـک بـکا سـەر لـە دارودەسـتەی حکوومـەت تێکبـدا و، بڵـێ کوردێـک کـە لـە زانسـتگەی ئەزهـەری میـسر دەرچـووە نووسـیوێتی. بەڕەحمەتبـێ نەجمەدیـن عەونی(بـرای محەممـەد عەلـی عەونـی و مامـی دوڕرییـە خـان) کـە وەڵاتینامـەی میـسری هەبـوو، لـە بەغـدا وەک هەندازیـار کاریدەکـرد و زۆر ناسرابـوو، گوتـم، لـە مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی ئـەو نامیلکەیـە وەربگـرە و بزانـە کـە مـن نووسـیومە، بـەڵام تکایـە تۆیـش هـەروەک (ئوسـتاد) بڵـێ لـە میـسر نـووسراوە و، لـە لوبنـان چاپکـراوە، قسـەی تـۆ زۆرتـر دەچێتـە دڵـەوە، چۆنکـە خـۆت کوردێکـی ناسراویـت و وڵاتینامـەی میـسرت هەیـە. نێوانـم لەگـەڵ نەجمەدیـن عەونـی زۆر خـۆش بـوو. ئەویـش نێوانـی لەگـەڵ بنەماڵـەی بەدرخـان و گەلێـک لـە کوردانـی سـووریا و ئەوروپـا خـۆش بـوو. کـە چوومـەوە سـلێمانی بـۆ چەنـد ڕۆژێکـی کـەم، دانەکـەی دیکـەم دا بـە هاوڕێـی منداڵـی و قوتابخانـەم شـێخ ئەحمـەد نەقیـب. ئەحمـەد، سـاڵانێکیش دوای ئـەوە دەیگوت"بـە نامیلکەکـەی تـۆ ئەندامـمان بـۆ پارتـی پەیـدا دەکـرد". هاوڕێیەتیـم لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد بـووە هـۆی ئـەوەی پێشـنیازی ئـەوە بـکا؛ پێکـەوە سـەردانێکی شـێخ مەحمـوود بکەیـن لـە گونـدی داریکەلـی کـە سـاڵانی سـاڵ بـوو دەستبەسـەر کرابـوو لـەوێ. بەختـم هێنـای و ماوەیەکـی کـورت، بـەر لـەوەی شـێخ مەحمـوود، بەشـێوەیەکی چاوەڕواننەکـراو کۆچیدواییبـکا، چووینـە سـەردانی (لەوبارەشـەوە وتارێکـم نووسـیوە لەژێـر ئـەم سەرنێوەدا:"پاشـنیوەڕۆیەک لـە خزمـەت کۆنەشـای کوردسـتان شـێخ مەحمـوودی نەمـردا" ـ سـەرچاوەکانی پێشـوو).

ڕۆژێکیـان لـە کەرکـووک لـە مانگـی ئۆکتۆبـەردا، بەیانییەکـی زوو، کـە لـە ماڵـەوە دەچـووم بـۆ قوتابخانـە، گوێـم لـە هەواڵـی رادیۆیەکـی عەرەبـی بـوو کە لـە دووکانێکـدا بەدەنگێکـی بـەرز کرابـووەوە و، باسـی شـەڕوپەلاماردانی دەکـرد بـۆ سـەر میـسر. کـە چوومـە قوتابخانـە، مامۆسـتاکان گوتیـان؛ بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئیسرائیـل پێکـەوە پەلامـاری میسریـان داوە لـە تۆڵەکردنـەوەی ئـەوەدا کـە نـاسر کەنـداوی سوێسـی کـردووە بەهیخۆیی(موڵـک)ی میـسر، دوایـی دەرکـەوت بـۆم کـە جەمـال عەبدولنـاسر سـەرکردەیەتیی (بەربەرەکانیـی گەلێر-المقاومـە الشـعبیة) دەکا دژی دەسـتدرێژکەر و، لـە رادیـۆدا گوێملێبـوو گوتی:هـل نستسـلم؟-ئایا خۆمـان بدەیـن بەدەسـتەوە؟ لا،

لـــن نستســلم. ســنقاتل، ســنقاتل -نەخێــر، دەجەنگیــن، دەجەنگیــن...). دەســتدرێژیی ئــەم ســێ دەوڵەتــە بــۆ ســەر میــسر، منــی زۆر بێــزار و خەفەتبارکــرد و لەنێــو مامۆســتاکان و قوتابییــەکان و خەڵکــدا و بــە ئاشــکرا لــە دژی ئــەو پەلامــارە ناڕەوایــە کەوتمــە قســەکردن، کەدوایــی بــووە یەکێــک لــە هۆیەکانــی رەهەندەکردنــم بــە "فەرمانــی بەڕێوەبەرێتــی" لــە کەرکووکــەوە بــۆ زوبێر(بــەسرە) کــە باســی ئەمــەم لــە پێشگۆتنی"وشــەنامەکی ئیتیمۆلۆژیــای زمانــی کــوردی"دا کــردووە، (تەماشــای ماڵپــەڕی www.kncsite.com، هەروەهــا ماڵپــەڕی هەفتەنامــەی (میدیــا) و ماڵپــەڕی www.kurdbun.com، بکــە). شــایەنی باســە، ئــەم ســێدەوڵەتە دەســتدرێژکەرە، لــە ئەنجامــی نەگونجانــی بەرژەوەندییــان لەگــەڵ ســۆڤێت و ئەمەریــکا، پاشەکشــەیان کــرد و سەرشــۆڕیی مایــەوە بۆیــان. لــە بەهــاری 1957دا؛ کــە هێشــتا لــە کەرکــووک بــووم، نامەیــەک لــە (ئوســتاد)ەوە هــات بــۆم بــۆ چــاک و چۆنــی و، لەنێــو ســڵاوی دۆســتان و ناســیاواندا، باســی ئــەوەش کرابــوو کــە "مامــی دوڕڕییــە" (مەبەســت لــە نەجمەدیــن عەونی)بــوو، زۆر حــەز بەبینینــم دەکا. لــەوە تێگەیشــتم کــە شــتێک هەیــە، چۆنکــە لەوەپێــش لــە بــارەی نامیلکەکەمــەوە قســەمکردبوو لەگەڵــی و، دەمزانــی کــە نەجمەدیــن لــە ســەفارەتخانەی میــسر ناســیاوی هــەن. چــووم بــۆ بەغــدا و چــاوم بــە نەجمەدیــن عەونــی کــەوت. گوتی"چــاوی بــە ســەفیری میــسر کەوتــووە و ســەفیر پێیگوتــووە کــە ســەرۆک نــاسر لــە چەنــد لایەکــەوە نامیلکەکــەی پێگەیشــتووە و، پێیراگەیێنــدراوە کــە ئــەو کەســەی نووســیوێتی کێیــە و، تۆیش(نەجمەدین)خــۆت کوردیــت و پێوەندیــت بــە کوردەکانــەوە هەیــە و، دیــارە نووســەری نامیلکەکــە کــە نێــوی ئەمەیــە دەناســیت و، تکایــە بێژەپێــی؛ ئایــا ئامادەیــە چاوێکــی بکــەوێ پێــم. ئەگــەر رازیبــوو، ئــەوا لەگــەڵ خــۆت بیهێنــە ئێــرە و، کارێــک بکــە کــەس پێنەزانــێ". کــە نەجمەدیــن ئەمــەی گــوت، گوتــم:" ســەفیر دەیــەوێ لــەو چاوپێکەوتنــەدا باســی چیبکەیــن". گوتــی: "نازانــم، چۆنکــە ئــەو نەیدەزانــی کــە دەتــەوی چــاوت پێببکــەوێ و، منیش(نەجمەدیــن) پرســیارمنەکردلێی، بــەڵام، دیــارە لەبــارەی نامیلکەکەوەیــە". گوتــم رازیــم بچــم بــۆ لای، بــەڵام چــۆن؟ گوتــی: "دەبــێ کاتێك دابنێیــن کــە بــۆ هەرســێکمان دەســتبدا. ئــەو دەمــە تــۆ دێیــت بۆ مــاڵ بــۆ لام، دەرگــەی پشــتی گەراجــی ئۆتۆمۆبیلەکەم لەســەر حەوشــی ماڵەکەمــە و لەنێــو حەوشــەکەوە دەچیتــە نێــو گەراجەکــەوە

و سـواری ئۆتۆمۆبیلەکـە دەبیـت و جلـک و چاویلکـەت بەجۆرێـک دەگۆڕیـن کـە نەناسرێیتـەوە و لەوێـش بەپەلـە دادەبەزیـن، هەمـوو کاتێکیـش چاودێـر لەبـەر دەرگـەی سـەفارەتدا نیـن. خەڵکێکـی زۆریـش دەچـن داوای ڤیـزە دەکـەن بـۆ سـەفەر بـۆ میـسر. واشـمەزانە ئەوانـەی سیخوڕیی بـۆ ئـەم عێراقـە دەکـەن زۆر بەوەفابـن بـۆی، سـیخوڕ وەفـای بـۆ کـەس نییـە". بـە کورتـی؛ لەگـەڵ نەجمەدیـن چـووم بـۆ لای سـەفیر. سـەفیر زۆر بەگەرمـی بەپیرمـەوە هـات و پـاش چـاک و چۆنـی، نەجمەدیـن عەونـی گەلێـک بەباشـی منـی بەسـەفیر ناسـاند. ئەوجـا سـەفیر بـە ڕوویەکـی خۆشـەوە گوتـی:" سـەرۆک نووسـینەکەتی زۆر بـە دڵـەو سـڵاو دەکا لێـت و زۆر پێیخۆشـە کـە نەوەکانـی سەرگەورەمان(قائدنا)سـەلاحەدین ئەییووبیـی، ڕۆڵـی باپیـرە گەورەیـان بگێڕنـەوەو، بەربەرەکانێـی داگیرکەرانـی ئەورووپایـی ئـەم ڕۆژهەڵاتـە بندەسـتە بکـەن و، حەزیـش دەکا بزانـێ داخوازیـی بـرا کوردەکانمـان لـە شـۆڕش و بزووتنـەوەی پێشـکەوتنخوازانەی عـەرەب چییـە؛ تاکـو هاوکارییەکـی ڕێکوپێـک لـە نێوانـی عـەرەب و کـورددا دروسـتببێ". منیـش، پـاش سوپاسـکردن و، باسـێکی بزووتنـەوەی ئازادیخوازانـەی کوردایەتـی و، ڕۆڵـی دەوڵەتەگەورەکانـی ڕۆژئـاوا، بەتایبەتـی بەریتانیـا و فەرەنسـا، لـە دابەشـکردنی کوردسـتاندا و، بێبەشـکردنی کـورد لـە دەوڵەتـی سـەربەخۆی خـۆی، گوتـم سـەربەخۆیی کوردسـتان هیـچ زیانێـک ناگەیێنـێ بـە عـەرەب، بەڵکـو دەبێتـە پشـتگیر و پەنـای عـەرەب". سـەرنجم دا، لـە کاتـی قسـەکردنمدا، سـەفیر چـاوی بڕیبـووە چـاوم و، زۆر بـە هۆشـیارییەوە گوێـی لـە قسـەکانم دەگـرت، بـێ ئـەوەی پێمببـڕێ. کـە هاتەقسـە گوتـی:" بـۆ نەهێشـتنی ئـەم بارودۆخـە ناخۆشـەی کـە خـۆی بەسـەر عـەرەب و کـوردا سـەپاندووە، هاوکاریـی هـەردوو گەلەکـە پێویسـتە، بـەڵام وەک دەسـتپێکی ئـەو هاوکارییـە، دەبـێ بزانـرێ برایانـی کـورد داخوازییـان، وەک هەنـگاوی یەکـەم چییـە". لەوەرامـدا گوتـم:" ئـەز بەتەنـێ نیـم و، ناتوانـم لەخۆمـەوە قسـە بکـەم، دەبـێ پـرس بـە هاوبیرانـم بکـەم، چۆنکـە کـە مامۆسـتا نەجمەدیـن داوایکـرد لێـم لـە کوردسـتانەوە بێـم بـۆ بەغـدا، نەمزانـی بـۆ ئـەم بەیەکگەیشـتنەیە، تاوەکـو پرسـێک بـە هاوبیرانـم بکـەم، لەبەرئـەوە تـکای دەرفەتێـک دەکـەم تاوەکـو بچمـەوە کوردسـتان و، کـە جارێکـی دی هاتمـەوە، چاوەڕوانیـی خۆمـان لـە سـەرۆک عەبدولناسـر و بزووتنـەوەی عەرەبایەتـی بـە سـەرۆکایەتیی عەبدولناسـر، بەبەڕێزتـان دەگەیێنـم". گوتـی:" زۆر



ئەحمەد هەردی

زۆر باشـە“ و، دۆسـتانە هەردووکمانـی بەڕێکـرد. لەگەڕانەوەمـدا بـۆ کوردسـتان، زۆر بەپەلـە لەگـەڵ ئـەو برادەرانـەی ببووینـە هاوبیـری یـەک و رەخنەمـان لـە سیاسـەتی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا دەگـرت و، سۆسـیالیزممان بـە ئـازادی و یەکسـانیی مـرۆڤ دەزانـی، نـەک بـە دیکتاتۆرێتیـی پرۆلیتاریـا؛ بـێ ئـەوەی هیـچ پێوەندییەکـی حیزبایەتـی هەبـێ لەنێوانمانـدا، باسـێکی ئـەم چاوپێکەوتنـەم کـرد. یەکێـک لەوانـە مامۆسـتا فایـەق عـارف بـوو کـە ئێسـتە لـە ژیانـدا مـاوە، تەمەنـی درێژبـێ. خـۆم زۆر حـەزم بـەوە دەکـرد کـە یەکێـک لـە داخوازییەکانمـان دانانـی بەرنامەیەکـی رۆژانەبـێ بـە زمانـی کـوردی لـە رادیـۆی قاهیـرەدا کـە هەموویـان پێیانبـاش بـوو، مامۆسـتا ئەحمـەد هـەردی نەبـێ، کـە دەیگـوت:“ ئـەو رادیۆیـە چ سـووتێک بـە کـورد دەگەیێنـێ کـە ئـەو باسـی سیاسـەتی دەرەوەی خـۆی بـکا بـە زمانـی کـوردی، خـۆ ئینگلیزەکانیـش کاتـی خـۆی لـە حەیفا(رادیـۆی کوردسـتان)یان دانابـوو کـە کاریـان بـە کـورد نەمـا، دایانخسـت“. گوتـم:“ ئـەو قسـەیە زۆر راسـتە؛ بـەڵام ئەمـە ئەگـەر بیکـەن، ئـەوە دانپێدانانێکـە بـەوەدا کـە کوردیـش هـەن و زمانـی کوردیـش هەیـە“. پاشـان، ئەحمـەد هـەردی گوتـی:“ باشـە بابزانیـن“. هـەردی لەوسـەردەمەدا، پـاش وازهێنانـی لـە بیـری کۆمۆنیسـتێتی، هەسـتی

بــە ناهومێدییەکــی گــەورە دەکــرد، کــە لــە هۆنراوەکەیدا"شۆرشــی نائومێــدی":
بەسەرسامی لەســەر لووتکــەی بڵنــدی گەنجــی وەســتاوم* شریتــی عەمــری رابــوردووم
وەکــو خــەو دێتەبەرچــاوم" بەجوانــی دەردەکــەوێ. بــەڵام کــە پــاش چەنــد ســاڵێکیکەم
کەوتــە نێــو بیــری کاژیکــەوە، هیــوای تازەبــووەوە، یــادی زیندووبــێ.
زۆربــەی زۆری ئــەو برادەرانــە گوتیــان؛ پێویســتە نوێنــەری کۆمــاری میــسر لــە
نەتەوەیەکگرتووەکانــدا باســی دۆزی کــورد بهێنێتــە بەربــاس و، زانســتگەی قاهیــرە
خوێنــدکاری کــورد وەربگــرێ و، زمــان و وێــژە و مێــژووی کــورد لــەو زانســتگەیەدا
بخوێنــدرێ. لەســەر نەخشــەی دەوڵەتــە عەرەبــەکان، کوردســتانی عێــراق و ســووریا؛
وەک هەرێــم (ئیقلیم)ێــک پێشــانبدرێ.
پــاش ئــەوە چوومــەوە بەغــدا و داخوازییــەکان کــە بەعەرەبــی دامرشــتبوون، دامــە
دەســت نەجمەدیــن عەونــی، ئەویــش دابوویــە دەســت ســەفیر و، ماوەیەکــی پێچــوو
نەجمەدیــن عەونــی هەواڵــی نــاردەوە بــۆم کــە زۆر حــەز بەبینینــم دەکا. چوومــەوە
بەغــدا و، هــەر بەشــێوەی پێشــوو منــی بــردەوە لای ســەفیر. ســەفیر زۆر گــەرم، وەک
جــاری یەکــەم، بەخێرهاتنمــی کــرد، پــاش گەیاندنــی ســڵاو و رێــزی نــاسر بــۆ گەلــی
کــوردی بــرا و رەوایەتیــی داخوازییەکانیــان؛ گوتــی:" گەلێــک حــەز و ئــارەزوو هــەن کــە
بەجــێ و رەوان، بــەڵام هاتنەدییــان بەدەســت خاوەنحــەز و ئــارەزوودار نییــە، بەڵکــو
هەرەوەزیــی و کات و چاوەڕوانیــی دەوێ. دانانــی بەرنامەیــەک بــە زمانــی کــوردی
بــۆ رادیــۆی قاهیــرە، هەرچەنــدە پێویســتی بــە ســتافێکی تایبەتــی و مرۆڤــی شــارەزا و
بودجەیەکــی بــاش هەیــە، بــەڵام لەکــردن دێ. خوێندنــی مێــژووی کــورد و چاپکردنــی
ئــەو پەرتۆکانــەی لەبــارەی کــوردەوە نــووسراون؛ وەک (شــەرەفنامە) کــە زانــای
کۆچکــردووی کــوردی میسریــی محەممــەد عەلــی عەونــی، بــرای مامۆســتا نەجمەدیــن
کردوویەتــی بــە عەرەبــی، کارێکــن لەکــردن دێــن. وەرگرتنــی خوێنــدکاری کــورد لــە
زانســتگەکانی میــسر بەسەرســەر. بــەڵام نەخشەدروســتکردن و هێنانەپێشــەوەی
دۆزی کــورد لــە کۆڕەکانــی کۆمەڵــەی نەتەوەیەکگرتووەکانــدا، هەرچەنــدە کارێکــی
رەوایــە، بــەڵام لــەم رۆژەدا، کارێــک نییــە کــە بەکەڵکــی هەردوولامــان بــێ، بەڵکــو
زیانیشــی پــترە. ئەوەتــا نــووری ســەعید باســی مەلامســتەفای بارزانــی دەکا و، مەترســی
کــورد دەخاتــە مێشــکی عەرەبــەوە کــە گوایــە ســۆڤێت مەشــق بــە مەلامســتەفا و

بارزانییـە هەڵاتـووەکان دەکا، بۆئـەوەی بیاننێرێتـەوە بـۆ عێـراق؛ تاکـو عێـراق بڕووخێنـن (سـەرنج: لـە زسـتانی1956دا، نـووری سـەعید لـە وتارێکـی رادیۆییـدا، رەخنـەی لـە سیاسـەتی نـاسر گـرت و، باسـی ئـەوەی کـرد کـە سـۆڤێت مەشـق بـە مەلامسـتەفا و بارزانییـەکان دەکا، بـۆ ناردنەوەیـان بـۆ عێـراق و، هەڕەشـەی ئـەوەی کـرد کـە عێـراق قەڵایەکـە ناگیرێـت و بـە عەرەبـی گوتـی: "دار السـید مأمونە-ماڵـی ئاغـا پارێزراوە)کـە دەرکەوت"ماڵـی ئاغا"بەترێـک بەندبـوو ـ ج ـ نەبـەز) لەنێـو جەمـاوەری عەرەبـدا خەڵکـی تێنەگەیشـتوو هێشـتا زۆرن. دەبـێ وریابیـن. ئەوەتـە لەلایەکەوە،"الاخـوان المسـلمین-برا موسـوڵمانەکان" هەوڵـی کوشـتنی سـەرۆک ناسریـان دا و لەلایەکـی دیکـەوە سـەرکردە کۆنەپەرسـتە عەرەبـەکان و، بـەرەی پەیمانـی بەغـدا هەمـوو لـە دژمانـن...[ سـەرنج: براموسـوڵمانەکان، لەسـاڵی 1954دا هەوڵـی کوشـتنی ناسریـان دا، بـەڵام سـەری نەگـرت، ئەویـش هێندێکـی لـەوان لەسـێدارە دان، لەوانـە سـەیید قوتـب].

کـە قسـەکانی تەواوکـرد، گوتـم ئـەوەی بەرێزتـان فەرمووتـان، قسـەی مرۆڤـی لـە رامیاریـدا شـارەزا و ئـاگادار لـە رووداوەکانـی جیهانە. راسـتە، هیچ شـتێک بـە ئاواتخوازیی نایەتـە دی و پێویسـتی بـە خەباتـی شـێلگیر و خۆڕاگرییـە، وەک هەڵبەسـتوانی گـەورەی میـسر، ئەحمـەد شـەوقی، کـە ئەویـش کـورد بـوو؛ دەبیـژێ:

وما نیل المطالب بالتمنی ولکن تؤخذ الدنیا غلابا

(دەستکەوتنی خواستەکان بەئاواتخواستن نایەتەدی، بەڵکو ئەم جیهانە بەخەبات دەبرێتەوە).

بـەڵام هەمـوو دەسـتکەوتێکی گـەورە و پیرۆزیـش، هـەر بـە هیـوا و ئارەزوویـەک دەسـتپێکردووە و کەوتووەتـەڕێ و، لـە ئەنجامـی تێکۆشـینەوە، زوو، یـان درەنـگ سـەریگرتووە و، پەندێکـی پێشـینیانی کوردیـی هەیـە دەبێـژێ: "بـرا لـە پشـت برابـێ، مەگـەر قـەزا لـەلای خـودا بێـت"، کـە ماناکـەی بەعەرەبـی ئەمەیـە. تکایـە سـڵاو و رێزمـان بگەیەنـە بـە سـەرۆک نـاسر و دەزانیـن کـە ئـەو ئامانجـەی ئـەو خسـتوویەتە سەرشـانی خـۆی زۆر قورسـە، بـەڵام" ماضـاع حـق ورائـە مطالب-هیـچ مافێـک ون نابـێ،



جەمال نەبەز و ( یۆسف زەند، یەکێك لە وێژەرانی پرۆگرامیی رادیۆی کوردیی قاهیرە )

ئەگـەر داواکەرێکـی لەپشـت بـێ). ئێمـەش دەبـێ بـۆ ئامانجـی هاوبەشـمان خەبـات بکەیـن...". هەسـتم بەوەکـرد کـە قسـەکانمی زۆر بـەدڵ بـوو. دوایـی گوتـی:" کـە بەرنامـەی رادیـۆ دامـەزرا، پێویسـتمان بـە کەسـانێک دەبـێ کـە زمانـی کوردی بـاش بزانن و، دەبـێ دڵنیابیـن لـەوەی ئـەو کەسـانە هیـچ جـۆرە پێوەندییەکیـان بـە رژێمەکانـی عێـراق و ئێـران و ترکیـا و،"ئیسـتیعمار"ەوە نییـە. بەڕێوەبـەری بەرنامەکـەش، دەبـێ کوردێکـی میـسری بـێ". لەمـەدا نەجمەدیـن عەونـی گوتـی: مامۆسـتا عومـەر وەجـدی زانایەکـی گـەورەی کـوردی میسرییـە و کوردییەکـی بـاش دەزانـێ و بەڕێوەبـەری (رواق الاکـراد)ە لـە ئەزهـەر، لـە زانسـتگەی قاهیـرەش خوێندکارانـی کـورد هـەن کـە عومـەر

وەجـدی دەیانناسـێ و، دەتوانـێ چەنـد کەسـێک لەنێوانیانـدا بـۆ ئـەوە هەڵبژێـرێ".
شـایەنی باسـە، ئـەو سـەردەمە (رواق الاکراد)کەکاتـی خـۆی سـەلاحەدینی ئەیووبـی دایمەزراندبـووە، هێشـتا مابـوو. ئەنـوەر سـادات(1918ـ 1981) کـە نانخـۆری شـای ئێـران و یەکێـک بـوو لـە دەڵاڵەکانـی نێـوان سـەددام و حەمـەرەزا شـا؛ بـۆ بەسـتنی پەیمانـی جەزائیـر لـە 6 ی مارتـی 1975دا. ئـەو(رواق)ەی داخسـت.
کـە گەڕامـەوە کوردسـتان، قسـەکانم وەک خـۆی گەیانـدە یـەک بەیەکـی ئـەو برادەرانـەی پرسـمکردبوو پێیـان.
لـە سـاڵی1957دا جەمـال عەبدولنـاسر سـەفەرێکی کـرد بـۆ مۆسـکۆ بـۆ قاییمکردنـی پشـتی خـۆی لـە دژی ئیسرائیـل و بـەرەی رۆژاوا و، پـاش گەڕانـەوەی لـە مۆسـکۆ، رادیـۆی قاهیـرە و(صـوت العـرب) هەواڵـی دامەزراندنـی پرۆگرامـی کوردییـان راگەیانـد و، رۆژی دەسـتپێکردنیان دەستنیشـانکرد. پرۆگـرام بـە کوردییەکـی جـوان و بەلێدانـی مارشـی کوردسـتان(ئەی رەقیـب) و سروودی نیشـتمانپەروەرانەی وەک (دەمـی راپەڕیـن) و (ئەمـڕۆژی سـاڵی تازەیـە نـەورۆزە هاتـەوە)، کـە خوێندکارەکانـی ئـەوێ، هەمـوو پێکـەوە دەیانچڕانـد، کەوتـەکار. بەڕاسـتی، نایشـارمەوە کـە رۆژی یەکـەم گوێـم لـە مارشـی کوردسـتان بـوو، هـەردوو چـاوم پڕبـوو لـە فرمێسـکی خۆشـی. ئـای چەنـد خۆشـە تـۆ هەوڵتدابـێ بـۆ گەیشـتنە ئامانجێـک و، هەوڵەکـەت سـەریگرتبێ.
وەک باسـکرا، عومـەر وەجـدی بـووە بەڕێوەبـەری بەرنامەکـە و، چەنـد خوێندکارێکـی زانسـتگەی ئەزهـەر، وەک یۆسـف مـارف مەریوانـی (زەنـد) و هۆشـیار بابـان و محەممـەد شـەیدا و، چەنـد سـاڵێک پـاش ئـەوە، مـەلا عەبدولوەهـاب ئامووەدیـی، بوونـە وێـژەری رادیـۆ. بەرنامـەی کوردیـی رادیـۆی قاهیـرە، زیـڕەی لـە کاربەدەسـتانی عێـراق و ئێـران و تـرک هەسـتاند و، کەوتنـە تاوانبارکردنـی جەمـال عەبدولنـاسر کەگوایـە دەیـەوێ کـورد هانبـدا بـۆ جیابوونـەوە لـەم سـێ دەوڵەتـە. ئێـران ناچارمـا؛ بەشـێکی کوردیـی لـە رادیـۆی تارانـدا بکاتـەوە کـە میدیـای زەندی(کچـی دکتـۆر عەزیـزی زەنـدی کرماشـانی کـە دوایـی بـووە خێزانـی حەسـەن زیـرەک) و شـوکروڵڵای بابـان، دەیانـبرد بەڕێـوە و، وتارەکانـی دژ بـە نـاسر و کۆمۆنیـزم بـوون، بـەڵام وتـاری مێژوویـی و مۆزیکـی کوردیشـی بڵاودەکـردەوە و، بـە کوردییەکـی رەوان دەهاتـە گـۆ۔ سـەرۆکڤەژیرانی ئێرانیـش بـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا گـەڕا و، داوای لـە خەڵکەکـە

کـرد، پێویسـتییەکانی خۆیـان باسـبکەن بـۆی. هێنـدەک نامیلەکـەش بەکـوردی لـە ئێـران چاپکـران کـە باسـیان لـەوە دەکـرد کـە کـورد کۆنتریـن و ڕەسـەنترین ئێرانیـن و، هـەر ئـەوان بـوون کـە یەکەمیـن دەوڵەتـی ئێران(ماد)یـان دامەزرانـدووە. هێنـدەک لـەو چاپکراوانـە دەگەیشـتنە سـلێمانی و، شـەوانە فڕێدەدرانـە نێـو ماڵانـەوە. هـەر لـەو ماوەیـەدا، سـەفیری تـرک لـە قاهیـرە چووبـووە لای جەمـال عەبدولنـاسر و، بەزمانـی حکوومەتەکەیـەوە پێیڕاگەیاندبـوو کـە ئـەو پرۆگرامـە دژ بـە دەوڵەتـی ترکیایـە و دەبـێ ڕابگیـرێ. نـاسر پێیگوتبـوو:" میـسر دەوڵەتێکـی سـەربەخۆیە و، مافـی خۆیەتـی ڕامیاریـی دەرەوەی خـۆی بـە زمانـی کوردیـی، یـان هـەر زمانێکـی دی بڵاوبکاتـەوە. ئەمـەی تـۆش دەبێژیـت دەستخسـتنەکاروباری دەرەوەی میـسرە کـە ئێمـە ڕێگەنادەیـن بـەوە. ئێـوەش ئەگـەر ناڕازیـن لـە ڕامیاریـی دەرەوەی ئێمـە، فەرمـوون بچـن بـە زمانـی کوردیـی بەرنامەیـەک دابنێـن و بەرگریـی لـە ڕامیاریـی خۆتـان بکـەن. پاشـان ئەگـەر ئێـوە کـورد بکـەن بـە دۆسـتی خۆتـان، باشـتر نییـە بـۆ ئێـوە؟"، سـەفیری تـرک گوتبـووی: "لـە ترکیـا کـورد نییـە". جەمـال عەبدولناسریـش پێیگوتبـوو، وەک میسرییـەکان دەڵێن"یاسـلام! (واتـە: سـەیرە،) ئەوجـا کـە کـورد نییـە لـە وڵاتـی ئێـوە، ئێـوە لـە چـی دەترسـن؟"، بەوجـۆرە کۆتایـی بەدانیشـتنەکە هێنابـوو. (سـەرنج: جەمـال عەبدولنـاسر ئـەم قسـەیەی لـەلای ئـەو کەسـانە کردبـوو کـە پـاش کودەتـای قاسـم لـە عێـراق، چووبـوون بـە دوای ڕەحمەتـی مـەلا مستەفای بارزانـی دا لـە ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات و، لەڕێـی قاهیـرەوە هێنایانـەوە بەغـدا و، لـە قاهیـرە چـوون بـۆ سـەردانی نـاسر. لـەوەدا دەردەکـەوێ کـە نـاسر دانانـی ئـەو ڕادیۆیـەی چەنـد بـە گرنـگ زانیـوە، کـە دانانـی ئـەوەش، لەڕێـی نامیلکەی(کفـاح الاکـراد) و پێوەندیـی منـەوە هاتـە کایـەوە). هەرچـی عێراقـە، ئـەوا پـتر لـە ئێـران و ڕژێمـی تـرک، زەندەقـی چووبـوو. ڕادیـۆی بەغـدا ئـەم هەنـگاوەی بـە کەینوبەینێکـی دووژمنانـە بەرامبـەر پەیمانـی بەغـدا دایەقەڵـەم و، بـە هەوڵدانێـک بـۆ هورووژاندنـی کـورد و، هاندانیـان بـۆ جیابوونـەوە. سـەعید قـەزاز لەوکاتـەدا ڤەزیـری نێوخـۆی عێـراق و کاربەدەسـتێکی زۆر دەسترۆیشـتووی دەوڵـەت بـوو، بـە پەلەپـڕووزێ خـۆی گەیانـدە کوردسـتان و، ڕۆژێـک لـە سـلێمانی بیسـتم کـە هاتـووە و، چووەتـە نێوبـازاڕ و لـە دووکانێـک وێنەیەکـی جەمـال عەبدولنـاسری بـە هەڵواسراوەیـی دیـوە و، بەکابـرای گوتـووە:

"ئەمــە ئێســتە لەجیاتــی وێنــەی مەلامســتەفای بارزانییــە؟"، ئەویــش پێیگوتــووە" بۆچــی قوربــان جەنابــت حەزدەکەیــت وێنــەی مەلامســتەفا هەڵواســم؟"، ســەعید قــەزاز وەرامــی نەداوەتــەوە و ڕۆیشــتووە.

بــەم شــێوەیە، کــورد ڕێزێکــی لەنێــو دەوڵەتــە داگیرکەرەکانــی کوردســتاندا پەیــدا کــرد. چۆنکــە، لــە ژمارەیەکــی کــەم دۆســت و برادەرنەبــێ، کــە دەیانزانــی شــتەکە چــۆن هاتووەتــە کایــە، خەڵــک وایاندەزانــی ئەمــە هــەر لەبنچینــەوە، نەخشــەیەکی جەمــال عەبدولنــاسر خۆیەتــی؛ بــۆ ڕووخاندنــی حکوومەتەکانــی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت و یارمەتیدانــی کــورد بــۆ شۆڕشــکردن. کــە دیــارە ڕووخاندنــی حکوومەتەکانــی پەیمانــی بەغــدا و، لەنێوبردنــی ئــەو ســەرکردە عەرەبانــەی دژی سیاســەتی نــاسر بــوون لــە پرۆگرامیــدا هەبــوو، بــەڵام هیــچ پیلانێکیــش لــە ئــارادا نەبــوو کــە نــاسر لەبــاری ســوپایی و تەکنیکــی شــەڕەوە یارمەتیــی کــورد بــدا.

یــەک دوو ڕۆژ دوای دەســتپێکی بەرنامــەی کوردیــی قاهیــرە، لــە ســلێمانی بەبــەر دووکانــی حەمــەی حاجــی تایــەری کۆییــدا تێپەڕیــم کــە یەکێــک بــوو لــە کادرەکانــی پارتــی و پرســیارم کــرد لێــی ئایــا گوێــی لــە ڕادیــۆی کوردیــی قاهیــرە بــووە؟ گوتی:"ئــەدی. ئیعتڕافــمان پێدەکــەن. ئەمــە ئەنجامــی خەباتــی پارتیمانــە". پێکەنینــم بەقســەکەی هــات. بــەڵام بەرنامەکانــی ڕادیــۆی کوردیــی قاهیــرە، هێزوپێــز و ڕێزێکــی بــە بزووتنەوەی کوردایەتــی دا لــە هەمــوو لایەکــی کوردســتاندا.

لەهاوینــی1957دا ســەفەرێکم کــرد بــۆ ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و تــاران و کــە گەڕامــەوە وتارێکــم لــە هەفتەنامــەی (ژیــن)دا لــەدژی ڕژێمــی داگیرکــەری ئێــران نووســی، لەژێــر ســەرنێوی(یاریکردن بەئاگــر) و، کــە قوتابخانــە کرایــەوە چوومــەوە کەرکــووک. لــە پاییــزی ســاڵی1957دا" فەرمانــی بەڕێوەبەرانــە" لــە وەزارەتــی زانیاریــی عێراقــەوە دەرچــوو، بــە ژ43340 ی ڕۆژی 1957/10/9 بــۆ گواســتنەوەم لــە قوتابخانــەی دوانێوەندیی موســەڵڵاوە بــۆ قوتابخانــەی نێوەندیــی زۆبێــر(ی بــەسرە) و، لەلایــەن بەڕێوەبەرێتــی زانیاریــی کەرکووکــەوە درایــە دەســتم. بەشــێکی ئــەم پێشــهاتەم لــە پێشــگوتنی (وشــەنامەکی ئیتیمۆلۆژیــای زمانــی کــوردی)دا باســکردووە و، هەروەهــا لــە ناملیکــەی (مــن شــێواندوومە لێتــان، یــان خۆتانــن سەرلێشــێواو، کورتەوەرامێــک بــۆ داردەســتەی هوردەبــۆرژوای خوێنــدەواری بێبــار و خۆفــرۆش و چڵکاوخــۆری کــورد، بەرلیــن/



زەکیە تۆفیق قەزاز ( خێزانی سەعید قەزاز )



سەعید قەزاز

چاپخانـەی ئۆفسـێت، بەهـاری 1989 ل 147 ـ 149 خسـتوومەتەڕوو). لەبەرئـەوە، لێـرەدا دووبـارەی ناکەمـەوە. هەرهێنـدە دەنووسـم کـە بـۆ بێزاریدەربڕیـن بەرامبـەر بـەو زۆرداریيـەی بەرامبەرمکـرا، چوومـە بەغـدا و، لـەوێ هەوڵمـدا فەرمانەکـە بگـۆڕن بـۆم، لـێ هەوڵکـەم بێئەنجـام بـوو. لـەو ماوەیـەدا، رۆژێـک لـە دووکانـی (ئوسـتاد)بووم کـە مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی هـات و، کاتێـک کـە (ئوسـتاد) لەگـەڵ ناسـیارێکی عەرەبـدا بەقسـەوە خەریکبـوو، مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی بـە چرپـە گوتـی، کـە لێـرە رۆیشـتم دەچمـە چایخانـەی سەرسـووچەکە، تۆیـش چارەکێـک دوای ئـەوە وەرە، ئیشـم پێتـە. کـە چـووم، یەکسـەر هەسـتا و گوتـی:" بـا بچینـە ماڵـەوە، ئـەوڕۆ مـاڵ و منداڵ هیچیـان لـە ماڵـەوە نیـن، هـەر خـۆم و خۆتیـن". زانیـم شـتێک هەیـە. بـە پـاس چووینـە مـاڵ. ماڵەکەیـان چاوگـە خانوویەکـی کـرێ بـوو لـە بەتاویـن، عـەرەب پێیاندەگوت(موشـتەمەل). هـەر کـە دانیشـتین بەپێکەنینـەوە گوتـی:" تـۆ دەزانیـت چیـت کردووە؟"،گوتـم:" چیـم کـردووە؟" گوتـی بەزمێکـت دروسـت کـردووە، هەمـوو سـەروپۆتەڵاکی منـی گرتووەتـەوە و، تۆیـش دەبـێ ئـاگات لەخـۆت بـێ"، گوتـم:"

چـۆن“! گوتـی:“ گوێگـرە:وەک دەزانیـی ئەوەتـەی رادیـۆی کـوردی قاهیـرە هەیـە، هیـچ نەمـاوە بەعێـراق و دەوڵەتـە دراوسـێکانی عێـراق و ئینگلیـزی نـەکا. حکوومەتـی ئێـرە گرێگرتـووە، بەتایبەتـی کـە بـاس لـە یەکێتیـی میـسر و سووریاش دەکـرێ، ئـەوە هـەر مەپرسـە. ماوەیـەک لەمەوبـەر، ئەحمـەدی عەزیزئاغـا هـات بـۆلام و، گوتـی سـەعید بەگ(قـەزاز) سـڵاو دەکا لێـت و دەڵـێ؛ بابفەرمـوێ بـۆ لام، پێکـەوە چایـەک بخۆینـەوە. منیـش گوتـم سوپاسـی دەکـەم، بـا ئـەو بفەرمـوێ بـۆ ماڵـەوە و شـۆرباوێک بخـوا لەگەڵـمان. پـاش ئـەوە، هـەر بـە ئەحمـەدی عەزیزئاغـادا هەواڵـی نـاردەوە بـۆم کـە لـە رۆژی ....دا(کاتەکـەم بیرنەمـاوە: نەبـەز) پاشـنیوەڕۆ دێ بـۆ ماڵـەوە بـۆلام، بەتەنیـا و، ئەمـەش هەردەبـێ لەنێوانـی خۆماندابمێنێتـەوە. گوتـم بەسـەرچاو و، بەخێربـێ. کـە هـات، پـاش بەخێرهێنـان، یەکسـەر پێمگـوت، وەک دوو کـوردی هاووڵاتـی لەگـەڵ یـەک بدووێیـن، یـان رەسـمیات هەبـی لەنێوانمانـدا. سـەعید قـەزاز گوتـی:“ کـە مـن هاتووومـە ماڵـت، ئەمـە مانـای وایـە رەسـمیات نەمـا“. منیـش گوتـم:“ باشـە کاک سـەعید، جارەکـی دی بەخێرهاتیـت“. ئەویـش گوتـی:“ کاک رەفیـق، دەزانیـت دڵـم ئێشـاوە لێـت؟“. گوتم:“خوانـەکا خێـرە؟“ گوتـی:“ خێـر نییـە و شـەڕە. کاک رەفیـق تـۆ پیاوێکـی لەنێـو کوردیـش و عێراقیشـدا ناسراویـت، گەلێـک شـتت بەسـەر هاتـووە و دنیایەکـت دیـوە، ئایـا بەڕاسـتی دەزانیـت، کارێـک بکرێـت کـە زیـان بەخۆشـت و کوردیـش بگەیەنێـت؟“، گوتم:“خوانـەکا، کاری چـی؟“ سـەعید قـەزاز نامیلکەکـەی تـۆی لـە گیرفانـی هێنایـە دەرەوە و، خسـتییە بەردەمـم لەسـەر مێزەکـە و گوتـی: “دەفەرمـوو سـەیرکە“. منیـش خـۆم لێنـەزان کـرد و گوتـم:“ ئـەوە چییـە؟“ گوتـی:“ چـۆن چییـە؟ زۆر بـاش دەزانیـت چییـە؟“، گوتـم:“ ناشـێ ئەمـە ئەوەبـێ کـە ئەحمـەدی عەزیزئاغـا گوتبـووی؛ کتێبێـک لـە لوبنـان چاپکـراوە و تۆیـش گوتووتـە؛ یـان مـن نووسـیومە، یـان بـە پیلانـی مـن کراوە؟“،گوتـی:“ بۆچـی تـۆ ئـاگات لەمـە نەبووە؟“،گوتـم:“ بـاوەڕ بکـە، نـە مـن نووسـیومە و، نەئـاگام لـە چاپکردنـی بـووە. تـۆ چـۆن هاتیتـە سـەر ئـەو خەیاڵـەی کـە مـن نووسـیبێتم، یـان دەسـتم هەبووبـێ تێیدا؟“،گوتـی: “چۆنکـە باسـی تـۆی زۆر بەباشـی تێداکـراوە و سـەرتاپای باسـەکە، تاوانبارکردنـی عێـراق و گەلێـک لایەنـی دیکەشـە. خۆئەگـەر یەکێکـی دیکـەش ئـەو کارەی کردبـێ ئـەوا پێوەندیـی بـە تـۆوە هەبـووە، ئەگەرنـا؛ چووزانـێ تـۆ سـەرۆکی

حیزبی هیوابوویت"،گوتم:" کاک سەعید، خۆت لەمەوبەر گوتت کە من ناسراوم. گەلێک عەرەبیش وەک دوکتۆر فازیل حسەین و کێ و کێ لە کتێبەکانیاندا باسی منیان کردووە. دوایی نازانم چی بەزمان منەوە گوتراوە کە تۆی وا نارەحەت کردووە؟"،گوتی:"مەبەست لەو نووسینە ڕێخۆشکردنە بۆ عەرەبە قەومییەکان کە حکوومەتی عێراق بڕووخێنن و بڵێن کوردیش رازین بەوە و، ئەوجا دەرد بکەن بەدەمی کورد و هەموو عێراقییەکدا کە لەخۆیان نەبێ. باشە ئەم پرسیارە دەکەم لێت. ئەگەر ئەم حکوومەتەی عێراق رووخا و نەما، کورد هیچی دەستدەکەوێ؟". گوتم:"باشە، ئەگەر ئەم حکوومەتەی عێراق هەرواما، کورد هیچی دەستدەکەوێ؟"، کە ئەوەمگوت؛ سەعید قەزاز گوتی: " ئاخر پێمبڵێ کورد کێن؟"، گوتم: " کورد؟ من، تۆ" ... گوتی: "کاک رەفیق کە تۆ دەستەیەک منداڵەوردکەت لەخۆت کۆکردووەتەوە و دووکانی ئەو کابرا سەیرە(مەبەستیی ئوستاد بەشیر موشیر بووە: نەبەز) تان کردووە بە شارەزەردەواڵە و هەر ساتەناساتێک، شتێکی قۆڕ و دژ بە حکوومەت و قسەی ناهەق و شیوعیانە بەناوی ئەو کابرایەوە دەنووسن و، هەزار بووختان بە حکوومەت دەکەن، بۆچی ئێمە نازانین کە ئێوە ئەو کارە دەکەن و، ئەو کابرایەش لە سادەیی خۆی، دەڵێ "من نووسیومە". ئێوەش دەزانن کە ئەو کابرایە، وەک ماسی وایە کێردی لەسەر نییە، خۆتان خستووەتە پاڵی. کاک رەفیق بەچوار کەس و لەتێک ئیش بۆ کورد ناکرێ و دەبێ بزانیت کورد سێ بەشن. بەشێکیان کە 85%ی کوردەکەیە، لادێیی و نەخوێندەوارە و برسی و رووت و هەژارن و، لەلایەن لە سەتا پێنجی کوردەوە کە ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆکهۆز و مەلا و شێخ و کوێخان، وەک کۆیلە هەڵسوکەوت دەکرێ لەگەڵیان، ئەوانیش هیچ ناڵێن و هیچ ناکەن. 10%ی کوردەکەش خوێندەوار و خەڵکی شارن و، ئەوانیش کەمەیەکی زۆر کەمیان نەبێ، هەموویان مۆسکۆ وەک مەککەی موسوڵمانان وایە بۆیان. دەفەرموو ئەمە کوردەکەتە". گوتم:" باشە تۆ وەزیریت و دەسترۆیشتوویت، دە شتێک بۆ کورد بکە". گوتی:" من کوردم، بەڵام وەزیری کورد نیم. حکوومەتی عێراق منی کردووە بە وەزیر. ئەگەر کورد شتێکیان دەوێ، دەفەرموو با هەموو پێکەوە داوایبکەن. لەباتی ئەوەی دەقیژێنن "بڕووخێ ئیستیعمار" و لەباتی باسی شیوعێتی، بچن

بڵێـن ئێمـە کوردیـن و مافـی خۆمانمـان دەوێ. بـا لـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتانەوە نوێنـەر بنێـرن بـۆ بەغـدا و، بچنـە لای مەلیـک و سـەرۆکوەزیران و داوابکـەن. ئەوسـاکە منیـش، وەک وەزیرێکـی عێراقـی، کـە بەرپرسـیاریی کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتـم، دەڵێـم هەقیانــە، باخۆیــان خۆیــان ببەنبەڕێــوە. ئابــەم جــۆرە شــتێک دەکــرێ، ئەگەرنــا، جەمـال عەبدولنـاسر، لەباتـی رادیۆیـەک بـە کـوردی، سـەت رادیـۆ دابنـێ، هیـچ شـتێک ناکـرێ و خۆتـان هەڵنەخەڵەتێنـن". گوتـم : "دەباشـە ئێـوە فەرمـوون دەستپێشـکەری بکـەن و، کارێـک بـۆ کـورد بکـەن و، نیـازی باشـی خۆتـان دەرخـەن". گوتـی:" کاکـە، دەستپێشـکەریی دەبـێ لـە کـورد خۆیانەوەبـێ و، ئـەوەش هەمـوو پێکـەوە. دیـارە تاوەکـو دەرەبـەگ و ئاغـا و مـەلا و شـێخ و شـیوعی دەسـەڵاتداربن لەنـاو کـورددا، هیـچ کارێـک بـۆ کـورد ناکـرێ، دڵنیاشـبە، کـە تـۆ دەڵێیـت ئـاگات لـە نووسـینی ئـەم کتێبـە نییـە، باشـە، بـەڵام ئـەوەی ئـەم کتێبـەی نووسـیوە، یـان کەسـێکی سـادە و خـاو و خۆشـباوەڕە و، پێیوایـە بـەو قسـانە عـەرەب دەبنـە بـرای کـورد و، دەوڵـەت بـۆ کـورد دروسـتدەکەن، ئـەوە نازانـێ؛ ئەگـەر عـەرەب بشـیانەوێ دەوڵـەت بـۆ کورد دروسـتبکەن، کـە نایانـەوێ، ئـەوا ناتوانـن دروسـتیبکەن، چۆنکـە ئـەو شـتە بـەدەس ئـەوان نییـە و، ناتوانــن بیکــەن. خــۆ ئەگــەر واشــنەبێ، ئــەوا ئــەو کەســە کابرایەکــی ســاختەچی و فێڵبـاز و تەڵەکەبـازە و، دەیـەوێ بـەم قسـە لووسـانە؛ سـابوون لەبەرپێـی ئـەو کابـرا هــارە لەخۆباییبــووە (مەبەســتی ناسربووە:نەبــەز) بــدا، بۆئــەوەی ئەویــش دەســتێکی شـێتانە بوەشـێنێ و، عێراقیـش و کوردیـش، تووشـی بەزمێـک بـکا و، ماڵـی خۆیشـی و ئێمــەش بەجــارێ وێــران بــکا. جــا ئەمــە باشــە؟"، گوتــم:" لەگــەڵ ئەوەشــدا، هیــچ نەبـێ، تـۆ دەتوانیـت رێبدەیـت بـە دەرچوونـی هێنـدەک رۆژنامـە و گۆڤـاری کـوردی". گوتـی: "داومـە، بەوانـەی کـە دەزانـم نایکـەن بـە چەقەنەلێـدان بـۆ شـیوعێتی، وەک کوڕەکــەی شــێخ حیســامەدینی تاڵەبانــی". (ســەرنج: کاتــی خــۆی مــام جــەلال دەیویسـت رایـە (اجـازە)ی گۆڤارێکـی کـوردی وەربگـرێ کـە منیـش بەشـداریبکەم لـە دەسـتەی نووسـەرانیدا و، چـوو بـۆلای سـەعید قـەزاز، سـەعید قـەزاز، لەپێشـەوە بەڵێنـی دابـوو پێـی کـە بیداتـێ و پێیگوتبوو"هەڵبەسـتی نیشـتمانپەروەرانەی فایـەق بێکـەس بنووسـە تێیـدا، مەیکـە بەکتێبـی شـیوعێتی". بـەڵام دواییـش پەشـیمان بـووەوە لــە بەڵێنەکــەی و نەیدایــە. شــایەنی باســە، لــەو ماوەیــەدا، رایــەی گۆڤــاری

(پێشــكەوتن) و(هیــوا) لــە بەغــدا و (شــەفەق) لــە كەركــووك و هێنــدەك گۆڤــاری دیكــە دران، چەنــد پەرتۆكێكــی كوردیــش كەوتنــە بــازاڕەوە و،(یانــەی ســەركەوتنی كورد)لەبەغـدا جموجۆڵێكـی تێكـەوت. ئـەم قسـانەی مامۆسـتا رەفیـق حیلمیـم سـاڵانی سـاڵ لـە دڵـی خۆمـدا پاراسـتن و ئێسـتەش، تاوەكـو ئـەو هەندازەیـەی لەبیرمـاون و بەوپـەڕی سەرڕاسـتییەوە خسـتمنە سـەر كاخـەز، لەبـەر خاتـری مێـژووی كـورد، كـە ئـەم میـژووە بەداخـەوە، لـە گەلێـك لایەنـەوە كەلێنـی تێدایـە. بێجگـە لەمـەش، مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی، لەڕێـی ئەحمـەدی عەزیزئاغـاوە بیسـتووبووی(نەک لـە سـەعید قـەزاز خۆی)كـە پێوەندیـی بـە مەسـعوودی كـوڕی مـەلا محەممـەدی كۆییـەوە كـراوە، وەک كوردێكـی خوێنـدەوار و دووژمنـی شـیوعێتی، ئەویـش رازیبـووە بـە هـاوكاری و، ئامـادە بـووە لەگـەڵ كاكـە زیـاد و، گەلێـك لـە ئاغاكانـی كۆیـە و هەولێـر و بادینـان و پارتـی قسـەبكا و، بـۆ ئەمـەش داوای پارەیەكـی زۆری كـردووە كـە دەمـی ئاغـاكان چـەور بكاپێـی. هەوڵەكـەی سـەرینەگرتووە، چۆنكـە لەلایەكـەوە "پارتــی رازی نەبــووە" كــە هاوكاریــی لەگــەڵ "ئیســتعمار"دا بــكاو، لەلایەكــی دیكەشـەوە سـەعید قـەزاز خۆشـی رازی نەبـووە لەگـەڵ ئاغـاكان و"پارتـی" كـە ئـەو بـە شـیوعی دەدایـە قەڵـەم هـاوكاری بـكا. (سـەرنج:دەبێ ئـەوەش بـۆ مێـژوو بێـژم كـە سـەعید قـەزاز كاتێـك ستاندار(متەسـەریف)ی مووسـڵ بـوو كەلەپچـەی كـردە دەسـتی چەنـد دەرەبەگێكـی زلـی وەک ئەحمـەد رەشـیدی، میـری بەرواریـیـەكان و دێوالـی بەگـی دۆسـكی كـە دوو دەرەبەگـی زۆردار و جاشـی رژێمـی عێـراق بـوون، دژ بە شۆڕشی بارزان 1943 ـ 1945:ج.نەبەز)

ئەوجـا مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی گوتـی "زۆر پێمناخۆشـە كـە رەهەنـدەی زوبێـر كراویـت، بـەڵام تـۆ بچـۆ بـۆ زوبێـر و سەركێشـی مەكـە و، ماوەیـەک خـۆت كڕكـە، تاوەكـو ئـەم گڕوپفـە دادەمركێتـەوە. هێشـتا نازانـن كـێ ئـەو نامیلكەیـەی نووسـیوە، ئەگــەر دۆزیانــەوە تۆیــت؛ خراپــترت پێدەكــەن".

لـە كورتـی بیبڕمـەوە، چوومـە زوبێـر و، لـە كوردسـتان دوورخرامـەوە و، لـەو ماوەیـەدا كـە لـە زوبیـر بـووم، "یەكێتیـی عـەرەب" كـە پەیماننامەكـەی لـە 1958/2/1دا، واژۆكـرا و، لـە 2/21 دا گشتپرسـیی لەسـەر كـرا، لـە 2/23 دا بـە فەرمـی و بەشـێوەی"كۆماری یەكگرتــووی عــەرەب" لــە میــسر و ســووریا پێكهــات و، دوایــی یەمەنیشــی چــووە

سـەر، عێـراق و ئـەردەن ناچارمـان بەرامبـەر بـەوە لـە 1958/2/14دا یەکگرتنێکـی فیدراڵـی لەنێـوان خۆیانـدا دروسـتبکەن. پارتییـەکان، زۆر هەوڵیانـدەدا، لەڕێـی نوێنـەری سـلێمانیی لـە پەرلەمانـدا، عەلـی کەمـال، نێـوی کوردیـش بەجۆرێـک لـە دەسـتووری "یەکگرتنـی عەرەبـی عێـراق و ئەردەن"دابهێـنرێ، بـەڵام لەبەرئـەوەی پارتـی هیـچ سـەنگ و قورسـاییەکی جەماوەریـی نەبـوو، نـووری سـەعید، هـەر وەرامیشـی نەدانـەوە. پارتییـەکان، عەلـی کەمالـی نوێنـەری شـاری سـلێمانییان کردبـوو بـە دەمڕاسـتی خۆیـان لای حکوومـەت. عەلـی کەمـال بازرگانێکـی زۆر دەوڵەمەنـد و کوردێکـی ئـازا و دەستڕۆیشـتوو بـوو. کاری خێرەومەندییشـی دەکـرد. ماوەیەکیـش لەوەپێـش بەڕێوەبـەری پۆلیسـی بەغـدا بـوو، کـە توانیبـووی سـەربە دزەکان و جـەردەکان و چەقۆکێشـەکان شـۆڕبکا. نـووری سـەعید زۆر دەترسـا لێـی. لـە بەغـدا، تاوەکـو قاسـم نەهاتبـووە سـەرکار، زوو زوو دەهاتـە دووکانـی (ئوسـتاد) بەشـیر موشـیر و دەنگوباسـی حکوومەتـی دەهێنـا بۆمـان. پـاش ئـەوەی قاسـم هاتـە سـەرکار، لـە دەرەوەی عێـراق، بـە تایبەتـی لـە ئـەردەن و نێوچـەی کەنـداو و لوبنـان دەژیـا و، جاوبـار دەهاتـە ئەڵمانیـا. جارێکیـان خـۆی و خێزانەکـەی کـە لـە بنەماڵـەی سـەنەوی (سـنەیی)یەکانی بەغـدا بـوو، لەگـەڵ سـەباحی کـوڕی و کوڕەزاکـەی کـە منداڵێکـی زۆر وتووریـا و خۆبـە کـوردزان بـوو، هاتنـە میۆنیـخ، منیـش ئـەو دەمـە ئەپارتمانێکـم بەکرێگرتبـوو کـە ناندینێکـی گچکـەی هەبـوو، بانگێشـتمکردن بـۆ نانخـواردن. هاوبیـران؛ بروسـکە ئیبراهیـم و ئەحمـەد نەقیبیـش ئامادەبـوون. باسـی مـام جـەلال هاتـە پێشـەوە، کـە لـە حکوومـەت نێزیکبـووەوە. عەلـی کەمـال پرسـی لێـمان، "مـام جـەلال کـوڕی کێیـە؟"، ئێمـەش پێـمان سـەیر بـوو کـە ئـەو پرسـیارە دەکا ـ گوتمـان" بۆچـی نازانیـت کـوڕی کێیـە؟"، گوتـی: "نـا حەزدەکـەم لـە ئێـوە بپرسـم"، گوتمـان کـوڕی شـێخ حسـامەدینی تاڵەبانییـە"، گوتـی:" حسـامەدین چیکـەرە؟"، گوتمـان کابرایەکـی هـەژارە ـ گوتـی" کوڕینـە. ئێـوە خۆتـان دەزانـن ئـەز بـەم پیرییـەی خۆمـەوە، جـاران لـە پشـت مـام جەلالـەوە دەڕۆیشـتم و لەبـەری هەڵدەسـتام، ئەمـە کاتێـک بـوو کـە سـەرمایەکەی مـام جـەلال نیشـتمانپەروەری بـوو ـ ئێسـتە چووتـە پـاڵ حکوومەتـی عێـراق، لەبەرئـەوە، دەبـێ بزانـم کـوڕی کێیـە؟ ئایـا، دەشـێ لەبـەر خاتـری سـامانەکەی باوکـی لەبـەری هەسـتم؟".

شـایەنی باسـە، بەرنامـەی کوردیـی رادیـۆی قاهیـرە تاوەکـو سـاڵی 1964مـا، ئەوجـا لەژێـر گوشـاری عەبدولسـەلام عارفـداو لەبـەر ئـەوەی بەرنامەکـە لـە دژی عێـراق دەدوا، پرۆگرامـی کوردیـی داخـرا. یۆسـف مـارف (زەنـد) کـە لـە 1938/8/7دا لـە مەریـوان وەک کـوڕە دارتاشـێک، لەدایکببـوو و، لـە هەورامـان لای مەلاکەریمـی مودەڕیـس خوێندبـووی، لـە ئەڵمانیـا بـووە پەنابـەر و ئەندامـی (یەکێتیـی نەتەوەیـی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا) "نوکسـە". لـە قاهیـرە دیپلۆمـی لـە سـایکۆلۆژی و وانەگوتنـەوەدا وەرگرتبـوو و، لـە زانسـتگەی کیـل 1976/1975، ماجسـتێر و لـە 1982دا دکتـۆرای وەرگرتبـوو، دکتۆرانامەکـەی لـە بـارەی پێشـگری(دە)ەوە بـوو لـە زمانـی کوردیـدا. ڕەوانـی شـادبێ. یۆسـف گوتـی، چـی خـراپ بـوو لـە دژی عەبدولسـەلام عـارف بڵاومکـردەوە، تاپێیانزانـی.

## کۆتایی باس

ئـەم هەوڵوتێکۆشـینە کـە لـەو نامیلکەیەوە(کفـاح الاکراد)دەسـتیپێکرد، بـووە هـۆی ئاشـناکردنی جەمـال عەبدولنـاسر بـە کێشـەی کـورد و، پێشـوازیی لـە بارزانـی و ئـەو کەسـانە کـرد کـە بارزانیـان لـە ئەوروپـای ڕۆژهەڵاتـەوە، پـاش کودەتاکـەی قاسـم، بەمیـسردا هێنایـەوە عێـراق؛ بـەڵام، ئەوەبـوو، نـە پارتـی و نـە کۆمۆنیسـتەکان، نەیانتوانـی سـووت لەسـەردەمی قاسـم وەربگـرن.
لـە کۆتایـی ئـەم وتـارەدا، دەمـەوێ ئـەوەش بێـژم کـە لـە نیـوەی یەکەمـی شەسـتەکاندا، کاتێـک لـە مۆنیـخ دەژیـام و، لـە زانسـتگەی مۆنیـخ دەمخوێنـد، لەگـەڵ ڕەحمەتـی عەبدوڵـڵا قـادر ببووینـە ئاشـنای یـەک. عەبدوڵـڵا قـادر لـە نەورۆڵییەکانـی هەڵەبجـە بـوو. لـە چلەکانـدا چووبـوو بـۆ سـویسرا بـۆ خوێندنـی هەندازیاریـی. کاک عەبدوڵـڵا، ئەگەرچـی بـە گۆڤانیی(شـایەتی)گەلێک کـەس، یەکێـک لەوانـە؛ د.یۆسـف ئەلعەتتـار کـە مامۆسـتای کیمیابـوو لـە زانسـتگەی بەغـدا لـە پەنجاکانـدا و، ناسـیاری عەبدوڵـڵا بوو، عەبدوڵـڵا هەرچەنـدە خوێندکارێکـی زۆر ژیـرەک بـوو، لـە بەدبەختـی، لـە خوێندنـدا سـەرنەکەوتبوو؛ هاتبـووە ئەڵمانیـا و، نانـی خـۆی بـە وتـاردان بـۆ کۆمەڵەیەکـی ڕۆشـنبیریی دەردەهێنـا. بێجگەلـەوەش، ماوەیـەک سـەرۆکی کۆمەڵەیەکـی ئیسـلامی

بــوو، کــە دوایــی لەبــەر هێنــدەک بیــروڕا کــە بەدڵــی لایەنگرانــی کۆمەڵەکــە نەبــوو، خــۆی لێکێشــابووەوە. لــە یەکێــک لــە وتارەکانیــدا کــە هەردەمــە لــە شــوێنێکی ئەڵمانیــا لەبــەردەم کۆمەڵــە خەڵکێکــدا بــە ئەڵمانییەکــی ڕەوان پێشکێشــیدەکرد؛ میسرییەکــی ســەر بــە ڕێبــازی نــاسر ئامــادە دەبــێ و، پــاش قســەکردن لەگەڵــی، کارێکــی وادەکا کــە ســەفیری میــسر لــە ئەڵمانیــا بانگێشــتنامەیەک بــۆ چوونــە میــسر بنێــرێ بــۆی. عەبدولــلا قــادر ئــەو دەمــە لــە ئەڵمانیــا پەنابەربــوو. لــەو ســەردەمەدا، تاکوتــەرا پەنابــەر هەبــوون لــە ئەڵمانیــا، لەبەرئــەوە زۆر ڕێزدەگیــرا لێیــان. لــەو ســەفەرەیدا بــۆ میسر کــە لــە زســتانی 1964دا بــوو، عەبدوڵــڵا قــادر؛ جەمــال عەبدولنــاسری دیبــوو. جــا لەبــەر ئــەوەی عەبدوڵــڵا قــادر لــە منــەوە بیســتبووی کــە لەڕێــی (کفــاح الاکــراد) ەوە، نــاسر پێوەندیــی بــە کــوردەوە پەیداکــردووە؛ لای نــاسر باســی ئــەوەی کردبــوو، ئەویــش لێیپرســیبوو؛ بۆچــی تــۆ "صامــد الکردســتانی" دەناســیت؟" گوتبــووی:" ئــا لــە میۆنیــخ دەژی و دۆســتین"، نــاسر پێیگوتبــوو ســڵاوی منــی بگەیەنــێ و پێیبڵــێ؛ بــا لــە ســەفارەتی ئێمە(میــسر) لــە ئەڵمانیــا داوای ڤیــزە بــکا و بــێ بــۆ ســەردان وەک میــوان. کاک عەبدوڵــڵا، بیــروڕای وابــوو کــە بچــم باشــە. لەپێشــەوە دوودڵ بــووم لــە چــوون و نەچــوون، بــەڵام دوایــی کەلێکمدایــەوە، ســەردانەکەم ڕەنگــە لەبــارەی ڕێکلام(وتــاری ڕۆژنامــە و قســەی نێــو ڕادیۆ)نرخێکــی هەبــێ، بــەڵام لەبــاری ڕامیارییــەوە هیــچ ڕۆڵێــک ناگێــڕێ. هەرچەنــدە کاک عەبدوڵــڵا گوتــی؛ کــە لــەلای نــاسر، ڕەخنــەی لــە عەبدولســەلام عــارف گرتــووەو، گوتوویەتــی ئــەو کابرایــە، بــە هەڵوێســتەکانی دژی کــورد و ئەوانــەی لەگەڵــی نیــن، زۆر زیــان دەگەیەنــێ بــەو ڕێبــازەی بەڕێزیــان گرتوویانــە بــۆ خزمەتــی عــەرەب و، عەبدولســەلام ئــەو کەســە نییــە کــە ســەرۆکێکی گــەورەی وەک ئێــوە هــاوکاری بکــەن" و، گوتــی:" نــاسر کــە ئــەم قسانەم دەکــرد بــۆی، بێدەنــگ بــوو و، بــە ڕەنگــی دەموچاویــدا وابــوو کــە قســەکەم بەراســت دەزانــێ، بــەڵام لــە دژی عەبدولســەلام قســەی نەکــرد"، لەگــەڵ ئەوەشــدا بڕیارمــدا کــە نەچــم؛ چۆنکــە لەلایەکــەوە؛ عێراقێکــی عارفــی هەبــوو کــە ســەر بــە نــاسر خــۆی بــوو، پاشــان شۆڕشــێکی کــورد هەبــوو کــە نوێنــەری خــۆی هەبــوو. لەبــەر ئــەوە دەمزانــی چوونــم بــۆلای نــاسر لــەو کاتــەدا، هیــچ خزمەتێــک بەکێشــەی کــورد نــاکا، پــتر لــەوەی کــە کــراوە و، کاتــی بەســەرچووە، چۆنکــە بارودۆخەکــە گۆڕابوو.ئەوەشــم لەبیربــوو کــە

لــە رۆژی 1959/4/16دا، ئــەو بارزانییــە پەنابەرانــەی لــە یەکێتیــی ســۆڤێت بــوون و گەڕانــەوە عێــراق، رادیــۆی قاهیــرە و(صــوت العــرب) کــە کەوتبوونــە دووژمنایەتیــی قاســم و ســۆڤێت و کۆمۆنیســتەکان، بــەدرۆ گوتیان"ســۆڤێت ئــەم بارزانییانــەی بەچەکــەوە ناردووەتــەوە بــۆ پشــتگیریی قاســم و کۆمۆنیســتەکان و، بــۆ نەهێشــتنی عەرەبایەتیــی عێــراق"، ئەمــەش هــەر درۆکــەی زســتانی 1956ی نــووری ســەعیدبوو. بێجگــە لەمەش،ئەوەبــوو کــە مــام جــەلال لەپــاش کودەتــای بەعــس(1963/2/8) بــۆ وتووێــژ لەبــارەی "یەکێتیــی عــەرەب"هوە چــوو بــۆ میــسر، نــاسر پییگوتبــوو کــە ئــەو" لــە هەمــوو بارودۆخێکــدا دژی هەمــوو بزووتنەوەیەکــی جیاخوازانــە لــە نیشــتمانی عــەرەب دا دەوەســتێ". واتــە بزووتنــەوەی کــوردی بــە جیاخوازانــە و، کوردستانیشــی بەبەشــێک لــە "نیشــتمانی عــەرەب" دانابــوو. ئیــدی خاڵێکــی گرنــگ کــە هەردوولامــان کۆبکاتــەوە نەمابــوو، لەگــەڵ ئەمەشــدا، کــە لەســاڵی1969دا نامیلکەیەکــم لــە هامبــورگ بــە عەرەبــی، لەژێــر نێــوی (حــول المشــکلة الکردیــة - لەبــارەی کێشــەی کــوردەوە) نووســی و، لەلایــەن (یەکێتیــی نەتەوەیــی خویندکارانــی کــورد لــە ئەوروپــا NUKSE)ەوە بڵاوکرایــەوە، باســی ئەوەمکــرد کــە نــاسر زۆر جێــی رێــزە، ئەگەرچــی عەرەبــەکان نرخــی خــۆی پێنــادەن؛ چۆنکــە هێنــدەک لــە فەلەســتینییەکان دەیانگــوت "خاینــە"، ئــەز ژی رێزیدەگــرم، هەرچەنــدە دەزانــم دژایەتیــی کــورد دەکا. رێزگرتنــی کەســێکیش، جیایــە لەگــەڵ هاوکاریکــردن لەگەڵــی. بــاوەڕم بــەو قســەیەی جەنــەراڵ دیگۆلیــش هانیبــوو، کــە دەیگوت:"هەڤاڵبەندێتیــی رامیــاری و پەیماننامــە، وەک کچــی گەنجــی جــوان و، گوڵــی رەنگینــی بەهــار وانــە"، مەبەســتی ئەوەبــوو، کچــە جوانەکــە بەتێپەڕبوونــی کات، پیردەبــێ و ئــەو شــۆخ و شــەنگییەی جارانــی نامێنــێ و، گوڵــە رەنگینــە گەشــەکەش، ســیس دەبــێ و، پاشــان هیشــک دەبــێ. ئــەم پەنــدەی دیگۆلیشــم لــەو نامیلکــەی (حــول المشــکله الکردیــە)دا تۆمارکردبــوو.

بەپێچەوانــەی قســەکانی ســەعید قەزازیشــەوە، کەپێیوابــووە؛ ئــەو کەســەی ئــەو نامیلکەیــەی نووســیوە، یــان سادە(ســاویلکە) بــووە، یــان "ســاختەچی"، ئــەز نــە لــە ســاویلکەیەتییەوە ئــەو کارەم کــرد و، نــە لــە ســاختەچێتییەوە. دەرفەتێکــم لەبــەردەم کێشــەی کــورددا دی و، ویســتم لەدەســتنەچێ و، ئــەو کاتــەش، لەبەهــاری ژیانمدابــووم و خاوەنــی هیــچ جــۆرە دەســەڵاتێکیش نەبــووم. ئــەوەش کەکــردم لەپێنــاوی

ڕەشــوڕووتی کــورددا کــردم و، چاوەڕوانــی خێروبێــری هیــچ لایەنێــک نەبــووم و نیــم بۆخـۆم. سـەعید قـەزاز، لـەو تەمەنـە و ئـەو پایـە بـەرزەدا، خـۆ دەیتوانـی کـە رادیۆکـە دامـەزرا، بەکاربەدەسـتانی عێراقـی بگوتایـە. دەدەی، مافێـک بـدەن بـە کـورد، بانەبنـە دۆسـتی نـاسر؛ بۆچـی نەیگـوت؟ ئێسـتە کامـان گوناهباریـن؟

ئــەوەی ســەعید قــەزاز لێیدەترســا هاتــەدی. رژێمــی عێــراق گــۆڕدرا و، خۆشــی بەنــاڕەوا ملــی کــرا بەپەتــدا، هــۆی ئــەوەی کــە ســەعید قــەزاز، داوای مافــی بــۆ کــورد نەکــردووە، لــە ترســنۆکییەوە نەبــوو، چۆنکــە لەبــەردەم دادگــەی مەهداویــدا، زۆر ئازایانــە هاتــە دەســت. هۆیەکــەی ئــەوە بــوو، بــاوەڕی بەکــورد نەبــوو، کــە لــەو کۆمەڵگــە دەرەبەگییــەدا بتوانــن، داوای مافــی خۆیــان بکــەن. بەڵگەشــم بــۆ ئەمــە ئەوەیــە کــە لــە هاوینــی 1962دا لــە ژنێف(ســویسرا) بەڕێکەوتێکــی ســەیر، زەکــێ خانـی خیزانـی سـەعید قـەزازم ناسـی و ئـەو پرسـیارەم کـرد لێـی ئـەوە چـۆن، لـەو هەلـەدا کـە رەخسـابوو بـۆی، باسـی کـوردی نەکـردووە؟ زەکـێ خـان گوتـی: باوکـی پەریخان(سـەعید قـەزاز) زۆر جـار کـە ئـەو باسـە دەهاتـە پێشـەوە دەیگوت"کەسـم لەپشــت نییــە. ئەوحەلــە بەتەنیــا دەمێنمــەوە". زەکــێ خــان ژنێکــی زۆر رۆشــنبیر بــوو، رەوانــی شــادبێ(بڕوانە: جەمــال نەبەز:رۆژانــی ئاوارەییــم لــە ســویسرا. بنکــەی ئەدەبــی و رۆناکبیریــی گەلاوێــژ، ســلێمانی1999).

بەرلین: شوباتی 2010

پەنجا ساڵ لەمەوبەر

# چەند دەمژمێرێك لەگەڵ ئیمامی کۆچکردووی شیعەکانی جیهان ئایەتوڵڵاهولعوزما سەید موحسینی حەکیم لە پاییزی 1959دا لە نەجەف

جەمال نەبەز

## چەند وشەیەك بۆچوونە نێو باسەکە

کورد دەبێژن"ئەوی بژی دەبینێ". ئەم قسە نەستەقە، لە چەند زمانێکی رۆژهەڵاتیی دیکە و، زمانە رۆژاواییەکانیشدا هەیە. راستە؛ مرۆڤ تاوەکو لە ژیاندابێ، گەلێك شت دەبینێ و گەلێك شتیشی بەسەردێ. لێ، هێندێکیان، مرۆڤ خۆی بەمەبەست بەدوایاندا ناگەڕێ، بەڵکو بەهۆی رێکەوتەوە تووشی دەبن، یان رووددەدەن لێی. دیارە، هەتا مرۆڤ پێوەندیی بە خەڵکەوە فراوانتربێ، ژمارەی پێشهاتەکان و رێکەوتەکان پتر دەبن. جۆری پیشەش، جاروبار؛ رۆڵێك دەگێڕێ لە زۆریی و کەمیی ژمارەی پێشهاتەکان و رووداوەکاندا. بۆ وێنە: کرێکارێك کە هەر رۆژە بۆ یەکێك، یان بۆ لایەنێك کاربکا، یان تاکسیهاژۆرێك، کە هەردەمە و یەکێکی دیکە سواری تاکسییەکەی بکا، یان کەسێك کە لە بازاڕێکی گەورەدا دووکانداربێ، یان فەرمانبەرێك کە بەزۆریی بەڕێوەبێ و، بە پاس و شەمەندەفەر لە سەفەردابێ و، ئەم شار و ئەو شار بکا، ئەمانە پێوەندییان بەخەڵکەوە پترە، وەك لە یەکێك کە کارمەندێك بێ لە فەرمانگەیەکی گچکەدا و، بە تەنێ، لە ژوورێکدا خەریکی



سەید موحسین حەکیم

تاپیکـردن بـێ و، ڕێـی دووری، ماڵـەوە و شـوێنی کاربـێ. لێـرەدا دەمـەوێ بێـژم کـە پیشـەی مامۆسـتایەتی، پیشـەیەکە دەبێتـە هـۆی پێوەندییەکـی فـراوان، نـەك هـەر بـە قوتابیـان و هەڤاڵمامۆسـتایانەوە، بەڵکـو بەکەسوکاریشـیانەوە و؛ دەبێتـە هـۆی ناسـینی ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی جیـاواز جیـاواز، بەتایبەتـی، ئەگـەر ئـەو مامۆسـتایە، وەك فیلمـی گـەڕۆك؛ ئـەم شـوێن و ئـەو شـوێنی پێبکـەن.. دە ئـەز ئـەو مامۆسـتا گەڕۆکـە بـووم، کـە لـە 1955/10/25دا بـە فەرمانـی ژمـارە 37121ی وەزارەتـی زانیاریـی عێـراق؛ بـە مامۆسـتا دامـەزرام و، لـە 1955/11/5دا دەسـتمبەکار کـرد تاوەکـو ڕۆژی 1961/9/30 کـە دەسـتملەکار هەڵگـرت و چوومـەوە مـاڵ، پـاش چەنـد جـار ئیسـتیقالەکردنم و دانـەدواوەی لەلایـەن وەزارەتـەوە، بەبیانـووی "پێویسـتیان بـە خزمەتەکـەم"، تاوەکـو دوایـی وەزارەت ناچاربـوو بە"ئیسـتیقالەکردوو"م دابنـێ بەپێـی قانـوون و، فەرمانـی ژمـارە 82366ی ڕۆژی 1961/12/16.

لـە مـاوەی ئـەم شـەش سـاڵ خەریکبوونەمـدا بـە پیشـەی فێرکاریـی و پـەروەردەوە لـە باشـووری کوردسـتان و عێراقـدا، چەنـد جـار جێگۆڕکـێ کراپێـم : دوو سـاڵ لـە کەرکـووك

(لـە چـوار قوتابخانـە: نێوەندیـی ڕۆژاوا، نێوەندیـی ڕۆژهـەڵات، نێوەندیـی موسـەڵڵا، دوانێوەندیـی ئێـواران؛ کـە بـە قوتابخانـەی عەلـی حیکمـەت بەنێوبانـگ بـوو)، سـاڵێك لە زوبێـر (بـەسرە، لەسـەر سـنووری کوێت)، دوو سـاڵ لـە بەغدا(دوانێوەندیـی جەعفەرییەی ڕۆژان و ئێـواران)، سـاڵێك لـە هەولێر(دوانێوەندیـی هەولێـر و دوانێوەندیـی ئێـواران و قوتابخانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی). لـەم ماوەیـەدا، گەلێـك شـتم دی و گەلێکیشـم بەسـەرهات، کـە ئـەم وتـارە شـوێنی گێڕانـەوەی ئـەو باسـانە نییـە، هێنـدە نەبـێ کـە پێوەندیـی بـە وتارەکـەوە هەیـە.

ڕەنگـە خوێنـەرەوەی ئـەم وتـارە ئـاگای لـەوە هەبـێ کـە لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەدا باسـی ئەوەمکـردووە کـە چـۆن وەك قوتابـی، هـەر لـە قوتابخانـەی نێوەندیـی سـلێمانییەوە و، پـاش ئـەوەی زمانـی عەرەبـی بـەزۆری زۆردارەکـی بەسـەر قوتابیانـی کـورددا سـەپێندرا و، مامۆسـتا کوردەکانیشـمان کـە بـە پەنجـەی دەسـت دەژمێـردران، ناچارکرابـوون بەعەرەبـی قسـە بکـەن لەگەڵـمان، کەوتمـە سـەر کەڵکەڵـەی ئـەوەی خـۆم ئامـادە بکـەم ببـم بـە مامۆسـتای دواڕۆژ، تاکـو بـە کوردیـی وانـە بڵێمەوە(سـەرنجی وتـاری: جەمـال نەبەز"بەبۆنـەی ئاهەنگـی پەنجاسـاڵەی بەشـی کوردیـی زانسـتگەی بەغـدا لـە پایـزی2009 دا، بەشـی کوردیـی چـۆن دامـەزرا؟" بـدە؛ لـە پاشـکۆی (ڕووداو) ژ86، 2009/11/16) هەروەهـا (وشـەنامەکی ئێتیمۆلۆژیـای زمانـی کوردیـی) www.jemalnebez.com . هـەر بـۆ گەیشـتنم بـەم ئامانجـە؛ چوومـە کۆلێـژی پـەروەردەی زانسـتگەی بەغـدا و، کـە خوێندنـم لـەوێ تـەواو کـرد، ئاواتەکـەم هاتـەدی و، بـۆ یەکەمجـار لـە پایـزی 1955دا لـە قوتابخانـەی دوانێوەندیـی کەرکـووك دامەزرێنـدرام، کـە بەسـەرهاتیی دوو سـاڵی کەرکووکـم بەکورتـی لـە پێشـگۆتنی (وشـەنامەکی ئیتمیۆلۆژیـای زمانـی کوردیـی)دا خستووەتەڕوو(سـەرچاوەی پێشـوو).

## لە کەرکووکەوە ڕەهەندەکرام بۆ زوبێر

لـە پاییـزی 1957دا کاتێـك لـە قوتابخانـەی دوانێوەندیـی موسـەڵڵای کەرکـووك بـووم، بـە فەرمانـی وەزارەتـی زانیاریـی ژ(43340)ی ڕۆژی 1957/10/9 ڕەهەنـدەی قوتابخانـەی نێوەندیـی زوبێـر کـرام، وەك تۆڵەسـەندنەوەیەکی ڕژێمـی فەرمانڕەوایـی

ئـەو سـەردەمە، بەرامبـەر بـەوەی لـە پۆلـی قوتابخانـەدا بەکوردیـی قسـەم کـردووە و، ئەگـەر قوتابییـەك لـە زمانـی عەرەبیـی وانەکـە نەگەیشـتایە، بەکوردیـی تێمدەگەیانـد، هەروەهـا؛ وەك دووژمنایەتییەکـی نـاڕەوای دەسـەڵاتداران بەرامبـەر بـەو چالاکییـە رۆشـنبیریی و رامیارییـە بەرچـاوەی کـە هەمبـوو، وەك نووسـینی وتـاری رۆژنامـە و، چاپکـردن و بڵاوکردنـەوەی پەرتـۆك وناملکـە بـۆ خسـتنەڕووی کێشـەی خوێندەواریـی و رامیاریـی کـورد و، رەخنەگرتـن لـە هەڵوێسـتی حکوومـەت بەرامبـەر گوللەبارانـی خەڵـك لـە سـلێمانی لـە خۆپێشـاندانی رۆژی ناشـتنی تەرمـی شـێخ مەحمـوود لـە 1956/10/10دا کـە ئەختەرخانـی ژنـی رەشـۆلی گۆرانییێـژی تێـدا کـوژرا و لاشـەی شـێخیش بەرگوللـەدرا، هەروەهـا هەڵوێسـتی سەرشـۆڕانەی حکوومەتـی عێـراق بەرامبەر پەلامـاری دەسـتدرێژکەرانەی بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئیسرائیـل بـۆ سـەر میسر(سـەرنجی وتـاری جەمـال نەبەز:(پرۆگرامـی کوردیـی رادیـۆی قاهیـرە لـە هاوینـی 1957دا چـۆن دامەزرا)بـدە، لـە پاشـکۆی(رووداو) ژمـارە106 ی 2010/3/29 دا). پـاش ئـەوەی بـۆم رۆنبـووەوە، ئەگـەر واز لـە کارەکـەم بێنـم و نەچـم بـۆ زوبێـر وەك مامۆسـتا، ئـەو دەمـە بە"ئیسـتیقالەکردوو"دامدەنێن و جلکـی سـەربازیی دەکەنەبـەرم و، بەوجـۆرە دەمنێـرن بـۆ زوبێـر، چۆنکـە کاربەدەسـتی وەزارەتـی زانیایـی، لـە پاییـزی ئـەو سـاڵەدا هەڕەشـەی ئـەوەی لەمـن کـرد، ئەگـەر وەك مامۆسـتا نەچمـە ئـەوێ، ئـەوا وەك سـەرباز دەمنێـرن.. بەنابەدڵـی چـووم بـۆ زوبێـر.

## رۆژانی ئاوارەییم لە زوبێر

زوبێـری ئـەو سـەردەمە، شـارۆچکەیەکی دەهـەزار کەسـیی سـەر بەشـاری بـەسرە بـوو. بـە پـاس 10 بـۆ 12 خولـەك لـە بـەسرەوە دووربـوو. ئـەم شـارۆچکەیە بەنێـوی زوبێـری کـوڕی عەوامـەوە نێونـراوە. زوبێـر (593 ـ 656) لـە تەمەنـی 16سـاڵیدا موسـڵمان بـووە و، لـە گەلێـك لـە شـەڕەکانی موسـڵماناندا دژ بەبتپەرسـتەکان و ناموسـلمانەکان، لـە تـەك پەیامبـەری موسـڵماناندا بەشـداریکردووە، تـا لـە "شـەڕی حوشـتر" (حـرب الجمـل)دا کـوژراوە، کـە ئـەم شـەڕە لەنێـوان بـرازا و زاوای پەیامبـەر، عەلـی کـوڕی عومـران کـە بـە عەلـی کـوڕی ئەبـو تالیـب و ئیمامـی عەلـی بەنێوبانگـە و، باجـی ئایشـێی بێوەژنـی

پەیامبــەردا روویــداوە. شــەڕەکەش بۆیــە نێونراوە"شــەڕی حوشــتر"؛ چۆنکــە باجــی ئایشــێ لــەو شــەڕەدا ســواری حوشــترێك بــووە و بــە دیلگیــراوە. دوو هەڤاڵ(ســەحابە) ی پەیامبــەر؛ زوبێــر و تەڵحــە؛ لــەو شــەڕەدا کــوژراون. باجــی ئایشــێ؛ کچــی ئەبوبەکــری یەکەمیــن جێنشــین (خەلیفــە)ی پەیامبــەر بــووە، کــە زۆر بــە منداڵــی (لــە تەمەنــی 9 ســاڵیدا)، باوکــی لــە پەیامبــەر مــارەی کــردووە. دیــارە ئــەم "شــەڕی حوشــتر"ە؛ شــەڕێك نەبــووە لەنێــوان موســڵمانان و "کوففــار"دا، بەڵکــو لەنێــو موســڵمانان خۆیانــدا بــووە، واتــە؛ شــەڕێك بــووە لەبابەتــی ئەم"شــەڕی براکوژی"یــەی کــە لەنێــوان حیزبــە کوردییــە مارکســییەکان"دا روویاندا.{سەرنج:وشــەی (باجــی) لای کــورد، وەك ڕێزێــك بــۆ خوشــکی گــەورە بــەکاردێ و، لــە فارســیدا بــووە بە(بێجــی). (باجــی) وشــەیەکی کۆنــی کوردییــە، کــە پێوەندیــی بــە وشــەی (باگە/بــاگا)وە هەیــە، بــە مانــای (خــوا)و (مــەزن) و(گــەورە) و(خــاوەن). ســەرنجی وشــەی bhege ی سانســکریتیی و بۆگــی رووســی و، وشــەی بێگــم ی هینــدی بــدە، کــە لــە عەرەبیــی میسرییــدا بــووە بــە (بیجــووم). هەروەهــا وشــەی (بەگ)یــش هــەر لەمــەوە هاتــووە. خاوەنــی فەرهەنگــی فارســی(معین) بــە هەڵــە وشــەی (بــگ)ی بــە ترکــی داوەتــە قەڵــەم}.

ژیانــی رۆژانــەم لــە بــەسرە و زوبێــر، یادگارییەکــی خۆشــە. لــەو ماوەیــەدا کــە لــەوێ بــووم؛ گەلێــك کەســم ناســی و بوونــە دۆســتم و گەلێــك دۆســت و ناســیاوی کۆنیشــم چاوپێکەوتنــەوە، لەوانــە، مامۆســتا کەمالــی ئەحمەدبــەگ و کەمــال جــەلال غەریــب کە لە سلێمانییەوە پێــش مــن رەهەنــدەی بەسرەکرابــوون. هەروەهــا، مامۆســتایان عەبدولســتار ئەلفەزلــی و مونیــب ئەلدرووبــی کــە لــە زانســگەی بەغــدا هاوخوێنــدکاری بەشــی فیزیــك بوویــن. هــەر لــەو ماوەیــەدا، چ لەگــەڵ مامۆســتاکان و قوتابییــەکان و، چ بەتەنــێ، گەلێــك ســەفەرمکرد بەنێوچەکانــی خــوارووی عێراقــدا، بەتایبەتــی بەنێوچــەی زۆنگاوەکانــدا بــە "مەشحووف"(شــتێکە وەك بەلــەم) و، شــارەزای ژیانــی کۆمەڵگــەی هــەژار و دواکەوتــووی ئــەو ناوچانــە بــووم.

لــە هەمــووی خۆشــتر بۆمــن ئەوەبــوو کــە پــاش خراپەکاریــی کاربەدەســتانی کەرکــووك لــە دژم و، دەربەدەربوونــم بــۆ ســەر ســنووری کوێــت، کــە بەشــێکی ئــەم چیرۆکــەم لــە پێشــگۆتنی (وشــەنامەکی ئێتیمۆلۆژیــای زمانــی کوردیــی)دا باســکردووە، لــە زوبێــر و بــەسرە لــە نێــو قوتابییــەکان و مامۆســتاکان و کاربەدەســتانی پــەروەردە و

راستەخەڵکەکەدا خۆشەویست بووم. کە لە کەرکووك بووم، لە کارەکەمدا وەك مامۆستا، جێگیرنەکرابووم، کە دەبوو بەپێی قانوون، پاش ساڵونیوێك جێگیربکرێم. بەڵام بەڕێوەبەری زانیاریی بەسرە، مامۆستا عەبدولحەمید ئەلبەکر (عبدالحميد البكر) کە جارێکیان لە سەمینارێکی مندا لە بارەی زمانی کوردییەوە، لەژێر نێوی (رفع الاوهام و دفع التضليل، عما فی اللغە الكرديه من الدخيل)دا بەشداریکرد، دۆستایەتییەکی ئاشکرای پێشاندراو، بەپێی (فەرمانی کارگێڕی) ژ(1196) رۆژی 1958/1/19 کە ئێستەش لام ماوە، کارەکەمی لە 1957/5/29ەوە(واتە لەو کاتەوە کە هێشتا لە کەرکووك بووم) جێگیرکرد. بێجگە لەوەش، کە مامۆستا حەمەعەلی مستەفا قەراخی، وەك پشکنەر(مفتش)ی ماتماتیك هات بۆ قوتابخانەکەمان و گوێی لەوانەگوتنەوەی من بوو و، لەنێو مامۆستاکان و کارگێڕی قوتابخانەدا باسی کارەکەی منی بەباشی کرد کارگێڕ، مامۆستا سالم ئەلبەدر(البدر)گوتی: قوتابخانەکەمان شانازی بەم خزمەی بەڕێزتانەوە دەکا(سەرنج: مەبەست لەمە ئەوەبوو کە مامۆستا حەمەعەلی مستەفاش کوردبوو وەك من).

هەرچەندە کارگێڕی قوتابخانە، مامۆستا سالم ئەلبەدر گوتی قوتابخانەکە ژووری ڤالای زۆرە، لە ژوورێکیاندا، بێکرێ، نیشتەجێبە، سوپاسمکرد و، لەبەر هێندەك هۆ؛ لەوێ نیشتەجێنەبووم. لە هوتێلێك لە گەڕەکی عەشاری بەسرە، ژوورێکم بەکرێگرت و، رۆژانە بە پاس دەچووم بۆ قوتابخانە. جاری وا هەبوو، پاسەکە لەڕێ پەکیدەکەوت، دەبوو پاڵمانپێوەبنایە، لەگەڵ ئەوەشدا هێندەك جار، نەدەکەوتەوەکار، ئێمەش هەر پاڵمانپێوەدەنا، تا نێزیکی شارەکە دەبووینەوەو، لەبەرئەوەی قوتابخانەکەمان لە قەراخی شار بوو، خواحافیزەم دەکرد لێیان و، ئەوانیش بە پاڵپێوەنان پاسەکەیان دەگەیاندە گەراج. جاری واهەبوو لە کاتی پاڵپێوەناندا پێکەنین دەیگرتم، دەیانگوت ئەوە بەچی پێدەکەنی، دەمگوت پێکەنینم بەخۆم دێ، چۆنکە "شرالبليە مايضحك"(خراپترین کوێرەوەریی ئەوەیە کە مرۆڤ بهێنێتە پێکەنین)، کوردیش دەبێژن "سەربەقوڕ دێنێتە پێکەنین".

کە لە پشووی بەهاردا ویستم بۆ چەند رۆژێك بگەڕێمەوە کوردستان، لە بەغداوە سواری تاکسییەك بووم لەگەڵ بەڕێزان تەها بابان و فازیل سەعید هەولێری و ژنێکی کەرکووکی و یەکێکی دی. تاکسیهاژۆرەکە کوڕێکی خەڵکی سلێمانی بوو و،

”بەبراکـەی بەکـری نـادی“ ناسرابـوو، بەهـۆی ئـەوەوە کـە سەرخۆشـیی شـەو تـەواو بەرینەدابـوو، لـەڕێ (لـە چۆڵـی قورفـە) ”شـەڕەقۆچی“ لەگـەڵ ترۆمبێلێکـی دیکـەدا کـرد، فازیـل و تەهـا و ئـەز هەموومـان کەلەلابوویـن و، کەرکووکییەکـە، کـە مریشـکێکی لەباوەشـدابوو،مرد و مریشـکەکەی لەپـاش بەجێـما. کـە گەڕامـەوە بـەسرە و، هێشـتا برینەکانـم چاکنەببوونـەوە، دوکتۆرەکانـی بـەسرە دوو مانـگ پـتر رووخسـەتیاندا پێـم تاکو بحەسـێمەوە و بێمـەوە سـەرخۆم. لەکەشـوهەوای دۆسـتانەی بـەسرەدا، هەلهەڵکـەوت بـۆم، گەلێـك شـت بخوێنمـەوە و، چەنـد شـتێکیش بنووسـم. هـەر لـە بـەسرە لـە 1957دا چیرۆکـی (پاڵتـۆ)ی چیرۆکنووسـی رووس نیکـۆلای گۆگـۆڵ م کـرد بـە کوردی و لـە 1958دا لـە بەغـدا چاپمکـرد.

راسـتە، سـوننەکان و شـیعەکانی بـەسرە، زۆر گلەییـان لەیـەك هەبـوو، لـەلای مـن دەردی دڵـی خۆیـان هەڵدەڕشـت، بـەڵام هەردوولایـان لەگـەڵ مـن دۆسـت بـوون و، منیـش هـەردەم هەوڵـی ئـەوەم دەدا کـە نێوانیـان لەگـەڵ یـەك خـۆش بـێ.

کـە کودەتـای عەبدولکەریـم قاسـم(1914 ـ 1963/2/8) لـە 1958/7/14دا روویدا؛هێشـتا مامۆسـتای قوتابخانـەی نێوەندیـی زوبێربـووم، بـەڵام لەبەرئـەوەی پشـووی هاویـن بـوو، لـە سـلێمانی بـووم. هەرەسـهێنانی رژێمـی شانشـینیی و، دامەزراندنـی کۆمـاری عێـراق و، باسـکردنی رامیارییەکـی تـازە لەلایـەن قاسـم و کاربەدەسـتانەوە، وایلەمنکـرد کـە هەوڵـی گەڕانـەوە بـدەم بـۆ کەرکـووك، بـەڵام ئـەو بیرخەرەوەیـەی کـە ئێمە(چەنـد مامۆسـتایەکی کورد)دامـان بـە قاسـم و ڤەزیـری زانیـاری ؛ بـۆ دامەزراندنـی (بەڕێوەبەرێتیـی زانیاریـی کوردسـتان) و، تەرخانکردنـی کورسـییەك بـۆ زمـان و وێـژەی کوردیـی لە زانسـتگەی بەغدا و، چاکسـازیی لە سیسـتەمی پـەروەردە و فێرکاریـدا ؛ بووبە هۆی سـەرنەگرتنی هەوڵەکەم بـۆ گەڕانـەوەم بـۆ کەرکـووك. لـەو ماوەیەدالـە بەغـدا، مامۆسـتایەکی خەڵکـی عەنـکاوەم ناسـی؛ نێـوی عەبدولئەحـەد فرەنسـیس مالیـح بـوو، کـە یەکێکبـوو لـە کۆمۆنیسـتە عیراقییـە نـاسراوەکان و، پێوەندییەکـی بەهێـزی لەگـەڵ دەزگـەی پـەروەردەی بەغـدا و قوتابخانـەکان هەبـوو. کۆمۆنیسـتەکان لـەم سـەردەمەدا لـە وەزارەتـی زانیاریدا دەسـتیان دەڕۆی و کەرکووکیـان کردبـوو بـە مەڵبەنـدی چالاکـی لکـی حیزبەکەیـان لـە کوردسـتاندا. حەزیـان بەبوونـی مـن نەدەکـرد لـەوێ. مامۆسـتا عەبدولئەحـەد؛ مرۆڤێکـی رۆشـنبیربوو، زۆر رێـزی منـی دەگـرت و، بـاش گوێـی لـە رەخنەکانـم بەرامبـەر بـە حیزبەکـەی

دەگـرت، هەرچەنـدە هەوڵیـدا بمگێڕنـەوە بـۆ کەرکـووك، بـەڵام بەقسـەیاننەکرد. لەسـەر پێشـنیازی وی و، داخوازیـی قوتابخانەکـە لـە وەزارەتـی زانیاریـی؛ کارەکـەم بەشـێوەی خواسـتەمەنی(إعارە)؛ بەپێـی فەرمانـی وەزارەت ژمـارە55762ی رۆژی 1958/12/6؛ درا بـە قوتابخانـەی دوانێوەندیـی جەعفەرییـە بـۆ مـاوەی سـاڵێك، چۆنکـە قوتابخانەکـە زۆر پێویسـتیان بـە مامۆسـتای ماتماتیـك و فیزیـك هەبـوو، پـاش قسـەکردن لەگەڵـم، بەخۆشـییەوە منیـان وەرگـرت، کە سـاڵەکەش تەواوبـوو، سـاڵێکی دیکـەش درێژیانکردەوە بـۆم. ئـەم قوتابخانەیـە لەنێـو خەڵکـدا بـە قوتابخانـەی دوانێوەندیی"مۆسـکۆ" بەنێوبانگ بـوو، چۆنکـە زۆربـەی قوتابییەکانـی سـەر بـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێـراق بـوون.

## قوتابخانەی دوانێوەندیی جەعفەرییە لە بەغدا

جـا لەبەرئـەوەی بوونـی مـن بـە مامۆسـتا لـە قوتابخانـەی دوانێوەندیـی جەعفەرییـە، بـووە هـۆی چاوپێکەوتنـم بـە سـەید موحسـینی حەکیـم، بەپێویسـتی دەزانم؛جـارێ باسـێکی کورتـی ئـەم قوتابخانەیـە و پێوەندییەکانـی و هەلومەرجـی ئـەو سـەردەمە بکـەم.
قوتابخانــەی دوانێوەندیـی جەعفەرییـە، قوتابخانەیەکـی ئەهلیـی شـیعەکان بـوو لـە بەغـدا. شـوێنەکەی کەوتبـووە پشـت پێچ(فیلکـە)ی حافـز قـازی یـەوە، کـە نازانـم ئێسـتەش ئـەو شـوێنە هـەر بـەو نێـوەوە دەناسرێتـەوە یـان نـا. خانوویەکـی گـەورەی سـێ نهۆمیـی بـوو، کـە بـە تایبەتیـی بـۆ قوتابخانـە دروسـتکرابوو. حەوشـێکی پـان و پـۆڕ و سـاڵۆنێکی گـەورەی هەبـوو، کـە بـۆ کۆبوونـەوە و، وەك شـانۆش بەکاردەهێـنرا. لەپۆلـی یەکەمـەوە تـا پۆلـی پێنجەمـی تێدابـوو. لەوسـەردەمەدا ؛ پۆلـی شەشـەم نەبـوو. دوانێوەندییەکەی(واتـە؛ پۆلـی چـوارەم و پێنجەمی)بەشـی زانسـت و بەشـی وێژەیـی و بەشـی بازرگانـی و بەشـێکی تایبـەت بەکچانـی تێدابـوو. بێجگـە لەمـەش، بەشـێکی ئێوارانیشـی هەبـوو، کـە قوتابـی وای بـۆ دەهـات، تەمەنـی پەنجـا سـاڵ و پتریـش بـوو. ژمـارەی قوتابییەکانـی، تێکـڕا، خـۆی لـە هـەزار قوتابییـەك دەدا، ژمـارەی مامۆستایەکانیشـی بیسـت هەتـا سـی مامۆسـتا و زێتریـش دەبـوون، کـە هێندێکیـان باوەڕنامـەی مامۆسـتایەتییان نەبـوو، بەڵام بەپێی پسـپۆڕییان، وەك ئابووریناس، کیمیاگەر،

دەرمانساز، پارێزەر، بژیشك، گرێبەستی کاتیی دەبەسترا لەگەڵیان مامۆستای واشی تێدابوو کە باوەڕنامەی ماجستێر، یان دوکتۆرای هەبوو، لێ، بەتۆمەتی ئەوەی کە لەگەڵ رژێمی "دوابڕاو"ی شانشینیی هاوکارییکردبوو، نانبڕاوکرابوو، لەبەرئەوە، ناچارببوو، وەك وانەبێژ (محاضر) بەپارەیەکی کەم و بە ترسولەرز، لەوێ کاربکا و تووشی گەلێك قسەی سارد و سووکی قوتابییەکان دەبوو. هێندێکیشیان، وەك من، لە وەزارەتی زانیاریی، بۆماوەیەك خوازراو(مستعار)بوون و، بەرامبەر بەوەش، دەبوو قوتابخانەکە کرێیەك بدا بە وەزارەتی زانیاریی عێراق کە بەمەیان دەگوت (قانوونی خواستن و بەکرێدان - قانون الاعاره والتأجیر). چۆنکە لەو سەردەمەدا؛ تازە کۆماری عێراق دامەزرابوو، هێشتا بەپێی قانوونی زەمانی شانشینیی کاردەکرا، کە مامۆستاکان، وەك هیخۆیی (ملك)ی دەوڵەت تەماشا دەکران. هەر مامۆستایەك وازی لەکارەکەی بهێنایە، یان دەربکرایە، مافی ئەوەی نەبوو لە هیچ فەرمانگەیەك، وەك کارمەند، دابمەزرێ، حکوومەتیش دەیتوانی دەستبەجێ جلکی سەربازی لەبەربکا و بینێرێ بۆ لەشکرگە.

قوتابخانەی جەعفەرییە هی شیعەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەر پۆلێکدا، ژمارەیەکی کەم قوتابی سوننە(عەرەب و کورد) و، چەند قوتابییەکی دیانیش هەبوون. بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو، قوتابی کوردی فەیلی لەوێ دەیانخوێند. چۆنکە فەیلییەکان، ئەگەرچی قوتابخانەیەکی سەرەتایی خۆیانیان هەبوو لە گەڕەکی شێخ عومەر، کە گەڕەکی کوردەکانی بەغدابوو، بەڵام نەڕێیاندەدان لەو قوتابخانەیەدا بە کوردیی بخوێنن و، نە دەیانهێشت قوتابخانەیەکی نێوەندیی خۆیان هەبێ. بەپێچەوانەی فەیلییەکانەوە، شیعە عارەبەکان و دیانەکان و جوولەکەکان، ئەم مافە درابووپێیان. جارێکیان، لە حسەین سەیوانی، کە پارێزەرێکی نێوداری کوردە فەیلییەکان و، یەکێك بوو لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە سەرەتاییەکەیان و، سەردانی دوکانی(ئوستاد) بەشیر موشیری دەکرد، پرسیم، بۆچی قوتابخانەیەکی نێوەندیی و دوانێوەندیتان نییە؟ گوتی:" ئەوە لە وەزیرە کوردەکان بپرسە. چەند جار داوامان کردووە، لێ، رێماننادەن و، وەزیرە کوردەکانیش لەسەر ئەوە نایەنە قسە و هیچ ناکەن بۆمان". هەروەها گوتی: جارێکیان روومان لە وەزیری نێوخۆ سەعید قەزاز نا، کە یارمەتیمانبدا، گوتی:" ئەوە کاری من نییە، کاری وەزیری زانیارییە، پاشان




قوتابخانەی جەعفەرییە لە بەغدا، ئەم وێنەیە لە ڕۆژی 2010/06/01 گیراوە

ئێوە بۆچی واز لە بەغدا ناهێنن و ناچنە کەرکووك کە شاری نەوت و کاسبی و پارە و کوردستانە"، گوتم:" ئێمە گەلێك لەپێش عارەبدا لەبەغدابووین، بۆچی شاری خۆمان بۆ عارەب بەجێبهێڵین؟". وادیارە، بۆماوە(میرات) ی ئەو ڤەژیرە کوردە دەسەڵاتدارە کۆنانەی عێراق، بە ڤەژیر و دەسەڵاتدارەکانی ئێستەی حکوومەتی کوردستان بڕاوە، کە ئاوڕێکیان لە کوردە فەیلییەکان نەدایەوە و لە بێکەسیدا، زۆریان بوونەتە لایەنگری شیعە عەرەبەکان.

جا لەبەرئەوەی کوردە فەیلییەکان نەدەچوونە قوتابخانە حکوومەتییەکان کە بەدەست عارەبە سوننەکانەوەبوو، بەناچاریی روویان لە قوتابخانەی نێوەندیی و دوانێوەندیی جەعفەرییە دەکرد. هەر قوتابییەکیش لەوێ بیخوێندایە، دەبوو پارەیەکی کەم بدا بە بەڕێوەبەرێتیی قوتابخانەکە. خۆ ئەگەر ئەو قوتابییە هەژار و دەستکورت بووایە، شیعەبووایە، یان شیعە نەبووایە، پارە وەرنەدەگیرا لێی. دیارە ئەو پارەیەی کە بنەماڵەی قوتابییە دەوڵەمەندەکان دەیاندا، بەشی تێچوو(مەسرەف) ی قوتابخانەکەی نەدەکرد، لەبەر ئەوە، بەشێکی زۆری ئەو پارەیە، لەو پێنجیەکە و"بەش (سەهم)ی ئیمام" دەردەچوو، کە شیعە باوەڕدارەکان؛لە دەسکەوتی بازرگانی و کاری خۆیان دەیدەن، کە بەو پێنجیەکە دەگوترێ"خومس". هەر ئەمەشە

وایکــردووە، ئاخوند(مــەلا)ە شــیعەکان، بەپێچەوانــەی مــەلا ســوننەکانەوە، ناچارنەبــن دەســت لــە حکوومــەت پانبکەنــەوە و ببنــە گوێڕایەڵــی حکوومــەت، چۆنکــە شــیعەکان پێیانوایــە، هــەر حکوومەتێــك کــە حکوومەتــی خۆیــان نەبــێ، زۆردار و داگیرکارە(جابــر و غاصــب) و، نابــێ هاوکاریــی بکــرێ. لەگــەڵ ئەمەشــدا و، بەپێــی باوەڕەکەیــان، پێیانوایــە کــە فەرمانڕەوایــی وان لــە کۆتایــی جیهانــدا دێتــە ســەرکار، واتە؛کاتێــك کــە "جەجــاڵ" هەستا(ســەرنج:" جەجــاڵ" وشــەیەکی کوردییــە کــە لە"دژئــاڵ"< دژ ئــار < دژ ئاگــرەوە هاتــووە، واتــە دژ بەهێــزی ڕۆناکــی، کــە خودێــی خۆر(میــترا) خــوای کۆنــی کــورد بــووە) و کاتێــك کــە "ئیمامــی زەمــان" پەیدابــوو. ("ئیمامــی زەمــان" واتــە رزگارکــەر، بیرێکــی کۆنی مەزدایزم(زەردەشــتێتی)یە کــە بەپێــی ئــەوە ڕۆژێــك دێ"سائۆشــیانت" دێتەســەر زەوی و خەڵکــی ژێردەســت رزگار دەکا). شــیعەکان هۆنراوەیەکیــان هەیــە بۆهاتنەســەر کاریــان لــە کۆتایــی جیهانــدا "لــكل أمــه دولــه یرقبونهــا ودولتنــا فــی أخــر الدهــر تظهــر" ماناکــەی بەکــوردی ئەمەیــە:" لایەنگرانــی هەمــوو ئایینێــك دەوڵەتێکیــان دەبــێ کــە چاوەڕوانــی دەکــەن، دەوڵەتــی ئێمــەش لــە کۆتایــی جیهانــدا دەردەکــەوێ". بــەم پێیــە خومەینــی لــەم بــاوەڕە لایــداوە کــە (کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران)ی دامەزرانــد، کــە هێشــتا جیهــان "بەرەوکۆتایبــوون" نەچــووە.

بەرنامــەی خوێنــدن لــە قوتابخانــەی جەعفەرییــە، هــەروەك ئــەو بەرنامەیــە بــوو کــە وەزارەتــی پــەروەردە و فێرکاریــی بــۆ هەمــوو قوتابخانەکانــی عێــراق دایناببــوو. جــا لەبەرئــەوەی قوتابخانەکــە ئەهلــی و خاوەنەکــەی شــیعەکان بــوون، زۆر هەوڵــدەدرا کــە ئاســتی فێرکردنــی قوتابییەکانــی بــەرز رابگیــرێ؛ تاکــو حکوومــەت بیانــووی بــۆ داخســتنی نەبــێ. خۆشــم، کــە پێویســتی بکردایــە، هێنــدەك پاشــنیوەڕوان، وانــەی زێــدە (اضافــی) م بەخۆڕایــی بــە قوتابییــەکان دەگوتــەوە، لەبەرئــەوە، زۆر خۆشەویســت و ڕێــزدار بووبــووم لەلایــان. نێویشــم وەك مامۆســتایەکی باشــی فیزیــك و ماتماتیــك دەرکردبــوو؛ ئەمــەش بــووە هــۆی ئــەوەی هێنــدەك لــە دەوڵەمەندەکانــی بەغــدا کــە منداڵەکانیــان لــە فیزیــك و ماتماتیکــدا بــاش نەبــوون، دەیانویســت بەپــارە رامبگــرن بــۆ وانەدانــی تایبەتــی بــە منداڵەکانیــان. منیــش کردبــووم بــە مــەرج بەســەریانەوە، کــە رێبــدەن قوتابییــە هەژارەکانیــش لــەو وانانــەدا بەشــداربن و هەمووشــیان پێکەوەبــن. داخوازییەکەشــم پەســندکرا. ئــەو وانــە تایبەتییانــە، لــە رۆژانــی هەینــی دا دەگوترانــەوە، کــە پشــووی

قوتابخانەبـوو. کارگێـڕی قوتابخانەکە، مامۆسـتا حەسـەن زەلزەلـە، ماڵی ئاوابێ، سـاڵۆنێکی گـەورەی خسـتبووە خزمەتمـەوە و، بەردەسـتێك(فەڕاش) ێکـی راسـپاردبوو؛ دەرکـی قوتابخانەکـە بکاتـەوە بۆمـان و چایـی لێبنـێ بۆمـان. وانـەکان، لـە هەشـتی بەیانییـەوە تـا پێنجـی پاشـنیوەڕۆ بـوون، یـەك دەمژمێـر لـە 12ەوە تـا 13(یەکـی پاشـنیوەڕۆ) بـۆ نانخـواردن و حەسـانەوە دانرابـوو، کـە منداڵـە دەوڵەمەنـدەکان، خواردنـی زۆریـان لـە ماڵـەوە دەهێنـا، منیـش دابەشـمدەکرد بەسـەر هەموویانـدا. بەردەسـتەکەش، بێجگـە لـە خواردنـی خۆڕایـی، پارەیەکیشـم دەدایـە، دەیگـوت "خۆزگـە قوتابخانەکـە هەمـوو رۆژێ ئـەم خزمەتکارییـەی بەمـن رەوابدیایـە". لـەو پارەیـەی کـە دەسـتمدەکەوت، توانیـم یارمەتـی گەلێـك دۆسـت و نادۆسـتیش بـدەم، کـە هێندێکیـان، مخابـن؛ زۆر سـپڵە دەرچـوون، لەوانـە هـەژار و زەبیحیـی، کـە زەبیحـی لەبرێتـی چاکـە و دەسـتگیرۆیی لەلایـەن منـەوە، بـووە سیخوڕی رژێمـی قاسـم بەسـەرمەوە. ئـەم بێڕەوشـتییەی زەبیحی، کـە خـۆی خسـتە خزمەتـی ئـەم رژێـم و ئـەو رژێمـەوە، بـوو بەهـۆی سـەرتێداچوونی لـەو کارانـەدا.

بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـە، حەسـەن زەلزەلـە، مرۆڤێکـی زۆر لەسـەرخۆ و زمانشـیرین و رووخـۆش بـوو. یارمەتیـدەری بەڕێوەبـەر، نێـوی ئەبوشـەزا (أبـو شـذی)، واتـە باوکـی شـەزا، چۆنکـە کچەکـەی نێـوی (شـەزا) بـوو. دۆسـتایەتیم لەگەڵـی زۆر خـۆش بـوو. ئـەم بەشـمەینەتە، پـاش کودەتـای رەشـی بەعسـییەکان لـە شـوباتی 1963دا، بـە تۆمەتـی ئـەوەی گوایە"سـەربە ئێرانـە و دوژمنـی ناسـیۆنالیزمی عـەرەب و حیزبـی بەعسـی سـەرکردە"یە، لەسێدارەدرا. ئـەم هەواڵـەم لەچەنـد قوتابییەکـی خۆم بیسـت کـە قوتابیی دوانێوەندیـی جەعفەرییـە بـوون و، پـاش کودەتـای بەعـس، وەك پەنابـەر رایانکردبـووە ئەڵمانیـا. بـەو هەواڵـە، زۆر خەفەتـم خـوارد. چۆنکـە، ئەبوشـەزا، بێجگـە لـە دۆسـتایەتی و هەڤاڵمامۆسـتایەتی، چاکەیەکیشـی بەسـەرمەوە هەبـوو. کاتێـك لـە مانگـی گوڵانـی سـاڵی 1962دا، لـە بەغـداوە بـەرەو ئەوروپـا دەچـووم بـۆ خوێنـدن لـە سـویسرا، گەلێك نووسـینی رێبەندکـراو (ممنـوع)م پێبـوو، کـە ئەگـەر لـە فرۆکەخانـە بمگەڕانایـە، دەگیـرام و کارەسـات دەبـوو بـۆم. لەنێـوان ئـەو شـتانەدا؛ کاژیکنامـە و بڵاوکراوەکانـی کاژیـك و گەلێـك دەسـتنووس و یاداشـت و شـتی دی کـە لەسـەر کاغـەزی سـووك و تەنـك نووسـیبوومنەوە و، دایکـم بـە جلەکانـی ژێرمـەوە درووی بـۆم. برایەکـی ئەبوشـەزا؛ کـە

لـە لەشـكری عێراقدا"موقـەددەم" بـوو، لەوكاتـەدا لـە فڕۆكەخانـەی بەغـدا سـەركردەی بەشـی كۆنـترۆڵ (هیئـە السـیطره) بـوو. بـە ئەبوشـەزام گـوت كـە بەبراكـەی بڵـێ، باوڵێـك پەرتۆكـم پێیـە، هەمـووی پەرتۆكـی خوێندنـن و، تكایـە كارێـك بـكا گومرگێكـی زۆر نەسـتێنن لێـم. مەبەستیشـم كەمكردنـەوەی پـارەی گوومـرگ نەبـوو، بەلكـو مەبەسـتم ئەوەبـوو، كـە لـە فڕۆكەخانـە كەسێكی وەك ئـەو "موقـەددەم"ە ناسـیاوم بـێ، ئێـدی نامگەڕێـن. هـەرواش دەرچـوو. لەبـەر خاتـری وی؛ شـتێكیان كەمكـردەوە بـۆم و نەشـمگەڕان. بەوجـۆرە ئـەو شـتانەم لـە نەمـان رزگار كـرد. خۆ ئەگـەر وانەبووایـە؛ ئەوانە گۆڕیـان ون دەبـوو. چۆنكـە ئـەو دانەیەی(كاژیكنامـە) كـە بـە تلینڤیـس (تایپرایتـەر)ی خـۆم لـە سـلێمانی تایپمكردبـوو و، كردبـووم بـە پەرتـۆك و، دابـووم بـە هاوبیـران، سـەری تێداچووبـوو. هاوبیـر كامیـل ژیـر ئـاگای لەمـە هەیـە.

## وانەكانی ئایین لە قوتابخانەی جەعفەرییە

لـە قوتابخانـە نێوەندییەكانـی عێراقـی ئـەو سـەردەمەدا، هەفتـەی دەمژمێرێـك دانرابـوو بـۆ وانەی"ئاییـن" كـە مەبەسـت لەمـە، هـەر ئایینـی ئیسـلام بـوو. ئـەو قوتابییانـەی موسـڵمان نەبـوون، یـان موسـڵمان بـوون و، ئـەو شـەوە خەونـی سێكسـییان دیتبـوو و، فریـای خۆشتن(غوسـڵ) نەكەوتبـوون، كـە بەمەیـان دەگـوت "شـەیتانی بـوون"، مافـی ئەوەیـان هەبـوو لـە پـۆل بچنـە دەرەوە. سـەیر ئەوەیـە، لـە قوتابخانـەی بـەرزی مامۆسـتایاندا كـە نێوەكـەی بووبـوو بـە (كۆلێـژی پەروەردە)؛بەشـێكی تایبـەت بـە (ئایین)نەبـوو كـە مامۆسـتا بـۆ وانەگوتنـەوەی ئاییـن پەروەردەبـكا. لەبـەر ئـەوە بەزۆریـی مامۆسـتایانی زمانـی عەرەبـی دەكـران بـە مامۆسـتای ئاییـن. هێنـدەك جاریـش، دەرچووانـی كۆلێـژی (شریعـە)ی بەغـدا دەكـران بە مامۆسـتای عەرەبـی و ئاییـن. بەڵام لە كۆلێـژی (شریعـە) كـە لـە گەڕەكـی ئەعزەمییـەی سوننینشـین بـوو، تەنـێ فیقهـی سـوننی دەخوێنـدرا، لەبەرئـەوە، ژمارەیـەك خوێنـدكاری كـورد، بەتایبەتـی خەڵكـی كەركـووك، وەك شـوكر مسـتەفا و ئیحسـان عەبدولحەمیـد و ئەوڕەحـمان رەزا و مـەلا نـووری و عەبدولڕەحیـم و گەلێكـی دی لـە كۆلێـژی (شریعـە) خوێندنیـان تەواوكـرد و كـران بـە مامۆسـتای وانـەی ئاییـن و عەرەبـی. ئـەوەی راسـتی بـێ، وانـەی ئاییـن، زۆر گوێنـەدەدرا



ديمەنێكی كۆن لە قوتابخانەی جەعفەرییە

پێـی و، دەكـرا بەهۆیـەك بـۆ باشـتر فێربوونـی زمانـی عەرەبـی. بـەڵام لـە قوتابخانـەی جەعفەرییە، وانـەی ئاییـن بـە گرنـگ دەگیـرا. مامۆسـتای ئاییـن دەبـوو فیقهـی ئایینـی شیعەی خوێندبـێ. ئـەم بابەتـەش لەعێراقـدا، تەنـێ لـە نەجـەف دەخوێنـدرا، كـە لـەوێ ئایەتوڵـڵاكان، هەریەكەیـان كورسـیی وانەگوتنـەوەی خـۆی هەبـوو، كـە بـەوە دەگوتـرا (الحـوزە العلمیـە) و بـە فارسـیش (حـوزە علمیـە) كـە بـە كـوردی (مەڵبەنـدی زانسـتی) یـە. ئەمـەش لـە قوم(ئێـران) و نەجەف(عێـراق) و بێرووت(لوبنـان) هەبـوو و هەیـە. هـەر ئایەتوڵڵایـەك چەنـد قوتابییەكـی هەبـوو، وانـەی پێدەگوتـن، بەبـێ پـارە و پـاداش. ئـەو قوتابییـەی هەژاربووایـە، مانگانەیەكیشـی دەبڕایـەوە بـۆی و، پـاش چەنـد سـاڵێك، ئەگـەر لـە خوێنـدن دا سـەركەوتووبووایە، دەبـوو بـە (حوجەتولئیسـلام و موسـلمین- حجـە الاسـلام والمسـلمین) كـە ئـەم پلـە زانسـتییەش، وەك پلەی(ئایەتوڵـڵا) شـتێكی تازەكوورەیـە لـە مێـژووی فیقهـی شـیعەیەتیدا. خـۆ ئەگـەر ئـەو قوتابییـە پـتر بخوێنـێ و نامیلكەیـەك بنووسـێ، كەبـەوە دەبێژن"رسـالە"؛ ئـەو دەمـە دەبێتـە "موجتەهیـد"



شێخ عەبدولزەهرە

(مجتهد) و مافی دەرکردنی"فتوا"ی دەبێ. چۆنکە لە زانستدا گەیشتووەتە پلەیەك کە دەتوانێ لەبەر رۆشنایی هەر چوار چاوگەکەی ئایینی ئیسلام، واتە: قورئان و، گوتە و هەڵسوکەوتی پەیامبەر(حدیث) و، خاڵانە (قیاس) و گشتبڕیاریی(إجماع)؛ بڕیارەکانی شەرع دەستنیشانبکا.

## مامۆستای ئایین شێخ عەبدولزەهرە ئەلسەغیر

لە قوتابخانەی جەعفەرییە، وانەگوتنەوەی ئایین و زمانی عارەبی سپێردرابوو بە ئاخوند(مەلا)ێکی شیعە کە نێوی شێخ عەبدولزەهرە ئەلسەغیر(شیخ عبدالزهرە الصغیر)بوو. بنەماڵەی ئەلسەغیر بنەماڵەیەکی ناسراون لە نەجەف. خۆزگە دەمزانی ئەو جەلالەدین ئەلسەغیرەی کە ئێستا لە پارلەمانی عێراقدا نوێنەرە، چ خزمایەتییەکی هەیە لەگەڵ شێخ عەبدولزەهرەی هەڤاڵمامۆستای ئەو کاتەم، رەوانی شادبێ. شێخ عەبدولزەهرە، ئەو دەمە بەتەمەن کەمێك لە پەنجا ساڵ تێپەڕیکردبوو، لە خانوویەکی کرێدا دەژیا لە گەڕەکی ئەعزەمییە(اعظمیە)ی بەغدا.

جلکی مەلایانـەی شـیعەی لەبەردابـوو. ماوەیـەك پێـش مـن، بەڕەزامەندیـی وەزارەتـی زانیاریی(معاریـف)و، لەسـەردەمی شانشـینیدا، کرابـوو بـە مامۆسـتای ئاییـن و زمانـی عارەبـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا، مانگانەکـەی کەمتربـوو لـە مافـی خـۆی. بەڵێنیاندابـوو پێـی کـە مووچەکـەی بـۆ راسـتبکەنەوە، بـەلام بۆیـان نەکردبـوو. خـۆی بەبەشـخوراو دەزانـی، کەواشـبوو.

بەڕێوەبەرێیتـی قوتابخانەکـە و کـۆڕی مامۆسـتایان، مامۆسـتا شـێخ عەبدولزەهـرە و منیـان کردبـوو بـە "لیژنـەی کۆنـترۆڵ" (لجنـە الانضبـاط) بـۆ لێپرسینەوە و بەدواداچـوون و چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی کـە لـە نێـوان قوتابـی و قوتابـی و، قوتابـی و مامۆسـتادا روویانـدەدا. ئـەم کێشـانەش، لـە قوتابخانەیەکـی وا گـەورە و چڕوپڕ و، پـاش هەرەسـهێنانی رژێمـی شانشـینیی فەیسـەڵ و هاتنەکایـەی فەرمانڕەوایـی کۆماریـی قاسـم، یەکجـار زۆربـوون، بەتایبەتـی، پـاش ئـەوەی بەعسـییەکان و ناسیۆنالیسـتە عەرەبەکانـی سـەربە جەمـال عەبدولنـاسر؛ کەوتنـە ئاژاوەنانـەوە و دوژمنایەتیکردنـی عەبدولکەریـم قاسـم و کۆمۆنیسـتە هەڤاڵبەندەکانـی. ئەوەبـوو لـە 8 ی مارتـی 1959دا، عەقیـد عەبدولوەهـاب شـەواف لـە مووسـڵ و زەعیـم روکـن نـازم تەبەقچەلـی لـە کەرکـووك و عەقیـد عەبدولسـەلام عـارف(1917 ـ 1966/4/13) لـە بەغـدا، بەپشـتگیریی نـاسر، کەوتنـە سەرکێشـی و هەوڵدانـی کودەتاکـردن دژ بـە قاسـم، کـە ئـەو هەوڵـە، بەیارمەتیـی لایەنگـرە چەکدارەکانـی مەلامسـتەفا بارزانـی و ئازایەتیـی و جەربەزەیـی ئەنـوەر مایـی و، خۆپێشـاندانی جەماوەرانـەی کۆمۆنیسـتەکان لـە مووسـڵ و بەغـدا، پـاش چەنـد رۆژێـك سـەرکوتکرا. شـەواف کـوژرا و تەبەقچەلـی گیـرا و دادگەیـی کـرا و لەسـێدارەدرا. عەبدولسـەلامیش کـە کرابـوو بـە سـەفیری عێـراق لـە ئەڵمانیـا و بەنیـازی بەشـداریکردنی لـە کودەتایـەی دیکـەی پێـش هـەرای شـەوافدا، بەدزییـەوە گەڕابـووەوە بەغـدا، لـە فڕۆکەخانـە لـە 1958/11/5 گیـرا و دادگەیـی کـرا و فەرمانـی مردنـی بەسـەردادرا، بـەڵام قاسـم فەرمانەکـەی جێبەجێنەکـرد. قوتابییـە چەپییەکانـی جەعفەرییـە، ئەوانـەی سـەربە پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق بـوون، بەتایبەتـی کـوردە فەیلییـەکان، هـەر رۆژە نارۆژێـك ؛ لـە قوتابییەکـی سـەربە بەعسـیان دەسرەوانـد. کـە دەمگـوت؛ بۆچـی وادەکـەن، دەیانگوت"ئـەو داڵـك خیزە(دایـك حیزە)بەعسـییە"، حکوومەتیـش، بەپێـی رێنوێنیی قاسـم و لایەنگرەکانـی، لەسـەریانینەدەکردەوە. ئەمـەش

هێمنیــی قوتابخانەکــەی دەشــێواند. ئالەمــەوە، رۆژێکیــان بەڕێوەبــەری قوتابخانەکــە، مامۆســتا حەســەن زەلزەلــە گوتی: "مامۆســتا جەمــاڵ؛ تۆیــش کوردیت وەك ئــەم فەیلییانە، بەڕاســتی زۆر کێشــە و نائارامیــی دروســت دەبــێ بۆمــان، ناکــرێ کارێکــی وابکەیــت کــە هێنــدە دەســت لــە قوتابییــە بەعسییەکان نەوەشــێنن و ئــاژاوە دروســت نەبــێ بۆمــان". گوتــم "مامۆســتای بەڕێــز: قوتابییــە فەیلییــەکان دەبێــژن؛ شــیعە عەرەبــەکان جارێــك بندەستن ؛ چۆنکــە شــیعەن و ســوننی نیــن، ئێمــەی فەیلــی دووجــار بندەســتین، چۆنکــە کوردیــش و شیعەشــین. بــۆچ دەبــێ ئێمــە کــە چەنــد ســەتهەزارێکین لــەم بەغدایــە، مافــی ئەوەمــان نەبــێ بــە زمانــی خۆمــان بخوێنیــن و، هیــچ مافێکــی دیکەشــمان نەبــێ؟ مامۆســتا حەســەن کەمێــك مــات بــوو، ئەوجــا گوتــی باشــە چارچییــە؟ گوتــم: رێمبــدەن؛ بــا وانــەی زمانــی کوردیــی و مێــژووی کــورد بڵێمــەوە پێیــان و، بەرامبــەر بــەوەش هیــچ پارەیەکــم نــاوێ. مامۆســتا حەســەن گوتــی؛ باشــە بەســەرچاو. نامــەی نووســی بــۆ وەزارەتــی زانیاریــی کــە ئــەو دەمــە دوکتــۆر ســەدیق ئەترووشــی بادینانــی، زاوای هەمــزە عەبدوڵــلای ســکرتێری گشــتیی پارتــی (واتــە: مێــردی رێســان خانمــی خوشــکی هەمــزە عەبدوڵــڵا) بەرپرســیاری بەرنامــەی خوێندنــی قوتابخانــەکان بــوو لــە وەزارەت، کــە پــاش کودەتــا؛ بۆیاخــی کۆمۆنیســتیی لەخــۆی دابــوو. کــە وەرام هاتــەوە بۆمــان، ســەدیقەفەندی فەرمووبووی"رێنادەیــن بــەوە، چۆنکــە زمانــی کــوردی لــە بەرنامــەی خوێندنــدا نییــە". حەســەن زەلزەلــە، بەمــە زۆر تێکچــوو. گوتی:"أشــوف صاحبکــم دیعارض"(دەبینــم برادەرەکەتــان لــە دژی ئەمەیــە). گوتــم "مامۆســتا، ئــەو کابرایــە نەبــرادەری ئێمەیــە و، نەبــرادەری کەســی دیکەیــە، بــرادەری بەرژەوەندیــی خۆیەتی".پــاش چەنــد رۆژێــك مامۆستا رەفیــق حیلمــی کەکرابــوو بــە پشــکنەری ماتماتیــك لــە وەزارەتــی زانیاریــی، هات بــۆ قوتابخانەکەمــان و، لــە وانەیەکــی منــدا کــە جەبــر بــوو، ئامادەبــوو. پــاش وانەکــە چووینــە ژووری بەڕێوەبــەر و، حەســەن زەلزەلــە بەباشــی باســی منــی بــۆ رەفیــق حیلمــی کــرد؛ رەفیــق حیلمــی گوتی"جەمــاڵ لــە منداڵییــەوە دەناســم؛ هاوڕێــی باوکــی بــووم". ئەوجــا بەجۆرێــك لەبــارەی منــەوە کەوتەقســە، کــە حەســەن زەلزەلــە گوتی"هیوامــان وایە هــەر لــەلای ئێمــە بمێنێتــەوە".

جارێکیــان رێکەوتێکــی پێکەنینهێنــەر لەنێــوان شــێخ عەبدولزەهــرە و قوتابییەکــی کــوردی فەیلییــدا روویــدا. ئەمــە، پــاش ئەوەبــوو کــە بەعســییەکان (لەنێوانیانــدا ســەددام حسێن

و عەبدولوەهـاب غریـری) لەسـەر شـەقامی رەشـید تەقەیـان لـە ترومبێلەکـەی قاسـم کردبـوو و، قاسـمیان برینداركردبـوو، کـە لەوێـدا غریـری کـوژرا و، سـەددام بەبرینـداری رایکـرد بـۆ سـووریا. قوتابییە کـوردە فەیلییەکـە؛ لەکاتـی وانەگوتنەوەیەکی مامۆسـتایەکدا، نامەیەکـی بـۆ هاوقوتابییـەك نووسـیبوو، گوایـە ئـەو قوتابییـەی هەڤاڵـی کردبـوو بـە "قاسـم" و، خۆشـی کردبـوو بـە "سـەرۆکی کۆمـاری کوردسـتان"، کـە پیرۆزبایـی سـەلامەتی لـە "قاسـم" ی قوتابـی کردبـوو. جـا مامۆسـتاکە نامەکـەی لێگرتبـوو، دای بـە ئێمە(لیژنـەی کۆنـترۆڵ). کـە قوتابییەکـە هاتـە بەردەمـمان، شـێخ عەبدولزەهـرە زۆر تووڕەبـوو و، دەسـتی کـرد بـە جنێـودان بـە قوتابییەکـە. وامزانـی پێیدەڵـێ تـۆ منداڵێکـی جیابوونەوەخوازیـت ـ بـەڵام ئـەو گوتـی: "هـەی سـەگی کـوڕی سـەگ، تـۆ خۆت کـردووە بەسـەرۆککۆماری کوردسـتان، ئـەی ئـەو مەلامسـتەفا بەسـزمانە بۆچـی دانیشـتووە؟" قسـەکەی بەتـەواوی بـە عارەبـی وابوو(کلـب ابـن الکلـب، انـت مسـوی نفسـك رئیـس جمهوریـە کوردسـتان ـ لعـد هـذا المسـکین مـلا مصطفـی گعدتـە شـنو؟!") قوتابییەکـە شـپرزەببوو، گوتی"مامۆسـتا بۆخاتـری خـوا، حـەدم چییـە خـۆم بکـەم بـە مـەلا مسـتەفا! ئـەز هێنـدی پێلاوێکم"(انـا شـحدی اصیـر ملامصطفـی، أنـی بگـد القونـدرە).

لەنێـوان قوتابییـەکان و مامۆسـتاکان و شـێخ عەبدولزەهـرەدا گاڵتەکـردن زۆربـوو، جارێکیـان لەلابۆر(مختـبر) ترومپـا زلەکـەی ئامێـری مەنگەنـەی ئاویـی دیارنەبـوو، قوتابییـەکان گوتیـان لای شـێخ عەبدولزەهرەیـە. جـا لەبەرئـەوەی جاروبـار شـێخ عەبدولزەهـرە دەهاتـە لام بـۆ لابـۆر، پێموابـوو قسـەکە راسـتە. بـە قوتابییەکـەم گـوت" دەبچـۆ بـۆلای شـێخ، کـە لـە پۆلێکـی دی خەریکـی وانەگوتنەوەبـوو، بڵـێ تکایـە ترومپـا گەورەکـە بنێـرێ بۆمـان". توومـەز ئـەم قسـەیە راسـت نییـە و بـۆ گاڵتەیـە، کـە منداڵەکـە چووبـوو گوتبـووی مامۆسـتا ترومپـا زلەکـەم بـدەرێ، لەلابـۆر پێویسـتیان بـە ترومپـا زلەکەیـە، شـێخیش وایزانیبـوو بـۆ گاڵتەپێکردنـە، بەدەسـت ئامـاژەی بـۆ "هینەکـەی" خـۆی کردبـوو، گوتبـووی "کـوڕم هـەر ئـەم ترومپایـەم هەیـە، دەتانـەوێ بیبـەن". کـە منداڵەکـە گەڕایـەوە، گوتـی "شـێخ نەیـدا بـە مـن"، لەبەرئـەوە خـۆم چـووم، هـەر چـاوی بەمـن کـەوت گوتـی:" ئـای ئـەوە تۆیـش هاتیـت؟ ئـەی قوتابییەکـەت باسـی نەکـرد بـۆت؟"، ئەوجـا تێگەیشـتم و پچـڕام لەبـەر پێکەنیـن. شـێخ عەبدولزەهـرە گوتـی:" ئاخـر کابـرا، ئـەز مامۆسـتای ئایینـم، یـان مامۆسـتای فیزیـا؟ کاری مـن باسـی خـوا و پەیامبـەر و

شـەیتان و جنۆکەیـە. کارم بـە ترومپـای زل و بچـووك چییـە؟"، گوتـم" قوتابییەکانم گوتیان لای تۆیـە". گوتـی: "دە رووبانـڕەش بـێ، ئەگـەر پێویسـتیان بـە ترومپـای منـە، بابێـن بیبـەن". کـە گەڕامـەوە پۆلەکـەی خـۆم، قوتابییەکـە هەواڵەکـەی بـۆ پۆلەکـە گێڕابـووەوە؛ بووبـوو بـە پێکەنینێکـی زۆر. کـە مامۆسـتاکانی دی ئەوەیـان بیسـت، ماوەیـەك شـێخ عەبدولزەهرەیـان بە"پیـاوی ترومپـا زلەکـە" (أبوملكبـس الكبيـر) بانـگ دەکـرد.

شیعەکان، زۆر باوەڕیان بە سەرکردە ئاینییەکانیان هەیە، کە بەمانە دەڵێن"مەرجەعییەت". ئـەم وشـەیە عەرەبییـە و لـە فارسیشـدا بـەکاردێ، مانـای گەڕانـەوە دەگەیێنـێ بـۆ لای زانـا و شـارەزا و خواپەرسـت و راسـتگۆیەك، بەنیـازی پرسـپێکردن و راوێژپێکـردن؛ لەکاتـی گومانکردنـدا لـە راسـتی و ناڕاسـتیی شـتێك، یـان دوودڵیـی و دڵنیانەبـوون لـە هەڵوێسـتی پێویسـت بەرامبـەر بـەو شـتە؛ جائـەو شـتە رووداوێـك بـێ، یـان کردارێـك بـێ. پێموایـە؛ نێزیکتریـن وشـە لـە زمانـی کوردیـدا بـۆ ئـەو مەبەستە"پرسـپێکراو"، یـان "راوێژپێکـراو"ە. شـایەنی باسـە، شـیعەکان هەریـەك راوێژپێکراویـان نییـە، بەڵکـو هـەر ئایەتوڵـڵا و هـەر موجتەهیدێـك، دەتوانـێ مریـدی خـۆی هەبـێ و ببێتـە راوێژپێکـراوی لایەنگرەکانـی خـۆی، کەبـەو مریدانـە دەگوترێ"موقەللید"(مقلـد) واتـە "چاولێکـەر"، یـان لاسـاییکەرەوە.

لەنێـو ئایەتوڵڵاکانـدا دەسـتەیەك هـەن، بەژمـارە کـەم، بـە ئایەتوڵڵاهولعوزمـا (ئایەتـوڵای مـەزن) نـاسراون. لەنێـو ئەمانەشـدا، یەکێـك دەستنیشـاندەکرێ کـە دەبێتە"جێگـری ئیمامـی ونبوو"(نائـب الامـام الغائـب)، کـە ئیمامـی ونبـوو، بـە "ئیمامـی زەمـان" و "مەهـدی چاوەڕوانکراو"یـش نێودەبـرێ. ئـەم ئیمامـی زەمانـە لـە کۆتایـی جیهانـدا دەردەکـەوێ و جەجـاڵ (دژئـاڵ) لەنێودەبـا و جیهـان لەبێدادیـی پاکدەکاتـەوە. ئـەم رامانـەش رامانێکـی کۆنـی کـورد و ئێرانییـە و، لەکێشـی زەردەشـتیدا هەیە(تەماشـای: جەمـال نەبـەز: (فەلسـەفە و رامانـی یارسـانی لـە فەرهەنـگ و کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا) بکـە (کۆبەرهـەم ژ(10) ـ هەولێـر 2009).


شـایەنی باسـە، هـەر کەسـێك بگاتـە ئـەو پلەوپایەیـە، گەورەتریـن کەسـە لەنێـو شـیعەکانی هەمـوو جیهانـدا، کـە باوەڕدارەکانیـان رووتێدەکـەن و، گـوێ لـە فتـواکان و راوێژەکانـی دەگـرن، بـێ رەخنەلێگرتـن و گومانلێکـردن. نموونەیەکـی ئەمـەش خومەینـی بـوو کـە پـاش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران، ئـەو نێـو وپلەیـەی پێـدرا و، نێونرا"ئیـمام" کـە

دەبوو نێوبنرێ "جێگری ئیمام" ؛ نەك "ئیمام". دە ئەو کەسەی ئەو پایە بەرزەی هەبوو لەوکاتەدا، کە ئەز لە قوتابخانەی جەعفەرییە بووم، ئایەتوڵلاهولعوزما سەید موحسینی حەکیم بوو، کە لەنەجەف دادەنیشت و، ئەم نازنێوە (ئایەتوڵلاهولعوزما) ی بەکارنەدەهێنا و، خەڵکیش هەر بە"سەیید"، واتە؛ نەوەی پەیامبەر نێویاندەبرد.

## سەفەرێك بە حیللە و کەربەلا و کووفەدا بۆ نەجەف بۆ دیداری سەیید موحسینی حەکیم

ڕۆژێکی زووی پایزی 1959 بوو، هەواڵهات بۆ قوتابخانەکەمان؛ کە بۆ سبەینێ کارمەندانی فەرمانگەی تەندروستی دێنە لامان بۆ دەرزیلێدانی قوتابیان و مامۆستایان و کارمەندان دژ بە نەخۆشیی گرانەتێ، کە ئەو ڕۆژە دەکرا بە پشووی قوتابخانەکە، بەڕێکەوت؛ دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕۆژەش هەر پشوو بوو، ئێستە نایێتەوە بیرم لەبەرچی وابوو، لێ 3 ڕۆژ لەسەر یەك قوتابخانە نەبوو. شێخ عەبدولزەهرە بەمنی گوت"بەتەمای ئەو سێ ڕۆژە چی بکەیت؟" گوتم؛"بەڕاستی جارێ نازانم چبکەم و هێشتا بڕیارم نەداوە، وابزانم ناهێنێ بۆ تاکە ڕۆژێك بچمەوە کوردستان، چۆنکە ڕۆژێك بەمسەر و ڕۆژێك بەوسەرەوە دەڕوا"، گوتی: "باشە، چۆنە پێکەوە سەفەرێك بکەین بۆ کەربەلا و کووفە و نەجەف و، لە نەجەف بتبەم بۆ لای سەید موحسینی حەکیم، بالەوێ یەکدی بناسن و، لە کەربەلا و نەجەفیش شوێنە پیرۆزەکانت پێشاندەدەم، وەك سەحەنی ئیمام عەلی و ..هتد" گوتم "زۆرباشە و زۆر سوپاس".

ئەز گەنجێکی سەڵت بووم و ماڵ و منداڵم نەبوو، وەك کورد دەبێژن"کەرکوڵ و بارسووك"بووم؛ لە"هۆتێل رەشیدی ئەو سەردەمە" کە هەمووی چەند هەنگاوێك لە قوتابخانەکەمانەوە دووربوو، ژوورێکی بچووکم بە مانگانە بەکرێگرتبوو. ژوورەکە تەختێکی نووستن و مێزێکی بۆ نووسین و نانلەسەرخواردن و دوو کورسی و دەستشۆرکێك و دۆڵابێکی گچکەی تێدابوو. مافی ئەوەشم هەبوو؛ گەرماو(حمام) ی هۆتێلەکە بەکاربێنم بۆخۆشتن. بەڕێوەبەری هۆتێلەکەش گەنجێکی تلکێفی زمانشیرین بوو. کوردێکی زۆریش روویان لەو هۆتێلە دەکرد، بەتایبەتی خوێندکاران



ئایەتوڵڵاهولعوزما سەید موحسین حەکیم

و رامیاران، لەوانە ڕەحمەتی ساڵح یوسفی و عومەردەبابە. هەر بەرامبەر هۆتێلەکە، چێشتخانەی"عەمۆ ئەلیاس" هەبوو، کە هی پیاوێکی ئەلقۆشی بوو، بەهۆی برادەرە ئەلقۆشییەکانمەوە، وەك مامۆستا مووسا نووح و عەبدولڕەحیم ئیسحاق، کە لە کەرکووکەوە هاوڕێیتیمان لەگەڵ یەك بەستبوو، پاش کودەتای قاسم هاتبووونە بەغدا و، مووسا وەك مامۆستای دوانێوەندیی کەرخ و، عەبدولڕەحیمیش، وەك سکرتێری گشتیی سەندیکای کرێکارانی عێراق، عەمو ئەلیاسیش ببوو بە ناسیاوم. خواردنێکی خۆش و خاوێن و بەڕێژە هەرزانی هەبوو. لەبەر ئەوە؛ مشووری چێشتلێنانم نەدەخوارد و، کاتی پاش قوتابخانەم، بەخوێندنەوە و نووسین و چالاکی



مەزاری ئیمام حوسێن

ڕۆشـنبیریی وراميارييـەوە دەبردەسـەر. ئێوارانیـش کـە کاتـم هەبووایـە، دەچوومـە دوکانەکـەی (ئوسـتاد) بەشـیر موشـیر و، بـە دیدەنی(ئوسـتاد) و هاووڵاتیانـی کـوردی لـە هەمـوو بابەتێـك، چـاوم ڕۆندەبـووەوە. شـەوانیش تادرەنـگ، خەریکـی خوێندنـەوە و نووسـین دەبـووم.

هـەر ئـەو ڕۆژەش، دەسـتبەجێ پـاش دەرزیلێـدان، لەگـەڵ مامۆسـتا شـێخ عەبدولزەهـرە پێکـەوە کەوتینـەڕێ. لەپێشـەوە، بەسـواری پاسـێکی گچکـە چوویـن بـۆ حیللـە و چەنـد دەمژمێرێـك لـەوێ ماینـەوەو، گەڕەکـی کوردان(حـی الاکـراد)م دی کـە تـا ئەوکاتـە نێوەکـەی هـەر وەك خـۆی مابـوو، بـەڵام کوردەکانـی تواوبوونـەوە: هـۆزی گاڤانـی کـورد، کـە عـەرەب کردوویانـە بـە "جابـان"، شـاری حیللەیـان دروسـتکردووە. ئەوجـا کەوتینـەڕێ بـەرەو کەربەلا{کـە دەڵێـن نێوەکـەی لـە "کەرب"(کـرب) و "بەلا"(بـلا) ـ واتـە "خەفـەت و کوێرەوەری"یـەوە هاتـووە}. ژمـارەی دانیشـتووانی کەربـەلای ئـەو سـەردەمە، نێزیکـەی شەستهەزارکەسـێك دەبـوو، لـە نەجـەف گچکەتـر بـوو، کەچـی

کەربەلا پێتەختی ستانەکەبوو. دەوروبەری کەربەلا، هەمووی باخ و بێستانی خورما و میوەبوو. لەکەربەلا؛ چووینە سەر گۆڕی حسەینی کوڕی ئیمامی عەلی و گۆڕی عەباسی برای کە لە تەنیشتییەوە نێژراوە. حسەین لەم شارەدا بەدەستی لایەنگرانی مەعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان، کە بنووسی سروش (وەحي) پەیامبەر بووە، کوژراوە. شیعەکان هەموو ساڵێك لە ساڵیادیدا پرسە دەگێڕن بۆی و لەخۆیاندەدەن و جنێو بە یەزیدی کوڕی مەعاویە دەدەن و تفونەحلەتی دەکەن بەتایبەتی لە رۆژی "عاشورادا". پاش ئەوە، چووینە دوکانی ناسیاوێکی شێخ عەبدولزەهەرە، کە زۆر بەگەرمیی بەخێرهاتنمانی کرد و، تەلەفۆنی کرد بۆ ژنەکەی و، بە فارسی پێیگوت میوانی هەیە، وادیاربوو ژنەکەی کاتی نەبوو خواردن دروستبکا، پێیگوت، باشە ناتوانیت بێجگە لە پلاو شتێکی دیکەش دروستبکەیت؟ "لەوەدا شێخ عەبدولزەهەرە بەپێکەنینەوە پێیگوت "وریابە؛ مامۆستا جەمال فارسی دەزانێ". گوتم، "وادیارە خێزانەکەی کاتی نییە و، بەڕاستی پێویست ناکا ئێمە ببین بەبار بەسەرییەوە، لە شوێنێك نان دەخۆین". بەڵام کابرا بەرۆکی بەرنەداین و لە کۆڵماننەبووەوە و، بردینییە ماڵی خۆی، لەڕێ، مریشکێکی ئاوەڕووتکراوی کڕی و، کەچووینە ماڵەوە، ژنەکەی پلاوی لێنابوو، خۆی رۆیشتبوو، پیاوەکە، مریشکەکەی کولاند و بە پلاو و نانەوە خواردمان. لە قسەکردندا و، لە زمانشیرینی لە سنووربەدەر و، دەربڕینی ئەو وشە عەرەبییانەی کە کەوتوونەتە زاری فارسییەوە، بۆمدەرکەوت کە فارسە، هەرچەندە بە عەرەبییەکی بێگرێوگۆڵ قسەیدەکرد. داوای لێبووردنی کرد؛گوتی خزمێکی نێزیکی ژنەکەی نەخۆشە و، پێویست بووە بچێ بۆ سەردانیان. لە کاتی قسەکردندا، ناسیاوەکەی شێخ عەبدولزەهەرە گوتی" شیعەکان بەتەمان حیزبێکی ئیسلامی دروستبکەن، بەڵام هێشتا بڕیاریاننەداوە؛ ئایا حیزبەکە هەر بۆ شیعەکان بێ، یان بۆ شیعەش و سوننەش بێ". شێخ عەبدولزەهەرە گوتی:" حیزب و حیزبایەتیی شتێکی خراپە، لەوەش خراپتر ئاینزاگەریی(طائفیە)یە". خانەخوێکەمان دەیگوت؛"شیعە زۆرینەن، بۆچی دەبێ حکوومەت هەر بەدەست سوننەکانەوە بێ؟"، ئەز کە بێدەنگ دانیشتبووم؛ کابرا روویکردە من و گوتی: "ئەی باشە تۆ دەڵێی چی؟ "، گوتم "ئەز کوردم". کە ئەوەم گوت کابرا بە دەنگی بەرز گوتی: "بەخوای گەورە سویندتدەدەم، ئەم حکوومەتە سوننییەی عێراق چی بۆ ئێوە کردووە؟"،



مەزاری ئیمام عەلی

گوتــم ئــەوە هەمــوو کەســێك دەیزانــێ؛ بــەڵام هونــەر ئەوەیــە؛ گەلێکــی زۆرلێکــراو و بندەســت، کــە ڕۆژێ دەســتی بــوو، بندەســتێکی دیکــە بندەســتتر نــەکا، کابــرا ژیــرەك بــوو، لەقســەکەم گەیشــت و، گوتــی: "ئەگــەر شــیعە دەســتیان هەبــێ لــە عێراقــدا، لەگەڵ ئێــوە خراپنابــن". گوتــم "لەوبارەیــەوە ناتوانــم هیــچ بێــژم، چۆنکــە جــارێ هەردوولامــان هیچــمان بەدەســت نییــە". ئەوەشــمگوت، "زۆردار و خراپــەکار ســەربە هــەر ئاییــن و ئاینــزا و ڕەگــەز و گەلێــك بــێ، هــەر خراپــە. ئەوەتــا زۆربــەی زۆری موســڵمانانی کــورد لــە عێراقــدا ســوننین و کەمەیەکیــان شــیعەن، بــەڵام هەردووکیــان وەك یــەك بندەســت و بەشــخوراون".

پــاش ئــەوە کەوتینــەڕێ بــەرەو کوفــە. کوفــە قەزایــەك بــوو ســەر بــە ســتانی کەربــەلا، بەترومبێلێکــی خێــرا چارەکێــك تــا بیســت خولــەك لــە نەجەفــەوە دووربــوو. دانیشــتووانەکەی، خــۆی لــە بیســتهەزار کەســێك دەدا. ئــەم شــارە؛ پیرۆزییەکــەی بــۆ شــیعەکان لەوەدایــە کــە مەڵبەنــدی جێنشــینیی (خەلافــەت)ی ئیمامــی عەلــی بــووە.

عەلی، لە ساڵی 656دا، وەك چوارەمین جێنشینی پەیامبەر، هاتەسەر کار. شیعەکان پێیانوایە کە پەیامبەر، لە وتاری ماڵاواییدا(حجە الوداع) کە لە دەیەمین مانگی کۆچیدا داوێتی، عەلی کردووە بەجێنشینی خۆی، بەڵام خەلیفەکانی دی گزییانکردووە لێی. دەبێ ئەوە بزانین کە عەلی لە بنەماڵەی عیمرانە و، لە قورئانیشدا سوورەتێك هەیە بەنێوی (ئالی عمران). لە کووفە، چووینە مزگەوتەکەی کە یەکەمین ئیمامی شیعەکان(عەلی) لە ساڵی 661 ز و لەو مزگەوتەدا، بەدەستی عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجیمی موورادیی حەمیری کە یەکێکبووە لە "خەوارج"ەکان، بریندارکراوەو، لە ئەنجامی ئەو برینداریيە و، ژەهراوییبوونی شمشێرەکەوە، کۆچیدواییکردووە. کووفە لە ساڵی638 دا؛لەلایەن سەعدی کوڕی وەققاس ەوە دروستکراوە. ماوەیەك مەڵبەندی خزمەتکردنی زمانی عارەبی بووە لە سەردەمیی ئەمەوییەکان و عەبباسییەکاندا. "قوتابخانەی کووفە" و "تیپی کووفی" لەم رووەوە بەنێوبانگن.

دوای ئەوە، گورج کەوتینەڕێ بەرەو نەجەف. لەپێشدا چووینە "سەحەن(صحن) کە گۆڕی ئیمامی عەلی لەوێیە. خەڵکێکی یەکجار زۆری لێبوو، هاتبوون بۆ سەردانی سەحەن و ماچکردنی داروبەردی ئەوێ. ئێدی، بەڕاستی ماندوو بووین، بەتایبەتی شێخ عەبدولزەهرە کە گەنج نەبوو. لەبەرئەوە چووین لەسەر بانی ماڵێکی چۆڵ کە خاوەنەکەی ناسیاوی شێخ عەبدولزەهرە بوو، نووستین تا بەیانی.

## لەخزمەت ئایەتوڵڵاهولعوزما، سەیید موحسینی حەکیم دا

بەیانی زوو، پاش بەرچاییخواردنێکی هەژارانە، کەوتینەڕێ بەرەو مەڵبەندێك کە بە (منتدی النشر) نێوبڕۆییبوو. لەوێ، سەیید موحسین چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد. شێخ عەبدولزەهرە هەواڵی ناردبوو بۆی کە دەچینە لای. لەبەر دەرگەی(منتدی النشر) شوێنێك هەبوو وەك هەیوانێکی گەورە، مەلایەك لەوێ وەستابوو، شێخ عەبدولزەهرە پێیگوت کە بچێ بەسەیید بێژێ ئەوا هاتووین. پاش ماوەیەکی زۆر کورت، سەیید موحسین بەڕوویەکی خۆشەوە هات بە پیرمانەوە و، بەدەستی راستی، دەستی راستمی گوشی و، بەدەستی چەپی قۆڵی راستمی گرت و، نێوچەوانمی ماچکرد. منیش دەستیم ماچکرد. سەیید زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنمی کرد و، ئەوجا بەگەرمی

بەخێرهاتنــی شــێخ عەبدولزەهــرەی کــرد کــە ئەویــش منــی وەك مامۆســتای رێــزداری قوتابخانەکەیــان ناســاند. ســەیید گوتــی؛ "زۆر سوپاســی شــێخ عەبدولزەهــرە دەکــەم کــە ئــەم دەرفەتــە خۆشــەی هێنایــەدی و گەنجێکــی کــورد رۆمەتدارمــان دەکا". منیــش دەســتبەجێ گوتــم؛ کــورد دەڵێــن "دڵ لــەدڵ دەڕوانــێ" کــە بەعەرەبیش (القلوب ســواقیه) یــە و، بــۆ منیــش رۆمــەت و خۆشــییەکی گەورەیــە کــەوا ئــەو بەختــەم هەیــە؛ بەخزمــەت زانایەکــی وا گــەورە و پایەبــەرز و، مرۆڤێکــی وا ســادە و رووخــۆش و خاکــی دەگــەم کــە باوکانــە بەپیرمــەوە هــات. ئــەززی سوپاســی هەڤاڵپیشــە و هاوڕێــی خۆشەویســت شــێخ عەبدولزەهــرە دەکــەم کــە ئــەم هەلــە خۆشــەی بــۆ مــن رەخســاند".

(منتــدی النــشر) پەرتۆکخانەیەکــی یەکجــار گەورەبــوو. بەشــێکی بــۆ وانەگوتنــەوە دروســتکرابوو. شــوێنی دانیشــتن لەســەر مۆبێلــە و کورســی تێدانەبــوو، بەڵکــو رایەخــی جــوان راخرابــوون و دۆشــەك بەســەریانەوە. ئێمــەش لەســەر دۆشــەکەکان دانیشــتین. ئەو مەلایــەی کــە هاتیــن لەبــەر دەرگەکــە وەســتابوو، هەر ئــەو چایی هێنــا بۆمان و رۆیشــت. کەســی دیکــە لــەوێ نەبــوو. هــەر هەرســێکمان بوویــن. ئەوجــا ســەیید موحســین لــە هەواڵــی منــی پرســی و ویســتی بزانــێ ئایا رازیــم لــە بارودۆخــی قوتابخانەکە. (مەبەســتی قوتابخانــەی جەعفەرییــەی بەغــدا بــوو). منیــش گوتــم زۆر رازیــم و زۆر شــادمانم کــە لــەوێ کار دەکــەم. ســەیید گوتــی؛" شــێخ عەبدولزەهــرە باســی خزمەتــی تــۆی کــردووە بۆمــان، خــوای گــەورە بتپارێــزێ و پاداشــت بداتــەوە". زۆر سوپاســمکرد. ئەوجــا باســی کــوردە فەیلییەکانــم کــرد بــۆی کــە رێیانانــادەن بــە کــوردی بخوێنــن و زۆر خراپــە دەکــرێ لــە دژیــان. ســەیید گوتــی "پێیانبێــژە نابــێ ناهومێدبــن، دەبــێ داوای مافــی خۆیــان بکــەن و کۆڵنــەدەن، رۆژێــك دێ دەگەنــە مافــی خۆیــان بەیارمەتــی خــوا". ئەوجــا ســەیید لەبــارەی کــورد و هەڵوێســتییانەوە بەرامبــەر حکوومەتــی قاســم پرســیاریکرد لێــم. گوتــم، ئــەوەی راســتی بــێ ؛ رەوشــی کــورد خراپــە و، بەداخــەوە، بەرەوخراپتریــش دەچــێ. کــە قاســم هاتــە ســەرکار، کــورد بەگشــتی، چاوەڕوانــی ئەوەیاندەکــرد، ئــەو خراپەکارییانــەی کــە لەســەردەمی شانشــینیی و دەســەڵاتی ئینگلیزەکانــەوە روویانــداوە و لــە دژیانکــراوە، روونەدەنــەوە. قاســم بەڵێنــی دا بــە کــورد، وەك هاوبــەش لــە عێراقــدا هەڵســوکەوت بــکا لەگەڵیــان. خۆشــم یەکێــك بــووم لــەو شــاندەی کــە پــار لــە کوردســتانەوە لــە27 ی تەممــووزدا چوویــن بــۆ بەغــدا بــۆ بینینــی قاســم و، باســکردنی داخوازییەکانــی کــورد.

پارێـزەر برایـم ئەحمـەد؛ بەنێـوی شـاندەکەوە قسـەیکرد لەبـەردەم قاسـم دا لـە وەزارەتی بەرگـری و، باسـی بەشـخوراویی کـوردی کـرد، کەچـی قاسـم گوتی؛"نابـێ کـورد بەقسـەی ئیمپریالیســتەکان تەفرەبخــۆن". وادیاربــوو؛ داواکردنــی مافــی گەلێکــی، بــە فیتــی ئیمپریالیسـتەکان دەزانـی. ئێسـتاش لـەو بەڵێنـە تەماوییـەی کـە لـە دەسـتوورەکەیدا دای بەکـورد و، دەستوورەکەشـی لـەو رۆژەدا بڵاوکـردەوە کـە ئێمـە چووینـە لای، یـەك خاڵـی نەهێناوەتـەدی. وەك دەردەکـەوێ، قاسـم گێـڕی گۆڕیـوە. کـە جـاران کۆمۆنیسـتەکانی دەکـرد بەگـژ بەعسـییەکان و ناسرییەکاندا، ئێسـتە دەیەوێـت بەعسـییەکان بەهێزبکاتەوە و، بیانـکا بەگـژ کۆمۆنیسـتەکان و کـورددا. کۆمۆنیسـتەکانیش، بەداخـەوە، لـەم فرتوفێڵەی قاسـم ناگـەن و هەرپشـتی دەگـرن..."، سـەیید گوتـی: "ئاژاوەگێڕیـی هیـچ خزمەتێـك بـە قاسـم نـاکا، لەوانەشـە خـۆی تێدابچـێ". ئەوجـا گوتـی: "قاسـم رەوشـتێکی یەکجـار خراپـی هەیـە، ئـەوەش خۆبەزلزانیـن و لووتبەرزییـە. هـەر کەسـێکیش لووتـی بەرزبـێ، خـوا لووتـی دەشـکێنێ. خـوا لـە قورئانـی پیـرۆزدا دەبێـژێ..." ولاتمـش فـی الارض مرحـا.. " ( بەلەنجـە و نـاز بەسـەر زەویـدا مـەڕۆ" سـورەتی (إسراء) ئایەتـی 37" .کـە ئەوەیگـوت، ئایەتەکـەم تەواوکـرد و گوتـم:" إنـك لـن تخـرق الارض ولـن تبلـغ الجبـال طـولا "(چۆنکـە تـۆ نـە دەکاریـت زەوی کونبکەیـت و، نەسەریشـت دەگا بەبەرزیـی چیـاکان). سـەیید زۆر زۆر پێیخۆشـبوو. شـێخ عەبدولزەهـرە گوتـی: "مامۆسـتا جەمـال، هـەر فیزیـك و ماتماتیکـی نەخوێنـدووە، بەڵکـو فیقهـی ئیسـلام و زانسـتە ئیسلامییەکانیشـی خوینـدووە و، بەشـێکی زۆری قورئانـی لەبـەرە". ئەمـە؛ زۆر بەدڵـی سـەیید بـوو، گوتی"بەسـایەی ئەمەوەیـە کـە عارەبییەکـەی وابەهێـزە". شـێخ عەبدولزەهـرە گوتی؛"بێجگـە لـە کـوردی، فارسـیش دەزانـێ". کـە ئەوەیگـوت؛ سـەیید ماوەیـەك بـە فارسـی کەوتـە قسـەکردن لەگەڵـم، بەڕاسـتی، فارسـییەکەی، وەك عارەبییەکـەی رەوان و رۆن بـوو.

شـایەنی باسـە، لـەو رۆژانـەدا؛ کۆمۆنیسـتەکان کەوتبوونـە دووژمنایەتیکردنـی سـەیید موحسـین، بەبیانـووی ئـەوەوە، کـە گوایـە پیاوێکـی" کۆنەپەرسـتە"و پشـتگیریی قاسـم نــاکا و، لــە نەجــەف و دەوروبــەری خۆپێشــاندانیان ســازدەکردو دەیانچڕاند"بڕووخــێ کۆنەپەرستی"(تسـقط الرجعیـة). ئەمـەش وەك وەرامێـك وابـوو بـۆ رەخنەگرتنـی سـەیید لـە هەڵسـوکەوتی کۆمۆنیسـتەکان و قاسـم، کـە کۆمۆنیسـتەکان، ئەو سـەردەمە، قاسـمیان وەك بـت دەپەرسـت، ئەگەرچـی قاسـم، پـاش کارەسـاتی کەرکـووك لـە 14 ی تەممـووزی

1959دا کـه پیلانێـك بـوو تۆرانییـەکان و بەعسـییەکان و (کۆمپانیـای نەفتـی عێراقی IPC) سـەر بـە بەریتانیـا، نەخشـەیان بۆکێشـابوو، کۆمۆنیسـتەکانیش لـە نەزانـی خۆیـان؛ بـوون بەتەڵـەوە، قاسـم گێـڕی گـۆڕی بـوو، رەخنـەی لـە کۆمۆنیسـتەکان دەگـرت و تەنانـەت، لـە وتـاری رۆژی 1959/7/16دا لـە کڵێسـەی ماریوسـف لـە بەغـدا، کۆمۆنیسـتەکانی بـە "ئاژاوەگێڕ"(فوچوی)دایـە قەڵـەم، بـەڵام، پـاش سـێ سـاڵ، بۆیدەرکـەوت کـە ئەوانـەی ئـەو پیلانەیـان گێـڕا، بەعسـییەکان بـوون، ئەمەشـی بـە رۆژنامەی(الایـام) ژمـارە 59، تەممـووزی 1962 گـوت. لـە سـاڵی 1971دا لـە سـەمیناری (کوردسـتان و شۆرشـەکەی)دا ئاماژەمکـرد بـۆی. بـەڵام ئـەم ئاگادارییـەی قاسـم درەنـگ بـوو. دەبـێ ئەمـەش بێـژم کـە کۆمۆنیسـتەکان هەتـا دوارۆژی مانـی قاسـم؛ پشـتگیرییانکرد و بێجگـە لەمـەش؛ تاقمێك دەستوەشـێن و جنێوفـرۆش و رووهەڵماڵـراو و خۆبژێـن و هەلپەرسـت کەوتبوونـە نێویانـەوەو، ئەمانیـش بێدەنگبـوون لـە کـردەوە ناڕەواکانیـان، لەترسـی ئـەوەی، نەبـا ژمارەی"جەمـاوەرە تێکۆشـەرەکەیان"کەمبێتەوە. لایەنگرانـی سـەییدیش لـەو رۆژانـەدا، وەك خـۆم بەچـاوی خـۆم دیـم، بەسـواری دەیـان قەمـەرە و لۆریـی سـەربەتاڵ، بەنێوشـار و دەوروبـەردا فڕکەیـان دەهـات و هاواریـان دەکرد:"الدیـن دیـن الاسـلام، ماکو شـیوعیە" (ئاییـن ئایینـی ئیسـلامە، کۆمۆنیـزم بوونـی نییـە).

دوای ئەوە، سـەیید پرسـیاری ئەوەیکرد لێم ئایا "سـەرکردە(زەعیم) مەلامسـتەفای بارزانی، بـە سیاسـەتی قاسـم و سیاسـەتی حیزبەکـەی خۆی(پارتـی) رازییـە؟ ئایـا ئـەو شـتانەی لـە رۆژنامـەی حیزبەکەیـدا (خەبـات) بڵاودەکرێنـەوە بەدڵـی سـەرکردە بارزانین؟"، (سـەرنج: "خەبات"بەعارەبـی لـە بەغـدا دەردەچـوو). گوتـم: "مامـە سـەیید؛ ئـەوەی لەبـارەی بارزانییـەوە دەتوانـم بەبەرێزتانـی بێـژم؛ ئەنجامـی سـەرنجدان و بەدواداچوونـی ئـەو شـتانەیە کـە روودەدەن، یـان ئـەو هـەواڵ و قسـانەن کـە لـەو کەسـانەوە دەیانبیسـتم، کـە زوو زوو دەچنـە لای بارزانـی، ئەگەرنـا خـۆم، بێجگـە لەوکاتـەی کـە بەمنداڵـی لـە سـلێمانی، مەلامسـتەفا و چەنـد بارزانییەکـی دیکـە، کـە لـەوێ دەستبەسـەربوون و لـە ماڵێکـدا نیشـتەجێبوون کـە لـە سـەرووی ماڵـی ئێمـەوە بـوو و، بەزۆریـی کـە بـەلای ماڵـی ئێمـەدا تێدەپەڕیـن دەمدیـن، ئەوەتـەی گەڕاوەتـەوە لـە سـۆڤێت، تەنـێ، دووجـار چـاوم پێیکەوتـووە. جارێکیـان لـە هۆتێلێکـی بەغدا(سـمیرأمیس)؛ رۆژی گەڕانـەوەی بـۆ بەخێرهاتنکردنـی و، جارەکـی دی، مـام جـەلال بردمـی بـۆ ماڵەکـەی لـە بەغـدا، کـە کاتـی

ئـەوە نەبـوو لـە نێزیکـەوە هیـچ پرسـیارێك بکـەم لێـی. چۆنکـە هەمیشـە خەڵکێکـی زۆری لـە دەورەو، خەڵکەکـەش لـە هەمـوو بابەتێکـن. بـەڵام، بەهـۆی ئەوانـەوە کـە دەیناسـن و زۆر نێزیکـن لێـی، دەزانـم کـە لـە رامیاریـی و رەوشـی حیزبەکـەی رازی نییـە، ئەوەبـوو لـە کۆتایـی مانگـی حوزەیرانـدا، هەمـزە عەبدوڵـلا و برادەرەکانـی، کـە رێبازێکـی سـەر بـە پارتـی کۆمۆنیسـتی عێراقیـان گرتبـوو، مەلامسـتەفا بەهێزێکـی چەکدارەوە چـووە سـەر مەڵبەنـدی پارتـی لـە بەغـدا و، ئەوانـەی لـە حیـزب هەڵپەسـارد. ئەمـەش ئـەو راسـتییە دەردەخـا، کـە لـە رەوشـی رامیاریـی سـەرکردەکانی پارتـی رازی نییـە، وەك بیستووشـمە بـاوەڕی بـە قسـە و بەڵێنـی قاسـم نەمـاوە. ئەوەشـم بیسـتووە کـە مەلامسـتەفا لـە سـۆڤێت؛ بەتایبەتـی لـە سـەردەمی سـتالیندا، ژیانێکـی زۆر ناخـۆش و تاڵـی بەسـەربردووە". کـە لـەم قسـانەدابووم، شـێخ عەبدولزەهـرە گوتی"بارزانـی پیاوێکە دەیـەوێ لـە کـورد نەتەوەیـەك پێکبهێنـێ و ئـەوەش مافێکـی رەوایـە". ئەوجـا گوتـم: " مامەسـەیید؛ کێشـەی کـورد کێشـەیەکی زۆر سـەختە و پێوەندیـی بـە ئێـران و ترکیـا و سـووریا و سـۆڤێت و ئەمریـکا و بەریتانیـا و فەرەنسـا و دەوڵەتـە عەرەبییەکانـەوە هەیـە و، کێشـەی کـورد هـەر تەنـێ پێوەندیـی بـە عێراقـەوە نییـە کـە بەریتانییـەکان بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان، سـێ لایەنیـان (شـیعە و سـوننی و کورد)یـان ترانجدووەتـە نێـو ئـەم دەوڵەتـەوە، بـێ ئـەوەی مـاف و سـنووری هـەر یەکەیـان دەستنیشـانبکەن. خـۆ ئەگـەر بەڕێزتـان لەبـارەی ئـەم زۆرلێکراویـی و بەشـخوراوییەی کـوردەوە لێدوانێـك بـۆ رای گشـتی بڵاوبکەنـەوە، دەبێتـە هێزێـك بـۆ دڵـی کـورد و، زات دەنێتـە بەریـان دژ بـە فەرمانڕەوایـی بوەسـتن....".

لەمـەدا سـەیید گوتی:"ئـەم دەوڵەتـە دەوڵەتـی مەیمونە(دولـە القـرود) و دەوڵەتـی مـرۆڤ نییـە. دڵنیابـە، دەوڵەتـی مەیمـوون تاوەکـو سـەر بەرگە ناگرێـت". گوتم "راسـتتان فەرمـوو: کوردیـش دەبێژن:(سـەگی هـار تەمەنـی چـل شـەوە)"، گوتـی: "أحسـنتم". واتە"راسـتتانگوتووە".

لەمـاوەی قسـەکردندا سـەیید گوتی: "بەبـرا کوردەکانـم رابگەیێنە کە ئاگایـان لەخۆیان بێ و، دان بەخۆیاندابگـرن و هەڵنەچـن، تاوەکـو ئـەم دەورە، بەیارمەتـی خـوا، بەسـەردەچێ. هیـچ دوورنییـە ئـەم شێتە(مەبەسـتی لـە قاسـم بـوو: نەبـەز) لەپـڕ پەلامـاری کـورد بـدا و کوشـتارێکی زۆر بـکا لێیـان و ئەوسـا بێـژێ: پیلانێکـی ئیسـتیعماری پووچکردووەتـەوە،

ئـەو دەمـەش ئـەم تەفرەخواردووانە(مغفليـن)ی سەرشەقامەکانیش(مەبەستی لەوانەبـوو کـە لـەو ڕۆژانـەدا، بەبیانـووی بەربەرەکانێی"کۆنەپەرستـی"یەوە لەخۆپێشـاندانابوون لـە دژی: نەبـەز) بکەونـە چەپڵـە لێـدان بـۆ سـەرۆکی تاقانەیان(لـەوەدا زەردەخەنەیـەك گرتی:نەبـەز) {سـەرنج: کۆمۆنیسـتـەکان قاسـمیان نێونابوو"الزعیـم الاوحد"(سـەرۆکی تاقانـە). پارتییەکانیـش نێویاننابوو"کاکـە کەریـم". تەنانـەت ڕەحمەتیـی برایـم ئەحمـەد، هەڵبەسـتێکی بـۆ پەسـندانی قاسـم ڕێکخسـتبوو گوتبـووی: کەریـم گۆشـت و ئێسـقان نییـە، کەریـم تاکەئینسـان نییـە کەریـم خـۆی بیروباوەڕە......هتـد. جـا ئەگـەر گۆشـت و ئێسـقان نەبووبـێ، دیـارە دەبـێ "کڕکڕاگە"بووبـێ}.

پـاش ئـەم قسـانە، جارەکـی دی ڕووم لـە سـەیید نایـەوە و گوتـم: "چۆنـە ئەگـەر بەڕێزتـان بیروڕایەکـی خۆتـان بەرامبـەر کێشـەی کـورد بـۆ خەڵکـی عێـراق بخەنـەڕوو، پشـتگیریی مافـی کـورد بکـەن، کـە ئەوانیـش ئەوەیـان پێدەبـڕێ، وەك هـەر گەلێکـی دی بـە ئـازادی بژیـن". سـەیید گوتـی: "ئـەز چیـم پشـتگیریی کـورد بکـەم. خـوا پشـتگیر و پەنـای هەمـوو زۆرلێکراوێکـە. ئـەز لەبەندەیەکـی بێدەسـەڵات بـەولاوە چـی دی نیـم". گوتـم: "سـەیید، ڕاسـتتان فەرمـوو، ئێمـەی بەنـدە هەموومـان بەرامبـەر دەسـەڵاتی خـوا بێدەسـەڵاتین، بـەڵام وەك بەنـدەی خـوا؛ دەبـێ پشـتی براکانمـان بگریـن و گوتـم:"وکان اللـە فـی عـون العبـد مـادام العبـد فـی عـون أخیە"(تاوەکـو بەنـدە لـە یارمەتیدانـی بـرای خۆیدابـێ، خـوا یارمەتـی بەنـدەی خـۆی دەدا)"، جارەکـی دی سـەیید گوتـی: "أحسـنت". ئەوجـا گوتـی: "ئەگـەر زەحمـەت نابـێ بـۆت و کاتـت هەیـە، کـە گەڕایتـەوە بەغـدا، شـتێك بنووسـە بـۆم لەبـارەی کـوردەوە بـە گشـتی و، بەتایبەتـی کـوردی عێـراق و دەسـتەجۆراوجۆرەکانیان و داخوازییەکانیـان؛ تاوەکـو بەیارمەتـی خـوای مـەزن بتوانیـن بەهەمـوو لایەکـمان یارمەتـی یەکدیـی بدەیـن". گوتـم: "وەی بەسـەرچاو".

ئەوجـا شـێخ عەبدولزەهـرە گوتـی، لەوەپـتر نامانـەوێ زەحمـەت بـە سـەیید بگەیەنیـن و دەمانـەوێ ماڵئاوایـی لـە سـەیید بکەیـن و کەمێـك بـە شـاردا بگەڕێیـن. سـەیید گوتـی: "هیـچ زەحمەتێکتـان بـۆ مـن پەیدانەکـرد و خۆشـیتان هێنـا بـۆم. بـەڵام نابـێ نانـی نیـوەڕۆ لـە هیـچ شـوێنێك بخـۆن و دەبـێ بێنـەوە ئێـرە بـۆ نانـی نیـوەڕۆ". زۆر سوپاسـمان کـرد. پـاش گـەڕان بەگەلێـك شـوێنی شـاری نەجەفـدا، بـۆ نانـی نیـوەڕۆ گەڕاینـەوە، سـفرەیەك لەسـەر زەوی ڕاخـرا، هەرسـێکمان پێکـەوە دەسـتمان بەخـواردن

کـرد. خواردنەکـە خواردنێکـی دەروێشـانەبوو. پـڵاو و شـلەی باینجـان (یـان کوولەکـە بـوو)، چەنـد پلەگۆشـتێکی کـەم لەنێـو شـلەکەدابوو، لەگـەڵ چەنـد کولێرەیەك و ماسـتاو. سـەیید گوتـی:" ببـوورە، ماسـتاوەکە لـە ماسـتی هەولێـر نییـە" (سـەرنج: لەوسـەردەمەدا، ماستی هەولێـر، یەکجار بەنێوبانـگ بـوو، جارێکیـان نامەیـەك نێردرابـوو بـۆ وەزارەتێـك لەبەغـدا، لـە پشـتی پاکەتەکـە نووسرابـوو، بەرامبەر(لـبن اربیـل= ماسـتی هەولێـر). ئێسـتەش ماسـت لـە ئێـران و تۆرانـەوە دێ بـۆ هەولێـر. رووی زەمانـە و، ئەوانـە رەش بـێ کـە زەمانەیـان گەیانـدە ئـەم رۆژانـە).
پـاش نانخـواردن و چایـی خواردنـەوە، چەنـد میوانێـك هاتـن و، هەریەکەیـان باسـی شـتێك و پرسـیاری شـتێکی دەکـرد. ئـەوەی بـاش لەبیـرم مابـێ ئەوەیـە؛ یەکێـك وابزانـم لـە بەغـداوە هاتبـوو، گوتـی: "قاسـم هەڵوێسـتی گۆڕیـوە بەرامبـەر بـە کۆمۆنیسـتەکان، پێویسـتە لـەوەدا پشـتگیریی قاسـم بکـرێ". سـەیید گوتی"الکفـر ملـه واحده"(واتـە: کفـر لـە هەرلایەکەوەبـێ هـەر وەك یەکـە)؛ واتـە؛ نابـێ پشـتی خراپەکارێـك بگیـرێ دژ بـە خراپەکارێکـی دیکـە. ئەوجـا داوای رایەمـان کـرد لـە سـەیید بـۆ رۆیشـتن و، ئەویـش بەوپـەڕی سادەیی و خاکێتییـەوە هەسـتایە سـەرپێ و، تاوەکـو بـەر دەرگەکـە لەگەڵـمان هـات و، بەوپـەڕی خۆشەویسـتییەکی باوکانـەوە منـی بەڕێکـرد و، جارەکـی دی سوپاسـی شـێخ عەبدولزەهـرەی کـردەوە بـۆ ئـەو دەرفەتـەی کـە رەخسـاندبووی. ئێدی لـە نەجەف نەماینـەوە، یەکسـەر سـواری پـاس بوویـن و بـەرەو بەغـدا کەوتینـەڕێ، چەنـد پاسـێکمان گـۆڕی تاوەکـو شـەو گەیشـتینەوە بەغـدا.
کـە چومـەوە ژوورەکـەم لـە هۆتێلەکـە، ئـەم بەسـەرهاتەم وەك خەونێـك هاتەبـەر چاو و، هەسـتم بـە خۆشـییەکی زۆر دەکـرد و، هـەر ئـەو شـەوە دەسـتمکرد بـە نووسـینی ئەوەی سـەیید موحسـین حەکیـم داوایکردبـوو لێـم و، بەڵێنـم دابـوو پێـی. پـاش هەفتەیـەك، یان دەرۆژ؛ کارێکـی خەسـت و خـۆڵ، نێزیکـەی حەفتـا لاپـەڕەم نووسـی لەبـارەی مێـژوو و خاڵـە گرنگەکانـی کێشـەی کـوردەوە و، دامـە دەسـت شـێخ عەبدولزەهـرە، ئەویـش لـە هەلێکـدا بـردی بـۆی و، کـە هاتـەوە گوتـی: "سـەیید زۆر پێیخۆشـبووە و، بەگەرمیی سـڵاو دەکا لێـت و نـزای خێـردەکا بـۆت". ئەمـە یەکەمیـن پێوەندییەکـی کوردیـی ـ رامیاریـی بـوو لەگـەڵ سـەیید موحسـین حەکیـم کـە رێبـەری شـیعەکانی جیهانـی ئـەو سـەردەمە بـوو. بـە دڵنیاییـەوە دەبێـژم، پێـش ئـەم پێوەندییـە، نوێنەرانـی هیـچ کۆمـەڵ و رێکخـراو

و حیزبێکی کوردی، سەردانی ئەو پیاوەیان نەکردووە. سەرکردەکانی ئەو دەمەی کورد، لەباسی لێنین و ستالین و سۆڤیێت و شووئین لایی چین و ماوی خەرەفاو بەولاوە، زمانیان بۆ هیچ نێویکی دی گۆینەدەکرد. ئێستاکەش کە حیزبی"المجلس الأعلى للثورة الإسلامية في العراق" کە لە هەشتاکاندا لە ئێران دامەزراوەو، نەوەکانی سەیید موحسینی رەحمەتی دەیبەن بەڕێوە، بەرژەوەندیی رامیاریی وایکردووە لێیان، کە لەگەڵ پارتی و یەکێتی پێوەندییەکی رامیارییان هەبێ و، هێندەك لە سیاسەتکارانی کورد، نابەرپرسانە و خۆهەڵکێشانە دەبێژن کە ئەم پێوەندییەی ئەوڕۆیان باپیرانی هەردوولایان دایانمەزراندووە، درۆیەکی رووتە و جێی شەرمە.
هەروەها، بەدڵنیاییەوە دەبێژم کە ئەم پێوەندییەی من بوو بەهۆی ئەوەی سەیید موحسین ئەو فتوایە دەربکات لەکاتی شۆرشی ئەیلوولدا و بێژێ؛ "باوەڕداران، نابێ یەکدی بکوژن، ئەوی دەکوژێ و ئەوی دەشکوژرێ؛ هەردووکیان بە ئاگری دۆزەخ(جهنم)دەسووووتێن". ئەمەش، مانای وابوو؛ نابێ شەڕ و بەگژیەکداچوون لەنێوان کورد و عێراقدا هەبێ؛ بەڵکو کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەربکرێت. هەر لەسەر ئەمەش بوو کە دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیستی ئەو سەردەمەی عێراق دەیانگوت"پیاوە نامۆکە"{مەبەستیان لە سەیید موحسین حەکیم بوو کە گوایە بەبنەچە و رەچەڵەك ئێرانییە و خەڵکی عێراق نییە}"دڵی بەسەربازی ئەم وڵاتە(عێراق) ناسووتێ، کە دەکوژرێ ...هتد". ئەم فتوایەش کارێکی زۆری کردە سەر سەربازە شیعەکان و پشتی ساردکردنەوە لە پەلاماردانی کورد و هێندێکیشیان رایانکردە لای پێشمەرگەی کورد.
کە لە ساڵی 1969دا لە هەمبۆرگ؛ نامیلکەی (حول المشكلة الكردية) واتە (لەبارەی کێشەی کوردەوە)م بە عارەبی نووسی و لەلایەن (یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا-نوکسەNukse)ەوە چاپ و بڵاوکرایەوە، زۆر بەڕێزەوە نێوی سەیید موحسینم برد و هەڵوێستەکەییم بەرز نرخاند. هەروەها لەو سەمینارەدا کە بە زمانی عارەبی لە 21 ی گوڵان(مایس)ی 1994دا لە کوێلن(ئەڵمانیا)لە دووەمین کۆنگرەی (چارەسەرکردنی ئیسلامانەی کێشەی کورد) بەبانگێشتی "یەکگرتەی ئیسلامیی کوردستان" سازکرا؛ جارەکی دی باسی هەڵوێستی سەیید موحسین و چاوپێکەوتنم لەگەڵی کرد. ئەم سەمینارە لەژێر نێوی (المستضعفون الكرد واخوانهم

المسلمون) (کوردی کەنەفتکراو و برا موسوڵمانەکانی) چاپی یەکەم (لەندەن 1997) چاپی دووەم ( سلێمانی 2006) ل120) سەرنج: (ئەم سەمینارە، دووجار کراوە بە کوردی لەلایەن دوو کەسەوە، کە نە لەگەڵ یەك هاوکارییانکردووە و، نە پرسێکیان بەمن کردووە بۆ وەرگێڕانی و، نە وەرگێرانەکەیان ناردووە بۆ من بۆ تەماشاکردن. هەردوو وەرگێڕانەکە پڕن لە هەڵەی زمانەوانی و چاپی: نەبەز).

ئەوجا ئێستە کاتێك کە سەیید موحسین حەکیم، لەگەڵ خومەینی دا بەراورد دەکەم، جیاوازییەکی گەورە دەبینم لەنێوانیاندا. سەیید موحسین، فتوای دا بۆ نەڕشتنی خوێنی کورد، بەڵام خومەینی فتوای دا بۆ رشتنی خوێنی کورد. دیارە بۆنی گوڵ و بۆنی پیڤاز نابنە یەك.

پاش دوو ساڵ، ماوەی "بەکرێدانم بە قوتابخانەی دوانێوەندیی جەعفەرییە" لەلایەن وەزارەتی زانیارییەوە، بەپێی فەرمانی وەزارەت ژمارە 48413 ی 1960/9/19 و بە واژۆی زەعیم روکن ئیسماعیل عارف ڤەزیری زانیاری، تەواوبوو و، بڕیاری گێڕانەوەم بۆ قوتابخانەی نێوەندیی زوبێر دەرچوو. زۆر هەوڵمدا بمگێڕنەوە بۆ کەرکووك، بەڵام سەرینەگرت. لەوماوەیەدا، (بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی کوردیی (مديرية الدراسات الكردية العامة) لە بەغدا دمەزرابوو، وەك لە وتاری (بەبۆنەی ئاهەنگی بەشی کوردیی لە زانستگەی بەغدا/بەشی کوردی لە زانستگەی بەغدا لە 1959دا چۆن دامەزرا)، خستمەڕوو، (پاشکۆی رووداو ژ 86، 2009/11/16). دکتۆر جەمال حاجی شەفیق کە لە زانستگەی ژنێڤ(سویسرا) قانونی خوێندبوو، کرابووە بەڕێوەبەر و، مامۆستا سادق بەهائەدین بە یارمەتیدەری. ئەوانەی کە دژایەتی ئێمەیان دەکرد، مەبەستم لە ئێمە(ئەو هەشت مامۆستایەیە کە بیرخەرەوەکەمان دا بە قاسم و ڤەزیری زانیاری بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیی زانیاریی کوردستان و، بەشی کوردیی لە زانستگەی بەغدا) کورسییەکانی "بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردیی"یان لەنێوخۆیاندا دابەشکردبوو. گوتیان هەولێریش وەك کەرکووك کوردستانە؛ دەبچۆ لەوێ خزمەت بکە. گوتم: باشە، لەبەر خۆتان و خزمەتتان مرم! "ئەوجا بەپێی بڕیاری وەزارەتی زانیاریی(معاريف) ژ 53455 ی 1960/10/5 هەر بە ئیمزای ئیسماعیل ئەلعارف گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی نێوەندیی زازا لە هەولێر و ئەوجا بۆ دوانێوەندیی هەولێر". بەڕێوەبەری قوتابخانەی دوانێوەندیی جەعفەرییە و

ماملۆستاکان، زۆریان پێناخۆشبوو کە زانیان بەجێیاندەهێڵم، تکایانکرد لێم بمێنمەوە. کە داوای لێبووردنم کرد، بە مامۆستا شێخ عەبدولزەهرەیان گوتبوو، پەشیمانمبکاتەوە. ئەویش گوتبووی"دوو ساڵ خزمەتی ئێمەی کرد، با ئەوجا خزمەتی کوردەکەی خۆشی بکا". ئەز، وەك مامۆستا لە قوتابخانەی جەعفەرییە جیابوومەوە، بەڵام بەدڵ جیانەبوومەوە لێی، تاوەکو ئێستەش بیری ئەوکاتە دەکەمەوە. ئەو دوو ساڵە، دوو ساڵی خۆشی ژیانم بوو. رۆژی ماڵاوایی، مامۆستایان و قوتابیان، ئاهەنگێکی جوانیان گێڕا بۆم، کە بەڕاستی خەفەتبار بووم، بەدوورکەوتنەوەم لێیان. ساڵی دوایی 1960 ـ 1961 بوومە مامۆستا لە هەولێر و، ئەوەش چیرۆکێکی خۆی هەیە، بامێنی بۆ کاتێکی دی.

**چەند سەرنجێك:**

(*) ـ شایانی باسە ئەو رۆژەی لەبەغدا کەوتمەڕێ بەرەو سویسرا، لە گوڵانی 1962دا بەڕێکەوت لە فڕۆکەدا لەگەڵ گەنجێکی عەرەبی بەغدایی ناسیاویم پەیداکرد کە بۆ رابواردن و گەشتیاریی دەچوو بۆ ژنێڤ(سوێسرا). گوتی ماوەیەك لە ژنێڤ دەمێنێتەوە. رۆژێکیان لە بازاڕ چاومان بەیەککەوتەوە و ماوەیەك پێکەوە گەڕاین، گوتی بەتەمایە بگەڕێتەوە بەغدا، ئەگەر کارێکم هەبێ بیکا بۆم. منیش گوتم نامەیەك دەنووسم بۆ مامۆستایەکی هەڤاڵم کە لە قوتابخانەی دوانێوەندیی جەعفەرییەیە، ئەگەر بکرێ بیبەی بۆی. گوتی"بەسەر چاو" ماڵی ئاوابێ نامەکەی گەیاندبووە شێخ عەبدولزەهرە. ئەویش وەرامی نامەکەی دابووەوە. ئەوەی لێرەدا بگوترێ ئەوەیە بەر لەوەی بەرەو ئەورووپا بکەومەڕێ، جارەکی دی لەبەغدا چوومە سەردانی هەڤاڵ مامۆستاکانم لە قوتابخانەی جەعفەرییە. شێخ عەبدولزەهرە دەیویست پەرتۆکێك لەبارەی بابییەکان و بەهائییەکانەوە بنووسێ و ئەزژی دەمزانی کە پەیامبەری بەهائییەکان"عەبدولبەها" (1817 ـ 1892) پاش ئەوەی لەلایەن مەلا ئێرانییەکان و مەلاکانی بەغداوە تەنگی پێهەڵچنرابوو، روویکردبووە کوردستان و دوو ساڵ لە سلێمانی ( 1854- 1855)و لە مزگەوتی شێخەڵڵای هەولێر (کە بەمزگەوتی دوودەرگە بەنێوبانگ بوو) بەنێوی خواستەمەنیی دەروێش محەممەدەوە مامۆستایی

کردبــوو و باوەڕنامە(إجازە)یەکـی ئایینـی کـە بەخەتـی خـۆی و بـە فارسـی بـۆ قوتابییەکی نووسـی بـوو، لـەلای بەڕێوەبەرانـی ئـەو مزگەوتـە مابـوو، کـە ماڵیـان چووبـووە بەغـدا، بەهـۆی دۆسـتایەتییانەوە لەگـەڵ مـن، بەتایبەتیـی کـە یەکێـك لـە کچەکانیـان شـووی بـە کوڕێکـی کەرکووکـی هاوڕێـم کردبـوو، رازیبـوون کـە کۆپییەکـی ئـەو باوەڕنامەیـە بـدەن بـە شـێخ عەبدولزەهـرە، کـە ئـەو بەڵگەنامەیـەی لـە پەرتۆکەکەیـدا بەکارهێنـاوە. دانەیەکـی لـەو پەرتۆکـەی ناردبـوو بـۆم، بـەڵام نازانـم دام بەکـێ و نەیدامـەوە.

(*) ـ کــە لــە قوتابخانــەی جەعفەرییــە بــووم، ماوەیــەك سەردەمی"لێشــاوی کۆمۆنیســتەکان" بــوو. مامۆسـتایەکی بەشـی زمـان و وێـژەی عەرەبـی لـە زانسـتگەی بەغـدا کـە نێـوی دوکتـۆر عەبدولـڕەزاق محێدیـن و شـیعەیەکی عەرەبـی ناسیۆنالیسـت بـوو، بـەڵام سەربە"بەعسـییەکان"نەبوو، زۆر ئازایانـە و بابەتانـە؛ وتـاری رەخنەگرانـەی لەبـارەی کۆمۆنیسـتەکان و کردەوەکانیـان دەنووسـی لـە یەکێـك لـە رۆژنامەکانـی بەغـدا کـە ئێسـتە نێوەکەییـم نایەتـەوە بیـر. هـەر لـەو ماوەیەشـدا، لەگـەڵ شـاندێکی عێراقـی سـەفەرێکی سـۆڤێتی کـرد، کـە گەڕایـەوە وتارێکـی نووسـی کـە ئێسـتەش سـەرنێوەکەییم لەبیرمـاوە: (أمـە تـأکل و تنـام و تسـتحم فـی غرفـە واحـدە – نەتەوەیـەك دەخـوا و دەخــەوێ و خــۆی دەشــوا لەتاکــە ژوورێکــدا)، باســی ژیانــی کولەمەرگیــی راســتە خەڵکەکـەی سـۆڤێتی کردبـوو کـە خێزانەکانیـان، هـەر یەکەیـان لـە ئاپارتمانێکـی یـەك ژووریـدا ژیـان دەبەنەسـەر. شـێخ عەبدولزەهـرە کـە ئـەم مامۆسـتایەی دەناسـی، منـی بـرد بـۆلای و، پێکـەوە، کارێکـی وامانکـرد کـە دوکتـۆر عەبدولـڕەزاق محێدیـن لـە یەکێـك لـە وتارەکانـی دا، کـە ئـەوەش بەبۆنـەی نووسـینێکی رۆژنامـەی (إتحـاد الشـعب)ەوە بـوو، کـە باسـی کۆمـاری کوردسـتانی تێـدا کرابـوو، بنووسـێ "کـوردەکان مافـی ئەوەیـان هەیــە ســەربەخۆبن" (مــن حــق ألاکــراد أن یســتقلوا...). ئــەم قســەیە بــۆ ئــەو رۆژە قسـەیەکی بەجەرگانەبـوو، چۆنکـە پارتییـەکان زاتـی ئەوەیـان نەبـوو، بەئاشـکرا باسـی ئۆتۆنۆمیـش بکـەن. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە رەحمەتـی مەسـعوود محەممـەد، هەڵێـك هەڵبکـەوێ بـۆی و ماوەیـەك بـە وتـاری نێـو رۆژنامـە لەگـەڵ ئـەم مامۆسـتا عارەبـە بکەوێتـە وتوویـژ. لەسـەردەمی عەبدولڕەحـمان عـارف دا، دوکتـۆر عەبدولـڕەزاق محێدیــن بــووە ڤەزیــری "یەکێتی"(عــەرەب) کــە ڤەزیرێتییەکــی تازەدامەزراوبــوو لــە عێراقـدا، پـاش ئـەوە کـرا بـە سـەرۆکی ئەکادێمیـای زانسـتیی عێـراق.

(*) ـ گەلێك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی بەغدا، بەتایبەتیی شیعەکان کە منداڵەکانیان لە قوتابخانەی جەعفەرییە دەیانخوێند، دەهاتن بۆ سەردانمان. یەکێك لەوانە سەیید عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی بوو کە تاریق(طارق)ی کوڕی قوتابی من بوو لە پۆلی سێیەمدا. تاریق سەر بەچەپییەکان بوو، حەزی لەچارەی باوکی نەدەکرد و دەیگوت"باوکم ناسیۆنالیستە". حەسەنی، هەر لەسەردەمی دامەزراندنی حکوومەتی عێراقەوە، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کرابووە بنووسی کۆڕی ڤەژیران(سکرتیر مجلس الوزراو) و چەند پەرتۆکێکیشی لەبارەی مێژووی ڤەژیرەکانی عێراقەوە نووسیوە. هەروەها پەرتۆکێکیشی لەبارەی"مێژووی رامیاریی نوێی عێراق"ەوە بڵاوکردووەتەوە. کە لەمانەدا هەوڵیداوە بزووتنەوەی کورد، بە فیتی ئینگلزەکان بداتە قەڵەم. سەیر ئەوەیە، شێخ عەبدولزەهرە و چەند مامۆستایەکی دیکەش؛ هۆشیارییان دابەمن و گوتیان؛ وریابە لە حەسەنی، حەسەنی سیخوڕە. حەسەنی؛ لەسەرەتای سەردەمی قاسم دا زۆر ترسی لەخۆی و پلەکەی هەبوو، بەڵام مرۆڤی هەلپەرست لە هەموو سەردەم و بازاڕێکدا جێیاندەبێتەوە. پەرتۆکەکانی وەك فاکت سەرنجڕاکێشن، چۆنکە بەڵگەنامەگەلێکیان گرتووەتەخۆ، کە بۆ مێژوونووس بەکەڵکن، بەڵام ئەم پیاوە بەمێژوونووس دانانرێ، بەڵکو بەکۆکەرەوەی فاکتگەل. حەسەنی و دوکتۆر کەمال مەزهەر دۆستایەتییان خۆش بوو و، هەردووکیان زوو زوو پەسنی یەکدییان دەدا. چۆنکە هەردووکیان لە شێواندنی مێژووی کورددا دەستێکی درێژیان هەبوو. نووسینەکانی د.کەمال مەزهەر و کەسانێکی دیکەشم خستووەتە ژێر هوردبینی لێکۆڵینەوە، لە نامیلکەیەکدا لەژێر نێوی (شێواندنی مێژووی کورد لە هزر و بەرهەمی سەر کاخەزی چینی هوردە بۆرژوازیی کورددا) کە ئەگەر تەمەن بەبەرییەوە مابێ، بڵاودەکرێتەوە.

(*) ـ پاشنیوەڕۆیەك عەقید فازیل عەباس مەهداوی(العقيد فاضل عباس المهداوي) سەرۆکی دادگەی بەرزیی سوپایی تایبەتیی(المحكمه العسكريه العليا الخاصه) کە کۆمۆنیستەکان نێویاننابوو "دادگەی گەل"(محكمه الشعب) لەگەڵ عەقید وەسفی تاهیر (العقيد وصفي طاهر) ئەندامی دادگە؛ هاتن بۆ قوتابخانەکەمان. وەسفی تاهیر تاوەکو رۆژی کودەتا(14ی تەممووز پاسەوانی نووری سەعید بوو (کە بەنووری پاشا نێوی رۆیبوو)، بەڵام رۆژی "شۆرش" ویستبووی بچێ نووری سەعید بکوژێ،

نووری سەعیدی زۆرزان هەرزوو بەجلکی ژنانەوە رایکردبوو، بەڵام دوایی بەهۆی پێڵاوە پیاوانەکەیەوە ناسرایەوەو بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن خەڵکەوە لەتوپەتکرا. بەبۆنەی هاتنی مەهداوی و وەسفی یەوە بۆ قوتابخانەکەمان، قوتابییەکان لە ساڵۆنی قوتابخانەکەدا کۆبوونەوە و کردیان بەچەپڵەلێدان و کوڕوکچی قوتابی لەسەر شانۆکە هەڵپەڕکێی عارەبی و کوردییان پێشاندا و، مەهداویش گەلێك باسی "برایەتیی کورد و عارەب"ی کرد و گەلێك جنێوی ئاڕاستەی بەعسییەکان و میسرییەکان کرد. بۆ سبەینێ؛ داروودەستەی بەعسییەکان و دووژمنانی قاسم و نەیارانی شیعەکان، وایان بڵاوکردبووەوە کە لە قوتابخانەی شیعەکان، کچان بەخواستی مەهداوی دانسیانکردووە و بەڕێوەبەرێتیی قوتابخانەش هیچی نەگوتووە. قوتابییەکان لەمە تووڕەبوون و پەلاماری مامۆستایەکی میسرییان دا، کە لە قوتابخانەکەماندا بەکرێ راگیرابوو، بەپاڕانەوەی من و شێخ عەبدولزەهرە لە"سەحل"(سحل)کردن رزگاری بوو. شایەنی باسە، کە بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستا حەسەن زەلزەلە ئێمەی مامۆستای بە مەهداوی ناساند و کە سەرە هاتە سەر من، گوتی؛"مامۆستا جەمال لەبرا کوردەکانمانە"، مەهداوی زۆربە رووخۆشییەوە گوتی: "لە لاوانی کوردستانیت"، گوتم: "نەخێر لەهیچ حیزب و کۆمەڵەیەکدا نیم"، گوتی: "بۆچی؟ ئەوانە خزمەتی کورد دەکەن". گوتم "بۆچی خزمەت هەر ئەوەیە کە لەنێو حیزب، یان کۆمەڵەیەکدا بکرێ؟"، گوتی "نا. بەڵام پێکەوەبوون هێزە". مەهداوی لەگەڵ منی کورد، پتر لە هەموو مامۆستاکانی دی قسەی کرد. راستییەکەی مەهداوی، سەرەڕای هەموو قسەی قۆڕ و کردەوەی قۆڕی؛ جۆرە خۆشەویستییەکی هەبوو بەرامبەر بە کورد، نازانم ئەوە لەچییەوە هاتبوو، بەڵام ئەوە دەزانم کە مەهداوی پوورزای قاسم بوو. قاسمیش نیوەکورد و نیوە عارەب، نیوە شیعە و نیوە سوننی بوو. جا ئایا ئەم هەستەی مەهداوی لەم پێوەندییەوە بوو یان نا، نازانم. چۆنکە مەهداویش و قاسمیش هەدووکیان دەیانگوت"ئێمە عەرەبین".

(*) ـ قوتابخانەی جەعفەرییە هەرچەندە قوتابخانەی شیعە عەرەبەکان بوو؛ بەڵام گەلێك کورد کە شیعە نەبوون، دەهاتن بۆ خوێندن لەوێ، بەهۆی بوونی من لەو قوتابخانەیە. یەکێك لەوانە هاوبیر کامیل ژیر بوو کە ئەزموونی بەکالۆریای پۆلی پێنجەمی (بەشی وێژەیی) بەشێوەی دەرەکی لەو قوتابخانەیەدا بەسەرکەوتن دا،

پـاش ئـەوەی ماوەیـەك خەریكـی بەهێزكردنـی بـووم لـە ماتماتیكـی گشـتی دا.
(*) ـ زۆر هەوڵمـدا لەبـارەی چارەنووسـی قوتابخانـەی دوانێوەندیـی جەعفەرییـە و مامۆسـتاكانی ئـەو سـەردەمەوە كـە لـەوێ بـووم، بەتایبەتیـی مامۆسـتایان شـێخ عەبدولزەهـرە ئەلسـەغیر و حەسـەن زەلزەلە(بەڕێوەبـەری قوتابخانەكـە) و ئەبوشـەزا(یارمەتیدەری بەڕێوەبـەر)، هێنـدەك زانیاریـی پەیدابكـەم، لـێ، ئـەوەی، كـە تائێسـتا دەسـتمكەوتووە ئەوەیـە كـە قوتابخانـەی دوانێوەندیـی جەعفەرییـە، تائێسـتە، لـە شـوێنەكەی جارانیـدا، كـە لەپشـت پێچی"حافـز قازی"(حافـڤ القاچـی) یـەوە بـوو، هەرمـاوە، بـەڵام لەسـەردەمی دەسـەڵاتداریّتی بەعسـییەكاندا، نێوەكـەی كـراوە بـە (قوتابخانـەی دوانێوەندیـی شـەهید محەممـەد سـەلمان)و، پـاش رووخانـی رژێمـی بەعـس، نێـوە كۆنەكـەی خـۆی وەرگرتووەتـەوە.
هەرچـی مامۆسـتا شـێخ عەبدولزەهـرەی هەڤاڵمامۆسـتامە، ئـەوا بەپێـی هەواڵێـك كـە لـە بەڕێـز جەمالەدینـی كـوڕی وەرگیـراوە، باوكـی كـە لـە 1918دا لەدایكبـووە و تاوەكـو سـەرەتای هەشـتاكان هـەر لـەوێ مامۆسـتابووە، ئەوجـا كـە خانەنشـین كـراوە، مـاوەی سـاڵێك یـان سـاڵونیوێك، بـووە مامۆسـتا لـە حەوزەكانـی نەجـەف و، پـاش ئـەوەش بـووە مامۆسـتا لە"ئینسـتیتۆتی ئیسـلامی"(المعهد الاسـلامی) لـە سـامەڕڕا و، هـەر لـە سـامەڕڕا، لـە 1987دا كۆچیدواییكـردووە و لـە نەجـەف نێـژراوە. رەوانـی شـادبێ.
لەبـارەی پەرتۆكەكـەی باوكییـەوە (البهائییون)بەڕێـز جەمالەدیـن گوتوویەتـی كـە كاتـی خـۆی لـە لوبنـان چاپكـراوە، بـەڵام بەهـۆی سـووتانی ماڵەكەیانـەوە؛ گەلێـك شـتیان لەنێوچـووە و، ئێسـتەش هیـچ دانەیەكیـان لـەو پەرتۆكـە لانەمـاوە. بـەڵام، دەگـەڕێ بەدوایـدا، ئەگـەر دەسـتیكەوت، ئـەوا هەمـووی فۆتۆكۆپـی دەكات بۆمـان.
بەڕێـز جەمالەدیـن، جـارێ تەندروسـتیی خراپـە و ناتوانـێ خـۆی زۆر مانـدوو بـكات.
لەبـارەی مامۆسـتایان حەسـەن زەلزەلـە و ئەبوشەزاشـەوە، هیـچ زانیارییەكـی نییـە، چۆنكـە ئـەو لـە سـاڵی 1976دا لـەو قوتابخانەیـە قوتابـی بـووە و لـە زەمانـی ویدا؛ ئـەو دوو مامۆسـتایە لـەوێ نەبـوون.

بەرلین پاییزی 2009

# ئازادی لە سەربەخۆیی بەنرخترە

**کاژێـر 10-11ی پێش نیوەڕۆی 2012/10/14، چاپی ئەوروپای هەفتەنامەی (رووداو) سـەمینارێکی بـۆ پرۆفیسـۆر د.جەمال نەبـەز و د.هانەلـۆرە کویشـلەر سـازکرد، لـە چوارەچێـوەی پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لـە فرانکفۆرتـی ئەڵمانیا لـە هۆڵـی 5.1ی ئـەو پێشـانگەیەدا. ژمارەیـەك کـورد و ئەڵـمان لـەو سـەمینارەدا ئامادەبـوون. پووختـەی قسـەکانی مامۆسـتا جەمال نەبـەز کـە لێـرەدا بڵاوکراونەتـەوە بـە زمانـی کـوردی بـوون، لەلایـەن ئەیـوب نـووری راسـتەوخۆ دەکرانـە ئینگلیـزی لـە سـەمینارەکەدا.**

**مامۆسـتا جەمـال نەبـەز کـە لـە 1933/12/1 لـە سـلێمانی لەدایکبـووە، لەسـەرەتای ساڵانی شەسـتەکانەوە لـە ئەڵمانیا دەژیا و لـە رۆژی 2018/12/8 هـەر لەوێـش کۆچـی دواییکـرد.**

**پرۆفیسـۆر د.جەمـال نەبـەز خاوەنـی چەندیـن کتێـب و لێکۆڵینـەوەی دانسـقەیە لەسـەر زمـان و مێـژوو و بیـری نەتەوەیـی کـوردی. هەمیشـە بۆچوونـی تایبەتـی نەتەوەییانـەی خـۆی هەبـووە سـەبارەت رووداوەکانـی کوردسـتان لـە رێگـەی نووسـین و سـەمینارەکانییەوە.**

**ئەمەی خوارەوە پووختەیەکە لە قسەکانی د.جەمال نەبەز لەو سەمینارەدا:**

.........................................................................

زۆر کـەس هـەن سـەبارەت ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتانیان داگیر و دابەشـکردووە، چونکە خۆیـان کێشـەیان لەنێوانـدا هەیـە، ئەگـەر کـورد بێـن بڵێـن ئێمـە دەمانـەوێ ئێسـتا

دەوڵـەت دروسـتبکەین، بـەڕای ئـەو کەسـانە ئـەوە کاتێکـی باشـە. لـە سـەتەی رابـردوودا چەنـد دەرفەتێـك كەوتنـە دەسـت كـورد، يەكێـك لەوانـە رووخانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی بـوو، بەوشـێوەیە کـورد، عـەرەب، لاز و چەرکـەس دەرفەتیـان هەبـوو ببنـە دەوڵەتـی سـەربەخۆ.

ئێسـتاش زۆر دەوڵـەت هـەن ترسـیان لـێ نیشـتووە کـە کـورد ببنـە خـاوەن دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، جـا بۆیـە دەڵێـن، ئێسـتا سـەردەمی دەوڵەتـی ناسـیۆنال نەمـاوە، ئـەوان نموونـە بـە یەکێتیـی ئەوروپـا دەهێننـەوە، دەڵێـن ئەوروپـا سـەردەمێك شـەڕی نێوخۆییان هەبـوو، بـەڵام ئەوەتـا یەکێتیـی ئەوروپایـان دروسـتکردووە. ئێسـتا دەبـێ ئێمـە تەماشـای ئـەوە بکەیـن کـە یەکێتیـی ئەوروپـا نەبووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە گەلـی ئەڵمانیـا، گەلـی فەرەنسـا، گەلـی ئیتاڵیـا و گەلانـی ئیتاڵیا لەنێـو یەکتردا بتوێنەوە بەشـێوەی ئاسمیلاسـیۆن. ئەمـڕۆش تەماشـا بکـەن، یەکێتیـی ئەوروپـا کـون و کەلەبـەری تێبـووە، ئەوەتـا تەماشـای کێشـەی یـۆرۆ بکـەن بزانـن گەیشـتووەتە چـی؟ تاکـەی یەکێتیـی ئەوروپـا بەوشـێوەیە سـەردەگرێ ئـەوەش نازانـم، مـن خـۆم پێموایـە باسـکردنی یەکێتیـی ئەوروپـا واتـە باسـکردنی یەکێتـی دراو، ئـەوە هەنگاوێکـی زووبـوو، پێویسـتبوو ماوەیـەك دوابخرێـت.

## دەوڵەت دروستکردن بۆ کورد شتێکی ناچارییە

ئەوانـەی بـە کـورد دەڵێـن کاتـی دەوڵەتـی ناسـیونال نەمـاوەو بۆچـی کـورد نایێـن لەنێـو ئـەو دەوڵەتانـەدا داوای ئـەوە بکـەن ببنـە هاونیشـتمان، بۆچـی نابنـە هاونیشـتمانی ئـەو وڵاتانـە و ببڕێتـەوە، کەچـی هـەر ئەو کەسـانەن کە پشـتگیری دەوڵەتە ناسیونالیسـتەکانی خۆشـیان دەکـەن. هەروەهـا ئەوەشـمان بینـی چـۆن دەوڵەتـی ئەڵمانیـا و دەوڵەتـی تورکیـا، پشـتگیری دروسـتبوونی دەوڵەتـی کۆسـۆڤۆیان کـرد، چـۆن پشـتگیری دامەزرانـی دەوڵەتـی کرواتیایـان کـرد، لەکاتێکـدا ئـەو دوو دەوڵەتـەش دەوڵەتـی ناسـیونالن. شـتێکی دیکـەش هەیـە حەزدەکـەم بیڵێـم، چونکـە چەنـد کوردێـك لێـرە دانیشـتوون، ئەویـش ئەوەیـە کـە چەنـد کوردێکـم بینـی دەیانگـوت ئەگـەر کوردسـتان بـووە دەوڵـەت ، بـەڵام نەبـووە دەوڵەتێکـی لیـبراڵ و سـێکولاری جیاکـەرەوەی ئاییـن و دەوڵـەت، ئـەوکات ئێمـە ئـەو کوردسـتانەمان ناوێـت. پێیاندەگوتـم ئەگـەر دەوڵەتـی کوردسـتان دروسـتببێ،



دیمەنێك لە سەمیناری د.هانە کویشلەر و د.جەمال نەبەز ، کە ئەیوب نووری بەڕێوەیدەبرد. ( فۆتۆ : گۆران محەممەد )

گەرەنتی هەیە کە گەلی کورد ئازادبێ، ئەم گومانە شتێکی راستە، بۆچی؟ چونکە زۆر نەتەوە هەن دەوڵەتیان هەیە، بەڵام ئەو گەلانە ئازاد نین. زۆر لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەوڵەتە ئیسلامییەکان و دەوڵەتەکانی دیکە، دەوڵەتی خۆیان هەیە و سەربەخۆن، بەڵام گەلەکانیان ئازاد نین. ئەو کوردانەی ئەو رەخنەیە دەگرن، ئەوانە ناتوانن دوو شت لە یەکتر جیابکەنەوە، دەوڵەت پەیوەندی بە سنوور و خاکەوە هەیە، پەیوەندی بە گەل و ئازادی و دیموکراسی و ئەو شتانەوە نییە. ئێستا بەو کەسانە دەڵێین ئەگەر کورد گوتیان ئێمە سەربەخۆییمان ناوێ، دەوڵەتمان ناوێ، دەمانەوێ وەك هاونیشتمانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، تەنیا ئازادبین، هەر تەنیا ئازادیمان پێبدرێت، هیچمان ناوێ ئەوەنەبێ لەسەر ئەم خاکی کوردستانە کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین، بمێنینەوە، خاکەکەمان نەبێتە ترکستان و عەرەبستان و فارسستان، باشە ئایا ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە ئامادەن ئازادی بدەنە کورد، لە کاتێکدا ئامادەنین ئازادی بدەنە گەلەکانی خۆیان لە ترك و عەرەب و فارس. ئەوە شتێکە هەمووومان بە چاوی خۆمان دەیبینین، لەو دەوڵەتانەدا عەرەب، ترك و فارس ناتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە و بەشێوەیەکی




دیمەنێك لە سەمیناری د.هانە کویشلەر و د.جەمال نەبەز ( فۆتۆ : گۆران محەممەد )

دیموکراتـی کاربکـەن. ئینجـا کەوایـە ئایـا کـورد دەتوانـن ئـەو خاکـەی هەیانـە واتـە کوردسـتان بپارێـزن. کەواتـە شـتێکی ناچارییـە، کـورد بـۆ ئـەوەی بتوانـێ خاکـی خـۆی بپارێـزێ و هیوایەکـی هەبـێ بـۆ ئـازادی، پێویسـتە وڵاتـی خـۆی جیابکاتـەوەو دەوڵەتـی خـۆی هەبێـت.

## زۆر لەو گەلانەی دەوڵەتیان هەیە ئازاد نین

بـەلای منـەوە وەك کەسـێکی پۆلیتۆلـۆگ کـە زانسـتی سیاسـیم خوێنـدووە، دەوڵـەت هیـچ کاتێـك نابـێ بـە دەوڵەتـی هەمـوو نەتـەوە یـان هەمـوو گەلێـك، ئـەو دەوڵەتـە یـان دەسـەڵاتە بەدەسـتی یـەك کەسـەوە واتـە دیکتاتۆرێـك، یـان دەسـەڵاتە بەدەسـتی تاقمێکـەوە یـان بەدەسـتی تاقمێکـەوە کـە دێـن بـە ئیدیۆلۆژییەکـی ناسیونالیسـتی یاخود بـە ئیدیۆلۆژیەکـی ئایینـی ئـەو گەلـە بەڕێوەدەبـەن، بـەڵام ئەگـەر کـورد دەوڵەتیـان ببێ، دەتوانـن دەوڵەتەکـەی خۆیـان بپارێـزن.

بـەلای منـەوە ئـازادی زۆر بەنرخـترە لـە سـەربەخۆیی و دەوڵـەت، چونکـە گەلێـك کـە

ئـازاد بـوو هەرکاتێـك بیـەوێ دەتوانـێ دەوڵـەت دروسـتبکات، کـورد زۆر حەزیکـردووەو ئێسـتاش حـەزدەکات لـەو دەوڵەتانـەی تێیـدا دەژی، بـە برایەتـی و دۆسـتایەتی لەگـەڵ ئـەو گەلانـەی کـەوا دەوڵەتەکەیـان هەیـە دابنیشـن بـە دیالـۆگ قسـە بکـەن و بـە دیالـۆگ کێشـەی کـورد چارەسـەر بکـەن، بـەڵام تائێسـتا ئـەو چارەسـەرە نەبـووە، چونکـە نـە کـورد ئـازادن و نـە ئـەو گەلانـەش ئـازادن. مەبەسـتم لـە ئـازادی، ئـازادی جـۆری بیرکردنەوەیـە، ئـازادی جـۆرە تۆلێرانسـێکە کـە دەبـێ هـەر لـە منداڵێتییـەوە ئـەو شـتە دروسـتبکرێت. ئێسـتا دوای نەمانـی تێرۆریزمـی سـۆڤیەتی (بەڕاسـتی دەوڵەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت دەوڵەتێکـی تێرۆریسـت بـوو)، کـە دوای نەمانـی دەوڵەتەکانـی ئەوروپـای رۆژهـەڵات سـەربەخۆییان دەسـتکەوت، لـە ئۆزبەکسـتان، ئەرمەنسـتان و ئەوانیدیکـە دەوڵەتـی سـەربەخۆ دروسـتبوون، بـەڵام گەلەکانیـان ئـازاد نیـن. بـە پێچەوانـەوە لـە چیکۆسـلۆڤاکیا دوو گەلـی ئـازاد هەبـوون، چیـك و سلۆڤاك، لەبەرئـەوەی ئـەو دوو گەلـە بەڕاسـتی مێشـکیان ئازادبـوو و سـەرکردەکانیان بەڕاسـتی نوێنـەری گـەل بـوون، نوێنـەری دیموکراسـی و تۆلێرانـس بـوون، توانییـان بڵێـن هەریەکەمـان بـا دەوڵەتـی خۆمـان هەبێـت بـە جیـا.

بیروبـاوەڕی خـۆم وایـە و پێـش چـل پەنجـا سـاڵیش لـە نووسـینەکانمدا باسـی ئـەوەم کـردووە کـە گەلانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت عـەرەب بـن، تـرك بـن، فـارس بـن، بلـوچ بـن، پەشـتون بـن و ئەرمـەن بـن دەتوانـن بەشـێوەی کۆنفیدراسـیۆنێك دەوڵەتێکـی گەورە دروسـتبکەن و، وەك دۆسـت و بـرا هەرکـەس لـە سـنووری خاکەکـەی خۆیـدا سەربەسـتی هەبێـت، بـەڵام هەموویـان بتوانـن لـە کۆمەڵـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا نوێنەرێکیـان هەبێـت.

**رۆژئاواییەکان زۆر ناهەقییان کرد**

ئێسـتا ئەگـەر بگەڕێینـەوە سـەر باسـی کێشـەی کـورد، ئـەو دەرفەتانـەی لـە سـەتەی رابـردوودا دەسـت کـورد کەوتـن، وەك دەرفەتـی جەنگـی جیهانـی یەکـەم کـە ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی رووخـا و شانشـینی قاجـاری نەمـا، ئـەوە دەرفەتێکـی گرنـگ بـوو بـۆ کـورد کـە بتوانـێ دەوڵەتـی کـوردی دروسـتبکات، بـەڵام دەوڵەتـە ئەوروپاییـەکان

کـە جەنگییـان بردبـووەوە، بەریتانیـا، فەرەنسـا، ئیتاڵیـا و یۆنـان، بەڵێنیـان دابـووە کـورد و ئەرمـەن کـە دەتوانـن بەپێـی پەیماننامـەی سـیڤەر دەوڵەتـی خۆیـان دروسـتبکەن، بـەڵام ئـەو هێـزە ئەوروپاییانـە، بەریتانیـا و فەرەنسـا بەپێـی بەرژەوەندیـی ئیمپریالیسـتیانەی خۆیـان هاتـن کوردسـتانیان دابەشـکرد، بەشـێك بـۆ ئێـران و بەشـێك بۆ سـووریا و بەشـێك بـۆ تورکیـا و بەشـێك بـۆ عێـراق، ئـەم دەوڵەتـە دەسـتکردانەیان دروسـتکردن. بەڕاسـتی ئەوروپـا و جیهانـی ڕۆژئـاوا نـەك هـەر زۆر ناهەقـی و گوناهیـان کـردووە بەرامبـەر کـورد، بەڵکـو هـەروەك د.هانەلـۆرە کویشـلەر لێـرە پێـش مـن باسـیکرد، ئەوروپایـی و ڕۆژئاوایـی ناهەقیـان بەرامبـەر زۆر گـەل کـردووە. بـا هـەر باسـی کـورد نەکەیـن و نموونەیەکـی دیکـە باسبکەین. نموونـەی فەلەسـتین و ئیسرائیـل، پـاش ئـەوەی کۆمەڵـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بڕیاریـدا لـەو شـوێنەی بەدەسـت بەریتانیـاوە بـوو دوو دەوڵـەت دروسـتبکرێن، دەوڵەتێـك بـۆ عـەرەب و دەوڵەتێـك بـۆ جـووەکان، بەبـێ ئـەوەی بێـن لەنێـوان عـەرەب و جـوودا جـۆرە دۆسـتایەتییەك و جـۆرە تێگەیشـتن و جـۆرە تۆلێراسـێك پێبگەیێنـن کـە هەریەکەیـان لەشـوێنی خۆیـان بـن، بەریتانییـەکان هەسـتان ڕۆیشـتن و عـەرەب و جووەکانیـان تێکەڵـی یەکـتر کـرد و کردیانـە شـەڕ، ئـەوکات ئـەو دەوڵەتـە عەرەبانـەی کـە هەبـوون هەموویـان سیسـتەمەکانیان بەدەسـت چەنـد پاشـا و فیۆداڵێکـەوە بـوو، ئەوەبـوو پەنجـا سـاڵ شـەڕی عـەرەب و جوو دروسـتبوو، کە بەڕاسـتی ئـەوە پێویسـت نەبـوو، بەڕاسـتی ئـەوە بـێ تـاوان و گونـاح بـوون، چونکـە هـەر کەسـێك بکـوژرێ جـوو بێـت، عـەرەب بێـت، موسـڵمان بێـت یـان دیـان، ئێـزدی بێـت، عەلـەوی بێـت یارسـانی بێـت، ئـەو بـەر لـە هـەر شـتێك مرۆڤـە، کوشـتن و خوێـن ڕشـتن پێویسـت نییـە. هیـچ شـتێك ئـەوە ناهێنـێ مـرۆڤ بچـێ مرۆڤێکـی دیکـە بکوژێـت.




**لە بەشی بندەستی عێراق دەرفەتەکە بەکارنەهێندرا**

لێـرەدا لەبـەر کەمـی کات، دەمـەوێ ئـەوە بڵێـم کـە هەرچەنـدە کـورد مافـی ئـەوەی هەیـە دەوڵەتـی سـەربەخۆی ببـێ، مافـی ئـەوەی هەیـە لـە هەمـوو کوردسـتانی گـەورە نـەك هـەر لـەو پارچەیـەی کـەوا حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمـی تێدایـە، دەوڵـەت دروسـتبکات و ئەوانـەی کـە مرۆڤـن و بەڕاسـتی مـرۆڤ دۆسـتن، پێویسـتە لـە هەمـوو

لایەکی جیهانەوە پشتیوانی بکەن، بەڵام لەنێوخۆی وڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی لە بەشەکەی بندەستی عێراق، کارێکی وانەکراوە کە ئەو دەرفەتە بەکاربهێندرێت، چونکە ئەو دەرفەتە لەساڵی 2003دا کاتێك ئەمریکاییەکان هاتنە کوردستان، دەکرا ئەو شتە بکرێت، بەڵام ئەوان نەیانکرد.

ئێستاش تاقمێکی کۆنەپەرستی شیعە لە عێراق هاتوونەتە سەرکار، دیسان کێشەیان بۆ کورد دروستکردووەو، ئێستا شەڕی شیعە و سوننە وەك د.هانەلۆرە کویشلەر پێش من باسیکرد، ئەوەش شتێکی زۆر خراپە، تێکەڵبوون لەسەر هەر ئیدیۆلۆژیەك بێت، ئیدیۆلۆژی ناسیونالیستی بێت، یان ئیدیۆلۆژی ئایینی بێت یان چینایەتی بێت. وەك هانەلۆرە کویشلەر گوتی، خەڵکی رۆژئاوا پێویستە هەوڵێك بدەن کە پشتگیری ئازادی و دیموکراسی بکەن لە کوردستان، پشتگیری ئەم حیزب و ئەو حیزب نەکرێت، پشتگیری حیزبەکان خراپە، دەبێ پشتگیری خەڵکی کوردستان بکەن، پشتگیری ئەو کەسانە بکەن لە کوردستان کە بۆ ئازادی و بۆ برایەتی کار دەکەن.



Tango
Argentino




# هەڤپەیڤین لەگەڵ

# د.جەمال نەبەز

**ئـەو هەڤپەیڤینـەم لـە رۆژی 22ی نیسـانی 2007 لـە بەرلیـن لەگـەڵ مامۆسـتا جەمـال نەبـەز کـرد. پرسـیارێك کـە زۆر کـراوەو دوای کۆچکردنیشـی لەلایـەن زۆر کەسـەوە ورووژێندرایـەوە لـەو هەڤپەیڤینـەدا کـراوە، بۆچـی ناگەڕێیـەوە کوردسـتان؟ هەرچەنـدە مـن خـۆم ئەوکاتیـش بۆچوونێکـی زۆر جیـاوازم هەبـوو لەوانـەی ئـەو پرسـیارەیان دەورووژانـد، بـەڵام وەك رۆژنامەڤـان دەبووایـە ئـەو پرسـیارە بـەردەوام وروژاوە بکـەم. ئێمـە بـەدوای بەرهەمـی بیرمەندانـی کورددا دەچیـن نـەك ناونیشـانی نیشـتەجێبوونیان، د.جەمـال نەبـەز جگـە لـەو کارەی بـۆ گوزەرانـی خـۆی (کـە بەشـێکی زۆری ئـەوەش هـەر دەخستەوە خزمەتـی کوردسـتان) هەمـوو هـەوڵ و بەرهەمـی بـۆ کوردسـتان بـوو.**

**هەڤپەیڤینەکـەم بـە شـەو لـە رێسـتۆرانتێك لەگـەڵ پرۆفیسـۆر د.جەمـال نەبـەز کـرد، هەڤپەیڤینەکەمـان درێـژەی کێشـا و کرێکارانـی رێسـتۆرانتەکەیش پەلـەی داخستنیان بـوو، بۆیـە هـەروەك لـە کۆتایـی هەڤپەیڤینەکـەش دا هەسـتی پێدەکرێـت، هەڤپەیڤینەکـە دەبووایـە فراوانتربێـت لـەوە، نـەك خوێنـەر هەسـتبکات لەپـڕدا کۆتایـی هاتـووە.**

**ئـەو هەڤپەیڤینـەم کاتـی خـۆی بەشـێوەی نـووسراو بـۆ نـاردەوە، بـەڵام ئـەوکات گوتـی پێویسـت نـاکات ئێسـتا بڵاویبکەینـەوە، بەداخـەوە بڵاوکردنـەوەی کەوتـە دوای کۆچـی دوایـی خـۆی.**

**هەڤپەیڤین : ئاکۆ محەممەد**

## بنەچە و خوێندن

- لە باوکمەوە دەچینەوە سەر ئاغاکانی دزەیی
- باوکم لە سلێمانی گیرسابووەوە، ئیتر ببووە خەڵکی سلێمانی
- دایکم پێیگوتم خواپەرست بە و مەلا پەرست مەبە
- باوکم زۆر دۆستی شێخی شەدەڵە و عەبدولکەریمی عەلەکە بوو
- هەموو قورئانم لەبەربوو

**ئاکۆ محەممەد: بەڕێزتان ساڵی 1933 لە سلێمانی لەدایکبوون؟**

**جەمال نەبەز:** بەڵێ لە 1933/12/1 لە سلێمانی لەدایکبووم.

**ئاکۆ محەممەد: هەر بە بنەچە خەڵکی سلێمانین؟**

**جەمال نەبەز:** نەخێر. لە باوکمەوە ئێمە دەچینەوە سەر ئاغاکانی دزەیی. هۆمەری دزەیی ئەو زانیاریانە باش دەزانێت، کە یەکێك لە ئاغاکانی دزەیی رێی کەوتووەتە سلێمانی و باپیری منیش لەو بنەماڵەیەیە. باپیری من مەحموود ئاغا وەك ئاغایەکی دزەیی، واتە باوکی باوکم، کچێکی یەکجار زۆر جوانی دۆزیوەتەوە کە لە بنەماڵەیەکی یەکجار هەژار بووە، ئەو کچە ناوی ئامینە بووە، واتە دایکی باوکم. هەرچی دۆست و خزم هەبووە پێیانگوتووە ئەو کچە مەهێنە، ئەوە سواڵکەرە و ئەوە هەژارەو ئەوە چییە، باپیرم گوتوویەتی نا، ئەوە ئەو ژنەیە کە من دەکاتە پیاو و، هێناویەتی. خەڵك زۆر رقیان لەو ژنە هەڵگرتووە چونکە لە شەو و رۆژێکدا دەوڵەمەند بووە و ناویان ناوە "ئامینەخانی تازە دەوڵەمەند". دوای ئەوەی باپیرم ئەو ژنەی هێناوە هەرچی موڵك و ماڵ و پارەی هەبووە خستوویەتییە بەردەستی ئامینەخان. باوکم دەیگوت، دایکم بەڕاستی ژنێکی زیرەك بوو.

**ئاکۆ محەممەد: رقی دزەییان لە باپیرت لەبەر ئەوەبووە کە دزەییەکان ژنیان لە**

**کەس نەدەهێنا و ژنیان نەدەدا بە کەسێکی دەرەوەی دزەییان؟**

**جەمال نەبەز:** ئەوە راستە. لەبەرئەوەش دزەییەکان زۆر رقیان لە باپیرم هەڵگرت و زۆر قسەی ناشیرینیان پێگوتووە، بەڵام ئەو هەر سووربووە لەسەر ئەوەی کە ئەوە ژنێکی باشە و هەر دەبێ بیهێنێ و هێناویەتی. باوکم دەیگوت بەڕاستی دایکم ژنێکی تێگەیشتوو و زیرەك بوو و بەڕاستی یارمەتی باوکمی داوە.

هەر لە منداڵیشەوە هەوڵیداوە باوکی منیش بخاتە بەر خوێندن و پێیبگەیێنێت. لەبەرئەوە باوکم زانستەکانی مەلایەتی تەواوکردوون، لەلای زۆر مەلای زانا خوێندبووی، بەڵام باوکم دەیگوت تۆ ئەم خوێندنە دەخوێنی، بەڵام قەت نابێ مەلایەتی بکەی، خواپەرست بە، مەلا پەرست مەبە. ئەوە ئامۆژگاری دایکی باوکم بووە بۆ باوکم. ئینجا باوکم زمانی عەرەبی، فارسی، ترکی و کوردی زۆر بە باشی دەزانی. سەرەتایەکی زمانی ئینگلیزیشی دەزانی. زۆر شیعری فارسی و ترکی و عەرەبی لەبەربوو.

دایکیشم خەڵکی سلێمانی نییە. دایکم کچی مەلا فەتاحی سەرکۆیی یە. کە بە مەلا فەتاحی جافەران بەنێوبانگە، بەڵام لەڕاستیدا باوکی دایکم خەڵکی سەرکۆیە، سەرکۆ خەڵکی ناوچەی قەراخە. قەرەداخ ناوێکە لە سەردەمی عوسمانییەکان بەکارهێنراوە، هەرچەندە بنەچە و رەچەڵەکی وشەکە ترکی نییە، کوردییە. بە کوردی بە ناوچەی قەرەداخ دەگوترێت زەردیئاوا. لەبەرئەوە من نە لە باوکمەوەو نە لە دایکمەوە خەڵکی سلێمانی نیم. (بەپێکەنینەوە) کوردم.

**ئاکۆ محەممەد: باپیرت چ ساڵێك چووەتە سلێمانی؟**

**جەمال نەبەز:** بەڕاستی نازانم. بەڵام مامۆستا نەجمەدین مەلا بە دوورودرێژی ئەو باسەی دەزانی، چونکە مامۆستا نەجمەدین مەلا خزمایەتییەکی لەگەڵ باوکم هەبوو. زۆرجار ئەو باسی دایکی باوکمی بۆ دەگێڕامەوە کە ژنێکی زیرەك بووەو ژنێکی تێگەیشتوو بووە. تۆ وەرە ژنێکی هەژاری نەخوێندەوار ئەوەندە جوان بوویێت، ئەوەندە زیرەك بوویێت و بتوانێ کاربکاتە سەر خەڵك، لە قسەکردن و لە هەڵسوکەوتیان.

**ئاکۆ محەممەد: باپیرت کە چووەتە سلێمانی بە دەوڵەمەندی چووە، موڵکەکانی لە دەشتی دزەییان لێ نەسەندراونەتەوە؟**

**جەمـاڵ نەبـەز:** بەڵـێ، بـەڵام نازانـم زەویەکانـی لـێ سـەندراون یـان نـا. موڵکـی لـە سـلێمانی هەبـووەو بـە پـارە کڕیویەتـی.

**ئاکـۆ محەممـەد: خـۆت چەنـد زمانێـك دەزانـی، وابزانـم هەشـت زمـان دەزانـی، چـۆن فێریـان بـووی؟**

**جەمـاڵ نەبـەز:** هەندێـك لـەو زمانانـە بـە منداڵـی فێریـان بـووم، چونکـە باوکـم زۆر هاوڕێـی هەبـوون. لەوانـە عـەرەب و فـارس. زۆر دۆسـتی کاکەییـەکان بـوو. باوکـی ئەحمـەد سـمێڵ هەبـوو لـە سـلێمانی، پێیاندەگـوت حەمەغـای برایـم ئاغـای خومیلـە. ئـەوە یەکێکبـوو لـە گەورەکانـی کاکەییـەکان. ئەحمـەد سـمێڵ قوتابـی بـوو و لەگـەڵ ئێمـە دەیخوێنـد، باوکـم زۆر دۆسـتی شـێخی شـەدەڵە بـوو، کـە حەقـە بـوو. لەگـەڵ جـووەکان دۆسـت بـوو، لەگـەڵ عەبدولکەریمـی عەلەکـە، کـە کاتـی خـۆی وەزیری شـێخ مەحمـوود بـوو. لەگـەڵ کەسانێك دۆسـتبوو کـە موسـڵمان نەبـوون، لەگەڵ ئـەوەی باوکم بەڕاسـتی موسـڵمانێك بـوو موسـڵمانێتی خـۆی پاراسـتبوو. لـە رۆژووگرتـن و نوێژکـردن دا، بـەڵام زۆریـی لـە ئێمـەی منداڵەکانـی نەدەکـرد و بڵێـت، هەسـتن بچـن نوێـژ بکـەن یـان رۆژوو بگـرن، ئەمانـەی نەدەگـوت، بـەڵام خـۆی نوێـژی دەکـرد و رۆژووی دەگـرت و بەڕاسـتی خواپەرسـت بـوو و موسـڵمان بـوو. هیـچ رۆژێـك لـە رۆژان نەمبیسـتووە بەرامبـەر یەکێـك کـە ناموسـڵمان بێـت قسـەیەکی خراپـی کردبێـت. کریسـتیان لەگـەڵ ئێمـە نانیـان دەخـوارد لـە مـاڵ. دەمگـوت باوکـە ئەوانـە چـۆن خۆمانـەن، دەیگـوت رۆڵە ئەگـەر خـوا وەکـو ئێمەبێـت ناتوانـێ نیوەڕۆژێـك حوکمـی ئـەو دونیایـە بـکات، ئـەو دووبەرەکـی و دووژمنایەتییـە کاری ئێمـە و خەڵکـە، موسـڵمان و دیـان و جـوو ئەوانـەن کـە ئـەو ئایینانەیـان هەیـە، ئەگەرنـا لـەلای خـوا ئـەوە نییـە. لای خـوا ئـەو دووبەرەکـی و جیـاوازی و بەگژیەکداچوونـە نییـە، کـە ئـەو بکـەی بەگـژ ئـەودا و ئەویدیکـە بـەدژی ئەویدیکـەدا.

**ئاکۆ محەممەد: خوێندنت لەگەڵ ئامادەییش لە سلێمانی تەواوکردووە؟**

**جەمـاڵ نەبـەز:** بەڵـێ، بـەڵام مـن لەپـاڵ ئـەوەی کـەوا دەچوومـە قوتابخانـە، لـەلای مـەلا دەمخوێنـد و هەروەهـا لـەلای باوکـم. دوای ئـەوەی کـە چوومـە قوتابخانـە، کـە ئـەوکات تەمەنـم چـوار سـاڵی بـوو، باوکـم قەڵەمـی دایـە دەسـتم و گوتـی:( اقـرا باسـم ربك).بەوشـێوەیە دەسـتم کـرد بـە خوێنـدن. گوتـی رۆڵـە دەبـێ بنووسـی. ئینجـا شـتێك

هەیە دەمەوێ بیڵێم کە من چۆن فارسی فێربووم. لە سلێمانی فارس نەبوون، بەڵام ئەوکاتەی کە من منداڵ بووم، لە سلێمانی شابەندەری ئێران هەبوو، کونسوڵخانەیەکیان هەبوو تۆزێك لە ماڵەکەی ئێمە بەرەوژووتر. ماڵەکەشمان لە گۆیژەبوو، نزیك قاوەخانەی سەرچیمەن. ئەوان ماڵیان لە دەوروبەری قاوەخانەکە بوو، شوێنێکیان گرتبوو و کردبوویانە کۆنسوڵخانە. منداڵەکانی دەهاتنە خوارەوە لەگەڵ ئێمە یاریان دەکرد و بە فارسی قسەیان دەکرد، منیش یاریم لەگەڵیان دەکرد و بە فارسی قسەم لەگەڵ دەکردن، کە باوکم ئەوەی زانی بە فارسی قسە دەکەم، گوتی رۆڵە ئەمە وانابێت، دەبێ تۆ دابنیشی و گوڵستان و بووستان و ئەو شتانەی هێنا و گوتی بە باشی دەبێ فێری ئەو زمانە ببی، ئەگەرنا بەوشێوەیە نابێت و لەبیرت دەچێتەوە. دوایی ئیتر وردە وردە ئەوەبوو فارسییەکەشم پێشکەوت. خەڵك دەهاتن لەگەڵ باوکم بە عەرەبی قسەیان دەکرد، منیش دەچووم بە عەرەبی قسەم لەگەڵ دەکردن، ئیدی ئەم زمانانە چ کوردی و چ فارسی و چ ترکی لە منداڵییەوە گوێم راهات پێیان.

ئینجا دوای ئەوە کە چوومە قوتابخانەی سەرەتایی تاقیکردنەوەیەکیان پێکردم، نەیانخستەمە پۆلی یەکەم یان دووەم، یەکسەر منیان خستە پۆلی سێیەمەوە. سێ مانگ لە پۆلی سێیەم مامەوە، ئینجا منیان خستە پۆلی چوارەمەوە، بەڵام لە قوتابخانەی ناوەندی یەك ساڵ دواکەوتم، چونکە ئەوساڵە سوورێژەم گرت، سوورێژەیەکی یەکجار پیس، لەوانەبوو نەژیم و بمرم، ئیدی بەباشی نەمدەتوانی بچمە قوتابخانە و ئەو ساڵە دواکەوتم. ئیدی دوای ئەوە وردە وردە پێشکەوتم لە قوتابخانە. ئەو سەردەمە قوتابخانەی ناوەندی سێ ساڵ بوو، دواناوەندی دوو ساڵ بوو. من چوومە بەشی زانستی، لەبیرمە لە جەبر و سێگۆشەکاندا 99م وەرگرتبوو. لە زمانی عەرەبی 81م وەرگرتبوو، بەهۆی خوێندنی ئیسلامەتی، فێری زمانی عەرەبی ببووم.

**ئاکۆ محەممەد: ئەوکات لە سلێمانی خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو؟**

**جەمال نەبەز:** نەخێر. قوتابخانەی سەرەتایی بە کوردی بوو، بەڵام من بە خوێندنی ئیسلامەتی و قسەکردن لەگەڵ ئەو عەرەبانەی دەهاتنە لای باوکم فێری عەرەبی ببووم. من هەموو قورئانم لەبەربوو، هەر بە تەواوی.

**ئاكۆ محەممەد: ئێستا لە بیرت نەماوە؟**

**جەمال نەبەز:** ئەی چۆن. (وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى (1) مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى (2) وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى (3) إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى (4) عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى (5) ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى (6) وَهُوَ بِالْأُفُقِ الْأَعْلَى (7) ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى (8) فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى). هەندێکیم لەبیرچووەتەوە، دەزانی چەند ساڵە. بەڵام بەوشێوە دەتوانم زۆر شت لە قورئان بە ئەزبەری بخوێنمەوە. ئەوکات بێجگە لە قورئان، زۆر شت دەخوێندرا وەك:(مغنى اللبيب عن كتب الأعاريب) کە ئەمە بنەچەی ڕێزمانی زمانی عەرەبییە. ئینجا لەوانە هەیە بۆ نموونە: اقتران جواب الشرط بالفاء، اسمیه طلبیه، وبجامدن وب ماء و ب لم و ب قد و بالتنفیس، تەنفیس واتە سین و سوف. کە دەنووسم بە عەرەبی، بۆچی تۆ پێتوایە ئەو عەرەبییە لە قوتابخانە فێربوومە، نەخێر ئەوە لە خوێندنی فیقهی ئیسلام یان بڵێین ئیسلامەوانییەوە فێربووم.

**ئاكۆ محەممەد: لەلای کێ دەتخوێند؟**

**جەمال نەبەز:** لەلای زۆر مەلا دەمخوێند. بەتایبەتی مەلا ئەبووبەکر، کە پێیاندەگوت مەلا ئەبووبەکری خانەقا، بەڕاستی مرۆڤێکی زیرەك بوو. ئەوکات وانەبوو مەلاکان بچن پارە لە حکومەت وەربگرن، مەلاکان خۆیان کاریان دەکرد و بەخۆڕایی دەرسیان دەگوتەوە، بەڵام باوکم پارەی دەدایێ، بۆ دەرس خوێندنی من. لە دوای ئەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو مەلایە ئەوەندە هەژار بوو رووی نەهاتبوو بە کەس بڵێ نانمان نییە، چووبووەوە ماڵ خۆی سەربڕی. دەیانگوت شێتە. ئەوەندە هەژار و بێ نان بوو.

**ئاكۆ محەممەد: نازانی ساڵی چەند بوو خۆی سەربڕی؟**

**جەمال نەبەز:** بەخوا نازانم ساڵی چەند بوو، بەڵام پێمواپە لە پەنجاکان بوو.

**ئاكۆ محەممەد: مامۆستاکانتان لە قوتابخانەی سەرەتایی کوردبوون یان عەرەب؟**

**جەمال نەبەز:** لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، مامۆستاکان کوردبوون، بەڵام هەموویان خەڵکی سلێمانی نەبوون. کەرکووکی تێدابوو، کۆیی تێدابوو، هەولێریی تێدابوو. مامۆستا عومەر ساقی هەبوو، هەولێری بوو، لەوانەیە تۆ بیناسی، ئەمری خوای کرد. کە من لە هەولێر مامۆستابووم، عومەر ساقیش دیسان مامۆستابوو، دەیزانی کە کاتی خۆی لە سلێمانی دەرسی پێدەگوتین، ئەوە هەولێری بوو. عەبدوڵڵا پیرە

هەبـوو، کابرایەکـی کۆیـی بـوو. عەبدوڵـڵا سـدیق هەبـوو لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی کەرکووکـی بـوو.

**ئاکۆ محەممـەد: کـە باپیـرت مەحمـوود ئاغـا ناوچـەی دزەییانـی بەجێهێشـتووە، دواتـر هیـچ پەیوەندییەکـی نەبـووە لەگـەڵ دزەییـان؟**

**جەمال نەبەز:** نەخێر.

**ئاکۆ محەممەد: لەسەردەمی تۆشدا پەیوەندییەکە دروستنەبووەوە؟**

**جەمـال نەبـەز:** نەخێـر دروسـتنەبووەوە، چونکـە ئیـدی وەك دەڵـێن باوکـم لـە سـلێمانی گیرسـابووەوە، ئیـتر ببـووە خەڵکـی سـلێمانی، بـەڵام هـەر دەیگـوت کـە ئێمـە بـە بنەچـە و ڕەچەڵـەك دزەییـن.

## خوێندن و ناسینی ئوستاد

- لە ساڵی 1951 ئوستادم ناسی
- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی زانایەکی گەورەبوو
- پێمناخۆشە قسە بە د.عیزەدین بڵێن

**ئاکۆ محەممەد: دوای ئامادەیی لە کوێ خوێندت؟**

**جەمـال نەبـەز:** دوای ئـەوەی چوومـە بەغـدا، چوومـە کۆلێـژی پـەروەردە، کـۆن نـاوی (دار المعلمیـن العالیـە) بـوو، کـە مـن چـووم پێیاندەگـوت کۆلێـژی پـەروەردە و سـەر بـە زانسـتگەی بەغـدا بـوو. مـن لـە سـاڵی 1949-1950 چوومـە ئـەوێ. ئینجـا مـن چوومـە بەشـی فیزیـك. ئـەوکات فیزیـك و ماتماتیـك پێکـەوە دەخوێنـدران، بـەڵام بەڕاسـتی مـن بـۆ فیزیـك نەچوومـە ئـەوێ، دەمویسـت ئەستێرەناسـی بخوێنـم، زۆر حـەزم لـە ئەستێرەناسـی بـوو، ئێسـتاش حـەزی لێدەکـەم و لـە مـاڵ تیلیسـکۆپم هەیـە، هەندێجـار کـە ئاسـمان تۆزێـك ڕوونـاك دەبێـت دەچمـە دەرەوەو تەماشـای ئەسـتێرەکان دەکـەم. کتێبـی ئینسـترۆنۆمی و ئەوانـەم هەیـە. ئەویـش بابەتێکـی دوور و درێـژە و جارێکیـان

لێرە لە بەرلین، پرۆفیسۆرێکی زۆر گەورەی ئەنسترۆنۆمیم ناسی، دەتوانین باسی ئەوەش بکەین ئەگەر کات هەبوو.
بەڵام من چووم فیزیکم خوێند، فیزیك و ماتماتیك، بۆ ئەوەی وردە وردە بچم ئەستڕۆفیزیك بخوێنم، واتە فیزیکی ئەستێرەناسی، بەڵام ئیتر ئەوەبوو کە دەستم کرد بە خوێندن کرد لە زانستگەی بەغدا، سیاسەت و چالاکی سیاسی هاتەپێشەوە، هەستم بەوە دەکرد کە بەڕاستی نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی لێقەوماوەو، ئێمە کە لە زانستگەی بەغدا بووین، ژمارەی کەم خوێندکاری کوردبووین لەوێ. عەرەبەکان تاقمێکی لێدەرچێ کە چەپی بوون، کە پێیاندەگوتن کوڕی باش، ئەوانیدیکە هیچ پەیوەندییەکی خۆشیان نەبوو لەگەڵ ئێمە.
**ئاکۆ محەممەد: چەپییەکان باشتربوون؟**
**جەمال نەبەز:** چەپییەکان باشتربوون، سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون. ئەوانە تۆزێك لەگەڵ دۆزی کورد خراپ نەبوون. ئەوانیش هەر بە قسە، چونکە کاتێك کە ئەوانیش دەستیان رۆیی، ئەوەنەبوو ئەو بەڵێنانەی دابوویان جێبەجێیان بکەن. لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا ماوەیەکی زۆر دەستیان رۆیی.
**ئاکۆ محەممەد: لەساڵی 1953دا گوتیان بەپێی پێناسەی ستالین، چونکە کورد ئابووری هاوبەشی نییە کەواتە نەتەوە نییە؟**
**جەمال نەبەز:** بەڵێ، بەڵام کۆنتر لەوە لەساڵی 1948دا کە من لە قوتابخانەی دواناوەندی بووم لە سلێمانی، لەوێ جۆرە بزووتنەوەیەك پەیدابوو کە پێیاندەگوت "تەحەڕووڕ" ، ئەمانە ئەوانەبوون کە باوەڕیان بە یەکێتی عێراق هەبوو. بۆچی پێیاندەگوتن "تەحەڕووڕ"، ئەمانە خۆیان سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون. ئەوانە عەرەب بوون و پارتێك هەبوو بەناوی (حزب التحرر الوگنی)، داوای مۆڵەتیان کردبوو، بەڵام ئەوانەی لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا بوون، نەیاندەتوانی بە ئاشکرا کار بکەن و بە خۆیان بڵێن کۆمۆنیست، چونکە پارتی کۆمۆنیست، رێبەندبوو، واتە قەدەخەبوو. لەبەرئەوە بەناوی "تەحەڕووڕ"ەوە کاریاندەکرد. ئەوەبوو حکومەت مۆڵەتی نەدایە "تەحەڕووڕ". ئەوەشت پێبڵێم یەکێك لەو هەڵە گەورانەی کە حکومەتی عێراق دەیکرد، ئەوەبوو کە هەرکەسێك بێزاری خۆی دەرببڕییا و دژی رژێم قسەی بکردبا، یان رەخنەیەکی بگرتبا، دەیانگوت ها ئەوە کۆمۆنیستە.

لەبەرئـەوە هەرکەسـێك قسـەی باشـی بکردبـا دەیانگـوت ئـەوە کۆمۆنیسـتە. واتـە ئەوەی حکومـەت دەیکـرد پڕوپاگەندەیەکـی بـێ عەقلانەبـوو بـۆ پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق. ئینجـا ئـەوە لـە سـلێمانی هـەر رۆژێـك نـا رۆژێـك، بەدروشـم و بـا بـژی . بـا بـژی دەچوونـە دەرەوەو، باسـی ئەوەیـان دەکـرد بـژی برایەتـی کـورد و عـەرەب، بڕووخـێ ئیسـتیعمار و نازانـم چـی.

تاقیکردنـەوە دەبـوو نەدەهاتـن بـۆ تاقیکردنـەوە. رۆژێکیـان پیاوێکـی زۆر بـە نێوبانـگ هەبـوو، نـاوی محەممەدعەلـی مسـتەفا قەرەداخـی، نووسـەری هەمـوو کتێبـی ئەنـدازە و جەبـر و ئـەو شـتانە بـوو بـۆ قوتابخانەکانـی ناوەنـدی و دواناوەنـدی، خەڵکـی قـەرەداخ بـوو. محەممـەد عەلـی مسـتەفا، حکومـەت ناردبـووی بـۆ سـلێمانی بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ قوتابییەکانـدا قسـە بـکات و بزانـێ چیـان دەوێـت، ئەوانیـش کۆبوونـەوەو پێیگوتـن چیتـان دەوێـت، گوتیـان دەمانـەوێ پەیمانـی پۆرتسـمۆس کـە لەنێـوان عێـراق و بەریتانیـا بەسـترابوو هەڵبوەشـێندرێتەوە، گوتـی باشـە دەینووسـین و دەیدەینـە پەرلەمـان، ئەگـەر گوتـی لاییبـەن، حکومـەت دەبـێ لاییـدات. هەندێـك شـتی دیکەیـان خسـتە پێشـەوەو گوتـی باشـە. گوتیـان دەبـێ تاقیکردنـەوەش نەکرێـت و نەهێڵدرێـت، گوتـی نـا نـا ئـەوە نابێـت. ئیـدی بـووە هـەرا و گوتیـان ئـەوە کابرایەکـی کۆنەپەرسـتە. ئەویـش گوتـی ئـەوەی ئێـوە دەیڵێـن لەسـەر پەیمانـی پۆرتسـمۆس و ئەوانـە بەسـەرچاو دەیاننووسـم، بـەڵام مەسـەلەی تاقیکردنـەوەکان لێـی نابووریـن و دەبـێ تاقیکردنـەوەی خۆتـان بکـەن. بـەزۆری خەڵکەکـە حەزیـان نەدەکـرد بچنـە خوێنـدن، بەڵکـو دەهاتنـە دەرەوەو بەسـەر شـەقامەکەدا دەگەڕان و خۆپیشـاندانیان دەکرد و باسـی برایەتی کورد و عەرەبیان دەکرد. بـەزۆری باسـی برایەتـی کـورد و عەرەبیـان دەکـرد. تاقمێکیـش هەبـوون بەرامبـەر بەمـە، ئەوانـە پارتـی بـوون، پێیاندەگوتـن پارتـی. ئـەوکات پارتـی تـازە دروسـتببوو، پارتـی لـە 1946 دروسـتبوو، مـەلا مسـتەفاش لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو، بـەڵام ئەوانـەی کـە خۆیان بـە پارتـی دادەنـا بەنـاوی مـەلا مسـتەفای رەحمەتییـەوە قسـەیان دەکـرد و دەیانگـوت ئـەو گەورەمانـە. ئینجـا لەبەرئـەوەی ئـەو لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو، "تەحرووڕ"ەکانیش نەیاندەوێـرا زۆر قسـەی لـە دژ بکـەن، چـۆن دەبـێ قسـە لـە دژی یەکێـك بکـەن کـە لـە قیبلـەی ئـەوان بێـت، بـەڵام دژی پارتییـەکان بـوون. "تەحـەڕووڕ"ەکان دەیانگـوت کـورد نەتـەوە نییـە، چونکـە ئابـووری هاوبەشـی نییـە، ئەوەشـیان لـە سـتالینەوە وەرگرتبـوو.

ستالین دەڵێ ئەو نەتەوەیەی ئابووری هاوبەشی نەبێت، نەتەوە نییە. لەڕاستیدا ئەوە قسەی ستالین نییە، بەڵکو قسەی بۆرژوواکانە و کاژیکنامە وەڵامی ئەوەی داوەتەوە و باسی ئەوەی بە باشی کردووە، چونکە دەوڵەت ئابووری هاوبەش دروستدەکات، ئابووری هاوبەش دەوڵەت دروست ناکات. تاوەکو نەتەوەیەك دەوڵەتی نەبێت، ئابووری هاوبەشی نابێت. ئەگەر ئابووری هاوبەشی نەبێت، واتای ئەوە نییە نەتەوە نییە. با وادابنێین نەتەوەیەك سبەی دەوڵەتەکەی لەکیس دەچێت و ئابوورییە هاوبەشەکەی نامێنێت، بەڵام لە نەتەوەبوون ناکەوێت. بۆ نموونە ئەڵمانیا بووە دوو دەوڵەت و دوو ئابووری، بەڵام نەتەوەی ئەڵمان لە نەتەوەبوون نەکەوت. هەستی کۆمەڵگەیەك بەوەی چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە، ئەوە نەتەوە دروستدەکات، نەك ئەوەی کەوا بڵێین ئابووری هاوبەشی هەیە یان نا. لەگەڵ ئەوەی کوردستان دابەشکراوە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، دەبینی خەڵك لە سلێمانییەوە چوونەتە سنە شتومەکیان کڕیوەو گەڕاونەتەوە، بەبێ ئەوەی گوێبدەنە هیچ. هەرچەندە سنووریش بووە و نەیانهێشتووە بچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچوونەتە ئەوێ، لە ناوچەی بادینانەوە چوونەتە بەرەو ژوور و گەڕاونەتەوە، خەڵك لە بادینانەوە چوونەتە قامشلۆ و گەڕاونەتەوە. ئەو دابەشبوونە ئەوە ناگەیێنێ کورد نەتەوە نییە. ئێستاش کورد دەوڵەتی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پێنج شەش کورد، ئەگەر هەریەکەیان خەڵکی شوێنێك بن و پێکەوە کۆببنەوە، هەست بەوەدەکەن کە نزیکایەتی و لێکچوونیان لەگەڵ یەکتری زۆر زۆر زیاترە لەو عەرەب و تورك و فارسانەی لە یەك دەوڵەتدا لەگەڵ ئەواندا دەژین.

**ئاکۆ محەممەد: هەر لە کاتی چوونت بۆ زانستگەی بەغدا بەشیر موشیرت ناسی و پەیوەندیت لەگەڵ مام جەلال و خەڵکی دیکەدا دروستبوو؟**

**جەمال نەبەز:** من لە ساڵی 1951 مامۆستا بەشیر موشیر(ئوستاد)م ناسی. بە ڕێگەدا دەچووم، بە ڕێکەوت چوومە دووکانێك ڕۆژنامە وکتێبی کوردی دانابوون، منیش قسەم لەگەڵ کرد و ئیتر بووینە دۆست. دوای ئەوەش پێکەوە چووین بۆ نەورۆز، بۆ ماڵی مارف جیاوك. ئەو کاتی خۆی (یانەی سەرکەوتن)ی دروستکردبوو. مارف جیاوك مۆڵەتی یانەی سەرکەوتنی وەرگرتبوو، بەڵام دوای ئەوەی ئەوانەی ئەندامبوون لە یانەی سەرکەوتن دا، وەك ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و پیاوە

گەورەکانی ئەوڕۆژە، ئابۆنەی خۆیان نەدابوو، ئەویش نەیتوانیبوو کرێی خانووەکە بدات، یانەی سەرکەوتنی خستبووە ماڵەکەی خۆی هەر بە ناو، لەسەر خانووەکەی نووسیبوو (یانەی سەرکەوتن- نادي الارتقاء الكوردی). جا رۆژێك ویستمان بچین بۆ ئەوێ، ئوستاد فەرمووی: شتێك بنووسە بۆ ئەوە، من پێتدەڵێم و تۆ بنووسە. منیش دەمزانی مەبەستی چییە، هەندێك شتم نووسی و لەوێ گوتی بیخوێنەوە، منیش گوتم ئەمڕۆ ئوستاد دەستی نەخۆشی هەیە (بەپێکەنینێکی زۆرەوە)، رەفیق چالاکی رەحمەتی گوتی "بەڵێ قاچی بە قووڕ گیرێ". ئینجا ئوستاد گوتی چاوت لێیە باشم گوتووە.

بەڕاستی ئوستاد مرۆڤێکی زۆر زۆر پاکبوو. بەڕاستی من کەم کەسم دیوە وەك بەشیر موشیر پاك، بە ویژدان، کورد، بەناموس، دڵپاك و حەز لە چاکەی خەڵك بکات. ئەمانەی هەموو هەبوون. نەك هەر من، زۆر کەسی وەك من ئامادەبوون لە خزمەتیدابن. من زۆر شتم بۆ دەنووسی، خەڵکی دیکەش دەینووسی. دوای ئەوە، تۆ پێتوایە ئەگەر ئێمە شتێکمان بنووسیبووایە، دەمانتوانی شتێك بنووسین بەناوی خۆمانەوە، وەك ئەوەی بەناوی بەشیر موشیرەوە دەماننووسی، دەستبەجێ دەیانگرتین، بەڵام هیچیان لەو نەدەکرد.

**ئاکۆ محەممەد: بۆچی؟**

**جەمال نەبەز:** دەیانزانی ئەو پیاوێکی پیرەو خۆیشی ئەو شتانە نانووسێت.

**ئاکۆ محەممەد: خەڵکی کوێ بوو؟**

**جەمال نەبەز:** کەس نازانێت، دەڵێن خەڵکی سلێمانی بوو. بەڵام کوردییەکەی "ئەمین"، خەڵك هەر دەڵێ من، بەڵام ئەو دەیگوت "ئەمین"، شێوەیەکی دیکە بوو.

**ئاکۆ محەممەد: دووکانداریيەکەی چیبوو، چی دەفرۆشت؟**

**جەمال نەبەز:** کاتی خۆی، کۆن بەرگدروو بوو، ئینجا شتێکی هەبوو هەڵیواسیبوو، نووسیبووی (صاحب المقص الذهبی). بەڵام من کە ئەوم ناسی رۆژنامە و کتێب و پاکەتە جگەرەو بەکرەی دروومانی دەفرۆشت. ئیتر ئێمەش جاروبار یارمەتیمان دەدا.

**ئاكۆ محەممـەد: ئینجـا ئێـوە كە ئـەو هەمووە لێـی كۆدەبوونـەوە، كارەكەی نەدەوەسـتا و هیچی دەفرۆشـت؟**

**جەمـال نەبـەز:** هەنـدێ خەڵـك دەهـات شـتیان لێدەكـڕی. ئینجـا خـۆی چـی هەبـوو، شـتێكی وانەبـوو.

**ئاكۆ محەممەد: نهێنی كۆكردنەوەی ئەو هەموو خەڵكە لەلایەن ئەوەوە لەچیدابوو؟**

**جەمـال نەبــەز:** خەڵكەكـە خۆشیاندەویسـت. هەندێـك شـتی دەگـوت قسـەكانی خۆشـبوون، وەك فەلسـەفە بـوون. بەڕاسـتیش قسـەكانی فەلسـەفە بـوون.

**ئاكۆ محەممـەد: ئـەوە راستبوو دەیگـوت كـورد لـە چینیـش هەیـە و ئـەوكات دەیگوت كـورد 40 ملیۆنە؟**

**جەمـال نەبـەز:** عێـراق خـۆی ئـەوكات وابزانـم حـەوت ملیـۆن بـوو، ئـەوكات دەیگـوت لـەو عێراقـە لـە حـەوت ملیـۆن ئەوەنـدەی كوردبێـت، تـۆ بڵێـی لـە چیـن كـە ئەوەنـدە زۆرە 15 ملیۆنـی كـورد نەبێـت. ئینجـا لـەو دواییـە مامۆسـتا محەممەدەمیـن پێنجوێنـی چووبـووە نزیـك چیـن، گوتـی وەڵـڵا بابـە چەنـد گوندێك هـەن لـەوێ هەموویان كـوردن. كەواتـە قسـەكانی ئوسـتاد لـە قسـەی هەمـوو كەسـێك راسـتتربوون. حەزیدەكـرد كـورد پێشـكەون، ئەگـەر رقـی لـە كوردیـش هەسـتابووایە دەیگـوت: وەڵڵاهـی وام لێهاتـووە لـە داخـی ئـەم كـوردە چەقۆیـەك لـە دیماغـی خـۆم بـدەم. ئینجـا رەفیـق چـالاك گوتـی: نەكـەی بـە قوربانـت بـم، ئەگەرنـا ئـەو كـوردە بـێ گـەورە دەمێنێتـەوە.

ئینجـا لەسـاڵی 1993 بـوو وابزانـم، لـە پاریـس كۆنفرانسـێكیان سـازكردبوو بەنـاوی (زمانی كـوردی بـەرەو سـاڵی 2000)، منیشـیان بانگكردبـوو بـۆ ئـەوەی شـتێك بڵێـم، قسـەكان بـە ئینگلیـزی بـوون، دواتـر كراوەتـە تركیـش. ئینجـا لـەوێ لەگـەڵ برایـم ئەحمـەد چاومـان بـە یـەك كـەوت، شـەو یەكێـك نازانـم خزمـی ئیبراهیـم ئەحمـەد بـوو یـان كەسـێكی ناسـیاوی بـوو، بـە ئۆتۆمبیـل ئێمـەی بـرد بـۆ لایـەك، منیـش لـە ئۆتۆمبیلەكـەدا باسـی ئـەم قسـەیەی ئوسـتادم كـرد :چەقۆیـێ لـە دیماخـی خـۆم دەدەم. ئیبراهیـم ئەحمـەد گوتـی جـا وەڵـڵا چەقۆیەكـە بـەر هیـچ نەدەكـەوت. گوتـم ئەگـەر ئوسـتاد دەمـا، دەتوێـرا ئـەو قسـەیە بكـەی، جارێكـی دیكـە شـتێكت بنووسـیبووایە بـە میقەسـی زەهبـی وتارەكەتـی لـە رۆژنامەكـەدا دەبـڕی و رۆژنامەكـەی فڕێـدەدا، وەك وتارەكـەی مـارف خەزنـەدار. ئەمـە وابـوو، مـارف خەزنـەدار وتـاری لـە هـەر رۆژنامەیەكـدا بنووسـیبووایە،

ڕۆژنامەکـەی دەفرۆشـت، بـەڵام وتارەکـەی مـارف خەزنـەداری بـە مقـەس لێدەکـردەوە. ئینجـا سـەمەد مەنجـەڵ کۆیـی هەبـوو، دەیگـوت " ئـەوە چییـە ڕەقابـە لایـبردووە".

**ئاکۆ محەممەد: دەڵێن ئێستاش مام جەلال موعجیبی ئوستادە؟**

**جەمـال نەبـەز:** جـا کـێ موعجیبـی نییـە. نـەك هـەر مـام جـەلال، ئـەژدادی مـام جەلالیـش موعجیبیەتـی. بەڕاسـتی بەشـیر موشـیر بیزانیبووایـە کەسـێك پاکـە و خراپـە نـاکات و باسـی کـورد دەکات، خۆشیدەویسـت. دەیگـوت هـەر وتارێکـم هەبـوو دەبـێ بـڵاوی بکاتـەوە، مـام جـەلال ئـەوکات ڕۆژنامـەی پارتـی بەدەسـتەوەبوو. جـا ڕۆژێکیـان وتارێکـمان بڵاوکردبـووەوە، هەندێـك وشـەی ئەوروپایـی تێدابـوون، وەك ئیتنۆلۆگـی و ئینترۆپۆلۆگـی و ئەمانـە، کابرایـەك هاتبـوو. گوتـی ئوسـتاد، ئەمـڕۆ وتارەکـەی تۆمـان خوێنـدەوە، گوتـی ئێـی، گوتـی، بـەڵام هەنـدێ وشـەی تێدابـوو تێیاننـاگـەم. گوتـی وەکـو چـی؟ ئینجـا پێیگـوت ئـەوە بـۆ تـۆ نەنـووسراوە، ئەوە بـۆ حکومـەت نـووسراوە، حکومەت خـۆی تێـدەگات، بـۆ تـۆم نەنووسـیوە. ئینجـا مەسـەلەی سـەعید قـەزاز و ئوسـتادیش هەبـوو. ڕۆژێـك درەنـگ بـوو، نزیکـەی 10ی شـەو دەبـوو، دووکان و شـت نەمابـوون، بـەڵام ئێمـە دانیشـتبووین، لەپـڕ ئۆتۆمبێلەکـەی لەبـەردەم دووکانەکـەی ئوسـتاد وەسـتا و هـات و لەپـڕ گوتـی: ئـەرێ وەسـتا بەشـیر، چییـە ئـەو قسـە قۆڕانـە دەنووسرێـن لـە ڕۆژنامـەدا، کـێ بـۆ تۆیـان دەنووسـێت. ئیـتر کـە بـە ئوسـتادی گـوت وەسـتا، ئینجـا قسـەی قـۆڕ و کـێ بـۆت دەنووسـێت، زۆر پەسـتبوو، یەکسـەر گوتـی: سـەعید بێـگ، ئەمیـن کـێ بـۆم دەنووسـێ، ئەمیـن خـۆم قەلەمـم بەقوەتـە و دەینووسـم، کـێ بـۆم دەنووسـێت. ئینجـا گوتـی کـە تـۆ قەلەمـت بـە قوەتـە، بۆچـی لـەدژی حکومـەت دەنووسـی، حکومـەت چـی لـە تـۆ کـردووە؟ ئوسـتاد گوتـی: حکومـەت خـۆی گـەواد نەبێـت بۆچـی لـەدژی دەنووسـم، ئـەی بۆچـی لـە دژی جەنابـت نانووسـم. ئیـتر وەڵـڵا سـەعید قـەزاز هیچـی نەکـرد و گوتـی ئیـتر کەواتـە هـەر لـە دژی حکومـەت بنووسـە( بـە پێکەنینێکـی زۆرەوە). ئەمـەش ئـەوە پیشـاندەدات کـە سـەعید قـەزاز کەسـێکی خانـەدان بـوو و هیچـی پێنەگـوت و هیچـی نەکـرد.

**ئاکۆ محەممەد: ئەو هەموو وتارانەتان لە کام ڕۆژنامە بۆ بڵاودەکردنەوە؟**

**جەمـال نەبـەز:** لـە هەمـوو ڕۆژنامەکانـدا. چ ڕۆژنامەیـەك هەبـوو وتـاری بەشـیر موشـیر بڵاونەکاتـەوە، بـە کـوردی و بـە عەرەبـی. مـن بـۆم دەنووسـی، وردی بـۆی دەنووسـی

کـە ئـەو پێیدەگـوت (وەوەردی)، چونکـە وردی نـاوی خـۆی بـە دوو (و) دەنووسـی. هەمـوو جاریـش دەیگـوت نازانـم بۆچـی بەخـۆی دەڵـێ (وەوەردی). هـەژار شـیعری بـۆ دەنووسـی، کامیـل ژیـر شـیعری بـۆ دەنووسـی. هەندێجـار برایـم ئەحمەدیـش شـتی بـۆ چاپدەکـرد. مـام جەلالیـش شـتی بـۆ چاپدەکـرد.

**ئاکـۆ محەممـەد: د.عیزەددیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ کتێبێکـی لەبارەی ئوسـتادەوە نووسـی، دواتـر مـەلا جەمیـل و مـارف خەزنـەدار وەڵامێکیـان بـۆ نووسـی. هەنـدێ شـتیش لـە گۆڤـاری (خوێنـدکاری کـورد) بڵاوبـووەوە کـە گوایـە بەڕێـزت زانیاریـت پێدابـن و ئەوانیـش نووسـیبێتیان؟**

**جەمال نەبەز:** هیچ ناوی من نووسرابوو.

**ئاکۆ محەممەد: نەخێر.**

**جەمال نەبەز:** ئێ کەواتە نازانم.

**ئاکـۆ محەممـەد: هیـچ ڕەخنـەت هەیـە لەسـەر ئـەو کتێبـەی عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوول؟**

**جەمـال نەبـەز:** عیزەدیـن مسـتەفا شـتێکی نووسـیوە، وەك بابەتێـك لەبارەی ئوسـتاد. ڕەخنەکـەی مـن ئەوەیـە کـە دەبووایـە نـاوە ڕاسـتەقینەکان بنووسـێت، ئەگەرنـا ئـەو شـتانەی نووسـیویەتی ڕوویانـداوە، هەندێـك شـتی بەچـاوی خـۆی بینیـوە، هەندێـك شـتی بەچـاوی خـۆی نەبینیـوە، بـەڵام ئـەو شـتانە هـەن کـە ئـەو نووسـیویەتی.

**ئاکـۆ محەممـەد: ئـەی ڕات چبـوو سـەبارەت وەڵامەکـەی مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانـی و د.مـارف خەزنـەدار؟**

**جەمال نەبەز:** من وەرامەکەی مارف خەزنەدارم نەدیوە.

**ئاکۆ محەممەد: نووسیبووی، بەڵام بە ناوێکی خوازراو؟**

**جەمـال نەبـەز:** نەمبینیـوە، بـەڵام وەرامـی مامۆسـتا جەمیلـی ڕۆژبەیانیـم دیـوە، بـەڵام وەکـو دەڵـێ لـە تووڕەبوونـەوە ئـەو شـتانەی نووسـیوە، دەیتوانـی ئـەو شـتانە بنووسـێ، بـەڵام بەشـێوەیەکی زۆر نەرمـتر. مامۆسـتا جەمیـل کـە تووڕەبـووە، خـۆت دەزانـی ئـەو مامۆسـتای هەموومانـە، پـاش مردنیشـی دەبـێ هەموومـان بـە مامۆسـتای خۆمانـی بزانیـن. پیاوێکـی گەورەبـوو، زانایەکـی گەورەبـوو، بەڕاسـتی لەنێـو کورددا کـەم زانـای وەك ئـەوم بینیـوە، هـەزار چـرا لەسـەر گـۆڕی بـن، بـەڵام

عیزەدینیش بۆ من هاوڕێی منداڵییە. عیزەدین هەندێ کار و کردەوەی هەیە مرۆڤ دەتوانێ رەخنەی لێبگرێت، بەڵام من پێمناخۆشە قسە بە عیزەدین بگوترێت.

**ئاکۆ محەممەد: دوای تەواوکردنی کۆلیژی پەروەردە، بوویە مامۆستا لە بەسرە؟**

**جەمال نەبەز:** نەخێر بوومە مامۆستا لە کەرکووک، دوای کەرکووک منیان دوورخستەوە بۆ بەسرە.

**ئاکۆ محەممەد: بۆچی؟**

**جەمال نەبەز:** لەبەر کاروباری سیاسەت و ئەمانە. لە کەرکووك منیان لە سێ قوتابخانە دانابوو. قوتابخانەی موسەڵلا، قوتابخانەی شەرقی، قوتابخانەی غەربی. دووساڵ لەوێ مامەوە. لەساڵی 1957 منیان نارد بۆ زوبێر لە پارێزگەی بەسرا.

## نووسین و کاری رامیاری

- بۆ نووسینی نامیلکەی (کفاح الاکراد) بۆ عەبدولناسر چوومە سووریا
- سەید موحسین حەکیم پێیگوتم: بە برا کوردەکانم بڵێ ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی مەیمونانە
- یەکەمین نووسینم ساڵی 1952 لە (ژین) بڵاوکراوەتەوە

**ئاکۆ محەممەد: هەڵسوکەوتی عەرەبەکان لەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

**جەمال نەبەز:** زۆرباش بوو. کە من چوومە بەسرا، لەپێشەوە منیان کردبووە مامۆستای زمانی عەرەبی، ئەو فەرمانە لە وەزارەتەوە هاتبوو، ئینجا لەپێشدا چوومە وەزارەتی مەعاریف، گوتم من ناچم بۆ ئەوێ و وازدەهێنم، بۆچی من بەناحەق دەنێرن، من دەمەوێ لە کوردستان بمێنمەوە. کابرایەك هەبوو، وابزانم ناوی عەبود زەلزەلە بوو لە وەزارەتی زانیاری کاری دەکرد، گوتی ئەگەر نەچی بۆ ئەوێ دەبێ ببی بە سەرباز. ئینجا دەستیکرد بە جنێودان بە جەمال عەبدولناسر،

گوایە من لە کەرکووك چەپی بووم و لایەنی جەمال عەبدولناسرم گرتووە. منیش پێمگوت، من خۆم کوردم. گوتی کە کوردی بۆچی واو وا، جنێوی زۆر پیسی دا، کە من نامەوێ بیانگێڕمەوە. منیش پێمگوت ئەوە گەورەی ئێوەی عەرەبە، گوتی نا نا گەورەی ئێمە نییە. گوتم گەورەی عەرەبە و تۆ بۆچی جنێوی پێدەدەی و چ هەقت بەسەریەوە هەیە. ئینجا گوتی ئێمە لە دەوڵەتێکدا دەژین و دەستی کرد بە پەسندانی نووری سەعید و مەلیك. منیش ئیدی ئەوەبوو رۆیشتم بۆ بەسرا. لەوێ نووسیبووی، بکرێتە مامۆستای زمانی عەرەبی، ئەو لەو باوەڕەدابووە کە لەوانەیە من نەتوانم زمانی عەرەبی بڵێمەوە. کە من چوومە بەسرا، ماوەیەك زمانی عەرەبیم گوتەوە، قوتابییەکان گوتیان دەمانەوێ عەرەبیمان پێبڵێت، ئیدی منیان گێڕایەوە بۆ مامۆستایەتی فیزیك و ماتماتیك. محەممەدعەلی مستەفا، وەك موفەتیش هاتە ئەوێ و، کە منی دی لەوێ، ئەو منی کردەوە مامۆستای فیزیك و ماتماتیك، پێیگوتن: بابە ئەوە بەخۆڕایی لە کەرکووك دەرکراوە. ئینجا کە من گەڕامەوە بۆ پشووی بەهار، لە رێگەی بەغداوە بە تاکسی گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، بە ئۆتۆمبێلی کابرایەك پێیاندەگوت برای بەکری نادی، ئەو شەوە سەرخۆشبوو، تاکسییەکە لە رێگە شەڕەشۆقی کرد لە چۆڵی قورفە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی دیکە، پەراسووم شکا، شەویلەم هەڵدڕا، چەند ددانم شکا، بێهۆش بووم، ژنێکی کەرکووکی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو لە ئۆتۆمبیلەکەدا، مریشکێکی لەباوەشدابوو، خۆی مردبوو، مریشکەکەی مابوو. فازیل هەبوو هەولێری بوو، فەقیرە قاچ و دەستی شکابوو، ئیتر تووشی پەرێشانی بووین. بەکری نادی، ئۆتۆمبێل لێخوورەکە، کە شەوێ ئەو هەموو عەرەقەی خواردبووەوە، ستێرنەکە چووبوو بۆ ورگی، پەرێشانی کردبوو. من هەر ئەوەندەم ئاگا لێبوو، پۆلیسێك منی راکێشایە دەرەوە و بە کوردی دەیگوت ئەمەش دەمرێت. سەیرە کە منیان هێنایەوە بۆ نەخۆشخانەی کەرکووك، ئاخر لە کەرکووك لە قوتابخانەی شەو، کە پێیاندەگوت قوتابخانەی ئەهلی حیکمەت، لەوێش دەرسم دەگوتەوە، چەند قوتابی من هەبوون، نەخۆشەوان بوون، کە منیان بینی زۆریان پێناخۆش بوو، کە من نەفیکراوم و وام بەسەرهاتووە، زۆر یارمەتیاندام. ئیتر من گوتم دەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی و چوومە ئەوێ، لەوێ دکتۆرێك هەبوو قادر شاڵی، پێیانگوتبوو بەڵکو بچی تەماشای بکەی، نەهاتبوو. چونکە زانیبووی

من لەسەر سیاسەت نەفیکراوم، نەهاتبوو. هەروەها دکتۆر کەمال عەبدوڵڵا ناجی هەبوو، مێردی کچەکەی سەعید قەزاز پەریخان، گوتبووی وەڵڵاهی سەریشم ببڕن دەبێ بچم سەری لێبدەم. ئەو هات دەرمانی کردم و شیرینقەی لێدام، ماڵی ئاوابێت.

**ئاکۆ محەممەد: لە هەولێریش مامۆستایەتیت کردووە؟**

**جەمال نەبەز:** بەڵێ لەساڵی 1960. من لە زوبێر گەڕامەوەو ئەوەم بەسەرهات، تەندروستیم زۆر تێکچوو، سێ مانگ ئیتر مۆڵەتیان پێدام. ئەوەبوو ئیتر کودەتای عەبدولکەریم قاسمی بەسەرداهات. ئێمە یادداشتێکی دوور و درێژمان دایە قاسم، بۆ مافی رۆشنبیری و خوێندەواری و زانیاری کورد و لە رۆژنامەی (البلاد) بڵاومانکردەوە. عەبدولکەریم قاسم دەستبەجێ رۆژنامەکەی داخست و فەرمانیدابوو ئێمەش بگرن. د.عیزەددین مستەفا رەسووڵ ئەوە دەزانێت، ئەو رۆژەی کە من ئەو وتارەم بڵاوکردەوە، من کردمە کوردی و ئەو لە رادیۆ کاری دەکرد و کاری بۆ من جێبەجێکرد کە لە رادیۆشەوە بە کوردی خوێندرایەوە.

**ئاکۆ محەممەد: لە یادداشتێکی دیکەدا هەر ئەوکات هەندێك داواکاریشتان لە جەمال عەبدولناسر کردبوو؟**

**جەمال نەبەز:** راستە، بەڵام ئەوە شتێکی جیابوو. راستییەکەی جەمال عەبدولناسر لە 1951 و 1952دا هاتە پێشەوە، یەکەمجار لەگەڵ محەممەد نەجیب، دوای ئەوەش بە تاقی تەنیا هاتەپێشەوە، من هەر زوو هەستم بەوەکرد کە ئەو لە دژی حکومەتی عێراق و پەیمانی بەغدا و ئێران و تورکیا و ئەمانەیە. دەمزانی نابێتە دۆستی کورد، بەڵام گوتم لەوانەیە ئەم کابرایە، بتوانی وای لێبکەی بێلایەن بوەستێت. هەر هیچ نەبێت سڵاوێك ببێت لەنێوانماندا و چوار قسە لەسەر مەسەلەی کورد بڵێت. من ئەوکات بە رەحمەت بێت لەگەڵ ئەحمەد هەردی قسەم کرد، گوتم من بە تەمام شتێك بنووسم بۆ جەمال عەبدولناسر، گوتی جا چۆن دەینووسی، گوتم بەخوا دەبێ بچمە دەرەوە بینووسم. ئەوساکە واتە ساڵی 1956 سووریا وڵاتێك بوو تۆزێك سەربەستی تێدابوو. گوتم دەچم لەوێ ئەو کارە دەکەم و بەڕاستییەکەیشی چووم. ئەوسا مامۆستابووم لە کەرکووك و چووم پاسپۆرتم وەرگرت و چوومە سووریا و لوبنان. د.عیزەددین ئاگای لێبوو. ئەوکات

کـە مـن لـە هۆتێلـی (فلسـطین شرق الاردن) دانیشـتم، کابرایـەك هەبـوو کوردبـوو، نـاوی ئەبـو ئەیـوب بـوو، ئـەو خاوەنـی هۆتێلەکـە بـوو. پیاوێکـی ڕەش و پیسـکەبوو بەڕاسـتی. ئینجـا ئـەوە لـەوێ دانیشـتم، هەفتەیـەك بـە شـەو و ڕۆژ ئـەو نووسـینەم نووسـی. بەنـاوی (کفـاح الاکـراد). بـەڵام مـن نەچوومەتـە میسر وەك گیونشـەر دەڵێـت، بـەڵام مەسـەلەکە ئەوەیـە پەیوەنـدی دروسـتبوو. پیاوێـك هەبـوو بـە وڵاتینامـە میسری بـوو، لـە بەغـدا دەژیـا. بـرای محەممەدعەلـی عەونـی بـوو، نـاوی نەجمەدیـن عەونـی بـوو، باوکـی خوشـکە دووڕییـە عەونـی. لەگـەڵ ئـەو قسـەم کـرد، ئەویـش گوتـی دەبـێ عەبدولنـاسر شـتێکی لەبەردەسـت بێـت بـۆ ئـەوەی بزانێـت مەسـەلەکە چییـە. گوتـی مـن ئـەوکات بەهەمـوو جۆرێـك دەتوانـم یارمەتیتـان بـدەم. کـە ئەمـە وایلێهـات، لەگەڵ مامۆسـتا عەلـی تۆفیـق و فایـەق عـارف کـە مامۆسـتای کیمیایـە ئێسـتا لـە سـلێمانی، قسـەم لەگـەڵ ئـەوان کـرد و هەسـتام چـووم بـۆ سـووریا و ئـەوەم نووسـی. لەگـەڵ ڕەوشـەن بەدرخـان و عیزەددیـن چوویـن بـۆ لوبنـان و ئـەو کتێبەمـان بـرد و لەوێـوە بـە پۆسـتە ناردمـان. ئەوسـاکە لوبنـان زۆر ئازادبـوو، وەك ئەوروپـا بـوو. ناردمـان بـۆ هەمـوو ئەمـلاو ئـەولا. دوو دانەشـمان نـارد یەکێکـی بـۆ سـەعید قـەزاز و یەکێکـی بـۆ کەسـێکی دیکـە. دوو دانەشـم لەنێـو پێڵاوەکانمـدا هێنانـەوە، یەکێکـم دا بـە ئەحمـەد نەقیبـی بـرادەرم، ئێسـتەش مـاوەو لـە سـلێمانییە، ئـەوە لێیپرسـە دەڵـێ، بەهـۆی ئـەو کتێبـەی تـۆوە ئەندامـمان بـۆ پارتـی پەیـدا دەکـرد. ئینجـا لـەوێ بـە نەجمەدیـن عەونیـم گـوت ئـەوە کتێبەکـەم هێنـاوە دانەیـەك بـۆ تـۆ و دانەیەکیـش لـە سـلێمانییە. بـەڵام بـەر لـەوەی ئـەو دانەیـە بدەمـە نەجمەدیـن عەونـی، پیشـانی ڕەفیـق حیلمیـم دا، چونکـە باسـی ئەویشـی تێدابـوو و زۆری پێخۆشـبوو. نەجمەدیـن عەونـی گوتـی مـن قسـە لەگـەڵ باڵیـۆزی میـسر دەکـەم. باڵیـۆزی میـسر پێیگوتبـوو بەهەمـوو جۆرێـك دەبـێ ئـەم کابرایـە بێنـی بـۆلام، پێیگوتبـوو: سـەرۆك کتێبەکـەی خوێندووەتـەوەو زۆری پێخۆشـبووە.

ئینجـا بـە نەجمەدیـن عەونیـم گـوت مـن چـۆن بچـم بـۆلای و ئـەو هەمـوو چاوەمـان لەسـەرە، گوتـی نـا، دەچیـن بـۆ ماڵێـك کـە لـە خێزانـی ئیسرابادییـەکان بـوو، کـە ژنـی نەجمەدیـن لـەو خێزانـە بـوو، گوتـی مـن و تـۆ بـە ئۆتۆمبێـل دەچینـە ئـەوێ و لـەوێ دەبیـن و کارێکـی وادەکـەم بـە ئۆتۆمبیلێـك بچیـن پشـتەکەی وا گەورەبێـت، کـە تـۆ

بخەینــە ســندووقی دواوە و لەوێــوە دەتبەینــە باڵیۆزخانــە. ئیــدی خەڵــك لــە دەرەوە ناتیبینێــت. گرنــگ چوویــن بــۆ لای باڵیــۆز، بەخێرهاتنــی کــردم و گوتــی : ســەرۆك کتێبەکــەی زۆر پێخۆشــبوو و ســەرۆك حــەزدەکات بزانێــت ئێــوە چیتــان دەوێــت. منیـش گوتـم مـن یەکێکـم و دەبـێ پـرس بـە برادەرەکانـم بکـەم، گوتـی بچـۆوە لەگـەڵ برادەرەکانــت قســە بکــە و بــۆم بنووســن و پێمانبڵێــن چیتــان دەوێــت. گوتــی ئێمــە ناتوانیـن هەمـوو شـتێکتان بـۆ بکەیـن، بـەڵام پێمانبڵێـن چیتـان دەوێـت و ئێمـە حـەز لــە دۆســتایەتی ئێــوە دەکەیــن.

کـە چوومـەوە سـلێمانی لەگـەڵ ئەحمـەد هـەردی، فایـق عـارف، عەبدوڵـڵا میدیـا و مامۆسـتا عەلـی تۆفیـق قسـەمان کـرد و باسـی ئەوەمـان کـرد کـە داخوازیـمان چـی بێـت، باسـی ئەوەکـرا کـە رادیۆیەکـی کـوردی لـە میسـر دابنرێـت. ئینجـا مامۆسـتا ئەحمـەد هـەردی دەیگـوت ئاخـر ئـەوە سـوودەکەی چییـە، لـەوێ هـەر پڕوپاگەنـدە بـۆ خۆیـان دەکـەن. گوتـم ئـەوە راسـتە، بـەڵام هـەر بـە کـوردی قسـەکردن واتـای داننانـە بـە ئێمـە. دواییـش دەرکـەوت کـە ئـەوە راسـتە. ئینجـا کـە چوومـەوە بـۆ بەغـدا داخوازییەکانمـان پێگەیانـد. پێمانگـوت دەمانـەوێ پشـتیوانیمان لێبکـەن کـە کـورد لـە دەوڵەتەکانـی تورکیـا و سـووریا و عێـراق و ئێـران هەنـدێ مافیـان دەسـتبکەوێ و ئاگاتان لە مەسـەلەی کوردبێ و، بێجگـە لـەوەش کوردۆلۆگـی لـە زانسـتگەکان بخوێنـن و رادیـۆی کـوردی لـە قاهیـرە دابنرێــت و هەندێــك کتێبــمان بــۆ چــاپ بکــەن و هەنــدێ کــورد لەوێــبن پەیوەندییــان لەگـەڵ ئێمـە هەبێـت، ئـەوکات پەیوەنـدی زۆر زەحمـەت بـوو، ئەگـەر پۆسـتەیەکت بناردبووایـە بـە دوو مانـگ دەگەیشـت. ئـەوکات ئینتەرنێـت و شـتی لەوشـێوەیە نەبـوو. بەوشـێوەیە عەبدولنـاسر لـە دوای ئـەوە رادیـۆی کـوردی لـە قاهیـرە دانـا.

ئینجـا ئـەوەش بڵێـم مـن ئەوکاتـە کـە لـە دیمەشـق بـووم، خەریکـی کتێـب نووسـین و نـاردن بـووم، رۆژێـك لـە ماڵـی رەوشـەن بەدرخـان عەزیـز شـەریفم بینـی. عەزیـز شـەریف ئـەو کتێبـەی خوێندبـووەوە و وایزانیبـوو رەوشـەن بەدرخـان نووسـیویەتی، لەدوایـی زانـی مـن نووسـیومە. گوتـم بـەڵام لـەلای کـەس باسـی نەکـەی، گوتـی نـا بابـە شـتی وانییـە. گوتـم دە تـۆش قسـەیەکمان بـۆ بکـە لـەلای جەمـال عەبدولنـاسر، گوتـی بەسـەرچاو. ئەویـش خـوا هەڵناگرێ قسـەی بـۆ بەرژەوەنـدی ئێمـەی کـورد کردبـوو. ئیـتر ئەوەبـوو ئـەو رادیۆیـە دانـرا، بـەڵام دوای دانانـی ئـەو رادیۆیـە، سـەعید قـەزاز هاتـە

سلێمانی و گلەیی کرد و دەستیکرد بە قسەکردن و ئەوە چییەو، ئینجا مۆڵەتی دا بە دەرچوونی هەندێ گۆڤاری کوردی. لەدوای ئەوە حکومەتی ئێران کێچ کەوتە کەوڵی و ئەوەبوو لە سنە رادیۆیەکیان دانا و لە تارانیش رادیۆیان بە کوردی دانا. ئیدی بەوشێوەیە شتێك دروستبوو. بەڕاستی شتێك دروستبوو. جەمال عەبدولناسر هاتە سەر ئەو رێگەیەی تۆزێك خۆی لە کورد نزیککردەوە. من هیچ لەو بڕوایەدا نەبووم جەمال عەبدولناسر ببێتە دۆستی ئێمە و نەشدەبووە دۆستی ئێمە، چونکە کاری بە بەعسییەکان بوو و لەگەڵ ئەوان کاری دەکرد. هاوکاری قەومییە عەرەبەکانی دەکرد. کاتی خۆیشی بە مام جەلالی گوتبوو، هەرچۆنێك بێت ئێمە دژی ئەوەین پارچەیەك لە نیشتیمانی عەرەب جیاببێتەوە. ئێمە دەمانزانی ئەو چۆنە، بەڵام ویستمان هیچ نەبێت لە هەندێك شتدا بێلایەن بوەستێت.

**ئاکۆ محەممەد: پەیوەندیتان لەگەڵ مەرجەعی شیعەکان سەید موحسین حەکیم پەیداکردبوو. ئەوە چۆن بوو؟**

**جەمال نەبەز:** من کە لە پارێزگەی بەسرا دەرسم دەگوتەوە، ویستم بگەڕێمەوە کەرکووك، بەڵام منیان نەگەڕاندەوە. رۆژێك فرەنسیس ئەلمالیح، کوڕێکبوو خەڵکی عەینکاوە بوو. وابزانم بەعسییەکان کوشتیان. ئەو سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو، هەتابڵێی مرۆڤێکی باشبوو، هەتابڵێی مرۆڤێکی زۆر رێکوپێك و زمان شیرین و دڵ و دەروون پاکبوو. ببووینە دۆستی یەك. من چووبوومە بەغدا هەوڵی ئەوەم دەدا بمگەڕێننەوە کەرکووك، رۆژێك پێیگوتم، فەیسەل سامیر بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە، ساڵی 1952 کە من لە زیندانی ئەبوغرێب گیرابووم بۆ چەند هەفتەیەك، ئەو فەیسەل سامیرەش ئەوکاتە لەوێ گیرابوو، ئەو چەپی بوو، یەکترمان دەناسی. ئەو بووە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە، منیش چووم بۆ لای، گوتی هەردووکمان پێکەوە دەچین بۆلای. من و فرەنسیس چووین بۆلای، گوتی ئێستە چ پێویست دەکات بگەڕێیەوە بۆ کەرکووك، ئەوە ئامادەیی جەعفەری هەیە و لێرە بەدوای مامۆستای ماتماتیکدا دەگەڕێن، بچۆ لەوێ کاربکە و ئێمە بە قەرز و ئیعارە، دەتدەینە ئەوان و لە بەغدا بیت باشترە، دەتوانی لێرە زیاتر خزمەتی کورد بکەی. قسەکەی چووە دڵمەوەو، گوتم باشە. کە لە ئامادەیی جەعفەری دامەزرام، تەماشا دەکەم نیوەی قوتابییەکانی کوردی فەیلین، چونکە ئەوان

خۆیـان قوتابخانـەی ناوەنـدی و ئامادەییـان نەبـوو. قوتابخانـەی سـەرەتاییان هەبـوو، دەهاتـن لـە جەعفـەری دەیانخوێنـد. مامۆسـتایەك لـەوێ هەبـوو نـاوی عەبدولزەهـرە ئەلسـەغیر بـوو، مامۆسـتای ئاییـن و زمانـی عەرەبـی بـوو. بووینـە دۆسـتێکی تـەواو، زۆر منـی خۆشدەویسـت. بەڕاسـتی مرۆڤێکـی باشـبوو. دوو سـێ ڕۆژ هاتـە پێشـەوە پشـووبوو. گوتـی ئـەرێ تـۆ چیدەکـەی ئـەو ڕۆژانـە، گوتـم وەڵڵاهـی نازانـم، گوتـم ئێسـتا بچمـەوە کوردسـتان، ڕۆژێـك ئەمسـەر و ڕۆژێـك ئەوسـەر، کەسـوکارم هـەر نیازیـان تـازە دەبێتـەوە، گوتـم بۆیـە ناچمـەوە ئـەوێ. ئینجـا گوتـی کەوایـە وەرە بابچیـن بـۆ نەجـەف و کەربـەلا، گوتـم باشـە و چوویـن کـە ئـەوکات سـاڵی 1959 بـوو. مەسـەلەکە زۆر دوور و درێـژە، حەزدەکـەم بـە کورتـی بێگێڕمـەوە، گوتـی بابچینـە لای سـەید. واتـە سـەید موحسـین حەکیـم. چوویـن بـۆ لای سـەید. وابزانـم کـە چوویـن لـە شـوێنێك پێیاندەگـوت مونتـەدای نـەشر، لـەوێ دەرسـی دەگوتـەوە. سـەید موحسـین ئـەوکات تەمەنـی 55-60 دەبـوو، بەتـەواوی نازانـم. بـەڵام هەتابڵێـی بەخۆوەبـوو. پێشـتر پێیگوتبـوو کـە مـن دەچمـە لای، کـە زانـی ئێمـە چوویـن، هەتـا بـەر دەرگاکـە بەپیرمانـەوە هـات و نێوچەوانـی منـی ماچکـرد. منیـش دەسـتی ئـەوم ماچکـرد. گوتـی یاخـوا بەخێربێـی بـۆ ئێـرەو، گوتـی ئـەوە خۆشـییەك و گەورەییەکـە. منیـش بەڕاسـتی شـەرمم کـردەوە، کـە ئـەو پیـاوە بەوشـێوەیە قسـە بـکات. کـە چووینـە ژوورەوە زۆر پرسـیاری لێکـردم، زانـی کـە منیـش فیقهـی ئیسـلام و ئـەو مەسـەلانەی ئیسـلامەتیم خوێنـدووە زۆری پێخۆشـبوو. عەبدولزەهـرە ئەلسـەغیریش باسـی منـی بـۆ کردبـوو. لێـی پرسـیم، تـۆ عەرەبـی لەکـوێ فێربـووی، هـەروەك چـۆن تـۆ ئـەو پرسـیارانەت لـە مـن کـرد، ئەویـش ئـەو پرسـیارانەی کـرد. شـێخ عەبدولزەهـرەش پێیگـوت فارسـیش زۆربـاش دەزانێـت، سـەید موحسـین حەکیمیـش فارسـی زۆر بەباشـی و ڕێکوپێکـی دەزانـی. ئینجـا باسـی کـورد هاتەپێشـەوە، گوتـی بارودۆختـان چۆنـە، گوتـم بارودۆخـمان بـاش نییـە. گوتـم ئاخـر ئـەوە حالـە، کاتـی خـۆی ئێمـە داوامـان کـرد هیـچ نەبێـت مافـی کولتووریـمان بدەنـێ، ئەوەتـا ناماندەنـێ. کۆمۆنیسـتەکان کاتـی خـۆی بەڵێنیـان پێدایـن پشـتمان بگـرن، ئێسـتا پشـتمان ناگـرن. ئینجـا لەوکاتـدا کۆمۆنیسـتەکان خەڵکیـان کۆدەکـردەوە لـە دژی سـەید موحسـین، کـە ئـەوە کابرایەکـی کۆنەپەرسـتە. ئینجـا ئەوانـەی سـەر بـە سـەید موحسـین خەڵکیـان بـە لـۆری دەهێنـا بـۆ سـەر شـەقام و هاواریـان دەکـرد( دیـن دیـن الاسـلام و ماکـو شـیوعیە).

سـەید موحسـین حەکیـم زۆر باسـی کوردی لێپرسـیم بـە دوور و درێژی. لای نیـوەڕۆ گوتی مـن جەمـال دەبەمـە دەرەوە بـۆ پیاسـە بـۆ ئـەوەی شـارەکە بگەڕێـت چونکـە ئێـرەی نەبینیـوە، گوتـی دەبـێ نیـوەڕۆ بێنـەوە پێکـەوە نـان بخۆیـن و، مـن نـان ناخـۆم تاوەکـو ئێـوە نەگەڕێنـەوە، کـە چووینـەوە نـان چـی، بەڕاسـتی هەژارێـك چ دەخـوات، ئـەوەش وابـوو. ئـەوەم لـەو بینـی و لـە ماڵـی شـێخ مەحموودیـش بەڕەحمـەت بێـت، ئـەو نانـە هەرزانـەم بینـی. سـەید موحسـین لەگـەڵ ئێمـە لەسـەر زەوی دانیشـت و بەهەرسـێکمان بەدەسـت نانەکەمـان خـوارد، برنجێـك و شـلەیەك. ئاویشـیان بـۆ دانابوویـن لەجیاتـی ماسـتاو دەمانخـواردەوە. پیاوێکـی هەتابڵێـی بـێ فیـز بـوو، هەتابڵێییـش زانابـوو. بڕوابکـە زۆر شـتی دەزانـی. لەقسـەکردندا بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەو پیـاوە زۆر شـت دەزانێـت. دوای ئـەوە کاتێـك ڕۆیشـتم، گوتـی سـڵاو لـە بـرا کوردەکانـم بکـە کـە چوویـەوە بـۆ کوردسـتان و پێیانبڵـێ : " ان هـذه الدولـە هـی دولـە القـرود و دولـە القـرود لاتـدوم- ئـەم دەوڵەتـە دەوڵەتـی مەیمونانـە، دەوڵەتـی مەیمونانیـش تەمـەن درێژنابێـت". ئینجـا گوتـی دەتوانـی شـتێکم بـۆ بنووسـی لەسـەر مەسـەلەی کـورد، کـورد چیـان دەوێـت، ئاواتیـان چییـە. گوتـم بەسـەرچاو.

کـە گەڕامـەوە بـۆ بەغـدا 70 لاپـەڕەم بـۆ نووسـی و، دامـە دەسـتی شـێخ عەبدولزەهـرە کـە بـۆی بەرێـت. ئینجـا کـە شـێخ عەبدولزەهـرە گەڕایـەوە، گوتـی وەڵڵاهـی سـەید موحسـین زۆر زۆر سـڵاوت لێـدەکات و گوتوویەتـی بـڕۆ لەجیاتـی مـن نێوچەوانـی مـاچ بکـە.

**ئاکـۆ محەممـەد: جارێـك کەسـێك لـە گۆڤـاری گـوڵان دا لەسـەر کتێبەکـەی (ئەمیـری حەسـەنپوور) نووسـیبووی کـە بەڕێـزت 7 بڕوانامـەی دکتـۆرات هەیـە، بـەڵام ئـەوەی مـن بزانـم هـەر ئـەوەی میـری کوردییـە کـە لـە بـواری مێژوودایـە؟**

**جەمـال نەبـەز:** مـن حـەوت بڕوانامـەی دکتـۆرام نییـە. ئینجـا حـەوت بڕوانامـەی دکتۆرام بـۆ چییـە، بـەڵام مـن پۆلۆتۆلۆگیشـم خوێنـدووە. مـن فیزیـك و ماتماتیکـم خوێنـدووە. ڕۆژهەڵاتناسـی و پـەروەردەم لـە هامبـۆرگ خوێنـدووە. تێـزی دکتۆراکـەم لـە مێـژووە. هەروەهـا پۆلۆتۆلۆگیـم خوێنـدووە بـە دیپلـۆم لەپـاڵ یاسـا و ڕۆژنامـە و تەلەڤزیـۆن و رادیـۆ کـە هەموویـان پێکـەوە پێیاندەگوترێـت پوبلیتسیسـتیک، واتـە ڕاگەیانـدن.

**ئاکۆ محەممەد: یەکەمین نووسینت کەی بڵاوکردووتەوە؟**

**جەمـال نەبـەز:** وابزانـم یەکەمیـن نووسـینم لەسـاڵی 1952 یـان 1953 بڵاوکراوەتـەوە. کـە لـە ڕۆژنامـەی (ژیـن) بـڵاوم کـردەوە لـە دژی پێـڵاوی باتـە. کـە ئەوکاتـە ڕۆژنامـەی ژیـن مامۆسـتا گـۆڕان دەیـبرد بەڕێـوە. ئـەوکات زۆر پڕوپاگەنـدە بـۆ پێـڵاوی باتـە دەکـرا و ئەوانـەی پێلاویـان دەفرۆشـت لـە سـلێمانی، پێڵاوەکانیـان نەدەفـرۆشران. گوتبـووم پێویسـتە ئـەو پێـڵاوە نەهێڵـن و نەفرۆشرێـت و تـۆش لـە ڕۆژنامـەی ژیـن پڕوپاگەنـدەی بـۆ نەکـەی. ئەویـش وەرامـی دابـووەوە کـە ئـەو قسـانە راسـتن، بـەڵام ئاخـر ژیـن بەچـی بـژی ئەگـەر ئـەو ڕێکلامانـە بڵاونەکەینـەوە.

## ژیان لە ئەوروپا و گەڕانەوە بۆ کوردستان

- میراتی بارزانی پێشمەرگەیە نەك کۆشك و تەلار
- بارزانی سەرۆکێکی لەشکریی گەورەبوو، کە بەڕاستی ڕەنگە لە ماوتسی تۆنگیش کۆنتربووبێت لە پارتیزانیدا
- لەساڵی 1962 هاتمە دەرەوە و بڕیارم دابوو بۆ ماوەیەکی کورت بێت
- بڕیارم داوە بە سەردان بچمەوە، بەڵام لەکاتێکدابێت کە بگونجێت
- لە کوردستان حاڵم خۆشتر دەبێت چونکە لێرە هەر بە ڕێگەوە نان دەخۆم، بەڵام لێرە سەربەستیم هەیە
- مستەفا سلێمان لە وەزارەتی بەرگریی هەواڵەکانی پێشمەرگەی بۆ دەناردین و ئێمەش لێرە بڵاومان دەکردنەوە

**ئاکۆ محەممەد: چۆن بوو بڕیاری ئەوەتدا رووبکەیە ئەوروپا؟**

**جەمـال نەبـەز:** مـن لەسـاڵی 1962 هاتمـە دەرەوە، بڕیارمدابـوو هـەر بـۆ ماوەیەکـی کـورت بێـت، بـەڵام دوایـی ئیـتر ئـەو بـەزم و رەزمـەی کودەتـای بەعسـییەکانی بەسـەردا هـات و شـەڕی بەسـەردا هـات و لێـرەش خەریکـی سیاسـەت و ئەمبـەر و ئەوبـەر بـووم.

ئینجا بێجگە لەوەش هەستم بەوەکرد ئەوانەی کە کاربەدەستی شۆڕشن، ڕێنادەن کە من بچمە ئەوێ. خۆ منیش نەمدەتوانی بچمەوە ناو شارەکان و لەبەردەست بەعسییەکاندا بژیم. لەبەرئەوە ئیتر بڕیارمدا لێرە بمێنمەوە تاوەکو هیچ نەبێت خوێندنەکەم تەواو دەکەم. کە خوێندنی یەکەمم تەواو کرد لەساڵی 1969دا ویستم بگەڕێمەوە. نامەم نووسی بۆ مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین، هاوبیرێکی هێژابوو بەڕاستی، هەزار چرا لەسەر گۆڕی بێت. پێمگوتبوو قسە بکە لەگەڵ ئەوان بزانە رایان چییە؟ ئەویش پەیوەندی کردبوو بەوانەی لەنێو شۆڕشدان، ئەوان پێیانگوتبوو ڕێنادرێ بێتەوە. بێگومان ئەوانەی خۆیان بە کاژیکەوە هەڵواسیبوو ئەو سەردەمە، وەك حەمەی عەزیز، وەك شێخ محەممەدی هەرسین، ئەمانە دەیانتوانی بە مەحموود عەلی عوسمان بڵێن کابرا تۆ کێی و بۆچی ڕێگە لەم کابرایە دەگری بگەڕێتەوە، بەڵام پێیان نەگوتبوو. بە فرەیدوونیان گوتبوو بابە پێی بڵێ نەگەڕێتەوەو بڕایەوەو بەزم و ڕەزم دروست نەکات. ئیتر لەبەرئەوە فرەیدوون نامەی بۆ من نووسیبوو، نامەکەشی سەیرە، بە پۆستە ناردبووی لە تارانەوە، ئەو فڕۆکەیەی کە ئەو نامەیەی هێنابوو، فڕۆکەکە سووتابوو و کەوتبووە خوارەوە، بەشێك لە نامەکەش سووتابوو. ئینجا بۆیان ناردم و گوتیان ئەو نامەیە بۆ تۆ هاتووە، بەڵام ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕی. ئیتر کە نامەکە گەیشت و خوێندمەوە زانیم کە مەسەلەکە چۆنە. دوای ئەوەش ئیتر جارێکیان فرەیدوون عەلی ئەمین هاتبوو بۆ بوولگاریا یان وڵاتێکی دیکەبوو، نامەیەکی زۆر دڵسۆزانەی بۆ ناردم.

**ئاکۆ محەممەد: بۆچی ئێستا کە بەشێکی باشووری کوردستان ئازادە ناگەڕێیەوە بۆ کوردستان؟**

**جەمال نەبەز:** جارێ بەشێك لە باشووری کوردستان ئازاد نەبووە، ئازادی واتای دوو شت دەدات. یەکەم: یەکسانی. واتە یەکسانی کورد لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە وڵاتەکەیان داگیرکردووە، کە ئەمە ئەو یەکسانییە نییە. یەکسانی ناوخۆشی، واتە یەکسانی ژن و پیاو، یەکسانی لە دەسەڵاتدا و نەبوونی حیزب حیزبێنە، خەڵك فێرکردن بەوەی کەوا ئەو سیستێمەی کە هەیە دەبێ سیستێمێکی دیموکراتی بێت، نەك بە قسە بەڵکو بە کردەوە، ئەمانە بەداخەوە من هیچی نابینم لە کوردستان. لەبەرئەوە من ئەوە ناڵێم کە ئازادە، دەڵێم ئەمڕۆ کوردستان بەدەست

تاقمێـك كوردەوەیـە. دەتوانـم ئـەوە بڵێـم، بـەڵام كوردسـتان ئـازادە نـا. نـە لەبـاری ناوخۆییـەوە ئـازادە و نـە لەبـاری دەرەكییـەوە كوردسـتان ئـازاد نییـە. بەڵكـو كوردسـتان ئەمـڕۆ بەدەسـت حكومەتـی بەعسـەوە نییـە، بەڵكـو بەدەسـت تاقمێـك كوردەوەیـە. ئایـا مـن دەتوانـم لـە كوردسـتان چـی بكـەم ئەگـەر بچمـەوە كوردسـتان. هـەر دەبـێ خەریكـی نووسـین بـم، واتـە دەبـێ چـی بكـەم. ئـەوەی كـە مـن لێـرە دەیكـەم هـەر ئەوەیـە كـە دەتوانـم بچـم لـەوێ بیكـەم، ئەگـەر ڕێگـەم بـدەن. لێـرە سەربەسـتییەكی زۆر زۆرم هەیـە، ئێسـتا تـۆ خـۆت ڕۆژنامەنووسـی، ئەوەنـدەی مـن سەربەسـتیت هەیـە لـەوێ، نـا. بێگومـان نـە تـۆ و نـە هیـچ ڕۆژنامەنووسـێكی دیكـە ئەوەنـدەی مـن سەربەسـتی نییـە. مـن دەتوانـم بەسەربەسـتی زۆر شـت بكـەم، زۆر شـت بڵێـم، بـەڵام ئـەو سەربەسـتییەم لـەوێ نامێنـێ. ئینجـا مـن كـە بچـم كـە سـوودێك نەگەیێنـم، بۆچـی دەبـێ ئـەو بارودۆخـەی كـە ئێسـتا هەمـە، كـە پێمخۆشـە، چونكـە دەتوانـم هەندێـك كار بكـەم بـە ئـارەزووی خـۆم، بەبـێ ئـەوەی كـەس پێمبڵێـت وامەكـە، وامـەڕۆ و وابچـۆ، ئـەوەی فەرمـان دەكات بەسـەرمدا لێـرە نییـە. لـەوێ دەبـێ ئەگـەر بچـم لـە ماڵیـش دابنیشـم، ئـەوەش هـەر وازم لێناهێنـن. ئەوكاتیـش ئەگـەر هـەر كـەس هیچیشـم پێنەڵـێ، ویژدانـی خـۆم وازم لێناهێنـێ، لەبەرئـەوە دەبـێ كاربكـەم، كـە كارم كـرد تووشـی بـەزم و ڕەزم دەبـم و ناتوانـم لـە كارەكـەم بـەردەوام بـم.

**ئاكۆ محەممەد: بڕیارتداوە بەسەردانیش نەگەڕێیەوە؟**

**جەمـال نەبـەز:** بەسـەردان بەڵـێ. بڕیـارم داوە بـە سـەردان بچمـەوە، بـەڵام سـەردان دەبـێ لەكاتێكدابێـت كـە بگونجێـت، ئەوكاتـە. دەبـێ هەڵبژێـرم بزانـم كـەی دەبێـت، تائێسـتا بەڕاسـتی ئەوكاتـە گونجـاوە نەهاتووەتـە پێشـەوە. تـۆ خـۆت دەزانـی پـاش ئـەوەی ئـەو "نـەوای ئـارام"ە دامـەزرا، مـن حـەوت سـاڵ خەریكبـووم پارتـی و یەكێتی وا لێبكـەم لەگـەڵ یەكـتری ڕێكبكـەون، ڕێككەوتنێـك نـەك لەسـەر كاخـەز، بەڵكـو لـە دڵـەوە، بـەڵام نەبـوو. ئێسـتەش ئـەو ڕێككەوتنـە هـەر نییـە. ئێسـتا دەڵێـن میراتـی بارزانـی، میراتـی بارزانـی چییـە؟ خانـووە، كۆشـكە، زەوییـە، ئـاوە؟ نەخێـر، بارزانـی كـە چـووە ڕەحمەتـی خـوا، جووتێـك كڵاشـی شـڕی لـێ بەجێمـاو هیـچ نـا. نـە خانـوو، نـە هیـچ، هیـچ شـتێكی لـێ بەجـێ نەمـا. نازانـم ئەگـەر كاتژمێرێكـی لـە دەسـت بوویێـت، بەخـوا ئـەوەش نازانـم. هیچـی لـێ بەجێنەمـا. میراتـی بارزانـی پێشـمەرگەیە.

بارزانـــی ســـەرۆکێکی ســـەربازی و لەشـــکریی گەورەبـــوو، کـــە بەڕاســـتی رەنگـــە لـــە ماوتسـی تۆنگیـش کۆنتربووبێـت لـەو پارتیزانیـەدا، مـن ئـەوە دەزانـم. میراتـی بارزانـی یـەك شـتە: پێشـمەرگە. ئـێ باشـە خـۆ ئەمـڕۆ پێشـمەرگەش نەمـاوە، پێشـمەرگە واتـە لەشـکری نەتـەوە، ئێسـتا بوونەتـە چەکـداری ئـەم حیـزب و ئـەو حیـزب. فەرمـوو بـا بیکەنـە پێشـمەرگە. بابیکەنـە یـەك. ئێسـتا بـا داراییەکەیـان بکەنـە یـەك. عەیبـە ئـەو شـتانەی ئێسـتا هـەن، بەڕاسـتی مـن بـە ئاشـکرا بیڵێـم، ئێسـتا بچمـەوە ئـەوێ ناڵێـن کابـرا ئێسـتا تـۆ بۆچـی وادەکـەی و واناکـەی. ئـەرێ باشـە تـۆ ئـەوە چەنـد سـاڵە لەوێـی و ئێسـتا هاتوویەتییـەوە ئـەو قسـانە چییـە. کەواتـە مـن نەچمـەوە باشـترە. مـن کاتێـك دەمـەوێ بچمـەوە کـە خێرێکـم ببێـت، بـەڵام ئـەو خێـرەم نابێـت دەزانـم. ئـەوەی لێـرەش دەیکـەم، ئـەو تەقـە تەقـە، تۆزێـك ئەگـەر کارێـك بکـەم، بەخـوا ئەوەشـم پێناکرێـت لـەوێ. جـا مـن بچمـەوە چـی. وەك خـۆت دەمبینـی، ئـەوەی کـە مـن لێـرە هەمـە ئەوەیـە، لـەوێ رەنگـە بچمـەوە لـەوێ زۆر حـاڵم خۆشـتربێت، ژیانـم باشـتربێت. مـن لێـرە جاروبـار بـە رێگـەوە نـان دەخـۆم. هەفتـەی جارێـك بچـم خواردنێـك بخـۆم، خواردنێکـی کـوردی، ئەگەرنـا رۆژەکانـی دیکـە، دێمـە شـوێنێکی بەوشـێوەیە دادەنیشـم و هـەروا شـتێك دەخـۆم بـە رێگـەوە. لـەوێ لەوانەیـە بتوانـم هەمـوو رۆژێـك خواردنـی کـوردی بخـۆم. لـەوێ بتوانـم زۆر بـاش بژیـم. هەتـاو هەیـە لـەوێ، ئێـرە وڵاتێکـە رۆژێـك هەتـاوەو بیسـت رۆژ سـەرمایە و بارانـە و بەفـرە، بـەڵام لێـرە سەربەسـتی هەیـە.

**ئاکۆ محەممەد: ئێستا چ کارێك دەکەی بۆ ژیان؟**

**جەمـال نەبـەز:** لـە هەندێـك شـوێن، بـەڵام نـەك وەك دەوامکـردن، بەڵکـو جـاری وا هەیـە بـۆ چەنـد رۆژێـك، جـاری وا هەیـە بـۆ هەفتەیـەك کار دەکـەم. وەك ئـەوەی لـە عێـراق پێیدەڵێـن موحازیـر. کاتـی خـۆی مـن لـە زانسـتگەی بەرلیـن کارم دەکـرد. ژیـان هیـچ کێشـە نییـە بـۆ مـن. ژیانـی مـن دەڕوات بەڕێـوە، هەروەهـا مـن پێویسـتیم بـەوە نییـە هیـچ کەسـێك یارمەتیـم بـدات و دەسـتیش لـە کـەس پـان ناکەمـەوە و تاوەکـو بشـمێنم هـەروا دەبـم. بـەڵام ئەگـەر مـن بڕۆمـەوە بـۆ ئـەوێ، دەبـێ بڕۆمـەوە بـۆ کوردسـتان، دەبـێ رۆڵێـك ببینـم. ئینجـا هەندێجـار کـە دەزگایەکـی چاپـی ئەڵـمان کـە کتێـب چاپدەکـەن، کتێبێـك لەسـەر بابەتێـك چـاپ دەکـەن، بـۆ منـی دەنێـرن بـۆ ئـەوەی هەڵیبسـەنگێنم و دەڵێـن بیخوێنـەوە بزانـە بـە دڵـی تـۆ چۆنـە. کاری مـن لـەوەدا لـە

سنووری رۆژهەڵاتناسی و زانستی رامیاریدایە کە کتێبەکە پەیوەندی بە پرسەکانی رۆژهەڵاتەوە هەبێت، بەرامبەر بەوەش دەتوانی پارە وەربگری. چونکە خوێندنەوەی کتێبێکی چوارسەت لاپەڕەیی و هەڵسەنگاندنی پێویستی بە کاتە. لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی من، هەر خۆم و خۆمم، بۆیەش زۆر زەحمەت نییە.

**ئاکۆ محەممەد: ئێوە ماوەیەکی زۆر هەواڵەکانی شۆڕشی ئەیلوولتان لە ئەورووپا بڵاودەکردەوە. ئەوە چۆن بوو؟**

**جەمال نەبەز:** هەواڵەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە رێگەی مستەفا سلێمانەوە دەگەیشتنە دەستی ئێمە. ئەوە هاوبیرێکی هێژابوو و وابزانم ئێستا لە سلێمانی دەژیت. مستەفا سلێمان ئەو سەردەمە ئەفسەربوو لە وەزارەتی بەرگریی عێراق. ئەوکات هەواڵی پێشمەرگە نەدەهاتنە دەرەوە، مستەفا سلێمان هەموو رۆژێك یان هەر رۆژێ نا رۆژێك کارتێکی بۆ من دەنارد و پوولێکی گەورەی پێوەدەنا و لەژێر پوولەکە دەینووسی ئەمڕۆ پێشمەرگە وایانکرد و حکومەتی عێراق وایکردووە. منیش پوولەکەم لادەبرد و هەواڵەکانم دەنووسینەوە بە فەرەنسی و دەماننارد بۆ میر کامەران بەدرخان و ئەویش لە رۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی بڵاویدەکردنەوە. رۆژێك کامەران بە منی گوت کە باڵیۆزی بەریتانیا لێیپرسیم کێ ئەو دەنگوباسانە بۆ تۆ دەنێرێت، چونکە زۆر راستن. گوتی منیش راستییەکەم پێنەگوت و گوتم من پەیوەندیم هەیە. ئینجا میر کامەران پێیدەگوتم ئافەرینت لێ بێت ئەو دەنگوباسانە لە کوێوە دێنی. منیش پێمگوت میر ئەو شتانە باس مەکە. لە نامیلکەی (رۆژانی ئاوارەییم لە سوێسرە) ئەوانەم نووسیوە. میر کامەران زۆر حەزی دەکرد پێی بڵێم کە کێ ئەو هەواڵانە دەنێرێت، بەڵام پێمنەگوت، لەگەڵ ئەوەشدا میر دڵی نەئێشا.

# مرۆڤێکی نەبەز

ئاکۆ محەممەد

لەنێـو گێـژاوی کۆیلەکردنـی مرۆڤـی کـورد بـۆ ئایدیۆلۆژیـا ، لەنێـو گێـژاوی دیلکرانـی مرۆڤـی کـورد بـۆ ئایدیۆلۆژیـای هـاوردە، مرۆڤێکـی زانـای کـورد لەنێـو ئـەو گێـژاو و سەرلێشـواندنەدا ، ئازایانـە و بەشـێوەیەکی زۆر هوشـیارانە ، نادروسـتی ئـەو روانگەیـەی بەشـێوەیەکی زانسـتانە روونده‌کـردەوە. ئـەوە بـۆ ئـەوەی ئێسـتا کـە بەشـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە بـۆی روونـە کـە قۆناخـی پارتـی ئایدۆلـۆژی و کۆیلەکردنـی مـرۆڤ بـۆ ئایدیۆلۆژیایـەك تێپەڕیـوە و نابـێ بگەڕێتـەوە ، لەوانەیـە هێنـدە شـتێکی گرنـگ نەبێـت، بـەڵام بـۆ ئـەوکات کـە زۆربـەی زۆری حیزبـەکان و رۆشـنبیرانی کـورد وەك مـۆدە خۆیـان کردبـووە هەڵگری بیروباوەڕێـك کـە لەناخـی خۆشـیاندا دەیانزانـی راسـت نییـە، زۆر گرنگبـوو، بـۆ ئـەوەی رووبـەری بیرکردنـەوەی ئـازاد پەیدابـێ و بیرکردنـەوە لـە بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی لەپێشـەوەبێت نـەك بەرژەوەنـدی ئایدیۆلـۆژی – حیزبـی.

ئـەو مرۆڤـە لەسـاڵانی پەنجاکانـدا دەیگـوت، کوردسـتان وڵاتـە و هەیـە، داگیرکـراوە و دەوڵەتـی نییـە، بـەڵام بیرکردنـەوەی زاڵ ئەوەبـوو ئـەوەی ئابـووری هاوبەشـی نەبێـت نەتـەوەش نییـە . دەیگـوت دەبـێ خوێنـدن و سیسـتەمی پەروەردەیـی کـوردی هەبێـت نـەك تەنیـا خوێنـدن بـە کـوردی، پێیاندەگـوت دەیەوێـت پـەروەردەی قلیاسـان

دروستبکات. دەیگوت دەبێ کورد بە ڕێنووسی کوردی لاتینی بنووسێت بۆ ئەوەی زیاتر لەتنەبێت و لەپێشکەوتنی تەکنەلۆژی دانەبڕێت ، دەیانگوت دەیەوێت ریزی کرێکارانی عێراق لەتبکات . ئەو مرۆڤە دەیگوت ، داگیرکەرانی کوردستان دیارن، بەڵام دەبێ بزانین ئەوانەی ئەو دەوڵەتانەیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروستکرد، ئەوانیشبوون کوردستانیان لەتکرد و تائێستاش دەیانەوێت بە داگیرکراوی و لەتکراوی بیهێڵنەوە .

ئەو مرۆڤە لە رۆژی 1ی دیسەمبەری 1933 لەسلێمانی لەدایکبووە ، ئەو پرۆفیسۆر د.جەمال نەبەزە . ئەو بە هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتییەوە مرۆڤێکی گەورەیە، بەپێی هەموو پێوەرەکانی کوردایەتی ، کوردستانی و مرۆڤێکی نەتەوەییە. بۆیەش من و هەموو ئەوانەش کە تاوەکو رادەیەکی زۆر لە رێگەی کتێبەکانی ئەوەوە فێربووین نەکەوینە ئەو گێژاوە و دەبێ کورد وەك نەتەوە خاوەن وڵات و مافەکانی دیکە و، بەڕادەی ئەوان سەربەخۆ و ئازادبێت، لەهیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی و ئایینێکدا نەهاتووە کە نەتەوە سەردەستەکانی سەت لەسەت سەربەخۆ بن و کوردیش پێنج لەسەت ئازادبێت. دەبێ لەورۆژەدا پیرۆزبایی لەدایکبوون لە مامۆستا جەمال نەبەز بکەین. هەرچەندە خۆی پێیوایە ئەوە هەڵکشانی تەمەنە و ئەوەش لەجیاتی خۆشی ، مرۆڤ لە مردن نزیکدەکاتەوە . بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆنەیەم هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە وتارێکی تایبەتدا ، رێز لەو زانا و بیرمەندە گەورەیەی کورد بگرین.

مامۆستا جەمال نەبەز، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەنێو بزووتنەوەی نیشتمانیی هەموو پارچەکانی کوردستاندا . ئەو لەگەڵ شەش هاوبیری دیکەیدا، دیارترین دامەزرێنەری (کاژیك)ە. لە کاژیکنامە و پەرتووکەکانی دیکەیدا بناخەی بیری نەتەوەیی کوردی هاوچەرخی نووسیوەتەوە. کێشەی کوردی بۆ زۆر نێوەندی میللی و رۆشنبیریی عەرەب لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی روونکردووەتەوە. هەواڵەکانی کوردستان و شۆڕشی کوردستانی گەیاندووەتە نێوەندە ئەوروپاییەکان لەکاتی شۆڕشی ئەیلوول دا. دەیان سەمیناری بۆ نێوەندە ئەکادیمی و رۆشنبیرییە ئەوروپاییەکان سازکردووە. بەشێوەیەکی زانستکارانە بەشێکی مێژووی هاوچەرخی کوردی ساخکردووەتەوە. کاری زۆر ناوازەی زانستکارانەی لەسەر زمانی کوردی و

ستاندارتکردنی زمانی نووسینی کوردی کردووە و، بنەچەی وشە کوردییەکانی روونکردووەتەوە.

هەموو ئەوانەی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول ، لەدوای ئەنفال و شکستی شۆڕش لەساڵی 1988 و هەروەها هەموو ئەوانەی دوای ئەوەش ناچاربوونە بچنە ئەوروپا و کاریان کەوتبێتە لای ، شایەتی ئەوپەڕی ئەرکوەخۆگری بۆ مامۆستا جەمال نەبەز دەدەن.

مامۆستا جەمال نەبەز لە سەمینار و لێکۆڵینەوە زانستییەکانیدا ، رەخنەگرێکی توند ، بەڵام ئاستبەرزی بارودۆخی کوردستانە ، ئەوەش لە پاکی خۆیەتی و بەهۆی پەرۆشیی ئەوە بۆ رەوشی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان . بەڵام مامۆستا جەمال نەبەز کە بە زمانی ئەوروپاییەکان و بۆ ئەوروپاییەکان قسە دەکات ، قسەکانی بە جۆرێکی دیکەیە ، کە تەنانەت کەم کەس هەیە بەوشێوەیە بتوانێت بەدڵگەرمی و بەشێوەیەکی زۆر باوەڕپێهێنەرانە باسی کوردستان و کولتووری کورد بۆ کەسانی بیانی بکات و ، من خۆم شاهێدی ئەوەبوومە ، هەموو کەسیش دەتوانێ ئەوە لەو کتێبانەی مامۆستا جەمال نەبەزدا ببینێت کە بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی نووسیونی .

مامۆستا جەمال نەبەز ، لە لێکدانەوە و شرۆڤە نووسراوەکانیدا پشتی بە زانیارییە دروستەکان بەستووە ، لەبەرئەوەش زۆر لە پێشبینییەکانی بەدیهاتوون ، ئەوکاتەی چارەنووسی کەرکووك و زۆر ناوچەی کوردستانی لەباشووری کوردستاندا گرێدران بەجێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقەوە ، زۆر بەو هەڵەیە دڵتەنگبوو، هیچ دڵیشی بە دەستووری عێراق خۆشنەبوو . لەبیرمە لەساڵی 2005 پێش گشتپرسی کردن لەسەر دەستوور پێیگوتم ، دڵخۆشبوون بەو دەستوورەی عێراق بێمانایە ، چۆنکە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ، دەستوور بریتییە لە هێز نەك ئەوەی پێیدەڵێن دەستوور ، ئینجاش لەعێراقدا راوێژ و بڕیاری گەلێری و دەوڵەتیش لای مەرجەعییەتە نەك لای هیچ سازییەکی بڕیاردەر .

مامۆستا جەمال نەبەز ، هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ بیرمەندانی جیهان و دەزگا ئەکادیمییەکانی جیهان و نێوەندە ئەوروپاییەکان هەمووکات لەپێناو دۆزی کوردستان بەکارهێناون . بە رەنجدانێکی زۆری مێشکی و هێزی شانی خۆی سەربەرزانە ژیاوە

و، خزمەتـی نەتـەوەی کـوردی کـردووە و بەشـداریێکی گەورەبـووە لـە هوشـیارکردنەوەی نەتەوەکەیـدا . بۆیــەش خۆشەویســتی و شــانازی پێوەکردنێکــی نەتەوەیــی گشــتگیر شـایەنی مامۆسـتا جەمـال نەبـەزن .

* ڕۆژی 01-12-2018 لە ماڵپەڕی ڕووداو بڵاوکراوەتەوە.

# ڕەسمەن ئینفیسالی بوو

ئاکۆ محەممەد

ئوستاد بەشیر موشیر دەیگوت "جەمال بۆیە تۆم زۆر خۆشدەوێت ، چۆنکە تۆ ڕەسمەن ئینفیسالیت"، لە ڕاستیدا ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی مامۆستا جەمال نەبەزت خۆشبوێت ، بەتایبەتی کە ئەو لە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستانە و کتێبی تایبەتدا بیری سەربەخۆییخوازیی کوردی خستووەتە چوارچێوەی بیروباوەڕێکی تایبەتەوە کە بە "بیری نەتەوەیی" یاخود بە "قوتابخانەی کوردیی ناسیۆنالیزم" ناوی دەنا، لە کتێبێکیشدا زۆر بە وردی ڕوونیکردەوە کە "بیری نەتەوەیی" چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بیری قەومییەتی ڕۆژهەڵاتی و ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی . زۆر کەس لەنێو کورددا هەوڵیانداوە و کاریان کردووە لەپێناو داڕشتنەوەی هەستی کوردی لەچوارچێوەی نووسیندا، بەڵام کاری مامۆستا جەمال نەبەز بەتەواوی پێگەیشتوو بوو، تەوەری سەرەکی کارکردنی ساڵانێکی زۆری بوو کە سەرەتاکەی لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا لە کاژیکنامەوە دەستیپێکرد . کورد بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکانی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی دەگەڕایەوە بۆ دەقەکانی ئەحمەدی خانی، بەڵام زۆرجار ئەوە لەلایەن زۆر لە لێکۆڵینڤانەکانەوە بە هەستێکی شاعیرانە لێکدەدرایەوە. مامۆستا جەمال نەبەز بە چەند کتێبێکی زانستانەی درێژکراوەی

یەکتر، بیری نەتەوەیی کوردی لەچوارچێوەیەکی دیاردا داڕشتەوە و خستوویەتییە بەردەستی خوێندەوارانی نەتەوەکەی.
ئەو کتێبانەی مامۆستا جەمال نەبەز کە لە دوای راپەڕین کەوتنە دەست من و کەسانی وەك من لە باشووری کوردستان، زۆر گرانبوون لەڕووی نرخەوە و زۆریش سەختبوون بۆ خوێندنەوە بەهۆی ئەوەی هەموویان کۆپیکراوی چەنددەستکراو بوون. ئەو کتێبانە ئێستاش بە تیراژ و چاپی باشەوە لە کوردستان نەکەوتنە بەردەستی خوێنەران. هەرچەندە زۆر درەنگیشە ، بەڵام دیسانەوەش دڵخۆشم کە دەبینم ئێستا هەندێك کەس دەنووسن : پێویستە بەشێك لە کتێبەکانی مامۆستا جەمال نەبەز بخرێنە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە .
مامۆستا جەمال نەبەز هەوڵێکی زۆری دا کە سیستەمی کوردی لە خوێندن و پەروەردەدا هەبێت لە کوردستان. لەبەرئەوەش هەمیشە گفتوگۆیەکی زۆر خەستی لەسەر ئەوە دەکرد کە تەنیا خوێندن بە کوردی بەس نییە ، بەڵکو پێویستە سیستەمی خوێندن و پەروەردە کوردی بێت. لە هەمانکاتدا هەوڵی دەدا زانستەکانیش بە کوردی بخوێنرێن هەر لەوپێناوەشدا لە ساڵی 1960 دا پەرتووکی (سەرەتای میکانیك و خۆماڵەکانی مادده)ی بڵاوکردەوە ، کە یەکەمین کتێبی زانستی فیزیایە بە کوردی .
ئەو کتێبەی کاتی خۆی بۆ خوێندکارانی ناوەندی نووسیبوو. هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی کورد یەك رێنووس (رێنووسی لاتینی) و رێزمانێکی هاوبەشیان هەبێت، پێیوابوو بناخەی دروستکردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ئەوەیە. مامۆستا جەمال نەبەز بەتەنیا بوو، پشتیوانی لێنەکرا، هەندێجار دەروێشانی ئایدیۆلۆژیاکانیش زۆر دژایەتییان کرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن کاریگەرییەکی زۆربوو ، هەرچەندە مامۆستا جەمال نەبەز ، بەهیوای لەدایکبوونی دەزگای تەواو سەربەخۆ ، خۆی لە قسەکردن لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان دەپاراست و داوای لەوشێوەیەی رەتدەکردنەوە ، لەبەرئەوەش ئەوەی ناسیویانە ئەوانەن کە لە رێگەی کتێب و وتارەکانییەوە ناسیویانە .
کتێب و لێکۆڵینەوە زانستییەکانی مامۆستا جەمال نەبەز بە توانایی و زیرەکی ئەو مرۆڤەیان ئاشنا دەکردی، بەڵام کە ئاشنایەتی راستەوخۆت لەگەڵدا پەیدا دەکرد ،

گەورەیـی ئـەو مرۆڤـەت زیاتـر بـۆ دەردەکـەوت. هیـچ پێشـمەرگەیەکی ئاوارەبـوو بـۆ ئەوروپـا و هیـچ سیاسـەتکارێکی کـورد نییـە کـە چووبێتـە شـوێنێك مامۆسـتا جەمـاڵ نەبـەز کاری لـەوێ هەبووبێـت و هـاوکاری نەبووبێـت. هیـچ ڕێکخراوێکـی پیشـەیی کـوردی نییـە لـە ئەوروپـا ، پێویسـتیان بـە مامۆسـتا جەمـال نەبـەز بووبێـت و یارمەتـی نەدابـن. مرۆڤێکـی دەسـتکراوەی هەمیشـە حـەز لـە سـەربەرزی بـوو ، بۆیـەش بـە درێژایـی تەمەنـی سـەربەرزانە ژیـا .


مـن یەکەمجـار لەسـاڵی 1999، دوای وەرگرتنـی ژمـارەی تەلەفۆنەکـەی لـە بەهەشـتی د.مـارف خەزنـەدار ، لـە ڕێگـەی تەلەفۆنـەوە قسـەم لەگـەڵ کـرد . دوای ئـەوە لـە سـاڵی 2000دا بـەردەوام وتارەکانـی بـۆ ڕۆژنامـەی (میدیـا) دەنـاردن. وتارەکانـی سـەنگ و ڕەواجێکـی زۆر گەورەتریـان دابـووە ڕۆژنامـەی میدیا ، هەروەهـا نـەوەی نوێـش ئاشـنای بۆچوونەکانـی مامۆسـتا جەمـال نەبـەز بـوون . مـن خـۆم وەك سەرنووسـەری میدیـا ، زۆر دڵخۆشـبووم کـە مامۆسـتا جەمـال نەبـەز وتارەکانـی بـۆ دەناردیـن ، بـەڵام لەهەمانکاتـدا هەسـتمدەکرد کـە دەبـێ مامۆسـتا جەمـال لەجیاتـی ئـەو وتـارە بیرەوەرییەکانـی و لێکۆڵینـەوەی زانسـتانە لەسـەر ئـەو بوارانـە بنووسـێت کـە بەڕاسـتی لەنێـو کـورددا کەسـانی دیکـە توانایـان بەسـەردا ناشـکێت ، چەنـد جارێـك ئـەوەم پێگـوت ، دەیگـوت ڕاسـتە ، بـەڵام ئـەوەش پێویسـتە کـە لەسـەر ڕووداوە هەنووکەییـەکان بنووسرێـت . دوای نەمانـم لـە ڕۆژنامـەی میدیـا، کتێبێکـی لەسـەر بنەچـەی وشـە کوردییـەکان و لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتانەی لەسـەر یارسـانەکان نووسـی ، کـە بەڕاسـتی دوو کاری زۆر نموونەییـن .هەروەهـا سـێ باسـی وەك پاشـکۆی تایبـەت بـە سـێ وێسـتگەو بیـرەوەری گرنگـی لـە ڕۆژنامـەی (ڕووداو)دا بڵاوکردنـەوە ، کـە تێیـدا زۆر ڕووداو ڕووندەکاتـەوە لـە مێـژووی هاوچەرخـی کـورددا ڕوویانـداوە .

لـە مانگـی نیسـانی 2006 بـۆ یەکەمجـار لـە بەرلیـن ڕاسـتەوخۆ مامۆسـتا جەمـال نەبـەزم بینـی ، ئـەوە ڕۆژێکـی زۆر خۆشـبوو بـۆ مـن . شـەو دەبووایـە پێکـەوە دابنیشـین ، دوای ئـەوەی نانـی ئێوارەمـان خـوارد ، هەندێـك پـارەی بـۆ خەرجییەکانـی مـن خسـتبووە زەرفێکـەوە ، لەگـەڵ بلیتێکـی یـەك مانگـەی ترێـن لـە ئەڵمانیـا . زۆرم هەوڵـدا قەناعەتـی پێبێنـم وەرینەگـرم ، بـەڵام نەمتوانـی بەسـەر پێداگیرییەکەیـدا سـەرکەوم . کـە گەڕامـەوە کوردسـتان ، هەندێـك پـارەی دیکـەم خسـتە سـەر پـارەی نـاو زەرفەکـەی مامۆسـتا جەمال

نەبـەز و کتێبـی (کێشـەی کـورد ، لەبـەر گـڕی ئاگردانـی شـەڕی عێـراق و ئێـران دا) بـۆ چاپکـرد، دوای ئـەوە ئینجـا سـێ پەرتۆکـی دیکەشـمان بـۆ چاپکـرد.
دوای ئـەوە دوو جـاری دیکـە مامۆسـتا جەمـال نەبـەزم بینییـەوە ، جـاری دووەم لـە پێشـانگەی کتێـب بـوو لـە فرانکفـۆرت لەسـاڵی 2012 ، کـە ئێمـە وەك رووداو زیاتـر لەبـەر ئـارەزووی ئـەو بەشـداریمان کـرد و بـە درێژایـی ئـەو چـوار رۆژە تاوەکـو شـەو بەیەکـەوە بوویـن ، جـاری دواییشـیان لـە شـاری کوێلـن بـوو ، کـە بەتایبـەت لـە بەرلینـەوە هـات بـۆ بینینـی ئێمـە و دواتریـش یەکسـەر گەڕایـەوە بـۆ بەرلیـن . هەمـوو ئـەو جارانـەش پێکـەوە نانمـان دەخـوارد ، جـاری وابـووە زۆربوویـن ، بـەڵام هەمیشـە ئـەو پـارەی هەموانـی دەدا ، لەکاتێکـدا ئـەو هیـچ مووچەیەکـی نەبـوو و بـە کاری زانسـتانە و وەرگێـڕان دەژیـا . لەگـەڵ هەمـوو خەڵکیشـدا هەروابـوو ، نەیدەهێشـت یـەك نانیـش بـە رەنجـی کەسێکی دیکـە بخـوات . لەبەرئـەوەش مامۆسـتا جەمـال نەبـەز هیـچ سـامانێکی دارایـی بەجێنەهێشـت ، بـەڵام بیـری نەتەوەیـی و سـامانێکی گـەورەی نـووسراوی بـۆ بەجێهێشـتین .

ماڵئاوا مامۆستا گیان و رووحت شاد.

* ئەم وتارە بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا جەمال نەبەز لە رۆژی 10-12-2018 لە ماڵپەڕی رووداو بڵاوکراوەتەوە.



"پێیاندەگوتم ئەگەر دەوڵەتی کوردستان دروستببێ، گەرەنتی هەیە کە گەلی کورد ئازادبێ، ئەم گومانە شتێکی راستە، بۆچی؟ چونکە زۆر نەتەوە هەن دەوڵەتیان هەیە، بەڵام ئەو گەلانە ئازاد نین. زۆر لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەوڵەتە ئیسلامییەکان و دەوڵەتەکانی دیکە، دەوڵەتی خۆیان هەیە و سەربەخۆن، بەڵام گەلەکانیان ئازاد نین. ئەو کوردانەی ئەو رەخنەیە دەگرن، ئەوانە ناتوانن دوو شت لە یەکتر جیابکەنەوە، دەوڵەت پەیوەندی بە سنوور و خاکەوە هەیە، پەیوەندی بە گەل و ئازادی و دیموکراسی و ئەو شتانەوە نییە. ئێستا بەو کەسانە دەڵێین ئەگەر کورد گوتیان ئێمە سەربەخۆییمان ناوێ، دەوڵەتمان ناوێ، دەمانەوێ وەك هاونیشتمانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، تەنیا ئازادبین، هەر تەنیا ئازادیمان پێبدرێت، هیچمان ناوێ ئەوەنەبێ لەسەر ئەم خاکی کوردستانە کە هەزارانساڵە لەسەری دەژین، بمێنینەوە، خاکەکەمان نەبێتە ترکستان و عەرەبستان و فارسستان، باشە ئایا ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە ئامادەن ئازادی بدەنە کورد، لە کاتێکدا ئامادەنین ئازادی بدەنە گەلەکانی خۆیان لە ترك و عەرەب و فارس. ئەوە شتێکە هەموومان بە چاوی خۆمان دەیبینین، لەو دەوڵەتانەدا عەرەب، ترك و فارس ناتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە و بەشێوەیەکی دیموکراسی کاربکەن. ئینجا کەوایە ئایا کورد دەتوانن ئەو خاکەی هەیانە واتە کوردستان بپارێزن. کەواتە شتێکی ناچارییە، کورد بۆ ئەوەی بتوانێ خاکی خۆی بپارێزێ و هیوایەکی هەبێ بۆ ئازادی، پێویستە وڵاتی خۆی جیابکاتەوەو دەوڵەتی خۆی هەبێت.

2021